PDF4Kurd

# بارۆنی سەردارەکان

**سەرچاوە:**
**بارون درخت نشین**
**ایتالو کالوینو**
**ترجمە: مهدی سحابی**
**نشر تندر و انتشارات نگاه — تهران - ۱۳۶۳**

---

**ناوی کتێب: بارۆنی سەر دارەکان**
**نووسینی: ئیتالۆ کالڤینۆ**
**وەرگێڕانی: عەتای نەهایی**
**بابەت: رۆمان**
**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج**
**پیتچن: دیاری**
**تیراژ: ۱۵۰۰ دانە**
**نرخ: ۵۰۰۰دینار**
**ژمارەی سپاردن: ٣٦٦ی ۲۰۰۷**
**چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی : یەکەم ساڵی ۲۰۰۷**
**کوردستان -سلێمانی**
www.sardamco.com

---

ئیتالۆ کالڤینۆ

# بارۆنی سەر دارەکان

( رۆمان )

وەرگێڕانی

عەتا نەهایی

(لەگەڵ خوێندنەوەیەکی کورتی وەرگێڕ)

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٠٥ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# پێشەکی

هووشەنگی گوڵشیری نووسەری بە ناوبانگی ئێرانی لە پێشەکی کتێبی نووسەرانی هاوچەرخی ئیتالیدا دەڵێت[١]: سەردەمی گەشەسەندنی چیرۆك لە ئیتالیا هاوکاتە لەگەڵ رێنێسانس (کە لە سەدەی سێزدەهەم بەملاوەدەستی پێ کردووە) کە زەمینە زمانییەکەی بە بەرهەمەکانی **دانتێ ئەلیگیەری** ( ١٣٢١–١٢٦٥ ) نووسەری بە ناوبانگی « کۆمیدیای ئیلاهی » ئامادە بووە و، *پترارکا* ( ١٣٠٤–١٣٧٤ ) گەورەترین هیومانیستی سەردەمەکەی، دەرفەتی رزگار بوون لە دید و بۆچوونی سەدەکانی ناوەڕاستی بۆ رەخساندووە. ئەم دەسپێکە ئەگەرچی لە «دێکامرۆن» بەرهەمی **بوکاچیو** ( ١٣٧٥– ١٣١٣ )دا دەردەکەوێت، بەڵام نیشانەگەلێکی بەر لە ئەویشمان لەبەر دەستدایە کە گرنگترینیان بەرهەمی نووسەر یان نووسەرانێکن کە لە بارەی ژیانی فرانسیسی پیرۆز و پێڕەوەکانیەوە نووسراون.

حەقایەتەکانی « دێکامرۆن » بە شێوەیەك گێڕدراونەتەوە کە خەڵکی ئیتالیا لە دێرزەمانەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ناو ماڵ و سەر مەزرا و، بە تایبەت ناو مەیدانەکانی گوند و شار و گەڕەکەکاندا قسەی خۆش و بەیت و باو و ئەفسانە و حەقایەت و لەوانەش گرینگتر بەسەرهات و سەربوردەکانی خۆیان و خەڵکانی بەناوبانگ و بێ ناوبانگی تر دەگێڕنەوە. شێوەیەك کە بووەتە نەریتێکی سەرنجڕاکێش لە کەلتووری گێڕانەوەی ئیتالی و، تا ئێستاش لە زۆر چیرۆك و رۆمانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی هاوچەرخدا ( بۆ نموونە لەم

---

[١] – بۆ نووسینی ئەم چەند لاپەڕە سوودم لە زانیارییەکانی ئەم پێشەکییەی گوڵشیری و هەروەها پێشەکیە زۆر کورتەکەی مەهدی سەحابی بۆ دەقی فارسی رۆمانی باڕۆنی سەر دارەکان وەرگرتووە.

رۆمانەی کالڤینۆشدا) پەیرەو دەکرێت. لە بەرهەمەکەی بۆکاچیۆدا، دە نەجیبزادە (سێ پیاو و حەوت ژن ) لە ترسی تاعوونی ساڵی ١٣٤٨ پەنا بۆ گوندێك دەبەن و لە ماڵێکدا ستار دەگرن. ئەوان لەوێ بە نۆرە هەر یەکە و چیرۆکێك دەگێڕنەوە. ئەم چیرۆك یان حەقایەتانە کاریگەرییەکی بێوێنەیان لەسەر ئەدەبی رۆژاوا داناوە و، زۆربەیان دەیان جار نووسراونەتەوە و بە فیلم کراون.

لە دوای بوکاچیۆ، **ماتێئۆ باندللۆ** (١٥٦١–١٤٨٥ )ش بەهەمان شێوە گەلێك حەقایەتی لە رووی بینین و بیستنەکانی سەفەر و گەڕانییەوە نووسیوەتەوە.

« کۆنت کۆنتەکان » بەرهەمی **جیام باتیستا بازیلە** (١٥٣٢–١٥٧٥)ش کە بە نیوە دێکامرۆن بەناوبانگە کۆی بەشێك لەو حەقایەتانەیە کە لە ناپل لە سەر زاران بوون. شێوازی گێڕانەوەی ئەمانیش بە هەمان شێوەی دێکامرۆن، یان واچاکە بڵێین بە شێوەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان لە مەیدانی گەڕەکەکانە. لەم بەرهەمەدا دە پیرێژنی ناحەز کۆبونەوە و ٤٩ حەقایەت دەگێڕنەوە.

جگە لە ئەمانەش **لوئیجی داپورتو** (١٥٢٩–١٤٨٥) نووسەری حەقایەتی «ژوولیتە» یە، کە شکسپیەر شانۆنامەی « رۆمیئۆ و ژوولیت »ی بە ئیلهام لەم بەرهەمە نووسیوە. هەروەها **جیرالدی جیتنسیۆ** (١٥٧٢–١٥٠٤) کە « خەلەنگجارە ڤینیزی »ەکەی زەمینەی بۆ نووسینی « ئۆتێللۆ »ی شکسپییەر رەخساندووە.

سەرجەمی ئەم بەرهەمانە لە سەردەمی رێنسانسدا و لە ژێر کاریگەری گۆڕانە فکری، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا هاتوونەتە بوون. سەردەمێك کە بە قۆناغی چەند پارچەیی ئیتالیا ناسراوە. سەردەمێك کە بە هێرشی قەومە وەحشییەکانی «ڤیزیگت» و «هوون» و «ئوستروگوت» دەست پێدەکات و، لەوە دواش مێژووی سیاسی ئەم وڵاتە چیرۆکی دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات و چەند پارچە بوونی وەڵات و سوڵتەی فرانك و ئەڵمانی و نەمسایی و ئیسپانیاییەکانە. لەم سەردەمەدا زۆربەی نووسەرانی

ئیتالیایی نووسەرانی هەرێمین و زیاتر بەها بە زمان و فەرهەنگ و خەڵك و ڕووداوەکانی هەرێمەکانیان دەدەن.

ئیتالیا پاش سەدان ساڵ چەند پارچەیی، لە سەدەی نۆزدەهەم بە یەکگرتوویی سیاسی دەگات بەڵام یەکگرتوویی فەرهەنگی ئەم وڵاتە تا ئێستاش یەکگرتنی جیاوازییەکان و جۆراوجۆرییەکانە. ئەوەی کە زۆر زوو سەرنجی خوێنەرانی ئەدەب و بە تایبەت چیرۆك و ڕۆمانی ئیتالی ڕادەکێشێت جیاوازی بەرهەمی نووسەرەکانییەتی کە هەرکامە سەر بە هەرێم و ناوچەیەکی ئەو وڵاتەن. (دیارە هەموو ئەم جیاوازییانەش لە خزمەتی دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی ئیتالی و بە قازانجی چیرۆك و ڕۆمانی ئەو وڵاتە شکاوەتەوە. بابەتێك کە ئێمەی کوردیش بە سەرنجدان بە جیاوازی و لێك دابڕاوی هەرێمەکان ـ ئەڵبەت بە شێوەیەکی تر ــ دەبێ بە ئاواتی بخوازین و بەهای پێ بدەین.)

بەڵام ئەوەی کە وەك خاڵی هاوبەشی بەشێکی زۆر لە بەرهەمی داستانی هاوچەرخی ئیتالیایی سەرنج ڕادەکێشێت، گرینگی دانی نووسەرانە بە واقیعەکانی کۆمەڵگە و بە تایبەت واقیعەکانی هەریمی نووسەرەکان. **جیۆڤانی ڤورگا** (١٩٢٢–١٨٤٠) نوێنەری ئەم شێوە گێڕانەوە داستانییەیە. قوتابخانەی *ڤێریسم* کە هەمان ڕیالیسمی ئیتالییە بە هۆی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەوە بنیاد دەنرێت. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٤٣ کە سەردەمی دەسەڵاتداری فاشیسمە بیری ڕیالیسمی سۆشیالیستی خۆی بەسەر زەینی هەندێك لە نووسەرانی ئەو وەڵاتەدا دەسەپێنێت و هەندێك بەرهەمی وەك « وتووێژ لە سیسیل » لە کەسانێکی وەك **ڤیتۆرینی** بڵاو دەکرێنەوە. بەڵام **لوئیجی پیراندێللۆ** نووسەری ڕۆمانگەلێکی وەك « ژنە پشت گوێ خراوەکە » « ماتیا پاسکالی خوالێخۆشبوو » و « هێنری چوارەم » و... ناودارترین نووسەری ئەو دەورانەیە. کەسێك کە حەوت ڕۆمان و ٢٤٦ چیرۆك و دەیان شانۆنامەی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٣٤دا خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی وەرگرتووە.

لە پاش تێشکانی فاشیزمیش، لە گەڵ ئەوەدا کە زۆر بەرهەمی بڵاونەکراوەی ئەو دەورانە ڕەشە بڵاودەکرێنەوە، چالاکییەکی زۆریش بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرانی

ئورووپایی و ئەمریکایی دەست پێ دەکرێت. بەڵام هێشتا گرینگیدان بە واقیـع و سـەرنجدان بە رواڵەتی ژیانی مرۆڤی ناوچە جیاوازەکان شێوەی زاڵی نووسینی چیرۆك و رۆمانی ئیتالیـە و، بەرهەمەکان زیاتر لەوەی کە دەروونی کەسایەتییەکان شی بکەنەوە گرنگی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەدەن و تـا رادەیـەك رەمـزی و هێمـایی دەبـن. بـڕەو سـەندنی ڤۆریسم، ناتورالیسم و بە تایبـەت سـینەمای نیۆرپالیـسم لـە ئـەنجامی سـەرنجدانی زۆرتـری نووسـەران و هونەرمەنـدان بـە واقیعـە کۆمەڵایەتیەکانـە. نموونـەی ئـەم جـۆرە گێڕانـەوە، بەرهەمەکانی **مۆراڤیا**یە.

بێگومان ئەدەبی دەوڵەمەندی ئیتالی و بە تایبەت چیرۆك و رۆمانی هاوچەرخ وێڕای ئەم تایبەتمەندییە و وێڕای مەیلی ناوچەگەرایانەی نووسەرەکانی، ئـەدەبێکی جیهانییـە کـە لـەم چەند ناو و نووسەرەدا کورت ناکرێتـەوە. هـەروەك ئامـاژەی پێکـرا **پیرانـدێللۆ** هێـشتا وەك نووسـەرێکی جیهـانی دەناسـرێت و چـیرۆك و رۆمانـەکانی بـە هـەموو زمانـە زینـدووەکان دەخوێندرێنەوە. **ئۆسڤەڤۆ** نووسەری « ویـژدانی زێنـۆ » ئەگەرچـی سـەرەتا ناتۆرالیـستە و ڤێریسمیشی لەبەر چاودایە، بەڵام دواتر روو لە ریالیسمی فەڕانسەیی دەکات و بەرهەمەکانی زیاتر لە پاریس و لەندەن دەخوێندرێتەوە. **ئالڤارۆ** نووسـەری رۆمـانی « بیـست سـاڵ » کـە باسـی رووداوەکـانی نێـوان دوو شـەڕی گـەورەی جیهـانی دەکـات ئەگەرچـی نووسـەرێکی باشـوورییە و ئـەو ناوچـەیە رەنگدانەوەیـەکی زۆری لـە کارەکانیـدا هەیـە، بـەڵام ناوبـانگی جیهانیشی هەیە. هـەروەها نووسـەرانێکی گـەورە و نـاوداری وەك **گراسـیا دلێـدا** نووسـەری رۆمانی «دایك» و «گوڵی ساردینیا»، **ئیگنازیۆ سیلۆنە** نووسەری رۆمانی «نان و شـەراب» و «فۆنتامارا»، **چزارە پاوزە** نووسەری رۆمانی «مـانگ و خرمـانی ئـاگر» و **ئیتـالۆ کـالڤینۆ** و دەیان ناوی تر.

مەهدی سەحابی وەرگێڕی ئەم رۆمانە بـە زمـانی فارسـی لـە بـارەی ئیتـالۆ کـالڤینۆوە دەڵێت: ئەو یەکێك لە دیارترین نووسەرانی ئیمـڕۆی ئیتالیـە کـە بـە هـۆی شـێوازی تایبـەتی گێڕانەوەکانییەوە جێگەیەکی دیاری لەناو رۆمان نووسانی رۆژاوادا هەیە. شێوازێك کە خەیاڵی

بەهێز، تەوسێکی جوان و بێگەرد و سەرنجێکی تایبەت بە واقیع و مێژوو تێکەڵ دەکات. لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە کە پڕاوپڕە لە هێما و خوازە، وردبینی واقیع خوازانە و تەوس و ئەفسانە و خەیاڵی شاعیرانە بە ڕادەیەك دەبیندرێن. « بارۆنی سەردارەکان » بە ناوبانگترین بەرهەم و باشترین نموونەی شێوازی داهێنان و گێڕانەوەی داستانی ئەم نووسەرەیە.

کالڤینۆ لە ساڵی ١٩٢٣ لە سانتیاگۆ دێ لاس ڤێگاسی کووبا هاتۆتە دنیا. دایك و باوکی هەردووکیان ئیتالی و گیاشناس بوون. کاریگەری ئەم تایبەتمەندییە زانستییەی دایك و باوکی، لە جیهانی بێ وێنەی ئەم کتێبە و ناسیاویی قووڵی نووسەر لەگەڵ دار و درەخت و گژ و گیا و گیانلەبەرەکاندا رەنگ دەداتەوە. وەها کە دەکرێت ئەم کتێبە بە قەسیدەیەك لە ستایشکردنی داردا بزانین.

بەشێك لە بەرهەمەکانیتری ئەم نووسەرە بریتین لە «ڤیکۆنتی دوو کوت بوو»، «شوالییەی نەبوو»، «زەمەنی سفر و رووداوەکان»، «مارکۆ ڤالدۆ»، «شارە ونەکان»، «ئەگەر شەوێك لە شەوانی زستان موسافیرێك» و... ئەم نووسەرە گەورە لە ساڵی ١٩٨٥ ماڵاوایی لە ژیان و نووسین کردووە.

زۆر بەداخەوە تا ئێستا نە لە سەرجەمی چیرۆك و رۆمانی ئیتالی و نە لە بەرهەمەکانی کالڤینۆ، شتێکی ئەوتۆ نەکراوە بە کوردی و خوێنەرانی کورد ( بە تایبەت ئەو گەنجانە کە کتێبخانەی هەژاری کوردی تاکە سەرچاوەی خوێندنەوەیانە ) هەروا کە بە کەمی ئاگایان لە ئەدەب و بەتایبەت چیرۆك و رۆمانی هاوچەرخی زۆر شوێن و نەتەوەی تر، بەکەمیش ئاگایان لە ئەدەب و چیرۆك و رۆمانی ئیتالیشە. وەرگێڕانی بارۆنی سەر دارەکان هەنگاوێکە بۆ ناساندنی نموونەیەکی سەرکەوتوو لە رۆمانی ئیتالی و بەرهەمی کالڤینۆ بە خوێنەری کورد، بەو هیوایە کە جێگەی رەزامەندی بێت.

# ١

پانزەی ژووەنی ساڵی ١٧٦٧ دواهەمین ڕۆژ بوو کە کۆزیمۆ لاڤێرس دو ڕۆندو[٢]ی برام لە ناو ئێمەدا ژیا. من ئەو ڕۆژەم ئەوەندە جوان لە بیرە کە دەڵێی دوێنێکە بوو. لە ئۆمبرۆزا[٣] لە ماڵی خۆمان، لە ژووری خواردن دانیشتبووین. لقوپۆی دار بەڕووە گەورەکەی باخ لە پەنجەرەوە دەبیندرا. نیوەڕۆ بوو. بە پێی نەریتێکی کۆن هەموو بنەماڵە لە کاتێکی وادا نیوەڕۆژەمان دەکرد. خواردنی دوانیوەڕۆ، شێوازێك کە دەرباری بێمەبالاتی شای فەڕانسە کردبووی بە نەریت و هەموو بنەماڵە ئەشرافەکان بەڕێوەیان دەبرد، لە لای ئێمە پەیڕەو نەدەکرا. لە بیرمە با، بایەك کە لە دەریاوە دەهات، گەڵاکانی دەلەراندەوە.

کۆزیمۆ دەوریی شەیتانۆکەکەی[٤] ئەولا خست و گوتی: « پێشتریش گوتبووم و ئێستاش دەیڵێمەوە کە من شەیتانۆکە ناخۆم. »

---

٢. Cosimo Laverse Du Rondeau

٣. Ombrosa

٤ – حەلەزوون

هەڵوێستێکی ئاوا سەرچڵانە لە ناوماڵی ئێمەدا پێشینەی نەبوو.

باوکمان، بارۆن ئارمینیوس[٥] لاڤێرس دو رۆندو لە لای سەرووی مێزەکە دانیشتبوو. بە شێوازی لۆیی چواردەهەم کڵاوقژێکی لەسەر کردبوو کە دەگەیشتە گوێچکەی و، وەك هەموو شتەکانی تری کۆن بوو. باوکە فەوشلافلور[٦]، قەشەی بنەماڵە و مامۆستای ئێمەش، لە مابەینی من و براکەمدا دانیشتبوو. لەو بەریشەوە ژەنراڵ کۆنرادین[٧] دو لاڤێرسی دایکمان و باتیستا[٨]ی خوشکمان ـ کچە پاکیزەی بنەماڵە ـ دانیشتبوون. لە لای خوارووی مێزەکەش ئانێئاس سیلڤیوس کارگا[٩]ی پارێزەر بوو، کە کارناسی ئاودێری و سەرپەرشتی موڵك وماڵی ئێمە و زڕبرای باوکم بوو. ئەو جلی تورکی لەبەر دەکرد.

کۆزیمۆ دوانزە ساڵ و من هەشت ساڵم تەمەن بوو. ئەو چەند مانگ بوو ئیزنی درابوو لە سەر مێزی دایك و باوکمان نان بخوات و، منیش هەر چەندە تەمەنم کەم بوو دڵیان نەدەهات بە تەنێ دامنێن، بۆیە لەو خێر و بێرە کە بە قسمەتی کۆزیمۆ ببوو، بەشدار بووم... گوتم خێر و بێر؟ راستییەکەی ئەوەیە کە قۆناغی خۆشی ژیانی من و کۆزیمۆ کۆتایی هاتبوو. لەو خواردنە سادەی نیوەڕوان کە لەگەڵ فەوشلافلور دەمانخوارد، دابڕابووین. قەشە پیرەمێردێکی گولەکە و رەقەڵ، روومەتی پڕ لە چرچ و لۆچ بوو. دەیانگوت ژانسنیستە[١٠]و، لەبەر ئەوەش، لە ترسی مەحکەمەی ئەنگیزاسیۆن لە زێدی خۆی لە دەوفینە[١١]، هەڵاتبوو. بەڵام ئەو ورە قایم و پۆڵایینە کە باسیان دەکردو، ئەو جدییەت و ئیمانداریيە کە بەسەر خۆی

---

٥ . Arminius

٦. Fauchelafleur

٧ . Konradine

٨ . Battista

٩ . Aeneas Sylvius Carrega

١٠ . ژانسنیسم فرقەیەکی دەمارگرژی کاتۆلیکی بوو کە لە سەدەی حەفدەی زایینی، لە ئوروپا سەری هەڵدا. پێڕەوانی ئەم فرقە سنووریان بۆ ئازادی و ئیختیاری مرۆڤ لە کاروباری ئایینیدا دادەناو، پێیانوابوو کە تەنیا دەستەیەکی کەم لە بنیادەمەکان لە لایەن خواوەندەوە دەبەخشرێن و، ئەم دەستەش بەر لەوەی لە دایك ببن هەڵبژێردراون. لە نێوان ئەم فرقە و رێبازی ژێزوئیت (یەسووعیەکان )دا شەڕ و کێشەیەکی قورس هەبوو. وەرگێڕی فارسی.

١١ . Dauphine

و خەڵکی تردا سەپاندبوویان، بەردەوام لەگەڵ سستی و دڕدۆنگییدا جێگۆڕکەیان دەکرد. ئەمەش زیاتر بەو هۆیەوە بوو کە جۆرێك لە بێمەبالاتی و داماوی لە زاتیدا بوو. تەنیا قازانجی ئەو کاتە دوور و درێژانە کە لە بۆشایی رادەما و دەچووە بیر و خەیاڵاتەوە ئەوە بوو کە زۆر لاسار و کەمێکیش خەمۆکی کردبوو. دەتگوت بچووکترین دژوارییەکانیش بە لای ئەوەوە نیشانەی قەزاو قەدەرێکن کە نابێت لە بەرامبەریاندا هەڵوێست وەربگرێت. کە لە گەڵ ئەو خواردنمان دەخوارد کاتێکی زۆری بە دۆعا کردن بەسەر دەبردو، ئێمەش دەبوو زۆر بە وردی هۆشمان بە جووڵە و لەرەی کەوچکەکانمانەوە بێت. وای لە ئێمە ئەگەر سەرمان لە سەر قاپەکەمان بەرز بکردایەوە، یان سووپەکەمان هەڵقوڕاندایە. بەڵام قەشە پاش خواردنی سووپەکەی وردە وردە ماندوو دەبوو، چاوی لە بۆشاییەك دەبڕی و، لە گەڵ هەموو قومە شەرابێکدا دەنگێك لە لێویەوە دەهات. لەوە دەچوو تەنیا هەستە کوتوپڕی و تێژ تێپەڕەکان هێشتا بتوانن کاریگەری لەسەر دابنێن. کە نۆبە دەگەیشتە خواردنە سەرەکییەکان، ئیتر دەمانتوانی بە دەست بیخۆین و، لە کۆتایی خواردنەکەشماندا قونچکە هەرمێ بۆ یەکتر فڕێ بدەین. لەو کاتانەدا بوو کە قەشە جاروبار بە بێمەبالاتییەوە دەیگوت:

« ها، ئەوە چی دەکەن؟ »

لەو کاتەوە کە رێگەیان دابووین لەسەر مێزی گشتی دانیشین، هەستمان دەکرد هەموو زەخت و فشارەکانی بنەماڵەمان لەسەرە. دیارە ئەمەش خەمبارترین قۆناغی منداڵیمان بوو. دایك و باوکمان بۆ ساتێکیش چاویان لێ نەدەترووکاندین. « بە چەقۆ و چنگاڵ مریشك بخۆ... قنج دانیشە... ئانیشکت مەخەرە سەر مێزەکە... » ئەم جۆرە قسانە کۆتاییان نەبوو. لە هەموویان خراپتر باتیستای خوشکمان بوو کە بە راستی ئەشکەنجەی دەداین. لە لایەن ئەوەوە هەرچی بوو سەرکوت و خۆپەرستی و سەرکۆنە و رووگرژی بوو. تا ئەوەی کە کۆزیمۆ رایگەیاند شەیتانۆکە ناخوات و، بەو شێوە رێبازی خۆی لە ئێمە جیا کردەوە.

من دواتر لە مانای ئەو هەموو رق و قینە کەڵەکە بووەی کۆزیمۆ گەیشتم، بەڵام ئەو دەمە تەنیا هەشت ساڵم تەمەن بوو. هەموو شتێك بە لامەوە یاری و گاڵتە بوو. پێموابوو

هەموو منداڵانی تریش وەك ئێمە كێشەیان لەگەڵ گەورەكانیان هەیە. لەو دەمەدا نەمدەزانی سەرەڕۆیی كۆزیمۆی برام پاڵنەرێكی قووڵتری هەیە.

باوكمان هەرچەندە پیاوێكی خراپ نەبوو، بەڵام كەسایەتییەكەی مرۆڤی ماندوو دەكرد. بە پێی فكر و بۆچوونە كۆنەكان دەژیا و، ئەمەش تایبەت بە هەموو قۆناغێكی پەڕینەوەیە. جۆش و خرۆشی زەمانە وا دەكات كە هەندێك كەس هەست بە پێویستی بزاف و جووڵە بكەن، بەڵام بزاف و جووڵەیەك بەپێچەوانەی رەوتی دیاری كراو و لە دەرەوەی رێگەی راست و دروست. بەم بۆنەوە، لە گەرماوگەرمی تین و تای دەور و بەرماندا، باوكمان شانازی بە نازناوی «دوكی ئۆمبرۆزا » دەكرد و، تەنیا بیری لەو شتانە دەكردەوە كە پەیوەندییان بە رەچەڵەكەوە بوو. تەنیا لە بیری مەسەلەی جێنشینی و ركەبەری لەگەڵ خەڵك و، یەكگرتن لەگەڵ ناوچە دوور و نزیكەكاندا بوو.

ژیان لەماڵی ئێمە هەمیشە بە شێوەیەك بوو كە دەتگوت خۆمان بۆ میوانی دەربار رادەهێنین. كامە دەربار؟ باش نازانم. دەرباری ئیمپراتریسی نەمسا، یان شا لۆیی، یان دەرباری تۆرینۆ؟ بۆ نموونە ئەگەر خواردنەكەمان قەل بوایە، باوكمان بە سیلەی چاو لێمان ورد دەبووەوە تا بزانێت ئایا بە شێوەی دانیشتوانی دەربار گۆشت قەلەكە دەبڕین و دەیخۆین یان نا. قەشەش كە لە سەركۆنە كردنی ئێمە دەبوو هەمیشە لایەنی باوكمان بگرێت، لە ترسی ئەوەی كە نەكا خۆشی لێی تێكبچێت بە كەمی گۆشت قەلی دەخوارد. بەڵام جەنابی كارگای پارێزەر بە تەڕدەستییەوە كوتێك لە رانی قەلەكەی لە بن چرچ و لۆچی كەوا توركییەكەیدا دەشاردەوەو، پاشان كە دەچوو بۆ باخ، لە پەنای مێوەكاندا دەیخوارد. ئێمە بەو كردەوەیەمان زانیبوو. هەرچەندە ئەوەند چابوك بوو كە نەماندەتوانی دەستی بگرین، بەڵام دڵنیا بووین بە گیرفانی پڕ لە ئێسكی پاككراوەوە دێتە سەر مێزی خواردنەكە، تا لەبری ئێسكی رانە دزراوەكان بیانخاتە نێو دەورییەكەوە. ژەنراڵی دایكمان كێشەی نەبوو. ئەو لەسەر مێزی خواردنیش وەك هەمیشە سوپاییانە و قیت دادەنیشت و بە زمانی ئاڵمانی دەیگوت: « چاكە، كەمێكی تریش، زۆر چاكە » و كەسیش سەركۆنەی نەدەكرد. دەكرێ

بڵێم ئەوەی کە ئەو لە ئێمەی دەویست ویقار نەبوو، نەزم و ڕێك و پێکی بوو. ئەویش وەك باوکمان پەیتا پەیتا ئەمری سوپاییانەی دەردەکرد: « سیتزروهیگ[١٢]. لچ و لێوت خاوێن بکەرەوە.»

تاکە کەسێك کە هیچ موشکیلە و گرفتێکی نەبوو، باتیستا ــ کچە پاکیزەی ــ ماڵ بوو. ئەو بە وردی و کارامەیی پزیشکێکی نەشتەرگەر، بە چەند چەقۆی بچووکی وەك تیغی نەشتەرگەری، گۆشتەکەی کوت کوت دەکرد. باوکمان ئەگەرچی دەیتوانی ئێمە بەو بشکێنێتەوە، بەڵام نەیدەوێرا تەنانەت سەیریشی بکات. چاوە جنۆکەییەکانی خوشکم کە لە بن سەرپۆشە ئەهار دارەکەیەوە دەبریسکانەوە، دانە تێکسمڕاوەکانی و ڕوومەتی زەردی وەك مشکی، تەنانەت باوکیشمانی دەترساند.

سەیر ئەوەیە کە هەموو قین و کێشە و گێژی و دوو ڕووییەکانمان لەسەر مێزیخواردن خۆی دەنواند. ڕاپەڕینەکەی کۆزیمۆش لەسەر مێزی خواردنەوە سەری هەڵدا. کەواتە بمبوورن ئەگەر لەم بارەوە فرەوێژی دەکەم. بێگومان لەمەدوا مێزی خواردن لە ژیانی براکەم دەسڕدرێتەوە.

مێزی خواردن تاکە شوێنێك بوو کە ئێمە و گەورەکانمان لە دەوری کۆ دەبووینەوە. بەر لەو کاتەو لەوە دواش، دایکمان دەچووە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی و خەریکی گوڵدۆزی و تۆڕ چنین دەبوو. ئەمانە هەموو سەرقاڵییە نەریتییە ژنانەییەکانی دایکمان بوون. بەڵام لەم کارانەشدا زەوقی سوپاییانە خۆی دەخستە گەڕو، تۆڕی و گیپوورە دەستچنەکانی بە نەخشە و خەریتەی جوغرافیا دەڕازاندەوە. خەریتەکانی بە شێوەی پەردە دەچنی و، پاشان دەرزیلە یان ئاڵای بچووکی تێ ڕۆ دەکردن کە نوێنەری مەیدانی شەڕی ڕکەبەرایەتی لەسەر تاج و تەختی نەمسا بوو. شەرێك کە ئەو وردەکاریەکانیشی لە بەر بوو. هەندێك جار عەرەبانەی ئەو تۆپانەشی دەچنی کە گوللەکەیان بە گۆشە و زاویەی جۆراوجۆر فڕێدرابوون.

---

١٢. Sitzruhig ئارام بە.

دایکمان ئاگادارییەکی قووڵی لە هونەری باڵستیك (زانستی فڕێدان) هەبوو. ئەو کچی ژەنراڵ کۆنراد ڤۆن کورتویتز[١٣] بوو کە بیست ساڵ لەوەبەر، وەك فەرماندەی هێزەکانی ماری تیرزی نەمسا، زەوی و زاری ئێمەیان داگیر کردبوو. لەبەر ئەوەی کە دایکی کۆنرادین مردبوو، ژەنراڵ بۆ لەشکر کێشییەکان ئەوی لەگەڵ خۆی دەبرد. بەڵام ئەمە هیچ پاڵەوانەتییێکی تێدا نەبوو. هەر دووکیان بە باشترین ئامێرەکان سەفەریان دەکرد و لە جوانترین کۆشك و قەڵاکاندا جێگر دەبوون. فەوجێك خزمەتکاریان لەگەڵ بوو. کچی ژەنراڵ بە درێژایی رۆژ تۆری دەچنی. دەیانگوت ئەویش بە سواری ئەسپەوە بەشداری شەڕەکانی کردووە، بەڵام ئەوە زیاتر ئەفسانە بوو. ئەوەندەی ئێمە لە بیرمان بێت، ئەو هەمیشە حاڵەتی ژنێکی وردیلەی لووت جوانی بوو. رەنگە تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەك بەربەرەکانێی مێردەکەی بکات، زەوقی سوپاییانەی باوکی لە خۆیدا هێشتبۆوە.

باوکمان لەو تاك و تەرا پیاوە ئەشرافانە بوو کە لەو شەڕەدا لایەنی هێزەکانی ئیمپراتۆریان گرتبوو. ئەو بە باوەشی ئەوەڵاوە رێی هێزەکانی ڤۆن کورتویتزی بۆ موڵکەکەی خۆی دابوو. خزمەتکارەکانی خستبووە خزمەتی ژەنراڵەوە و، تەنانەت بە نیشانەی وەفاداری بە ئیمپراتوری، کۆنرادیشی خواستبوو. ئەڵبەت ئەو هەموو ئەم کارانەی بەو هیوایە کردبوو کە رۆژێك ببێت بە دوك. بەڵام ئەو جارەش کارەکەی لێ شێوا. هێزەکانی ئیمپراتوری زۆر زوو پاشەکشەیان کرد و جنۆڤاییەکان بەسەپاندنی باج و خەراجێکی زۆر پشتی باوکمیان شکاند. بەو حاڵەش باوکم لەم مامڵەیەدا هاوسەرێکی زۆر باشی بە قسمەت بوو کە لە دوای مردنی پڕ لە شانازی باوکی لە پرۆڤەنس[١٤] و، لە دوای ئەوەی کە ماری تیرزی شاژن، ملوانکەیەکی ئاڵتوونی لەسەر باڵشتێکی بچووکی مەخمەڵ بۆ نارد، نازناوی ژەنراڵی وەرگرت. پەیوەندی ئەم ژن و مێردە هەمیشە باش بوو. هەرچەند دایکمان کە لە مەیدانەکانی شەڕدا گەورە ببوو، گلەیی لە باوکم دەکرد کە گوایە فێڵەبازێکی ناسەرکەوتووی تێشکاوە.

---

[١٣]. Konrad Von Kurtewitz

[١٤]. Provence

دەکرێ بڵێم هەر دووکیان هێشتا لە قۆناغی «شەڕی جێنشینی»دا دەژیان. دایکمان لە خەیاڵی تۆپخانەکانی و، باوکمان لە بیری رەچەڵەك نامەکەیدا بوو. ئاواتی دایکمان ئەوە بوو کە ئێمە لە سوپایەکدا ــ هەر سوپایەك بێت ــ ببینە ئەفسەر و، ئاواتی باوکمان ئەوە بوو رۆژێك لەگەڵ شازادە خانمێکی بنەماڵەی ئیمپراتور زەماوەند بکەین. بە گشتی، بە کردەوە باوك و دایکێکی باشمان بوو بەڵام تا ئەو رادە لە ئاست ئێمە بێمەبالات بوون کە بە ئیشتیای خۆمان گەورە بووین. ئەمە چاك بوو یان خراپ؟ کێ چووزانێت. راستە کە ژیانی کۆزیمۆ وەك خەڵکی تر نەبوو، بەڵام من ژیانێکی سادە و رێك و پێك ژیام. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر دووکمان منداڵییەکی چون یەکمان تێدەپەڕاند. هەر دووکمان بێئەوەی گوێ بە کێشە و گرفتی گەورەکان و، کار و گوزەرانی خەڵکی بدەین، گەورە دەبووین. بە دار و درەختەکاندا هەڵدەگەڕاین ( ئەم یارییە منداڵانە ئێستا بۆ من لە شێوەی جۆرێك زەمینە چنین بۆ داهاتوو خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئەو دەمە کێ بیری لەم شتانە دەکردەوە؟ ) لەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد بازمان دەدا و، بەستێنی چۆمەکانمان دەپێوا. سەرمان بە ئەشکەوتی کەناری دەریادا دەکرد، لە نەردەی پلیکانەکانەوە هەڵدەخلیسکاین و دەچووینە خوار. یەکێك لەم خلیسکێنانە بوو کە شەڕێکی قورسی لە نێوان کۆزیمۆ و دایك و باوکمان لێکەوتەوە. ئەو کە پێیوابوو بە ناحەق سەرکۆنەی دەکەن، هەر لەو کاتەوە رقی لە بنەماڵە هەڵگرت. ( لە بنەماڵە یان کۆمەڵگە؟ یان هەموو جیهان؟ ) رقێك کە دواتر لە بڕیاری رۆژی پانزەی ژووەندا خۆی نواند.

ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم لەوە پێشتر داوایان لە ئێمە کردبوو کە بەسەر لێواری مەڕمەڕی پلیکانەکاندا هەڵنەخلیسکێین. نەوەك لەبەر ئەوەی کە دەترسان بکەوین و قاچمان بشکێت. ــ باوك و دایکمان هەرگیز نیگەرانی رووداوێکی وەها نەبوون و، لەبەر ئەوەش ئێمە هەرگیز نەکەوتین و قاچ و دەستمان نەشکا ــ ئەوان لەوە نیگەران بوون لەشمان، کە رۆژ لە دوا رۆژ گەورەتر و قورستر دەبوو، لەو پەیکەرە بچووکانەی باب و باپیرانیان بدرێت کە لە سەر ستوونە بچووکەکانی لێواری پلیکانەکان دایان نابوو. دەترسان پەیکەری یەکێك لەو

پێشینیانەیان بکەوێتە خوار و بشکێت. بەر لەوەش کۆزیمۆ جارێك پەیکەرەی یەکێك لە پێشینیانمانی، کە ئوسقۆف بوو، جوولاندبوو. بەڵام چونکا بۆ ئەو کارە سەرکۆنەیان دەکرد، فێر ببوو پێش ئەوەی بگاتە کۆتایی پلیکانەکان و لە پەیکەرەکان بدرێت، رابوەستێ و بەسەر لێواری پلیکانەکاندا باز بدات. منیش فێری ئەوە ببووم. من لە هەموو کارێکدا لاسایی ئەوم دەکردەوە. بەڵام چونکا لە ئەو سەرنەویتر و بەپارێزتر بووم کە دەگەیشتمە نیوەی پلیکانەکان دادەبەزیم. یان بستۆکە بستۆکە هەڵدەخلیسکام و، پەیتا پەیتا رادەوەستام. رۆژێك کە کۆزیمۆ بە لێواری پلیکانەکاندا وەك تیر هەڵدەخلیسکا، فەوشلافلوری قەشە لە کاتێکدا کتێبە دۆعاکەی کردبۆوە بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا. چاوە تێڕاماو و بێهەستەکەی لە چاوی مریشك دەچوون. ئاخ بریا وەك هەمیشە لە حاڵەتی خەو و بێداریدا بوایە. بەڵام نا، ئەو رۆژە زۆر وشیار و، ئاگای لە هەموو شتێکی دەوروبەری بوو. ئەو کاتێك کۆزیمۆی بینی بیری پلیکانە و پەیکەرەکان کەوتەوە. لە ترسی ئەوەی کە نەکا کۆزیمۆ لە پەیکەرەکان بدرێت و، وەك هەمیشە ئەو سەرکۆنە بکەن کە بۆچی ئاگای لە ئێمە نەبووە، خۆی گوڕم دا کە بەر بە براکەم بگرێت. بەڵام لەو کاتەدا کۆزیمۆ لە قەشە درا و بە هەموو پلیکانەکاندا فڕێیدایە خوار. ئەو کە نەیتوانی لە کاتی خۆیدا رابوەستێ، بە خێراییەکی دوو بەرامبەرەوە خۆی بە پەیکەرەی باوەگەورە لاڤێرس دو رۆندوی جەنگاوەردا کێشا کە لە پاڵەوانەکانی شەڕی خاچ پەرستی بوو، سەردانی وڵاتی پیرۆزیشی کردبوو. کۆزیمۆ و قەشە و پاڵەوانە گەچییە خاچ پەرستەکە، هەر سێکیان کەوتنە زەوی و پەیکەرەکە ورد و خاش بوو.

ئێمە لە پێناوی ئەو تاوانەدا سزایەك دراین بێ کۆتایی. هەر لە قامچی و بێگارییەوە بگرە تا زیندان و کەم کردنەوەی جیرەی خۆراك و خواردنی نانی رەق و سووپی سارد. بەڵام لەبەر ئەوەی کە کۆزیمۆ خۆی بە بێ تاوان و قەشەی بە تاوانبار دەزانی، جنێوێکی زۆر قورسی بە زاردا هات. گوتی:

« باوکی خۆشەویست. باب و باپیرانی ئێوە بە گونی خۆشم نازانم. »

مەیلی کۆزیمۆ بۆ سەربزێوی هەر لەو کاتەوە دیار بوو.

خوشکەکەشمان وەك ئێمە بوو. ئەویش ڕۆحێکی سەرکێش و تاکڕەوی بوو، باوکمان لە دوای کێشەی مارکی دولاپۆم[١٥] ئەو خـەڵوە کێـشییەی بەسـەردا سـەپاندبوو. ئێمـە هـەرگیز لەوەی کە لە نێوان خوشکم و مارکیدا ڕابورد نەگەیشتین. ئەو پیاوە گەنجە، کە بنەماڵەکەی دوژمن و نەیارمان بوون، چۆن توانیبووی بێت بۆ ماڵی ئێمە؟ لە دووی چی گەڕابوو؟ لە قرم و قاڵی پاش ڕووداوەکەدا گـوترا کـە ویـستوویەتی خوشـکەکەمان بـە لاڕێـدا ببـات و، لـەوەش خراپتر، ئەتکی بکات. بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانتوانی بڕوا بکەین کە ئەو کوڕە گەنجە ڕیوەڵـە بتوانێت ژنێك، بە تایبەت خوشکەکەی ئێمە، بە لاڕێدا ببات. باتیستا زور لە ئەو بەهێزتر بوو، دەگوترا کاتی زۆرەبان لەگەڵ مەیتەرەکانمان توانیبووی مستی هەموان لە عەرز بدات. بێجگە لەوەش بۆچی لەو کێشەدا ئەو کوڕە گەنجە هاواری لیَ بڵێند ببوو نەك خوشکەکەمان؟ بۆچی کاتێك باوکمان و خزمەتکارەکان خۆیان پیَ گەیاندبوون، ئـەو هـەتیوەیان بـە جـل و بـەرگی دڕاوەوە بینیبوو؟ بۆ پانتۆڵەکەی وای لیَ هاتبوو کە دەتگوت پلێنگ ونجڕ ونجڕی کـردووە؟ بنەماڵەی دولاپۆم هەرگیز پێیان قەبووڵ نـەکرا کـە مـارکی هـەوڵی خـراپ کردنـی باتیـستای دابێت و، ملیان بە زەماوەندی ئەو دوانە نەدا. بەو بۆنەوە بوو کە خوشکمان خانەنشین کرا و بیَ ئەوەی سوێند بخوات ــ چونکا هۆی بە ڕۆحانی بوونی جێی گومـان بـوو ــ جلکـی کـچە پاکیزەکانیان پیَ لەبەر کرد.

قین و نەفرەتی باتیستا بە تایبەت لـە چێـشت لێنانـدا دەردەکـەوت. ئـەو وەك هـەموو ئاشپەزێکی باش خاوەنی جوانکاری و تازەگەری بوو، بـەڵام هـەر کاتێـك چێـشتێکی لێـدەنا ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە بلێی چ خەونێکی چاوەڕوان نـەکراوی بـۆ دیبێـتین. جارێکیـان کفتەی جەرگی مشکی بۆ لێناین کە بە ڕاستی بـە تـام و لـەزەت بـوو. ئـەو کاتێـك ئاگـاداری کردینەوە کە کفتەکەمان خواردبوو، زۆریشمان پیاهەڵگوتبوو. جارێکیتـر نـان شـیرینییەکی لێنــا کــە بــە قاچــە کوللــە ڕازاندبوویــەوە. قاچــەکانی دواوەی کوللــە ڕەق و مــشارییە. خواردنێکیتری شیرینی کلکی بەرازی سوور کراوە بوو. ڕۆژێك ژیشکێکی بە هەموو دڕکەکانی

---

١٥ . Marquis de La Pomme

لەشیەوە کوڵاند و لەسەر مێزەکە داینا. هەر خودا دەزانێ چی پاڵی پێوە نـابوو ئـەم کـارە بکات. رەنگە ویستبێتی کاتێك ئیمە سەری قابلەمەکە هەڵدەدەینەوە، سەیری سەرسامیمان بکات و چێژی لێ وەربگرێت. بۆ خۆشی کە هەموو خواردنەکانی خۆی دەخوارد، دەمـی بـۆ ئەو خواردنە نەبرد. لە راستیدا گرینگترین شتێك کە پاڵی پێوە دەنا ئەو خواردنانە لێ بنێت، ئەوە بوو خەڵکی پێ داچڵەکێنێ و ئەو خواردنە بێتامانەیان پێ بچێژێت. خواردنێك کـە ئـەو ئامادەی دەکرد نموونەی جوانترین وردەکارییەکانی هونەری چێشت لێنـانی نمایـشی بـوو. نـاوکی گوڵـە کەلـەمی بـە دوو گـوێی کەروێـشك دەڕازانـدەوەو، پارچـەیەك لـە پێـستی کەروێشکەکەشی وەك بەرۆکە کراس بە لای خوارووییـەوە دەنووسـاند. سـەری بـەرازێکی لـە دەورییەکەدا دادەناو، مەیگوویەکی بە شێوەیەك دەخستە ناو زارییەوە کە دەتگوت بەرازەکە بۆ یاری و رابـواردن زمـانی سـووری دەرکێشاوە. لـە هـەمان کاتـدا چـنگی مەیگووەکـە بـە شێوەیەکی لێدەهات کـە پێدەچـوو زمـانی بەرازەکـەی لـە قـوڕگی دەرکێـشابێت. خـۆراکی شەیتانۆکەکەشی بۆ گێڕانەوە دەبێت. نـازانم چـەند شـەیتانۆکەی سـەربڕیبوو، هـەرکام لـەو سـەرە نـەرم و بـچووکانەی کـە لـە کەللـەی ئەسـپ دەچـوون، بـە چـیلکە بـە کفتەیەکـەوە نووساندبوو. کاتێك ئەو خواردنەیان هێنایە سەر مێزەکە، لەوە دەچوو لەشکرێك قوو لەسـەر کەشەفەیەك بە ریز بووبن. ئەوەی کە باتیستا بە چ وردی و کارامەییەك ئەو خواردنانەی چێ دەکردو، چۆن بەو دەستە ناسکانەی ماملەی لە گەڵ ئەو گیانلەبەرە ورد و بچووکانە دەکرد، لە دیمەنی خواردنەکانی سەیرتر و داچڵەکێنەرتر بوو.

باتیستای خوشکمان زۆر جـار بـۆ ئـەو هونـەرە نگریـسەی چێـشت لێنـان ئیلـهامی لـە شەیتانۆکە وەردەگرت و، بۆ زۆربەی داهێنانەکانیشی ئێمەی وادار بـە سەرچـڵی و هەڵـچوون دەکرد. ئەوەی کە پاڵی بە ئێمەوە دەنا راپەڕین و سەرچـلی بکـەین لـە راسـتیدا دڵـسۆزی و بەزەییمان بۆ ئەو گیانلەبەرە کلۆڵانە و، بێز کردنمان لە بۆگەنەکەیان و، رق و نەفرەتمان لـە هەموو شت و هەموو کەس بوو. کەواتە سروشتییە کە ئەم سەرچـڵییانە بـە سـەرەتایەك بـۆ شۆڕشەکەی کۆزیمۆ بزانین.

پلانێکمان دانا. هەر کاتێك جەنابی پارێزەر سەوەتەیەك شەیتانۆکەی خواردنی بۆ ماڵەوە دەهێنا، دەیانبردنە ژێرخان و دەیانخستنە ناو بەرمیلێکەوە.ئەوسا بۆ ئەوەی سکیان خاوێن ببێتەوە جگە لە سۆ هیچیتریان نەدەدانێ. ئیمە کاتێك دەرکەی بەرمیلەکەمان هەڵدەدایەوە دیمەنێکی قێزەونمان دەبینی. شەیتانۆکەکان کە کاتی مردنیان بوو، لە ناو درز و برینی بەرمیل و سۆکەدا ئارام و لەسەرخۆ دەجووڵان و دەوروبەری خۆیان پڕ کردبوو لە لیك و پیسایی. ـ پیسایییەکی رەنگاوڕەنگ کە یادگاری قۆناغی خۆشی ژیانیان لە هەوای ئازاد و ناو سەوزەڵانیدا بوو. ـ هەندێك لە شەیتانۆکەکان لە قاپووڕەکانیان هاتبوونەدەرو، سەریان خوار و شاخەکەکانیشیان لێك بڵاو بووبوو. هەندێکیتریان لە ناو قاپووڕەکەیاندا گرمۆڵە ببوون و تەنیا شاخەکەکانیان بە دەرەوە بوو. تاقمێکیان لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوەو، تاقمێکیتریان خەویان لێکەوتبوو، یان قاپووڕەکەیان سەر و بن ببوو خەریك بوو دەمردن. ئێمە بۆ ئەوەی شەیتانۆکەکان لە چنگی ئەو کابانە جەنایەتکارە رزگار بکەین و خۆشمان لەخواردنیان بپارێزین، بنکی بەرمیلەکەمان کون کرد. تۆزێك هەنگوینمان لە مشتێك گژ و گیا هەڵسوو، لەو کونەوە تا پشت بەرمیل و شتوومەکی تری ژێرخانەکە رامانکێشا. دەمانویست شەیتانۆکەکان بەو رێچکەدا کە بۆمان ساز کردبوون هەڵێن و خۆیان بگەیەننە دەروێکی بچووك و، لەوێشەوە خۆیان بە پارچە زەوییەکی پڕ لە خەوش و خۆڵدا بکەن. بەیانی بۆ ئەوەی لە ئەنجامی کارەکەمان بڕوانین چووینەوە بۆ ژێرخان و لە بەر رۆشنایی مۆمی سەر دیوار و ڕاڕەوەکان سەیرمان کرد.

« یەکیان لێرەیە... یەکیتریان هۆ لەوێیە... »

« بڕوانە ئەمەیان خۆی گەیاندۆتە کوێ! ... »

شەیتانۆکەکان یەك لە دوای یەك، لە ریزێکدا، بە سەر عەرز و دیوار و رێچکەکەی ئێمەدا بەرەو دەروەکە دەڕۆشتن. ورد و بەکاوەخۆ دەچوونە پێش، جاروبار بۆ ئەوەی سەرێك لە پەڵە تەڕ و قەوزە گرتووەکان بدەن، رێگەکەیان خوار دەکردەوە. ئێمە کە دەمانبینین دەمانگوت:

« ببوورن، پەلە بکەن، خۆتان رزگار بکەن! »

بە هیوا بووین بەرلەوەی کەس پێبزانێت، هەموو شەیتانۆکەکان هەڵێن. چونکا ژێر خان تاریك و پڕ لە کەلوپەل بوو، رێی تێدەچوو زۆر شتی چاوەڕوان نەکراو روو بدات.

بەڵام خوشکمان هەموو شەوێك تفەنگێکی دەنایە بن باڵی و مۆمدانێکی بە دەستەوە دەگرت و دەچوو بۆ راوە مشك. ئەو شەوە لە ژێرخان، لەبەر رۆشنایی مۆمەکەیدا، چاوی بە شەیتانۆکەیێك کەوت کە بەسەر تاقەکەوە نووسابوو، هێڵێکی زیو رەنگیش بە دوایەوە کشابوو. تەقەی گوللەیەکمان بیست. هەموومان لە خەو راپەڕین، بەڵام چونکا خوومان بە راوی شەوانەی خوشکە پاکیزەکەمان گرتبوو، بێئەوەی گوێ بە رووداوەکە بدەین سەرمان نایەوە سەر سەرینەکەمان و خەوتینەوە. بەڵام باتیستا لە دوای ئەوەی کە شەیتانۆکەکەی کوشت و کوتێك گەچی بن میچی ژێرخانەکەشی وەراند، قیژاندی:

« فریا کەون! هەموویان دەرچوون! فریا کەون! »

خزمەتکارەکان بە نیوە رووتی، باوکمان بە شمشێرەوە، قەشەش بە بێ کڵاوقژەکەی بەرەو ژێرخان هەڵاتن. بەڵام جەنابی پارێزەر بێئەوەی بزانێت چی روویداوە، وای بە چاك زانی خۆی تووشی سەرئێشە نەکات، بۆیە لە ماڵ چووە دەر و، لە مەزرا، لەسەر کۆگایەك کا لێی خەوتەوە.

لەبەر رۆشنایی چەند مەشخەڵدا، هەرەوەزی بەربڵاو بۆ راوی شەیتانۆکەکان دەستی پێکرد. کەس گوێی بە کۆ کردنەوەیان نەدەدا، بەڵام لە داخی ئەوەی کە لە خەو راپەڕیبوون، خۆپەرستییەکەیان رێی پێ نەدەدان بێئەوەی کارێکیان کردبێت بگەڕێنەوە بۆ ناو جێگەکەیان. بۆیە کونی بەرمیلەکەیان دۆزییەوەو، ئاشکرا بوو کە ئەو کارە کاری کێ بووە. باوکمان بە قامچی مەیتەرەکەوە کەوتە گیانمان. ئەوسا بە پشت و قوونی رەش و شینەوە خستیانینە ناو ژوورێکی نەگبەتی بچووك کە زیندانمان بوو.

سێ رۆژ لەوێ ماینەوە و جگە لە نان، ئاو، زەڵاتە، پێستی بەراز و سووپی سارد (کە ئەمەیانمان پێ خۆش بوو ) هیچیتریان پێنەدابن. یەکەم نیوەڕۆژەیەك کە دووبارە لەگەڵ

بنەماڵە خواردمان لە هەمان ڕۆژی پانزەی ژووەندا بوو. دۆخەكە لە ئاسایی دەچوو، دەتگوت هیچ شتێك نەقەوماوە. بەڵام باتیستای خوشكمان، سەرپەرشتی چێشتخانە، چی لێنابوو؟ سووپ و خۆراكی شەیتانۆكە. كۆزیمۆ نەیویست تەنانەت دەمیشی لیَ بدات.

« یان دەیخۆن یان گورج دەگەڕێنەوە بۆ زیندانەكەتان. »

من ملم لە خواردن نا. ( دیارە ئەم كردەوەم تا ڕادەیەك ناپیاوانە بوو، چونكا براكەم بە تەنیا مایەوە و یەكێك لە هۆكارەكانی ڕۆشتنەكەشی دژایەتی كردن لەگەڵ من بوو كە پشتم بەردابوو. بەڵام من ئەو دەمە هەشت ساڵانە بووم و، هێز و ورەی منێكی هەشت ساڵانە لە گەڵ سەركێشییەكەی كۆزیمۆ كە تایبەت بە هەموو ژیانی بوو، بەراورد ناكرێت. )

باوكمان ڕووی لە كۆزیمۆ كرد و گوتی: « ها؟ »

كۆزیمۆ دەوریەكەی وەلا خست و گوتی: « نا، نا، نا. »

« بڕۆرە دەر! »

كۆزیمۆ هەستا و لە ژوورەكە چووە دەر.

« بۆ كویَ دەچی؟ »

لە شوێنی خۆگۆڕین، لە پشت دەركە شیشەییەكە، كڵاوی سێ سووچ و شمشێرەكەی هەڵگرت و، هاواری كرد:

« دەزانم بچم بۆ كویَ! »

ئەوسا بەرەو باخەكە هەڵات.

زۆری پێنەچوو كە لە پەنجەرەوە دیمان بە دار بەرووەكەدا هەڵدەگەڕێت. سەر و وەزعی ئەوەندە ڕێك و پێك بوو، كە باوكمان هەمیشە ویستبووی لەسەر مێزی خواردنیش ئاوا بێن. قژە سەری پوودر لێدراو كە لە پشتەوە پەلكە كرابێت و بە نەوارێك رازابێتەوە، بۆین باخی تۆڕ، چاكەتی كورتی سەوز كە لە پاشەوە چینی ببێت، پانتۆڵی تەنگ و كورتی بنەوش، شمشێر بە قەدەوە و پێڵاوی درێژی چەرمی سپیش كە تا نیوەی ڕانمان بگات. تەنیا شتێك كە نیشانەی ژیان لە گونددا بوو. (من كە هەشت ساڵانە بووم لە ژیانی ڕۆژانەمدا، كاتێك بۆنەو

ئاهەنگێکی گرینگ نەبوایە، دەمتوانی پوودر لە قژە سـەرم نـەدەم و شمـشێریش نەبەسـتم. کەچی حەزم لە هەردووکیشیان بوو.) کۆزیمۆ بەم سیما رازاوەیەوە بە وردی و گورجییەك کە نەتیجەی خۆراهێنانمان بوو، دەستی بە ناو لقوپۆکاندا رۆ دەکرد و، بە دارە زبر و پڕ گـرێ و گۆلەکەدا هەڵدەگەڕا.

پێـشتر گـوتم ئێمـە خوومـان بـەوە گرتبـوو کـە بـۆ مـاوەی دوور و درێـژ لەسـەر دار و درەختـەکان بمێنینـەوەو، ئـەم کارەشمـان وەك منـداڵانی‌تـر بـۆ میـوە رنـین و دۆزینـەوەی هێلانەی باڵندە نەبوو. بەڵکوو بۆ ئەو چێژ و لەززەتە بوو کە گەیشتن بە بڵیندترین و دژوارترن لقەکان پێی دەبەخشین. بەراستی حەزمان لە هەڵگەڕان و دۆزینەوە و دانیـشتن لەسـەر لقـە بڵیندەکان و، سەیرکردنی ژێر پێی خۆمان و گاڵتە کردن و قیژاندن بەسەر رێبواراندا دەکـرد. بۆیـە بەلامـەوە سروشـتی بـوو کـە کۆزیمـۆ لـە بەرامبـەر عەزیـەت و ئـازاری بنەماڵـە، بـە بەڕووەکەدا، بەو دارەدا کەخوومان پێگرتبوو، هەڵگـەڕێت. چـەند لقـی ئـەو دارە لـە ئاسـتی پەنجـەرەی ژووری خـواردن بـوو، کۆزیمـۆ دەیتـوانی لـەوێوە رق و تـووڕەیی خـۆی بـە بنەماڵەکەی نیشان بدات.

دایکمان هاواری کرد: « ڤۆرسیشت! ڤۆرسیشت! [١٦] ئێستا منداڵەکەم دەکەوێ! »

رەنگە ئەگەر ئیمەی لـە ژێـر ئـاگر و گوللـە بـارانی دوژمنـدا بدیبایـە بـە بـای خەیاڵییـدا نەهاتایە، بەڵام هەموو یارییەکی ئاسایی و منداڵانەی ئێمە ئاوا دەیتۆقاند.

کۆزیمۆ خۆی گەیاندە سەر لقێك کە جێگەی دانیشتنی خۆشتر بوو، دەستی خستە بـن رانی و لەسەر بنکی لقەکە دانیشت. ئەو شانی بەرز کردبۆوە و کڵاوەکەی نابووە سەر تەوێڵی و لەو حەواوە پێی دەجووڵاندەوە.

باوکمان سەری لە پەنجەرەکەوە دەرکێشا و هاواری کرد:

« کە چاك ماندوو بویت، بڕیارەکەت دەگۆڕی! »

کۆزیمۆ بەسەر دارەکەوە گوتی:

---

١٦. Vorsicht! ئاگات لەخۆت بێ.

« ئیتر هەرگیز بڕیارەکەم ناگۆڕم. »

« کە هاتیتە خوار ئەوسا لێت حاڵی دەکەم. »

« چاکە، بەڵام ئیتر من نایەمە خوار. »

کۆزیمۆ ئەمەی گوت و لەسەر قسەکەی خۆی مایەوە.

## ٢

کۆزیمۆ لەسەر دار بەڕووەکە بوو. لقەکان وەك ئەو پردانە کە مەودای ئەمسەراوسەریان زۆر بێت، دەلەرینەوە. سروەیەك دەهات و، تیشکی خۆر لە مابەینی گەڵاکانەوە تێدەپەڕی. دەبوو دەست بە ژوور چاومانەوە بگرین تا بتوانین کۆزیمۆ ببینین. ئەو بەسەر دارەکەوە چاوی بەهەموو لایەکدا دەگێڕا. ئەوەی کە لە سەر دارەکەوە دەیبینی دۆخێکی جیاوازی بوو، ئەمەش یەکەم سەرقاڵی ئەوێی بوو. کەرتەکان و رێگەی ناو باخەکە، دەوەنەکانی «کاملیا» و «هورتانسیا»، مێزە ئاسنییەکەی ناو باخ کە قاوەمان لەسەر دەخواردەوە، هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی تر دەهاتنە بەرچاو. هەر چی دوورتر بکەوتیایەوە دارستانەکە تەنکتر دیار بوو. دێراوە سەوزەکان وەك پارچە زەوی پلیکانەیی، سوار دیواری بەرد ببوون. داوێنی تەپۆڵکەکان تاریکتر و بە دار زەیتوون داپۆشرابوون. ئەوسا، گوندی ئۆمبرۆزا بە بانی سواڵەت و لۆحەوە دەبیندرا و، بەرەو خوارتریش نووکی دەکەڵی گەمیەکان. ئەوێ بەندەر بوو. لە هەمووان دوورتر، لەو سەری ئاسۆوە دەریا بوو، کە گەمیەیەکی چارۆکەدار بە کاوەخۆ پیایدا دەڕۆشت.

بارۆن و ژەنراڵ دوای قاوە خواردنەوە چوون بۆ باخ. لەوێ سەیری دەوەنە گوڵێکی سووریان دەکرد و وایان دەنواند کە گوێ بە کۆزیمۆ نادەن. باسکی یەکتریان دەگرت، پاشان لێك جیا دەبوونەوە و بەدەم جووڵەی دەستیانەوە یەکتریان دەدواند. من بە بیانووی یاری کردنەوە دەچوومە بن دار بەڕووەکە. دەمویست سەرنجی کۆزیمۆ بۆ لای خۆم رابکێشم، بەڵام ئەو دڵی لە من ئێشابوو. لەو سەریە، بێ جووڵە دانیشتبوو لە دوورەدەستی دەڕوانی. وازم لەو هەوڵەم هێنا و چووم لەسەر مێزێکی لاکێشە دانیشتم. ئەوەم کرد چونکا دەمویست بێ ئەوەی ئەو بمبینێت سەیری بکەم.

براکەم لە کەسێك دەچوو کە خەریکی قەرەوڵی و نیگابانی بێت. لە ئەملا و لای خۆی دەڕوانی و هیچی گرینگی بەرچاو نەدەکەوت. ژنێك سەوەتەیەکی بەدەستەوە بوو بە نارنجستانەکەدا تێدەپەڕی. مەیتەرێك کلکی ئێسترەکەی گرتبوو بە تەبارەکەدا هەڵدەگەڕا. ئەوان یەکتریان نەبینیبوو. ژنە بە بیستنی دەنگی سمی چوار پێکە گەڕایەوە و روو لە جادەکە نوییەوە. بەڵام درەنگ ببوو. ژنەکە دەستی بە گۆرانی خوێندن کرد. مەیتەرەکە لە پێچی رێگەکە تێپەڕی، قامچییەکەی راوەشاند و لە ئێسترەکەی خوڕی. هیچی تر رووی نەدا. بەڵام کۆزیمۆ هەردوکیانی دەدی.

فەوشلافلوری قەشە لە کاتێکدا کتێبی دۆعاکەی کردبۆوە، بە رێگەی ناو باخەکەدا تێپەڕی. کۆزیمۆ شتێکی لەسەر لقەکە هەڵگرت و بۆ سەری هاویشت. من نەمزانی چی بوو. جاڵجاڵۆکە یان تەڵاشێکی لاسکی دارەکە؟ هەر چی بوو بە قەشەدا نەدرا. کۆزیمۆ شمشێرەکەی لە کونێك رۆ کرد. زەردەواڵەیەکی تووڕە لێی هاتە دەر و ئەویش بە کڵاوەکەی تاراندی. ئەوسا نیگای شوێن زەردەواڵەکە خست کە چوو لەسەر بنچکە کەدوویێك هەڵنیشت. جەنابی پارێزەر وەك هەمیشە چابوك لە ماڵ هاتە دەر، بە پلیکانەی بچووکی باخەکەدا هەڵگەڕا و لە ناو مێوەکاندا ون بوو. کۆزیمۆ بۆ ئەوەی بزانێ چوو بۆ کوێ بە لقێکیتریشدا هەڵگەڕا. دەنگێك لە ناو گەڵاکانەوە بیسترا و ریشۆڵەیەك فڕی. کۆزیمۆ نیگەران لەوەی کە بۆ

تا ئێستا ئەو باڵندەی نەدیوە، چاوی بە ناو گەڵاکاندا گێڕا و بۆ باڵندەیەکی تر گـەڕا، کەچـی نەیدی.

نارەوەنێك لە نزیك دابەڕووەکـە بـوو، لقـەکانی نیـو مـەترێك لەیـەك دوور و، گـەڵاکانیان دەگەیشتنە یەك. براکەم بـێ هـیچ گرفتێـك خـۆی گەیانـدە نارەوەنەکـە و تـا ترۆپـك پیایـدا هەڵگەڕا. ئەو پێشتر بەم دارەدا هەڵنەگەڕابوو، چونکا لقەکانی بـەرز بـوون و نـەدەکرا پیایـدا هەڵگەڕێین. بە دیتنەوەی لقی نزیـك لـە یـەك دەکـرا لـە نارەوەنەکـەوە بـۆ خـەرنوویێك[١٧] و، لەوێشەوە خۆی بگەیەنێتە دار تووێك. بەمشێوە براکـەمم بـینی کـە بـە سـەر لقەکانـەوە لـە دارێکەوە بەرەو دارێکی تر دەچوو.

چەند لقی دارتوویێکی گەورە لە دیواری باخەکەمانەوە ئاودیو ببوو. ئەو دیوی دیوارەکە باخی ماڵی ریڤالۆنـدە بـوو. بنەماڵـەی مـارکی دو ریڤالۆنـدە ئاغایـەتییان بەسـەر ئـۆمبرۆزادا دەکرد و، ئێمە ئەگەرچی دراوسێیان بووین بەڵام نێوانمان زۆر خۆش نەبوو. ئەو بنەماڵـە لـە چەند نەوە لەوەبەریانەوە هێندێك قازانجی ئاغایەتی و فیۆدالییان پێ دەگەیشت کە باوکم بە حەقی خۆی دەزانی. لەبەر ئەوە بوو کـە پەیوەنـدی ئـەم دوو بنەماڵـە زۆر دۆسـتانە نـەبوو، دیوارێکی بەرز باخەکانمانی لە یەك جیا دەکردەوە. نازانم کێ ئەو دیوارەی هەڵچنیبوو. باوکم یـان مـارکی؟ جگـە لـەوەش بنەماڵـەی ریڤالۆنـدە زۆر بـە جیـدی باخەکـەیان دەپارسـت و شانازییان پێوە دەکرد. دەگوترا کە ئەو باخە دار و گوڵی زۆر نایابی تێدایە و، باوە گەورەی مارکی کە قوتابی لینە[١٨] بووە، داوای لە هەموو خزم و کەسە زۆرەکانی لە دەرباری فەرانسا و ئینگلیس کردووە تا گرانبەهاترین گیاکانیان لە موستەعمەراتەوە بۆ بنێرن. ساڵەهای ساڵ پاپۆڕ لە بەندەری ئۆمبۆزا لەنگەریان دەگرت و تەلیسە تـۆ، یـان باخـە قەڵەمـە و نـەمام و گوڵدان و، تەنانەت دار و درەختی گەورەش کە رەگیان لە ناو گڵدا بوو، بۆ بنەماڵەی مـارکی

---

[١٧] – دارێکە وەك دارگوێز کەگوڵەکانی زەرد و میوەکەی وەك پاقلەیە. و/ کوردی

[١٨]. Carl Von Linne سروشت ناسی سویدی

دەهێنا. لەبەر ئەوە بوو کە دەیانگوت ئەو باخە تێکەڵەیەك لە دارستانەکانی هیند و ئەمریکایە و تەنانەت گژ و گیای ئاسیای دووریشی تێدایە.

ئەوەی ئێمە بە ژوور دیوارە بەرزەکەوە دەمانبینی، گەڵای رەنگ تێری دارێك بوو کە تازە لە موستەعمەراتی ئەمریکاییەوە هێنابوویان و، ئەم دارەش هەمان «ماگنۆلیا» بوو، کە گوڵی درشتی سپی بە لقە رەشەکانیەوە شکۆفەیان دەدا. کۆزیمۆ لەسەر دار تووە گەورەکەی خۆمانەوە خۆی گەیاندە دیوارەکە. ئەوسا چەند شەقاوێکی بەسەردا هەڵێنایەوە و گەیشتە گەڵا و گوڵەکانی ماگنۆلیاکە و بەودیو دیوارەکەوە شۆڕ بووەوە. من ئیتر ئەوم نەدەبینی. ئەوەی لەمەدوا دەیگێڕمەوە ــ وەك زۆر رووداویتری ئەم چیرۆکە ــ یان کۆزیمۆ دواتر بۆی گێڕاومەتەوە، یان لە ئەم و ئەوم بیستووە، یان خۆم مەزندەم کردووە.

کۆزیمۆ لەسەر ماگنۆلیاکە بوو. هەرچەندە لقەکانی ئەم دارە زۆر لە یەك ئاڵاون، بەڵام پیادا هەڵگەڕانی بۆ کوڕێکی کارامەی وەك ئەو کارێکی زۆر گران نەبوو. راستە لقەکان ناسك بوون، بەڵام ئەویش زۆر قورس نەبوو. نووکی پێڵاوەکانی کۆزیمۆ لقەکانی دەڕووشاند و لاسقە رەشەکەی بریندار دەکرد. با گەڵاکانی دەلەراندەوە. جارجار رووە رەشەکەیان و جارجاریش رووە رووناکەکەیانی دەردەخست و، بۆن و بەرامەیەکی خۆشی بە دەور و بەری کۆزیمۆدا بڵاو دەکردەوە.

هەموو باخەکە خۆش بۆنو بەرامە بوو. کۆزیمۆ هێشتا نەیدەتوانی هەموو لقوپۆ پڕ و تێکسمڕاوەکان ببینێت، بەڵام بۆنی دەکرد و، هەوڵی دەدا یەکە یەکەی ئەو بۆن و بەرامە جیاوازانە بناسێت. ئەو بۆن و بەرامانە کە پێشتریش با بۆ باخەکەی ئێمەی دەهێنان و پڕ بوون لە راز و ڕەمزی نەدرکاوی باخی ماڵە دراوسێکەمان. پاشان کۆزیمۆ توانی سەیری باخەکە بکات و، هەندێك دار و درەختی بینی کە بڕێکیان گەڵای پان و درەوشاوەیان دەتگوت پەردەیەك نمی لەسەر نیشتووە. هەندێکیشیان گەڵاکانیان ناسك و نووك تیژ بوون و لاسکی بەعزێکیان ساف و بەعزێکی تریان زبر بوو. بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر ئەو باخەدا کێشابوو. پۆلێك چۆلەکەی بچووك لە شەقەی باڵیان دا. پاشان دەنگی ناسکی کچێك

هات کە گۆرانی دەخوێند: « ئۆە لا لا لا !!! » کۆزیمۆ سەیری ژێر پێی خۆی کرد. لـە لقێکـی گەورەوە تەنافێك رایەڵ کرابوو کە دەجووڵایەوە و کچێکی قژ سووری شەش حـەوت سـاڵان لەسەری دانیشتبوو.

بسکی کچەکە بە ژوور سەریەوە کۆ بووبۆوە. کراسێکی شینی لەبەردابوو کە بـۆ کـچێك لەو تەمەنەدا کەمێك گاڵتەجاڕانەی دەنواند. لەگەڵ جووڵەی تەنافەکە داوێنی پڕ چین و پڕ لە تۆڕیی کچەکەش دەلەریەوە. ئەو بە چاوی نیوە قووچاو و سەر و ملی قیتەوە لە بەرامبـەری خۆی دەڕوانی. جارجار سەری بەرەو ئەو دەستەی کە هەم تـەناف و هـەم سـێوێکی پێبـوو دەسووڕاند و، قەپاڵێکی لە سێوەکەی دەگرت. هەموو جارێك کە جۆلانەکەی لە عـەرز نزیـك دەبووەوە، قاچی بە زەویدا دەکوتا و جۆلانەکـە گـورجتر دەبـوو. ئەوسـا قـەپاڵی بـچووکی سـێوەکەی فـڕێ دەدا و دەیخوێنـد: « ئـۆەلا لا لا جۆلانـە... » هـەموو ئـەم کارانـەی بـە شێوەیەك دەکرد کە دەتگوت نەوەك هـەر گۆرانییەکـە، تەنانـەت سـێو خواردنەکەشـی پـێ خـۆش نییـە و، بـیر لـە شـتێکی تـر دەکاتـەوە. کۆزیمـۆ خـۆی گەیانـدبووە لقـەکانی خـوار ماگنۆلیاکـە. دوو قاچـی لەسـەر دوو لقـی لێـك نزیـك بـوون و، وەك کەسـێك کـە سـەری لـە پەنجەرەیەکەوە دەرکێشابێت ئانیشکی خستبووە سەر لقێکیتر. لەگەڵ جووڵەی جۆلانەکە، روومەتی کچەکەشی لێ نزیك دەبووەوە. هێشتا کچەکە ئەوی نـەدیبوو. کاتێـك چـاوی پێـی کەوت کە بە کڵاوی سێ سووچ و پێڵاوەکانییەوە لە سەر لقێك راوەستاوە، گوتی:« وەی! »

سێوەکەی لە دەست کەوتە خوار و خزایە بن دارەکە.

کۆزیمۆ شمشێرەکەی دەرکێشا، خۆی گەیاندە نەویترین لقـی دارەکـە و داموکایـەوە، ئەوسا بە نووکی شمشێر سێوەکەی هەڵگرتەوە و بۆ کچەکە راگرت کـە لـەو مـاوەدا سـەرێك جۆلانەی کردبوو.

کۆزیمۆ گوتی: « بیگرە. پیس نەبووە، تەنیا لایەکی کەمێك پلیشاوە. »

کچەی قژ سوور لەوەی کە لە ئاست کوڕی نەناسـیاوی سـەر لقـی دار مەگنۆلیاکـە ئـاوا سەری سووڕمابوو، نیگەران بوو. زۆر بە جیدی و سەر و ملی قیتەوە گوتی:

« تۆ دزی؟ »

کۆزیمۆ بە دەستەپاچەییەوە گوتی: « دز؟! »

ئەوسا بیری کردەوە، ئەم نازناوەی پێ خۆش بوو. گوتی:

« ئەرێ دزم. خۆ قەی ناکات؟ »

« هاتووی چی بدزی؟ »

کۆزیمۆ لە سێوی سەر شمشێرەکەی ورد بووەوە. بیری کەوتەوە کە نیوەڕۆژەی نەکردووە و برسییەتی. گوتی:

« ئەم سێوە. »

ئەوسا بە شمشێر پێستی سێوەکەی لێ کردەوە. ئەو بە پێچەوانەی داخوازی دایك و باوکمان شمشێرەکەی هەمیشە تیژ بوو.

« کەواتە تۆ میوە دزی؟ »

براکەم بیری تاقمی منداڵانی هەژاری ئۆمبرۆزا کەوتەوە کە بە دیوار و پەرژینەکاندا هەڵدەگەڕان و، دار و درەختەکانیان دەڕنییەوە. هەمیشە پێی گوترابوو ئەم تاقمە تاوانبارن و ئەو دەبێ خۆیان لێ بپارێزێت. بۆ یەکەم جار بە خۆی گوت کە ڕەنگە ژیانی ئەو منداڵانە زۆر ئازادانە بێت. کەواتە لەوەدوا دەیتوانی لە گەڵ ئەم منداڵە بەرەڵایانەدا دۆستایەتی بکات و ببێتە یەکێك لە ئەوان.

گوتی: « بەڵێ وایە. »

ئەوسا سێوەکەی قاش کرد و دەستی بە خواردن کرد.

کچە قژ سوورەکە پێکەنی. پێکەنینێك کە بە قەدەر هاتوچووی جۆلانەکەی خایاند.

« نا، من منداڵە میوە دزەکان دەناسم، هاوڕێمن، قاچیان رووتە و کراسی دڕاویان لەبەردایە. ئەوان نە پێڵاویان هەیە و نە کڵاوقژ. »

ڕەنگی روومەتی براکەم وەك پێستی سێوەکە سوور هەڵگەڕا. کچۆڵە گەمەی نەوەك هەر بە قژە پوودر لێدراوەکەی ــ کە زۆری رق لێی بوو ــ بەڵکوو بە پێڵاوەکانیشی ــ کە خۆشی

دەویستن ــ کردبوو. هەروەها بە شێوەیەکی پڕ لە سووکایەتی ئەوی لەگەڵ ئەو میوەدزە بەرەڵاّیانە کە خۆی بە تاوانباری دەزانین، بەراورد کردبوو. لەوەش خراپتر کۆزیمۆ دەیدی کچۆڵەکەی باخی ریڤالۆندە، کە لاسایی شاژنەکانی دەکردەوە، لە گەڵ میوە دزەکاندا دۆستە کەچی گوێ بە ئەو نادات. ئەم شتانە تووشی خەم و شەرم و ئێرەییان کرد.

کچۆڵە هەروا لەسەر جۆلانەکەی گۆرانی دەخوێند:

« هە هە هە. پێڵاو و کڵاوقژ! »

کۆزیمۆ هەستی کرد سووکایەتی پێ دەکرێت، هاواری کرد:

« من لەو دزە کلۆڵانە نیم کە تۆ دەیانناسی. من هەر دز نیم. بۆیە ئەوەم گوت کە نەترسی. ئاخر ئەگەر بەراست بزانی من کێم لە ترسا دەمری . من چەتەم! رێگرێکی زۆر خراپ! »

کچەکە هەروا جۆلانەی دەکرد و کاتێك بە دەم جۆلانە کردنەوە لێی نزیك دەبووەوە، لەوە دەچوو بیەوێ بە نووکە پێ تێی سرەوێنێت.

« نەڵێی! ئەی کوا تفەنگەکەت؟ چەتە و رێگرەکان تفەنگیان پێیە. خۆ تۆ تەنانەت دەمانچەیەکیشت پێ نییە. من چەتەم دیوە. کاتێك دەچووین بۆ ریڤالۆندە بیست جار کالیسکەکەیان راگرتین. »

« خۆ سەرۆکەکەیانت نەدیوە. من سەرۆکەکەیانم. سەرۆکی چەتەکان شمشێری پێیە.»

ئەوسا شمشێرە بچووکەکەی نیشاندا.

کچۆڵە شانی هەڵتەکاند و گوتی:

« سەرۆکی چەتەکانیش دەناسم. ناوی جۆڤانییە[١٩] خەلەنگە . هەموو جێژنانی پاك ومیلاد دیاریمان بۆ دەهێنێت. »

کۆزیمۆ دو رۆندو هەستی کرد رق و قینی بنەماڵەیی وەك شەپۆل لە دەروونیدا سەر هەڵدەدا. نەڕاندی:

---

١٩. Giovanni

« ئـەها، كەواتـە بـاوكم راسـت دەكـات كـە دەڵـێ ريڤالۆنـدە پـشتيوانی هـەموو دز و قاچاغچييەكانی ناوچەيە. »

كچۆڵە لە عەرز نزيك بووبۆوە. لەبری ئەوەی جۆلانەكەی گـورج بكاتـەوە، بـە جووڵـەی رەقی قاچەكانی رايوەستاند و لێی دابەزی. تەنافەكە بەدەم جووڵەيەكەوە راوەستا.

خانمە چكۆل قامكی شادەی وەك هەڕەشە بەرە و كوڕەكە راگرت و گوتی:

« زوو وەرە خوار! بە ئيجازەی كێ پێت ناوەتە سەر زەوی ئێمە؟ »

كۆزيمۆش بە هەمان توندييەوە گوتی:

« نايەمە خوار. پێشم نەخستۆتە سەر زەوی ئێوە و، ئەگەر هەموو دنياشم بدەنێ كاری وا ناكەم. »

كچۆڵە باوەشێنەكەی لەسەر كورسـی دارحەيزەرانەكـە هـەڵگرتو، ئەگەرچـی هـەوا زۆر گەرم نەبوو، خۆی باوەشێن كرد. لە هـەمان حاڵێـشدا بـە بێقەراريیـەوە دەهـات و دەچـوو، دەيگوت:

« بانگی خزمەتكارەكانم دەكەم بێن و لێت بدەن. تا تۆ بی ئيتر پێ نەنێيتە ناو مـوڵكی ئێمەوە. »

شێوازی قسە كردنی كچەكە پەيتا پەيتا دەگۆڕا و، كۆزيمۆی براشم زياتر تووڕە دەبوو. هاواری كرد :

« ئەم شوێنە كە منی لێم زەوی ئێوە نييە! هی ئێوە نييە! »

حەزی دەكرد ئەوەش بڵێت كە: «من دووكم. كەواتە ئاغای ئەم ناوچەيەم» بەڵام خـۆی راگرت و نەيگوت. ئێستا كە ئەو ياخی ببوو لەماڵەوە هەڵاتبوو، نەيدەويست قسەكانی باوكی دووبارە بكاتەوە. ئەو هەميشە بيری دەكردەوە پێداگری باوكمان لەسەر دووك بوونی خـۆی جۆرێك نەخۆشييە، كەواتە بۆ دەبوو ئەويش دووپاتی بكاتەوە؟ بەڵام چونكا نەيدەويست لە قسەكانی پاشگەز ببێتەوە، ديسان گوتی:

« ئێره هی ئێوه نییه. ڕاسته که زەوییەکه هی ئێوەیه و، ئەگەر له دارەکان بێمه خوار دەکەومه سەر زەوی ئێوه. بەڵام ئەم سەریه نا، من لێره بۆ هەر کوێ حەز بکەم دەچم. »

« یەعنی ئەو لای سەرووه هی تۆیه؟ »

« بەڵێ، ئەم سەرووه هەمووی وڵاتی منه. »

ئەوسا دەستی بۆ لق و گەڵای دارەکان و ئاسمان ڕاکێشا و گوتی:

« هەموو لقەکان موڵك و وڵاتی منن. جا تۆ ئەگەر دەتوانی بڵێ بێن و بمگرن! »

دوای ئەم هەموو بافیش کردنه چاوەڕوان بوو کچەکه دیسان گاڵتەی پێ بکات، بەڵام به پێچەوانەوه، کچەکه له پڕ سەرنجی ڕاکێشرا و پرسی:

« ئەم وڵاتەی تۆ تا کوێیه؟ »

« تا هەر کوێ که بتوانم لقاولق بڕۆم. ئێره، ئەو بەری دیوارەکه، باخه زەیتوونەکان، سەر تەپۆڵکەکه، ئەو بەر تەپۆڵکەکه، هەموو دارستان، تەنانەت زەوییەکانی ئۆسقۆفیش.»

« دەگاته فەڕانسەش؟ »

کۆزیمۆ که بێجگه له هەندێك ناو که دایکمان لە بارەی «شەڕی جێنشینی»یەوه به زاریدا هاتبوو، هیچیتری له جوغرافیا نەدەزانی، گوتی:

« تەنانەت تا لەهستان و وڵاتی ساکسیش. بەڵام من پیاوێکی خۆ پەرست نیم، ئامادەم تۆش بۆ ئەم وڵاته داوەت بکەم. »

ئیتر به یەکتریان دەگوت تۆ. سەرەتا کچۆڵەکه گوتبووی.

کچۆڵه به باوەشێنه کراوەکەیەوه له سەر تەنافەکه دانیشت و پرسی:

« ئێستا پێم بڵێ بزانم ئەم جۆلانه هی کێیه؟ »

کۆزیمۆ گوتی: « جۆلانەکه هی تۆیه، بەڵام چونکا بەم لقەوه بەربۆتەوه هی منیشه. له کاتی جۆلانه کردندا ئەگەر پێت لەزەوی بدریێ له سەر موڵکی خۆتانی، بەڵام ئەگەر پێت له زەوی نەدرێت له وڵات و سەرزەویینی منداى. »

کچۆڵە بە دوو دەست تەنافەکەی گرتبوو، خۆی بۆ حەوایە گورِم دەدا. کۆزیمۆ خۆی گەیاندە ئەو لقە دارە کە تەنافەکەی پێوە ئاوێزان بوو. تەنافەکەی گرت و زۆر بە توندی جووڵاندییەوە.

« دەترسی؟ »

« من ؟ نا. تۆ ناوت چییە؟ »

« من کۆزیمۆم. ئەی ناوی تۆ چییە؟ »

« ڤیۆلانتە[20]، بەڵام ڤیۆلتام پێ دەڵێن. »

« بە منیش دەڵێن مینۆ[21]. کۆزیمۆ لە ناوی پیرەمێردان دەچێت. »

« پێم خۆش نییە. »

« کۆزیمۆ؟ »

« نا مینۆ. »

« کەواتە دەتوانی پێم بڵێی کۆزیمۆ. »

« هەرگیز. گوێ بگرە، دەبێ قەول و قەرارمان روون و ئاشکرا بێت. »

« مەبەستت چییە؟ »

قسەکانی ڤیۆلتا گێژی دەکرد.

« دەڵێم من دەتوانم بێم بۆ وڵاتەکەی تۆ و میوانت بم، چاکە؟ هەر جارێك حەزم کرد دێم و دەگەڕێمەوە. تۆش تا ئەو دەمە کە لەسەر دارەکانی خۆت بی خۆشەویست و بەرێزیت. بەڵام کاتێك پێت بگاتە زەوییەکانی ئێمە، دەتگرین و بە زنجیر لێت دەدەین و دەبی بە کۆیلەی من. باشە؟ »

« من هەرگیز پێ نانێمە سەر عەرز، نە لە باخی ئێوە و نە لە باخی خۆمان. هەموو ئەم شوێنانە بۆ من وەك وڵاتی دوژمنە. تۆ بۆ بینینی من دێیت بۆ ئەم سەرە و منیش میوانداری

---

[20]. Violante

[21]. Mino

له خۆت و هاوڕێ دزەکانت دەکەم. هەروەها له بیاجۆ[٢٢]ی براشم که تۆزێك ترسنۆکه. ئێمه لەسەر ئەم دارانه بۆ خۆمان سوپایەك پێك دێنین و هەوڵ دەدەین زەوی و مرۆڤەکانی سەر زەوی عاقڵ بکەین.

تەنافێکی تر له نزیك تەنافەکەی ڤیۆلّتا به هەمان لقەوه ئاوێزان بوو. ئەو تەنافەیان گرێدابوو تا له یەکتر نەدرێن. کۆزیمۆ بە یەکێك لەو تەنافانەدا داگەڕا. (ئەو لەم کارانەی دەزانی. دایکمان سپاردبووی فێری ژیمناستیکمان بکەن.) کۆزیمۆ گرێکەی کردەوه و لەسەر تەنافەکه راوەستا. پاشان پێی دانەواند و قورسایی لەشی دایه پێشەوه و تەنافەکەی جووڵاند. بەم شێوه زۆرتر هەڵگەڕا. تەنافەکانیش که به پێچەوانەی یەکتر دەجووڵان و دەهاتن و دەچوون، وەك یەك بەرز دەبوونەوه و له ناوەڕاستی رێگەکەدا پێك دەگەیشتن.

ڤیۆلتا به فێڵەبازییەوه گوتی: « ئەگەر دانیشی و بە پێ تەنافەکه بجوولێنی، زیاتر هەڵدەگەڕێیت. »

کۆزیمۆ به تۆیینەوه ئەوەی کرد.

کچۆڵه به خەندەیەکی عیشوەگەرانەوه گوتی:

« برۆره خوار و پاڵم پێوه بنێ. تکات لێدەکەم. »

« نا، بڕیارم داوه به هیچ شێوەیەك پێم له زەوی نەدرێت... »

کۆزیمۆ وردە وردە خەریك بوو گێژ دەبوو.

« ... کوڕی چاك بە. »

« نا. »

« هە، هە ! خەریك بوو فریو بدرێیت. ئەگەر پێت بنایه سەر عەرز هەموو شتێکت له کیس دەچوو. »

---

[٢٢]. Biagio

ڤیۆلتا لە جۆلانەکەی دابەزی و پاڵی بە کۆزیمۆوە نا. پاشان، لە پڕ تەنافی براکەی گرت و سووڕاندییەوە. خۆشبەختانە کۆزیمۆ تەنافەکەی قایم گرتبوو. وا نەبوایە وەك تەپاڵە بەزەویدا دەکوترا. ئەوسا بە تەنافەکەدا هەڵگەڕا و گوتی:

« خائین! »

هەڵگەڕان لە داگەڕان ناخۆشتر بوو. بە تایبەت ئەو کاتەی کە کچۆڵە بە سەگییەتی تەنافەکەی بەملاولادا رادەکێشا. کۆزیمۆ خۆی گەیاندە سەر لقێکی قایم و دانیشت. بە بۆینباخە تۆڕەکەی عارەقەی ڕوومەتی سڕی.

« هە، هە! نەتتوانی فێڵم لێ بکەیت. »

« زۆری نەمابوو کە بکەویت. »

« من تۆم بە دۆست و هاوڕێی خۆم دەزانی. »

« بە ڕاست بڕوات کردبوو؟ »

هەمدیس خۆی باوەشێن کردەوە.

دەنگی ژنێك دەهات کە هاواری دەکرد: « ڤیۆلانتە ئەوە لە گەڵ کێ قسە دەکەیت؟ »

« لە گەڵ گەنجێك، پووری گیان. کوڕێك کە لە سەر دارەکان لە دایك بووە. تەلیسم کراوە و ناتوانێ پێ بنێتە سەر عەرز. »

کۆزیمۆ سوور بۆوە. نەیدەزانی کچۆڵە گاڵتە بە ئەو دەکات یان بە پووری. نەیدەزانی هێشتا یاری دەکا یان گوێ بە هیچیان ، نە ئەو و نە پوری و نە یارییەکەش نادات. لەو کاتەدا ژنە لە دارەکە نزیك بۆوە و بە چاویلکە دەستییەکەیەوە لە ئەو کوڕە، کە بەلایەوە لە تووتییەکی غەریب دەچوو، ورد بووەوە.

« ئەها... ئەمە یەکێك لە کوڕەکانی لاڤێرسە. وەرە ڤیۆلانتە. »

کۆزیمۆ هەستی بە سووکایەتی کرد. ژنە بە حاڵەتێکی زۆر ئاسایی و بێمەبالاتییەوە ناسیبوویەوە. بێ ئەوەی تەنانەت لێی بپرسێت بۆچی لەوێیە. کچۆڵەکەش وازی لێ هێنابوو، ڕۆشتبوو. بێئەوەی تەنانەت ئاوڕی لێ بداتەوە و سەیری بکات. ئەمە یەعنی ئەو بە لایانەوە

کەسێکی بێ بایەخ بوو. کەسێکی وەها کە هەر نەبووبێت. ئەگەر هەروا برۆشتایە شەرمەزاری و سەرشۆڕی ئەو دوانیوەڕۆیە لە بەینی دەبرد.

بەڵام نا، کچۆڵە ئیشارەتی لە پووری کرد و ئەویش نەوییەوە، ئەوسا کچۆڵە بـە گوێیـدا چرپاندی. پووری دیسان چاویلکەکەی بەرەو کۆزیمۆ راگرت. گوتی:

« چاکە. کاکە نافەرمووی پێکەوە فنجانێك شوکولات بخۆین. وادیارە بوویت بە دۆستی بنەماڵەییمان، بەم شێوە باشتر یەکتریش دەناسین. »

ئەو لە هەمان کاتدا بە سیلەی چاو سەیری ڤیۆلتاشی دەکرد.

کۆزیمۆ وشك بوو. دڵی کەوتە تەپ و کوت و لە پوور و برازاکەی راما. بنەماڵـەی مـارکی ریڤالۆندە بەئۆبینترین بنەماڵەی ناوچەکە، ئەویان بۆ ماڵـەوە دەعـوەت دەکـرد. سـەرکەوتن جێی بەو سووکایەتییە چۆڵ کرد کە ساتێك لەوە بەر هەستی پێکردبوو. بەو لێگێڕانەوەی بۆ ماڵی کەسێك کە هەمیشە سووکایەتی بە باوکی کردبوو، تۆڵەی لە باوکی دەساندەوە. بێجگە لەوەش ڤیۆلتا لەسەر ئەو هەڵقڕابوو. ئەمە یەعنی دەبوو بـە دۆسـت و هـاوڕێی ئـەو کـچە و، لەوەدوا دەیتوانی لەو باخەدا کە لە هیچ باخێکیتر نەدەچوو یاری لەگەڵ بکـات. کۆزیمـۆ لـە ساتێکدا لەم هەمووشتانە تێگەیشت. بەڵام لە هەمان کاتـدا هەسـتێکی دیکـەش لـە ناخیـدا سەری هەڵدەدا، کە تێکەڵەیەك لە شەرم و غرور و سەرچڵی و پێ بەڕاکردن بوو. لە نـاو ئـەو هەموو هەستە دژوازەدا دەستی بۆ لقێکی ژوور سەری بـرد و پیایـدا هەڵگـەڕا. ئەوسـا خـۆی گەیاندە شوێنێکی پڕ گەڵاتر و لەوێشەوە بەرەو دارێکی تر رۆشت و ون بوو.

## ٣

ئەو دوانیوەڕۆیە لەوە نەدەچوو کۆتایی پێ بێت. جاروبار دەنگ و زرمەیەکی شوێنە ونمان، لەو دەنگانە کە زۆرجار لە باخەکاندا دەبیستریێن، بەر گوێ دەکەوت. ئێمە بەو هیوایە کە بڕیاری هاتنە خوارەوەی دابێت، بە راکردن خۆمان دەگەیاندە ناو باخەکە. ئاخر جار چاوم بە سەرلقی ماگنۆلیاکە کەوت کە دەجووڵایەوە و، کۆزیمۆ لەودیو دیوارەکەوە سەری دەرکێشا و هەڵگەڕا.

بۆ ئەوەی لێی نزیك ببمەوە بە دار تووەکەدا هەڵگەڕام. کە منی بینی رووی گرژ کرد. لەوە دەچوو هێشتا لێم قەڵس بێت. لە سەر لقێك بە ژوور لقەکەی منەوە دانیشتو بە شمشێرەکەی دەستی بە تاشینی کرد. نەیدەویست بمدوێنێت. من بۆ ئەوەی سەری قسەم کردبێتەوە گوتم:

« هەڵگەڕان بەم دار تووەدا ئاسانە. پێشتر بیرمان لێ نەکردبۆوە... »

ئەو هەروا لقەکەی دەتاشی. پاشان زۆر وشك و جیدی گوتی:

« شەیتانۆکەکان خۆش بوون؟ »

قرتاڵەیەکم پێ بوو، بۆم ڕاگرت و گوتم:

« هەنجیری وشك و شیرینم بۆ هێناوی. »

بە هەمان شێوەی پێشوو، پرسی:

«ئەوان پێیان گوتووی بێیت بۆ لام؟ »

بە سیلەی چاو لە قرتاڵەکەی دەڕوانی و تفی قووت دەدا.

گوتم: « نا، بە دزییەوە هاتووم. بۆ ئەوەی نەیەم بۆ لای تۆ بە تەما بوون هەموو ئەم دوانیوەڕۆیە دەرسم پێ بڵێن، بەڵام پیرە خەوی لێ کەوت. دایکم نیگەرانە، دەترسێ بکەویت. ئەو دەڵێ حەتمەن دەبێ بێین بە شوێنتدا، بەڵام پاپا لەو کاتەوە کە لەسەر بەڕووەکە نەماوی دەڵێ هاتوویتە خوار، لە شوێنێك خۆت شاردۆتەوە و بیر لە کارە خراپەکەت دەکەیتەوە. ئەو دەڵێ نیگەران مەبن. »

براکەم گوتی: « خۆ من پێم نەخستۆتە سەر عەرز. »

« چووبووی بۆ باخی ریڤالۆندە؟ »

« ئەرێ. بەڵام بەسەر دارەکانەوە چووم و پێم نەخستە سەر عەرز. »

« بۆچی؟ »

یەکەم جار بوو باسی ئەو یاسایەی دەکرد. بەڵام بە شێوەیەك باسی دەکرد کە دەتگوت پێشتر لەسەری ڕێکەوتووین و تەنیا دەیەوێت دڵنیام بکات کە لێی لا نەداوە. لەبری ئەوەی وەڵامی بۆچییەکەی من بداتەوە گوتی:

« دەزانی بینینی باخی ریڤالۆندە چەند ڕۆژ دەخایەنێت؟ داری وای تێدایە کە لە دارستانەکانی ئەمریکاوە هاتوون. نازانی چ دارێکن! »

لەو کاتەدا بیری کەوتەوە کە دەنگی لە من دابڕیوە و نابێ باسی ئەو شتانەم بۆ بکات کە پەی پێ بردووە، بۆیە لە پڕ قسەکەی بڕی و گوتی:

« بەڵام تۆ نابەم بۆ ئەوێ . لەمەدوا تۆ دەبێ لەگەڵ باتیستا و جەنابی پارێزەردا پیاسە بکەیت! »

« ئاخ! مینۆ. منیش حەزدەکەم لە گەڵت بێم! تۆ نابێ بۆ شەیتانۆکەکان لێم قەڵس بیت! ڕاستە زۆر ناخۆش بوون، بەڵام تاقەتی هەرا و هاواری گەورەکانم نەبوو. »

لەم کاتەدا کۆزیمۆ نان شیرینییەکەی دەخوارد. گوتی:

« تاقیت دەکەمەوە. دەبێ نیشانی بدەی کە لەگەڵ مندای. »

« چی بکەم؟ »

« دەبێ گوریسێکم بۆ بێنی. گوریسێکی درێژ و قایم. بۆ هەندێك شوێن پێویستم بە گوریسە. هەروەها غەرغەرەیەکی گەورە و چەند دەنك بزماریش، بزماری درشت. »

« دەتەوێ چی ساز بکەیت؟ مەنجەنیق؟ »

« دەبێ زۆر شتی قورسیان پێهەڵکێشم. تەختە، قامیش، زۆر شت. دوایی دەیبینین...»

« دەتەوێ لەسەر دارەکان کەپر ساز بکەیت؟ لە کوێ؟ »

« ڕەنگە پێویست بێت. دواتر جێگەی بۆ دیاری دەکەم. ئێستا ئەمە ناونیشانی منە، سەر بەڕووە ناو بۆشەکە. بە تەناف سەوەتەیەك بەردەدەمەوە، هەرچیم پێویست بێت بۆم دێنی و لەو سەوەتەدا بۆم دادەنێیت. »

« مەبەستت چییە؟ بە شێوەیەك قسە دەکەی کە دەڵێی بە تەمایت بۆ ماوەیەکی زۆر لەو سەریە خۆت بشاریتەوە... پێتوایە لێت خۆش نابن؟ »

بە تووڕەیی و هەڵچوونەوە گوتی:

« من لێ خۆشبوونی ئەوانم بۆ چییە؟ جگە لەوەش، خۆ من خۆم نەشاردۆتەوە. لە کەسیش ناترسم! بەڵام وادیارە تۆ دەترسی یارمەتیم بدەی؟»

بێگومان لەوە گەیشتبووم کە براکەم بە تەما نییە بەمزووانە بێتە خوار. بەڵام دەمویست واداری بکەم کە بڵێ: ئەرێ تا کاتی خواردنی عەسر لێرە دەمێنمەوە. یان تا ئێوەرە، یان تا کاتی خواردنی شەو، یان تا تاریك بوون... بە کورتی دەمویست کاتێك دیاری بکات و پێم بڵێت ئەو بزاڤ ناڕەزایی دەربڕینەی تا چەندە دەخایەنێت.

بەڵام ئەو هیچی نەدەگوت و، ئەمەش تا رادەیەك دەیترساندم.

دەنگی کەسێك هات. دایکمان بوو کە بانگی دەکرد: « کۆزیمۆ... کۆزیمۆ... » بەڵام کاتێك دڵنیا بوو کۆزیمۆ وەڵامی ناداتەوە، گوتی:« بیاجۆ ! »

خێرا گوتم: « من دەڕۆم بزانم چی دەڵێن. پاشان دێم و بۆت دەگێڕمەوە. »

دەبێ دان بەوەشدا بنێم ئەو پەلە پەلەم بۆ رۆشتن، زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە لەوێ دوور بکەومەوە. نەمدەویست لەگەڵ ئەو لەسەر دار تووەکە ببینن و دوایی تەمێم بکەن. بەڵام وادیار بوو کۆزیمۆ شوێنی ئەو ترسنۆکییەی لەسەر روومەتم نەبینی و، هێشتی بڕۆم. بەو حاڵەش شانی هەڵتەکاند کە گوایە بۆی گرینگ نییە باوکمان چی دەکات.

کە گەڕامەوە کۆزیمۆ لە هەمان شوێن بوو. لە سەر لقێکی شکاو جێی خۆش کردبوو، قاچەکانی خستبووە باوەشی و چەناگەی لەسەر ئەژنۆی دانابوو.

بێ پشوودان خۆم پێ گەیاند و بە دەنگی بەرز گوتم: « مینۆ ! مینۆ ! لێت خۆش بوون. چاوەڕوانی گەڕانەوەمانن. خواردنی عەسر ئامادەیە. باوك و دایکمان دانیشتوون و شیرینییەکانیان لەسەر دەورییەکان داناوە. شیرینیمان هەیە، بە خامە و شوکولاتەوە. باتیستای لێنییە. باتیستا خزاوەتە ژوورەکەی و دەرکەی لەخۆی داخستووە. ئەو زۆر تووڕەیە ! دایك و باوکمان دەستیان بەسەرمدا هێنا و گوتیان: « برۆ بە کاکت بڵێ بێت با ئاشت ببینەوە. ئیتر باسی رابوردوو ناکەین. زووکە. هەستە با بڕۆین. »

کۆزیمۆ لە جێی خۆی نەبزوا. لە کاتێکدا گازی لە گەڵایەك گرتبوو، گوتی:

« گوێبگرە، هەوڵ بدە بێئەوەی کەس بزانێت پەتوویەکم بۆ بێنی. دەبێ شەوانی ئێرە سارد بێت. »

« بۆ دەتەوێ شەو لەسەر ئەم دارە بمێنیتەوە ؟ »

وەڵامی نەدایەوە. چەناگەی نابووە سەر ئەژنۆی و لە بەرامبەری رامابوو، گەڵایەکی دەجوو. شوێنی نیگایم هەڵگرت، لە دیواری ماڵی ریڤالۆندە و گوڵی سپی ماگنۆلیاکە ورد بوویۆوە. کەمێك دوورتر کۆلارەیەك لە ئاسماندا سەمای دەکرد.

شەو بوو. خزمەتكارەكان دەهاتن و دەچوون و مێزی خواردنی شەویان ئامادە دەكرد. مۆمەكانی ژوری خواردن هەڵكرابوون. كۆزیمۆ بەسەر دارەكەوە هەموو شتێكی دەبینی. بارۆن ئارمینیوس سەری لە پەنجەرەكە هێنایە دەر و هاواری كرد:

« ئەگەر حەز دەكەی لەوێ بمێنەوە. بەڵام لە بیرت نەچێ كە لە برسان دەمری! »

ئەو شەوە بۆ یەكەمجار بە بێ كۆزیمۆ شێومان كرد. ئەو لەسەر لقی بەرزی دار بەڕووەكە دانیشتبوو، ئێمە تەنیا قاچەكانیمان دەبینی كە بە لقەكەوە بەر بووبوونەوە. ئەگەر بچووینایە بەر پەنجەرە و چاومان بە تاریكیەكەدا بگێڕایە، دەمانتوانی خۆشی ببینین. چونكا ژوورەوە رووناك و دەرەوە تاریك بوو.

تەنانەت جەنابی پارێزەریش بە پێویستی زانی بچێتە بەر پەنجەرە و شتێك بڵێت. بەڵام وەك هەمیشە قسەكەی هیچ پەیوەندییەكی بە بابەتەكەوە نەبوو. ئەو گوتی:

« بەڵێ دارێكی سەخت و قایمە. سەد ساڵیتریش دەژی. »

شتێكیشی بە توركی گوت ( رەنگە ناوی بەڕوو بوو ). بە كورتی، ئەو بەشێوەیەك دوا كە دەتگوت باس باسی دارەكەیە نەك براكەم.

وادیار بوو باتیستای خوشكم ئێرەیی بە كۆزیمۆ دەبرد. ئەو كە هەمیشە بە كارە سەیر و سەمەرەكانی بنەماڵەی دەتۆقاند، ئێستا پێی ناخۆش بوو كۆزیمۆ كارێكی وای كردووە و سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی راكێشاوە. ئەو بەردەوام نینۆكەكانی دەجوو. بۆ ئەو كارەش قامكی بۆ دەمی نەدەبرد، بەڵكوو سەری دادەنەواند.

ژەنراڵ بیری ئۆردووگایەك كەوتبۆوە كە قەرەوڵەكانی بەسەر دارەكانەوە چاویان بە دوژمن كەوتبوو، هێرشی شەوانەیان تێشكاندبوو. ـــ راستییەكەی لە بیرم نەماوە ئەم ئۆردووگایە لە كوێ بووە. لە پۆمرانی[٢٣] یان غوڵامستان ـــ بیر هێنانەوەی ئەم رووداوە دلێرانە، ژەنراڵی كە تا ئەو كاتە گیرۆدەی نیگەرانی دایكانە بوو، كەیف خۆش كرد. وەها كە لە پڕ پاساوێكی بۆ ئەو كارەی كوڕەكەی دۆزیبێتەوە، ئارام بووەوە و تەنانەت دۆخێكی

---

[٢٣] - Pomeranie

لـووت بەرزانەشـی وەرگـرت. جگـە لـە فەوشـلافلوری قەشـە کـە چـیرۆکە حیماسـییەکە و بەراوردەکەشی زۆر بە جیدی سەلماند، کەس گوێی بە ئەو نەدەدا. قەشە ئامادە بوو هەموو بۆچوونێك بسەلمێنێت، بەو مەرجەی کـە لەسـەر ئەساسـی ئـەو بۆچـوونە، رووداوەکـان بـە شتێکی ئاسایی و سروشتی وەربگیرێن و هەموو کێشە و گرفت و بەرپرسایەتیەك لـە زەینـدا بشۆنەوە.

هەمیشە دوای نان خواردنی شەو دەچـووین دەخـەوتین. ئـەو شـەوەش بەرنامەکـەمان نەگۆڕا. باوك و دایکمان بڕیاریان دابوو لەوە زیاتر گـوێ بـە کۆزیمـۆ نـەدەن. بڕیاریـان دابـوو سەبر بگرن تا ماندوویی و بێ جێوڕێیی و سەرما و تاریکی براکەم بهێننە خـوار. هـەر کـەس بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو. لە پانتای نمـای خانووەکـە، لـە چوارچـێوەی پەنجەرەکانـدا، مۆمە ئایساوەکان لە چاوی باز و زێڕین دەچوون. بلێی ماڵێکی ئەوەندە ئاشنا و نزیك چ خەم و حەسرەتێکی خستبێتە دڵی براکەمەوە کە دەبوو تا بەیانی لە دەرەوە بێت! چـوومە بـەر پەنجەرەی ژوورەکەمان و وێنەی تەمومژاوی ئەوم بینی کە لە چاڵی مابەینی دارەکە و لقێکدا کزۆڵەی کردبوو. گوایە پەتووەکـەی لـە خۆیـەوە پێـچابوو، بـۆ ئـەوەی نەکـەوێت خـۆی بـە دارەکەوە بەستبووەوە.

مـانگ درەنـگ هـەڵات و لقـەکانی رۆشـن کـردەوە. سـەیرەکانیش وەك براکـەم لـە نـاو هێلانەکەیاندا کزۆڵەیان کردبوو، خـەوتبوون. هـەزار وریتـە، هـەزار دەنگـی دوور، بێدەنگـەی شەوانەی باخەکەیان دەشەمزاند. بای دەهات. جار وبار لە دوورەوە، لە دەریاوە، گرمەیـەك دەبیسترا. من لە ناو پەنجەرەکەدا گوێم بۆ ئەو دەنگە پچڕ پچڕانە شل کردبوو، هـەوڵم دەدا چۆنیەتی ئەو دەنگانە لە دەرەوەی ماڵە گەورەکەی خۆمان بێنمە بەر زەین. تێدەکۆشام لە حاڵی ئەو کەسە بگەم کە چەند هەنگاو بەولاوەتر جگە لە شەو و تاریکی و با و دەنگە دەنگ هیچی دیکـەی لـە دەور نـەبوو. کەسـێك کـە هـیچ دۆسـتێکی جگـە لـەو دارە نـەبوو کـە لـە کەلوکونی بێ ژماری ئەو دیو تەڵاشە زبرەکەیدا، هەزاران جڕ و جانەوەری حەشار دابوو.

چـوومە نـاو جـێ، بـەڵام مۆمەکـەم نەکوژانـدەوە. رەنگـە ئـەو کەمـە رۆشـناییەی نـاو پەنجـەرەی ژوورەکەشـم بتوانێـت هـاودەمی بێـت. ژوورەکـە هـی هـەر دووکمـان بـوو، دوو قەرەوێڵەی بچووکی لێبوو. سەیرێکی قەرەوێڵەکەی و سەیرێکی تاریکایی دەوروبەریم کرد. لە ناو جێگەکەمدا تلێکم دا و، بۆ یەکەمجار هەستم بەوە کرد کە خەوتن بە قاچی رووتەوە لە ناو پێخەفێکی گەرم و گوڕدا چەندە خۆشە. لە هەمان کاتیشدا هەستم بە وەزعی نالـەباری ئـەو کرد کە بەو سەر دارەوە پەتوویەکی زبری لە خۆیەوە پێچاوە، پێڵاوەکانی قاچی دەگووشن، ناتوانێت تلاوتل بکات و ئێسکەکانی بە هۆی ماندوویییەوە دێشن. لەو شەوە بەدواوە هەمیشە هەستم بە خۆشی ناو پێخەف و مەلافەی خاوێن و دۆشـەکی نـەرم کـردووە. بـەردەوام ئـەو خۆشییەم کاوێژ کردۆتەوە. بە سەعات لە بیری ئەودا بووم کـە تووشـی ئـەو هـەموو خـەم و نیگەرانییەی کردبووین. تا ئەوەی کە ئیتر بیر و خەیاڵێك نەما و خەو بردمیەوە.

## ٤

له كتێبه‌كاندا نووسراوه: له سه‌رده‌می زۆر كۆن مه‌یموونێك، بێ ئه‌وه‌ی پێی خستبێته سه‌ر عه‌رز، رێگه‌ی رۆم تا ئیسپانیای به سه‌ر داره‌كانه‌وه بڕیوه. نازانم ئه‌مه راسته یان نا... له سه‌رده‌می ئه‌م چیرۆكه، ته‌نیا له كه‌ناری كه‌نداو و ده‌ربه‌ندی ئومبرۆزادا دارستانێكی وا هه‌بوو كه تا كه‌لی كێوه‌كان كشابوو. ناوچه‌كه‌ی ئێمه به‌م دارستانه‌وه به ناوبانگ بوو.

ئێمرۆكه شوێنه‌وارێك له‌و دارستانه نه‌ماوه. له سه‌رده‌می له‌شكر كێشی فه‌ڕانسه‌ییه‌كان، دارودره‌ختی دارستانیان به شێوه‌یه‌ك ده‌بڕیه‌وه كه جووتیاران گه‌نم و جۆ ده‌دروونه‌وه. له دوای ئه‌وه‌ش دارێكی تازه نه‌ڕوا. خه‌ڵك سه‌ره‌تا پێیان وابوو تیاچوونی داره‌كان به هۆی شه‌ڕ و ناپلیۆن و زرووفه‌كه‌وه‌یه، به‌ڵام دوای ئه‌وه‌ش ده‌وامه‌ی بوو. ئێستا داوێنی ته‌پۆڵكه‌كان ئه‌وه‌نده رووته كه سه‌یر كردنی بۆ ئێمه‌مانان كه تاڤ سه‌رسه‌وزییه‌كه‌یمان له بیره، تووشی خه‌م و ئازارمان ده‌كات.

له رابوردوو بۆ هه‌ر شوێنێك بچووینایه لقوپۆ و گه‌ڵای داره‌كان به‌ری ئاسمانیان لێ گرتبووین. ته‌نیا شوێنی كه‌مێك ته‌نكی ئه‌و ناوه نارنجستانه‌كان بوو. ته‌نانه‌ت له‌و شوێنانه‌ش داره‌ه‌نجیر لقی خوارو گێڕیان به ناو نارنجه‌كاندا گێڕابوو، گومه‌زی گه‌ڵا قورسه‌كانیان به ژوور

دارەكانەوە ئاسمانی داپۆشیبوو. ئەو شوێنانەش كە هەنجیری لیٚ نەبوایە دارگێلاس و بەهیٚ و قــۆخ و بــادامی لێبــوو. یــان  دار ســنجوو، خــەرنووب ، گــوێز و تــوو. دوای باخــەكان زەیتوونستانەكە دەستی پیٚ دەكرد، كە گەڵایان وەك هەورێكی زیوین تا نزیك ڕۆخی دەریاكە كشابوو. خانووەكانی گوند لــە مابــەینی بەنــدەر و قــەڵادا بــوون. كــاكۆڵی بــەڕوو، ســپیدار و سندیان[٢٤] دەوری بانەكانی گرتبوو. ئەم دار و درەختانە گشتییان بڵێنـد و ئەســتوور و ڕێـك و پێك بوون، ئەمەش تایبەتمەندی ناوچەیەك بوو كە ئەعیان و ئەشراف و نەجیبزادەكان باخ و خانوویان لیٚ سازكردبوو.

لە پاش زەیتوونستانەكان، دارستان دەستی پیٚ دەكرد. لە ڕابوردوودا كاج و سـنەوبەر هەموو ناوچەكەی داپۆشیبوو. لە بەرزاییەكانی ئەمدیواودیوی كەنداو، شەپۆلی سەوزی كاج و سنەوبەر دەگەیشتە ڕۆخەكە. ئەو دەمە سندیانەكانیش زیاتر و پڕتر لــە ئێــستا بــوون. ئــەم دارانە یەكەم قوربانی شاڵاوەكە بوون. شابەڕووی سەر كێوەكان، لە كاجەكان بڵێندتر بوون. دارستانێك لە شابەڕوو بەو بەرزاییەوە قەراغی دیار نەبوو. ئەمە ئەو دنیا سەرسەوزە بوو كـە ئێمەی خەڵكی ئۆمبرۆزا، بێئەوەی دەركی پێبكەین، لێی دەژیاین.

كۆزیمۆ یەكەم كەس بوو كە دەركی بــەم هــەموو شــتانە كــرد. ئــەو بــوو كــە تێگەیــشت دەكرێت لەو دارستانەدا فرسەخاو فرسەخ بەسەر دارەكانــەوە ڕێگــە ببڕێــت، بێئــەوەی پێــی بگاتە زەوی. زۆرجار پارچە زەوییەكی ڕووت ناچاری دەكرد بە ڕێگەیەكی دوور و درێژدا دەور بداتەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو كە بە هەموو ڕێـچكە و ناوبڕەكـانی زانـی. لــەوەدوا ئـیتر وەك ئێمە بە پێوانەی ئاسایی مەوداكانی نەدەپێوا. هەمیشە بیری لــەو مەودایانــە دەكــردەوە كــە دەبوو بە ناو لقی دارەكانەوە بیپێوێت. هەر جارێـك، تەنانــەت بــە بــازدانیش نەیتوانیایــە لــە لقێكەوە خۆی بگەیەنێتە لقێكیتر، شێوازیتری بەكار دەهێنا.

بەڵام جارێكە با بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەمەوبەیانییە كە كۆزیمۆ بۆ یەكەمجار لە ناو دەنگ و چریكەی ریشۆڵەكاندا، لە سەر لقی دار بەڕووەكە لە خەو هەسـتا. لەشــی كـوتراوی تــەڕی

---

[٢٤] – جۆرێك دار بەڕووە

ئاوەنگی گەڵاکان و، دەست و قاچیشی سڕ بووبـوون. بـەم شـێوە بەوپـەڕی شـادومانییەوە بەرەوپیری کەشف و دۆزینەوەی دنیا تازەکەی چوو.

خۆی گەیاندە سپیدارێك کە ئاخر داری باخەکەمان بوو. لە ژێر پێیدا دۆڵێکی دەبینی کە کاکۆڵی هەور و دووکەڵی بەسەرەوە بوو. دووکەڵەکە لە بانی ئەو چەند گونـدەوە هەڵدەکشا کە وەك کۆگایەك خڕکە بەرد لە پشت تەبارەکانەوە کەوتبوون.

جارجار لەوە دەچوو شەپۆلێکی نادیار و بێدەنگ بە روانگەکەیدا تێپـەڕێت. ئـەو کەمـە دەنگەش کە دەبیسترا، جۆرێك دڵەکوتەی بەسەر ئەو ناوەدا دەسەپاند: قیژە و زریکەیەك کە لە پڕ بەرز دەبووەوە، ئەوسا هاڕە و پاشان چەند زەربەتێکی ون و رەنگـە خـشەی شـکانی لقێك، هەمدیس قیژە و زریکـەی جیـاواز، هـەراو هـاوارێکی تـووڕە کـە بـەرەو شـوێنی بـەرز بوونەوەی زەنا زەنایەك دەچوو، ئەوسا هیچ. دەتگوت کە هیچ رووی نەداوە. شـتێکی ون و ترسناك تێدەپەڕی. لە هەرکوێ دەنگ و زەنا بەرز بوایەوە، گـەڵای دار گێلاسـەکان بـە دەم باوە دەشەکانەوە. بەشێك لە زەینی کۆزیمۆ کە هەمیشە وشیار و بـە ئاگـا بـوو، پێـشتر لـە شتەکان دەگەیشت. بەشەکەی تری زەینی کە خەیاڵباز و گەمەچی بوو، جارجار سـەیرترین بیر و ئەندێشەی لێ هەڵدەقوڵا. بـەو شـێوە بـوو کـە کۆزیمـۆ زانـی دار گێلاسـەکانیش قـسە دەکەن.

بەرەو نزیکترین دار گێلاس، یان با بڵێم بەرەو ریزێك لە دار گێلاسە بڵیند و گەڵا سەوز و زیندووەکان چوو. ئەگەرچی گێلاسـێکی زۆر و رەش بـە لقەکانیانـەوە بـەر ببوونـەوە، بـەڵام چاوی براکەم هێشتا بەوە رانەهاتبوو بە سەیر کردنێك بزانێت لقەکان چییان پێوەیە و چییان پێوە نییە. راوەستا، پێی وابوو گوێی لە دەنگێکە، بەڵام بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. کۆزیمۆ لەسەر لقێکی نزیك لە عەرز راوەستابوو. بێئەوەی بزانێت چۆن، "هەستی" بە هەموو گێلاسەکانی بان سەری دەکرد. لەوە دەچوو هەموو دەنکە گێلاسێك چاوێك بێت و لە ئەو رامابێت. دەتگوت دارەکە لەبری میوە پڕ بوو لەچاو.

كۆزیمۆ سەری هەڵبڕی. دەنكە گێلاسێكی گەییو بە تەوێڵیدا درا و دەنگی هات. شلّپ! كۆزیمۆ بە چاوی بازەوە سەیری ترۆپكی نسیٚ گرتـووی دارەكـەی كـرد. خـۆر بـە ئاسمانـدا هەڵدەكشا. ئەو دارە و دارەكانی دەوروبـەری پـڕ بـوون لـەو منداڵانـە كـە لەسـەر لقـەكانیان دانیشتبوون.

منداڵەكان كەزانیان كەسێك ئەوانی بینیوە، تێكڕا بێدەنگییەكەیان شكاند. كۆزیمۆ گوێی لێبوو كە بە چرپە گوتیان:

« سەیری كەن، چەندە جوانە ! »

پاشان هەموویان لە ناو گەڵاكاندا لقێك داخزان و لەو كوڕە نزیك بوونەوە كە كڵاوی سیٚ سووچی لەسەر بوو. خۆیان سەر رووت یان كڵاوی حەسیریی دڕاویـان لەسـەردا بـوو. چـەند كەسێكیان تەلیسیان بە سەری خۆیاندا كردبوو. هەموویان بێجگە لە كراس و پانتۆڵێكی كۆن و دڕاو چیتریان لەبەردا نەبوو. ئەوانەی كە پیٚ خـاوس نـەبوون تیتۆڵـە قوماشـیان كردبـووە پێڵاو. هەندێكیان نەعلەكانیان لە مل كردبوو تا ئاسوودەتر بـە دارەكانـدا هەڵگـەڕێن. ئـەوان منداڵانی تاقمی بە ناوبانگی میوە دز بوون، كە دایك و باوكمان دەیـانگوت نـابیٚ لێیـان نزیـك ببینەوە. ئەو بەیانییە وا پێدەچوو كە براكەم بێئەوەی بزانێت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوان چی دەست دەكەوێت، بە شوێنیاندا گەڕابوو.

ئەو لە جێی خۆی نەدەجوولا و چاوەڕوان بوو. منداڵەكان بە لقی دارەكاندا داگەڕان و بە دەنگی قیژە ئاسایان بە هێواشی دەیانگوت: « ئەمە ئیتر چ باڵندەیەكە؟ بـۆ لێرەیـە؟ » لـە هەمان كاتیشدا ناوكە گێلاسی ناو دەمیان بۆ فڕیٚ دەدا و، گێلاسـی كرمـۆڵ و بۆگـەنیان بـۆ دەهاویشت.

لەپڕ چاویان بە شمشێرەكەی كۆزیمۆ كەوت كە بە پشتیەوە بەر بووبۆوە. گوتیان:

« ئۆهۆی! منداڵینە چاوتان لێیە چی پێیە ! »

هــەموویان پێكــەنین. بــەڵام زوو پێكەنینەكــەیان قــووت دایــەوە و بێــدەنگ بــوون. دەیانویست شتێك بكـەن كـە لـە پێكەنینـدا ژان بكـەن. دوو كەسـیان بـە بێـدەنگی خۆیـان

گەیاندبووە لقێك کە راست بـە ژوور سـەری کۆزیمـۆوە بـوو. لـەو سـەرەوە تەلیـسێکیان بـۆ خست. ( یەکێك لەو تەلیسە پیسانە کە بێگومان شـتومەکی دزییـەتیان تێـدەکرد و، ئەگـەر بەتاڵیش بوایە لە پێیان دەکرد) زۆری نەمابوو براکەم غافلگیر بکـەن، تەلیـسەکەی بەسـەردا بکەن و بە گوریسێك بیبەستنەوە، ئەوسا بە شەق و تێهەڵدان بکەونە گیانی.

کۆزیمۆ هەستی بە مەترسییەکە کرد. یان رەنگە هەستی بە هیچ شتێکیش نەکردبێت و تـەنیا لەبـەر ئـەوەی کـە بـە شمـشێرەکەی پێکـەنیبوون ویـستی لـە کـالان دەریکێـشێ و بیانتۆقێنێت. شمشێرەکەی بەرز کردەوە، دەمی تیغەکەی لـە تەلیـسەکە درا و درانـدی. بـە تەکانێك تەلیسی لە شمشێرەکەیەوە پێچا و لە دەست ئەو دوو بەرەڵایە دەریکێشا و فرێیدا. جووڵەیەکی چـابوکانە بـوو، بـەرەڵاکانی داچـڵەکاند. چـەند جوێنیـان بـەو دوو کـورە دا کـە تەلیسەکەیان فەوتاندبوو:

« گووانە. گێل و گەوجانە. »

کۆزیمۆ دەرفەتی چێژ بردن لـە سـەرکەوتنەکەی نـەبوو. قرمەیـەکیتر ئـەمجارە لەسـەر عەرزەوە هەستا. سەگەکان دەوەڕین، چەند کەس بەردە فڕکەیان دەکـرد و دەنگـی هـەرا و هاواریش دەهات:

«ئەمجارە وەگیرمان هێنان، خوێڕیانە ! »

نووکی تیژی چەند شەن لە مابەینی لقەکانەوە دەرکەوت. منداڵە میوە دزەکان دەست و پێی خۆیان کۆ کردەوە و هەڵکشان. دیار بوو ئەو قرم و قاڵەیان بۆ کۆزیمـۆ، جووتیارەکـانی ناردبووە گیانیان.

شالاّویکی بەربڵاو و پلان بۆرڤاو بوو. خاوەن موڵك و جووتیارەکانی ئەو دۆڵە لە دزرانـی میوەکانیان دڵیان سەر هاتبوو، بۆ ئەوەی رێگە چارەیەك بدۆزنەوە یەکیان گرتبوو. شێوەی کاری منداڵە بەرەڵاکان وابوو کە هەموویان پێکـەوە شـالاّویان بـۆ باخێـك دەبـرد و رووتیـان دەکردەوە، ئەوسا بەرەو شوێنێك زۆر دوور هەڵدەهاتن و دیسان دەست بـەکار دەبوونـەوە. کەواتە تەنیا بەو شێوازە دەکرا لە گەڵیان رووبەڕوو ببنەوە. واتە دەبوو هەموو جووتیارەکان

له باخێك كۆببنەوه و چاوەڕێ بن، زوو یان درەنگ، میوه دزەكان هێرشی بۆ بێنن، ئەوسا ئەوانیش له گەمارۆیان بدەن.

سەگەكان قەڵادەیان كرابۆوه و به وەڕه وەڕ له بن دارەكاندا هات و چوویان دەكرد. كەڵبه تیژەكانیان بەدەرەوه بوو. سێ چوار منداڵی بەرەڵا پەڕینه خوار و نووكی شەنەكان له پشتیان رۆچوو، سەگەكانیش نافۆكی پانتۆڵەكانیانی دڕی. منداڵەكان به قیژه قیژ حەساری مێوەكانیان رووخاند و هەڵاتن. لەوه دوا كەس بیری له چوونه خوار نەكردەوه. نه كۆزیمۆ و نەكەسیتر. جووتیارەكان پەیژەیان به دارگێلاسەكاندا هەڵپەسارد و به شەنەكانیانەوه پیایدا هەڵگەڕان.

كۆزیمۆ پاش كەمێك دوودڵی بیری كردەوه گەوجییەتییه ئەویش وەك ئەو منداڵه تۆقاوانه دەست و پلی خۆی ون بكات و، گێژ و وڕ دۆش دابمێنێت. بۆ دەبوو ئەوان له ئەو زیرەكتر بن؟ ئەوه نییه كه هەموویان گێژ و وڕ لەسەر جێگەكەیان دۆش دماون؟ بۆ هەڵنەدەهاتن و خۆیان نەدەگەیانده دار و درەختەكانیتر؟ براكەم دەیتوانی به هەمان رێدا كه هاتبوو بگەڕێتەوه. كڵاوەكەی لەسەر كرد و ئەو لقەی دۆزییەوه كه كردبووی به پرد. ئەوسا له دواهەم دارگێلاسەوه خۆی گەیانده دار خەرنوبێك، لەوێش نەوەستا خۆی گەیانده دار هەڵووژەیەك و، هەروا بەرەو پێش چوو. كاتێك منداڵەكان دیان ئەو به شێوەیەك بەسەر لقی دارەكاندا هەنگاو دەنێت كه خەڵك له مەیدانی ئاوایی پیاسه دەكەن، زانیان بۆ ئەوەی لێیان ون نەبێت دەبێ خێراتر شوێنی بكەون. بۆیه چوار چمكۆڵه و بێدەنگ به پێچاو پلووچی رێگەكەدا شوێنی كەوتن. كۆزیمۆ به دار هەنجیرێكدا هەڵگەڕا و له پەرژینێك پەڕییەوه، ئەوسا پێی خسته سەر لقی دار قۆخێك كه لەبەر ناسكی و باریكی كەسێك زیاتری هەڵنەدەگرت، له دار قۆخەكەوه گەیشته دارێكی لار و لەوێری زەیتوون كه سەری له دیوارەكەوه دەركێشابوو، ئیتر لەوێوه دەیتوانی به قەلەمبازێك خۆی بگەیەنێته سندیانێكی تەموئەستوور كه لقەكانی بەسەر چۆمەكەدا بڵاو كردبۆوەو، لەوێشەوه دەگەیشته ئەو بەری چۆمەكە.

پیاوه شەن بە دەستەکان کە پێیانوابوو دزەکانیان خستۆتە داوەوە، سەیریان کرد وەك باڵندە بە حەواوە هەڵدێن. ئەوانیش بە غار لە گەڵ وەڕە وەڕی سەگەکان شـوێنیان کـەوتن. بەڵام چونکا لەو شـوێنە پـردی لـێ نـەبوو، ناچـار بـوون دەوری پەرژینەکـە بدەنـە و بوارێـك بدۆزنەوە. تا ئەوەیان کرد کات تێپەڕیبوو، منداڵەکان بە غارکردن دوور کەوتبوونەوە. ئێستا ئیتر منداڵەکان وەك هەموو کەسیتر بەسەر عەرزدا غاریان دەداو، هیچ کەس جگە لە براکـەم بەسەر لقی دارەکانەوە نەمابوو.

منداڵەکان کە ئەویان لەپێش خۆیانەوە نەبینی لە یەکتریان پرسی:« تەنافبازە پێڵاو لە پێکە چی لێهات؟ »

ئەوسا سەریان هەڵبڕی و کۆزیمۆیان بینی کە لە زەیتوونێکـەوە بـەرەو زەیتـوونێکیتـر دەچوو.

« هۆی! وەرە خوار! ئیتر پێمان ناگەنەوە. »

بەڵام ئەو نەهاتەخوار. لە لقێکەوە بۆ لقێکیتر و لە دارێکەوە بۆ دارێکـیتر چـوو، لـە نـاو گەڵای زەیتوونەکاندا ون بوو.

منداڵە بەرەڵاکان، تەلیس بە سەر و شووڵ بە دەست کەوتبوونە گیان دار گێلاسـەکانی ناو دۆڵەکە. رێك و بەریز بەرەو پێش دەچوون و لقەکانیان رووت دەکردەوە، تـا ئـەوەی کـە چاویان بە کوڕە پێڵاو لە پێکە کەوت، کە لە سەر لقی بەرزی دار گێلاسێك قاچی خـستبووە سەر قاچی و دانیشتبوو، بە دوو قامك گێلاسی لێدەکـردەوە و دەیخـستنە نـاو کڵـاوە سـێ سووچەکەی کە لە سەر ئەژنۆی بوو.

« ئۆهۆی! ئەوە بە کوێدا هاتی؟ »

گوتنەکەیان زیاتر لەبەر ئەوەی کە ئێرەییـان پـێ دەبـرد، چـاوقایمانە بـوو. چـونکا بـە راست لەوە دەچوو ئەو بە باڵ فڕیبێت و خۆی گەیاندبێتە ئەوێ.

براکەم یەکە یەکە گێلاسەکانی بە شێوەیەك بۆ زاری دەبرد کە دەتگوت مورەبا دەخوات. ئەوسا بە جووڵەیەکی جوان و شایستە ناوکی گێلاسەکانی وەها فڕێ دەدا کە جلیسقەکەی پیس نەبێت.

یەکێك لە بەرەڵاکان گوتی: « ئەم هەتیوە نازنازییە چی لێمان دەوێت؟ بۆ لە کۆڵمان نابێتەوە؟ بۆ ناچێ گێلاسی باخی خۆیان بخوات؟ »

یەکێکیتریان گوتی:«جارجار و بەرێکەوت، لە ناو منداڵە نازنازییەکانیشدا کەسێك هەڵدەکەوێ کە لە رووت هەڵبێت پێی بڵێی بنیادەم. مەسەلەن کڵاو سوور. »

کۆزیمۆ بە بیستنی ئەو ناوە پڕ لە راز و رەمزە، بێئەوەی بزانێ بۆچی، گوێ قوڵاغ بوو سوور هەڵگەڕا.

یەکێکی تر لە منداڵەکان گوتی: « کڵاو سوور خەیانەتی لێ کردین. »

« ئەو ئەگەرچی نازنازی بوو، کچێکی نەترسیش بوو. ئەگەر ئیمڕۆ لەوێ بوایە بە دەنگی شەیپوورەکەی بە ئاگای دەکردینەوەو، غافلگیر نەدەبووین. »

« ئەڵبەت نازنازییەکیش دەتوانێ لە دەستەی ئێمەدا بێت، بەو مەرجەی کە لایەنی ئێمە بگرێت. »

کۆزیمۆ تێگەیشت کە مەبەستیان لە نازنازی مەزنزادە و ئەعیانزادە و هەموو ئەو کەسانەیە کە دەستییان بە دەمیان دەگات.

یەکێك لە بەرەڵاکان گوتی: « گوێ بگرە با قسەیەکی پیاوانە بکەین! ئەگەر بە تەمایت یەکێك لە ئێمە بیت، دەبێ لە هێرشەکانماندا هاوڕێمان بی و رێگەکانمان نیشان بدەیت. »

ئەویتر گوتی: « بێجگە لەوەش، دەبێ بێڵی بچینە باخەکەی باوکیشت. من جارێك لەوێ بە گوللەی خوێ پێکراوم. »

کۆزیمۆ لە کاتێکدا گوێی لێدەگرتن، بیرێکی بە مێشکدا هات. گوتی:« ئەم کڵاو سوورە کێیە؟ »

هەموو منداڵانی سەر لقەکان پێکەنین. پێکەنینێکی وا کە زۆری نەمابوو هەندێکیان لە دارەکان بەر ببنەوە. چەند کەسیان لە بەر پێکەنین بە پشتدا دەکەوتن و چەند کەسی تریش بە دەست لقێکیان گرتبوو، بە هەڵواسراوی پێدەکەنین.

سروشتی بوو کە پاش ئەو هەموو قرم و قاڵە، هێزەکانی دوژمن بگەن. ئێستا ئیتر جووتیارەکان بە سەگەکانییانەوە لەو نزیکانە بوون. وەڕەی سەگەکان بەرز بۆوە و نووکی شەنەکان دەرکەوتن. گوند نشینەکان کە ئەزموونی تێشکانەکانی پێشوویان بوو، ئەمجارە گورج و خێرا بە پەیژەکاندا هەڵگەڕان و دار گێلاسەکانیان داگیر کرد. پێشڕەوی شەنەکان بەرەو دزە لە داو کەوتووەکان دەستی پێکرد. سەگەکانیان کە بەسەر هەموو دارێکەوە بنیادەمیان دەبینی، نەیاندەزانی بەرەو کوێ هێرش بکەن، گێژ و سەرلێشێواو بەرەو هەموو لایەك دەوەڕین. منداڵە بەرەڵاکان یەکە یەکە خۆیان فڕێدایە خوار و لە سووچێکەوە هەڵاتن. بێجگە لە چەند کەسێك کە بەرد یان تێڵایان بەرکەوت، یان سەگەکان قولاپەیان گرتن، باقییەکەیان بە ساغ و سەلامەتی بۆی دەرچوون. کۆزیمۆ لەسەر دارەکە بە تەنیا مایەوە.

منداڵەکان هاواریان دەکرد: « وەرە خوار! ئەوە چی دەکەی، خەوت لێکەوتووە؟ تا ڕێگە هەیە وەرەخوار! »

بەڵام ئەو لە کاتێکدا خۆی بە لقەکەوە نووساندبوو، شمشێرەکەی دەرکێشا. گوندییەکان شەنەکانیان بە دارێکی درێژەوە بەستبوو تا بیگاتێ. کۆزیمۆ بە راوەشاندنی شمشێرەکەی شەن و دارەکانی لە خۆی دوور دەخستەوە، بەڵام ئاخریەکەی نووکی شەنێك گەیشتە سەر سنگی و بە دارەکەیەوە نووساند.

کەسێك هاواری کرد: « دەست راگرە! ئەوە کوڕی بارۆن لاڤێرسە. ئەوە لەو سەریە چی دەکەی ئاغا؟ تۆ بۆ لە گەڵ ئەو بەرەڵایانەیت؟ »

کۆزیمۆ دەنگی ژانۆ[٢٥]ی ناسییەوە، کە یەکێك لە رەعییەتەکانی باوکمان بوو.

---

[٢٥] - jeannot

شەنەکان کشانەوە. چەند کەس لە گوندییەکان کڵاوەکانیان بەرز کردەوە. براکەشم بە دوو قامك کڵاوەکەی گرت و سەری دانەواند.

چەند کەس هاواریان کرد: « ئۆهۆی سەگەکان ببەستنەوە ! ئاغا فەرموو وەرە خوار. ئاگاتان لە خۆتان بێ دارەکە بەرزە ! سەبر بگرن با پەیژەیەکتان بۆ بێنم. خۆمان دەتانگەیەنینەوە بۆ ماڵەوە ! »

براکەم گوتی: « نا، نا، سپاس. عەزیەت مەکێشن. خۆم بە ڕێگەکە دەزانم و بە تەنیا دەگەڕێمەوە. »

ئەوسا لە پشت دارەکانەوە ون بوو لە لقێکی ترەوە سەری دەرهێنا، دیسان دەوری دارەکەی دایەوە و بۆ لقێکی بەرزتر چوو، لەوێش هەمدیس ون بۆوە و تەنیا قاچی لە سەر لقێکی بەرز دەبیندرا. ئەو لە ئەنجامدا بازێکی دا و دووبارە ون بۆوە.

گوندییەکان لە سەر و خواری دارەکەیان دەڕوانی و دەیانگوت: « کوا؟ چوو بۆ کوێ؟»

« هۆی، لە کوێیە ! ؟ »

کۆزیمۆی لەسەر نووکی دارێکیتر بیندرا، لەوێش جووڵەیەکی کرد و وەها کە با بیبات، خوشی.

« کەوت؟ نا، لەوێیە ! »

لە ناو ئەو دارستانە کەسکەدا تەنیا کڵاوە سێ سووچەکەی و نەوارێك کە قژی پێ بەستبوو، دەبیندرا.

گوندییەکان لە ژانۆیان پرسی: « ئەوە چ ئاغایەکە ئێوە هەتانە؟ مرۆڤە یان ئاژەڵە؟ نەکا شەیتان بێت؟ »

ژانۆ هیچی نەگوت، لەسەر سنگی خاچێکی ڕەسم کرد.

دەنگی گۆرانی خوێندنی کۆزیمۆ دەهات.

« ئۆی ! کڵاو سوور... »

## ٥

کڵاو سوور... کۆزیمۆ ورده ورده زۆر شتی تری لێ زانی. منداڵه بەرەڵاکان ئەو ناوەیان لە کچێکی ڤیلانشین نابوو کە سوار ئەسپێکی تاتوی سپی دەبوو، بێ ترس لـە گـەڵ تـاقمی رووت و رەجاڵاندا دەبوو بە دۆست. ئەو ماوەیەك پـشتیوانی لـە منداڵـه بـەرەڵاکان کردبـوو، لەبەر ئەوەی حەزی لە ئەمر کـردن بـوو، دەکـرا بڵێیـت سـەرکردەیان بـوو. ئـەو بـە سـواری تاتوەکەیەوە بە رێگە و کوێرە رێگەکانـدا تێدەپـەڕی و، بـە بینـینی میـوەی گـەییوی باخـە بێقەرەوڵەکان، منداڵانی ئاگادار دەکردەوە. ئەوسا سوار ئەسپەکەی دەبوو، شەیپوورێکی بە ملییەوە هەڵدەواسی و، وەك ئەفسەرێك بەشداری هێرشەکەی دەکرد. لە کاتێکدا منداڵـەکان دەکەوتنە گیان دار بادام و قۆخەکان، ئەو وەك نیگابان لەسەر تەبارێکی بچووك رادەوەستا و بە بینینی بـچووکترین جووڵەیـەکی جوتیـار و گوندییـەکان، لـە شـەیپوورەکەی دەتووڕاند. منداڵەکان کە ئەو دەنگەیان دەبیست، لە دارەکان دەهاتنە خوار و هەڵدەهاتن. بەم بۆنـەوە تا کاتێك ئەو کچۆڵەیان لەگەڵ بوایە هەرگیز غافڵگیر نەدەبوون.

ئاشکرا نەبوو کە لەوەدوا چی روویدا. ئەو خەیانەتە کە کڵـاو سـوور لـە ئـەوانی کردبـوو گەلێك سەیر و ئاڵۆز بوو. گوایە منداڵە میوە دزەکانی بەرەو باخی خۆیان راکێشابوو، پاشان خزمەتکارەکانی تێبەردابوون. لە لایەکی تریشەوە هاوکات خۆشەویستی خـۆی بـۆ دوان لـە کوڕەکان دەربڕیبوو. یەکیان ئوگو[٢٦] زلە و ئەویتریان لۆریۆ[٢٧] جوانیٚ بوو، کە تا ئێستاش بەو بۆنەوە پێیان رادەبواردن. ئەو پاشان ئەو دوو کوڕەی لە یەك کردبوو بە دوژمن، وەها کە ئەو لێدانە کە منداڵان لە خزمەتکارەکانیان خواردبوو لەبەر میوە دزی نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئـەوە بوو کە ئەو جووتە دڵدارە رەقیبە کاتێك بە راستییەکەیان زانیبوو یەکیان گرتبوو، هێرشـیان بۆ ماڵی کچەکە بردبوو. منداڵەکان هێشتا مەدحی ئەو شیرینیاتەیان دەکرد کە کچەکە زۆرجار وەعدی پێدابوون و ئاخرییەکەی بۆی بردبوون. شیرینیاتەکە وەها تێکیەڵ بە رۆن گەرچـەك کرابوو کە منداڵەکانی بۆ حەوتوویەك تووشی سك ئێشە و سکچوون کردبوو. یـەك دوو کـاری ئاوا، یان رەنگە کۆی هەموو ئەم کارانە، ببووە هۆی جیایی و دوژمنایەتی لە نێوان کڵاوسوور و منداڵە بەرەڵاکان. هێشتا منداڵەکان بە رق و حەسرەتەوە باسیان دەکرد.

کۆزیمۆ بـە وردی گـوێی لێگرتبـوون. دەتگـوت لەگـەڵ هـەر کـام لـەم قـسە و باسـانە، لایەنێکیتر لە کەسایەتی ئەو کچەی لیٚ ئاشکرا دەبوو، لە کۆتاییدا پرسی:

« ماڵی ئەو کڵاوسوورە لە کوێیە؟ »

« ئەها، یەعنی دەتەویٚ بڵێی نایناسی؟ ئەو دراوسێتانە! کچی ڤیلاکەی ریڤالۆندەیە.»

بێگومان بەر لەو کاتەش کۆزیمۆ زانیبووی کڵاوسوور هەمان کچۆڵەی سەر جۆلانەکەیە. من پێموایە هۆی سەرەکی هەوڵی براکەم بۆ دۆزینەوەی دەستەی میوە دزەکان ئەوە بوو کە کچۆڵە خۆی بە دۆستایەتی ئەوانەوە هەڵکێـشابوو. بـەڵام لـەو سـاتە بـە دواوە ئـەو هەسـتە مژاوییە کە پێشتر ئازاری دابوو، بە ئازارتر و گەزکتر بوو. ئەو جاروبار بیری لەوە دەکـردەوە کە منداڵەکان بۆ هێرش بردن بۆ دارەکانی ریڤالۆندە هان بدات و، جاروباریش دەیویـست لـە بەر دڵی کچەکە لەگەڵیان بەشەڕ بێت. تەنانەت ئەگەر پێویست بوایـە منداڵـەکانی هـان دەدا

[٢٦] - Ugo

[٢٧] - Loriot

ڤیۆلتا بخەنە تەنگانەوە و پاشان خۆی بۆ فریاکەوتنی بچێتە مەیدانەوە. جاری وابوو بیری لە هەندێك قۆشمەیی دەکردەوە کە بێگومـان کـچەکە دواتـر دەیبیـستەوە. وەهـا لـەو بـیری و خەیاڵاتانە رۆچووبوو کە وردە وردە لە هاورێیی کردنی منداڵەکان تەمەڵ و بێمەبالات دەبوو. کاتێك هەموویان دەرۆشـتن ئـەو بـە تـەنیا لەسـەر دارێـك دەمایـەوە و، تەنکـە خـەمێك وەك هەورێك کە بەری رۆژی گرتبێ، لە روخساری دەنیشت.

پاشان لە پڕ ئارام و ئاسوودە دەبوو، بە چابوکی پشیلەیەك بە لقەکاندا دەرۆشت و لـە باخ و باخاتەکان تێدەپەڕی. لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەخوێند. گۆرانی خوێندنەکەی دۆخێکی دەمارگرژانە و، زۆرجاریش بێدەنگی بوو. چاوی تیژەکانی لە بەرامبەری دەبـڕی و دەتگـوت هیچ نابینێت. وادیار بوو وەك پشیلە بە هۆی غەریزەیەکی تایبەتـەوە لەسـەر لقـی دارەکـان خۆی رادەگرت.

ئێمـە چـەند جـار ئـەومان لـەوەها حـاڵێکی سـەیر و سـەمەرەدا بەسـەر لقـە داری باخەکەمانەوە بینی. هەموو جارێك هاوارمان دەکرد: « هات! ئەوە لەوێیە! »

هەرچیمان دەکرد هەموو بیر و هۆشمان لـە لای ئـەو بـوو، ئاگـاداری هـەموو ئـەو رۆژ و سەعاتانە بووین کە ئەو لە باخەکەی خۆماندا بوو. باوکمان بەردەوام دەیگوت:

« شێتە! شەیتان چۆتە بن کلێشەی. »

ئەوسا لە گەڵ فەوشلافلوری قەشە بە شەڕ دەهات.

« تۆ دەبێ شەیتانی لێ بتارێنیت. چاوەڕوانی چیت؟ لە گەڵ تۆمە جەنابی قەشـە، بـۆ دەستت خستۆتە سـەر دەسـت و دۆش دامـاوی؟ ئـەو کـوڕەی مـن جنۆکـە دەسـتییان لـێ وەشاندووە! تێدەگەی، جنۆکە! »

قەشە دەتگوت لە پڕێکدا لەخەو رادەچڵەکی. ناوی شەیتان زنجیرە بۆچوونێکی روون و ئاشکرای بیر دەهێنایەوە. ئەوسا دەستی بە باسێکی ئالۆزی ئیجتیهادی لە بارەی چۆنیەتی راڤە کردنی دروستی بابەتی حلوولی شەیتان دەکرد. ئایا دەیویست موخالەفەی باوکم بکات،

یان بە تەما بوو کێشەیەکی گشتیمان بۆ شی بکاتـەوە؟ هەرچـی بـوو لـەم بـارەوە کـە ئـایا ئیمکانی جۆرێك پەیوەندی لە نێوان شەیتان و براکەمدا هەیە یان نا، هیچی نەدەگوت.

باڕۆن وەڕس دەبوو، قەشە ڕەوتی قسەکانی لێ تێکدەچوو، منیش تاقەتم نەدەما.

دایکمان بە پێچەوانەی ئێمە بوو. نیگەرانییەکەی ئەو کـە سـەرەتا زۆر و بـە ئـازار بـوو، وەك هەموو هەستەکانیتری وردە وردە خاو دەبـووەوە و، بـیری لـە بڕیـارێکی کردەیـی بـۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە دەکردەوە: بەمانا کارێکی دەکرد کە هەموو ژەنڕاڵێك بۆ سـڕینەوەی نیگەرانییەکانی دەیکات. کەواتە دووربینێك، کە نازانم لە کـوێ دۆزیبوویـەوە، لەگـەڵ خـۆی دەیبرد بۆ هەیوانی ماڵەکەمان و لەسەر سێ پایەیەك دایدەنا. ئەوسا بـە سـەعات چـاوی بـە شووشەکەیەوە دەنووسـاند و، بـۆ بینـینی منداڵەکـەی لـە ناوبـەینی لقـی دارەکـان رادەمـا. تەنانەت ئەو کاتانەش کەئێمـە دڵنیـا بـووین براکـەم لەڕوانگەیـدا نیـە، ئـەو هـەروا خـەریکی تەنزیمی دووربینەکەی بوو.

باوکمان لە ناو باخەکەوە هەرای دەکرد: « دەیبینی؟ »

ئەو بۆخۆی لە بن دارەکان پیاسەی دەکرد، تەنیا کاتێك دەیتوانی کۆزیمـۆ ببینێـت کـە ڕاست لە ژوور سەری بوایە.

ژەنڕاڵ بە جووڵەی دەست تێیدەگەیاندین کە چاوی لە کۆزیمۆیە و، وەهـا کـە سـەیری بەرەو پێش چوونی هێزەکانی بۆ تەپۆڵکەیەك بکات، داوای لێدەکردین بێدەنگ بین. جاروبار دیار بوو کە هیچ نابینێت، بەڵام نازانم بۆچی پێی دادەگرت کـە دووربینەکـەی بـەرەو لایـەك بگرێت و لە هەمان لاش چاوەڕوانی بینینی براکەم بێت. بەوحاڵەش جارجار دانی بـە هەڵـەی خۆیدا دەنا، چاوی لە دووربینەکەی هەڵدەگرت و، لە خەریتەی ناوچەکەی دەکۆڵییەوە کە لە سـەر ئـەژنۆی داینـابوو. ئەوسـا بـە دۆخێکـی بڕیارانـەوە دەسـتێکی دەنایـە سـەر لێـوی و دەستەکەی تریشی بە نیشانەکانی خەریتەکەدا دەگێڕا، تا دەگەیشتە خاڵێك کە پێـی وابـوو کوڕەکەی لەوێیە. ئەوسا حساباتی خۆی دەکرد و دووربینەکەی لە حاست ترۆپکی یەکێك لە دارەکانی ئەو دەریا لقوپۆیە رادەگرت و هێدی هێدی میزانی دەکرد. بـەو زەردەخەنـەدا کـە

لێـوە لەرزۆکـەکانی دەنەخـشاند، دەمـانزانی کـە بـەڵێ، بینیویـەتی. یەکـە یەکـە ئاڵـا ڕەنگاوڕەنگەکانی لە لای سێ پایەکە هەڵدەگرت و، وەها کە ڕەمز و نیشانەیەك ڕابگەیەنێت، بەرودوا دەیشەکاندنەوە. من سەرەتا بە بینینی ئـەو دیمەنـە هەسـتم بـە جۆرێك ڕق و قـین بەرامبەر بە ئەو دەکرد. نەمدەزانی دایکـم ئـەم ئاڵایانـەی هەیـە و دەزانێـت چـۆن بـەکاریان بێنێت. بە داخەوە ئێمەی فێر نەکردبوو یاری بەو ئاڵایانە بکەین، بە تایبەت ئەو دەمانـە کـە منداڵ بووین. بەڵام دایکمان هیچ کـارێکی بـۆ یـاری نـەدەکرد و ئێمـەش ئـیتر نەمانـدەتوانی هیوامان پێی بێت.

دەبێ بڵێم، وێڕای ئـەو هـەموو کەلوپەلـە سـوپاییانەش، ئـەو وەك دایکێـك هـەرگیز لـە دڵەکوتە و نیگەرانی دایکانە بێبەش نەبوو. دەتوانم بڵێم بەو ژەنراڵ بازییانە دەیویست خۆی ئاسوودە بکات، یان ڕەنگە ئەو ئۆیینـە سـوپاییانە بـوو کـە نەیاندەهێـشت خـەم و خەفـەت لەبەینی ببات. لە ئەنجامدا ژنێکی بێهێز بوو، تاکە ئامێری خۆپاراستنیشی ئەو ژەنراڵ بازییە بوو، کە وەك میرات لە ڤۆن کورتویتسەوە بۆی بە جێمابوو.

یەکێك لەو ڕۆژانە کە بەردەوام چاوی لە دووربینەکەی دەبڕی و ئاڵاکانی دەشەکاندەوە، لە پڕ ڕوخساری کراوە و پێکەنی. زانیمان کە کۆزیمۆ وەڵامی داوەتەوە. چۆن؟ نازانم. ڕەنگە کڵاوەکەی بەرز کردبێتەوە یان لقە دارێکی جووڵاندبێت. لەو کاتەوە حاڵەتی دایکمان گـۆڕا و ترس و نیگەرانییەکەی نەما. ئاشکرایە کە بۆ هەموو دایکێك قورسـە منـداڵێکی ئـاوا سـەیر و سەمەرەی ببێت، کوڕێك کە هەموو هەستی ژیانێکی ئاسایی بەلاوە بنێت، بەڵام ئاخریەکـەی دایکمان بڕیاریدا مل بە واقیعەکە بدات و، کۆزیمۆ بەو شێوە وەربگرێت کە هەیە. ئەو زۆر بەر لە ئێمە ئەو کارەی کرد. بڕیاریـدا دڵـی بـەو سـڵاوانە خـۆش بکـات کـە جاروبـار کۆزیمـۆ بـە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پێی ڕادەگەیاندو، ئەو هەواڵ و پەیامە خامۆشانەی بەلاوە بەس بێت کە لە دوورەوە بۆی دەنارد.

سەیر ئەوە بوو کە دایکمان تەنانەت بۆ ساتێکیش تووشی ئەو وەهمە نەبوو کە کۆزیمۆ بە هۆی ئەو سڵاوانەوە بیـەوێت بگەڕێتـەوە بـۆ نـاو مـاڵ. بـەڵام باوکمـان، بـە پێـچەوانەوە،

هەمیشە بە هیوای گەڕانەوەی بوو، هەر گۆڕانێکی لە ڕەفتار و کرداری کوڕەکەیدا دەبینی، دەیگوت:

« چاوتان لێیە ! نەمگوت؟ نەمگوت دەگەڕێتەوە ؟ »

لەوە دەچوو دایکمان، کە لە هەموومان زیاتر لە کۆزیمۆ جیاواز بوو، تاکە کەسێك بێت کە توانیبێتی ئەو وەك خۆی وەربگرێت و، بیر لە پاساوی کردەکانی نەکاتەوە.

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەمە کە کۆزیمو وەك ناسیاوێك خۆی نیشان داین. باتیستا کە هەرگیز نەدەچووە هەیوان، لە پڕ چووە پشت سەری دایکم و بە میهرەبانییەوە دەورییەکی ـ کە نازانم چ خواردنێکی لەسەر بوو ـ بەرز کردەوە و کەوچکێکیشی حەواخست و هاواری کرد:

« هۆی کۆزیمۆ ! دەتەوێ؟ »

پاشان بە زللەیەکی باوکمان گەڕایەوە بۆ ناو ماڵ. هەر خودا دەزانێ دیسان چ مەعجوونێکی لێنابوو. براکەمان ون بۆوە.

لەو کاتەوە کە لە چالاکی منداڵە بەرەڵاکاندا بەشداری دەکرد، من بەو پەڕی بێقەرارییەوە حەزم دەکرد شوێنی بکەوم. هەستم دەکرد دەرکەی وڵاتێکی تازەم لێدەکاتەوە و، داوام لێدەکات هەموو جۆرە هەڵەبیری و ترسنۆکییەك وەلانێم و، خۆم تەسلیمی ئەو بزاڤ شەیدایی و یەکگرتنە بکەم. بەردەوام لە نێوان هەیوان و پەنجەرەیەکی بچووکی سەرخان لە هات و چوودا بووم. پەنجەرەیەك کە لە وێوە ئەو پەڕی ترۆپکی دارستانەکە دەبیندرا. لەوێ دادەنیشتم و گوێم بۆ هەرا و هاواری هێرش بردنی منداڵان بۆ باخەکان شل دەکرد، لە جووڵەی سەر لقی دار گێلاسەکانم دەڕوانی، دەستێك لە مابەینی لقەکانەوە دەخزی و میوەکانی دەڕنییەوە، سەرێکی قژ ئاڵۆز یان تەلیس پۆش دەردەکەوت. لەو قرم و قاڵەدا جارجار گوێم لە دەنگی کۆزیمۆ دەبوو، لە خۆم دەپرسی: « چۆن خۆی گەیاندۆتە ئەوێ، خۆ ئەو ئێستا لە باخی خۆمان بوو؟ تۆ بڵێی لە سمۆرەیش چابوکتر بێت؟ »

له بیرمـه لـه بـاخی «هـەڵووژه سـوور»ی سـەر ئەسـتێره گەورەکـه بـوون کـه دەنگـی شەیپوورێك بەرز بووەوە. چونکا نەمدەزانی ئەو دەنگه له کوێوە دێت، گـوێم پێنـەدا. بـەڵام دواتر براکەم گوتی که ئەوان به بیستنی ئەو دەنگه له جێی خۆیان وشك بـوون. لـەوەی کـه دیسان ئەو دەنگەیان دەبیستەوە وەها سەریان سوورمابوو که له بیریان چوو ئـەوە دەنگـی ئاگـادار کردنەوەیـه. لـه خۆیـان دەپرسـی بلێـی بەراسـت ئـەو دەنگـەیان بیـستبێت؟ بلێـی کڵاوسوور دیسان به سواری تاتوەکەی سەر ڕێ کەوتبێت تا له مەترسی ئاگاداریان بکاتەوە؟ هـەموویان بـه جارێـك ون بـوون. ئـەوان هەڵنـەدەهاتن بـەڵکوو بـه غـاردان بـەرەو کـچۆڵەکه دەچوون.

کۆزیمۆ به روخساری تووڕە و هەڵچوویەوە لەوێ مایەوە. بەڵام کاتێـك زانـی منداڵـەکان بەرەو کوێ چوون، بێئەوەی گوێ به مەترسییەکه بدات خۆی گوڕم دا و یەکه یەکه لقـەکانی پێوا.

ڤیۆلتا لەسەر پێچێکی لێـژ راوەسـتابوو. بـه دەسـتێك هەوسـاری ئەسـپەکەی گرتبـوو، دەستەکەی تریشی له سەر یاڵی دانابوو. سەیرێکی منداڵەکانی دەکرد و به دان قامچییەکەی دەگەست. ئەو جلی شینی لەبەردا بوو، شەیپوورە ئاڵتوونییەکـەی بـه زنجیرێکـی ناسـك بـه ملییەوە بـەردابۆوە. منداڵـەکانیش تێکـڕا راوەسـتابوون و ئـەوانیش هـەر یەکـه و شـتێکیان دەگەست: هەڵووژەییێك، قامکیان، قەتماغەی برینی سەر دەست یان قـەراغی تەلیـسێك. لـه زاریشیانەوە وردە وردە چرپەیەکی بێباوەڕانه هاتەدەر، چرپەیەکی وەك چرپینی گۆرانییـەك که پێدەچوو بیانەوێت کۆتایی بەو ساته پڕ ئازارەیان بێنن، بەو چاوەڕوانییەوە که ئەوەی به چاو دەیبینن درۆ بێت.

« ئەوە لێرە چی دەکەی کڵاو سوور؟ دیسان لەگەڵمان دێیت؟ تۆ ئیتر هاوڕێی ئێمـە... گوڵی ئێمە... نیت... کچی سەگ ئیتر بڕوا به قسەکانت ناکەین. »

لقەکان جووڵانـەوە و دەنگیـان هـات، کۆزیمـۆ بـه هەناسـه سـواری لـه نـاو گـەڵای دار هەنجیرێکی ئەستوورەوە دەرکەوت. کچۆڵه له کاتێکـدا قامـچییەکەی بـه دەمـەوە بـوو لێـی

روانی و، پاشان هەروا سەر و مل قیت نیگای تیژی لە منداڵەكانیش بڕی. كۆزیمۆ لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا و بە هەناسە سوارییەوە گوتی:

« دەزانی لەو رۆژەوە كە یەكترمان بینی قاچم نەخستۆتە سەر عەرز! »

ئەو كارە گرینگ و بەرجەستانە كە مرۆڤ بە دنەی وەسوەسە دەروونیەكانیان دەیكەن، نابێ بگوترێن و باس بكرێن. هەر كە گوتران و باس كران وەك شتێكی بێمەعنا و بێهوودە دێنە بەرچاو، سووك و بێ بایەخ دەبن. براكەم هێشتا قسەكەی تەواو نەكردبوو كە پەشیمان بۆوە. ئاخ بریا ئەو قسەی نەكردایە. ئیتر كارەكەی بەلاوە سووك و بێ بایەخ بوو، حەزی كرد لە دارەكە بێتەخوار و واز بێنێت. لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو كە ڤیۆلتا وردە وردە قامچییەكەی لە دەمی هێنایە دەر و بە شێوەیەكی دۆستانە گوتی:

« راست دەكەیت؟... ئای كە گەمژەیەكی سەیری! »

منداڵە بەرەڵاكان پێكەنینیان بە قسەكەی هات و، پاشان تۆفانی قاقا لەش و شانی راتەكاندن. كۆزیمۆ ئەوەندە تووڕە بوو كە لەسەر دار هەنجیرەكە هەڵبەزییەوە، لقەكەش لە ژێر پێیدا خۆی رانەگرت و تێك قرما و، باڕۆنی داهاتووش وەك خڕە بەردێك كەوتە خوار. ئەو بێئەوەی دەستی بە جێیەكەوە بەند بێت، بە باسكی لێك بڵاوەوە كەوتە خوار.

بە راست دەتوانم بڵێم لە ژیانی دار نشینی كۆزیمۆدا ئەوە یەكەمجار بوو كە بێئەوەی خۆی بیەوێت یان غەریزە یارمەتی بدات كەوتەخوار، بەڵام لاچكی كۆتەكەی بە لقێكی خوار دارەكەوە گیری كرد و چەند بستی مابوو بگاتە زەوی، بە هەڵواسراوی مایەوە.

تەنیا بیرێك كە بە مێشكیدا تێپەڕی... ـ لە كاتێكدا كە بە چاوی دەرتۆقیوەوە وینەی سەروبنی كچۆڵەی قژ سووری بە سوار ئەسپێكی گولەكەوە دەبینی كە لەسەر پاشوانی راوەستاوە و، منداڵەكانیش لەبەر چاویدا سەرمەقولاتیان دەدا و واییان دەنواند كە لە بۆشایی ناو دنیایەكی سەروبندا هەڵواسرابن ـ ئەرێ... تەنیا بیرێك كە بە مێشكیدا تێپەڕی ئەوە بوو كە ئەم یەكەمجارە، دواهەم جاریش دەبێت كە باسی دارنشینییەكەی دەكات.

ئەو تێکۆشا و بۆ دۆخی سروشتی گەڕایەوە و لەسەر لقێك دانیشت. ڤیۆلتا ئەسپەکەی ئارام کردبۆوە و وای دەنواند کە ئەو دیمەنی کەوتنەی نەبینیوە. کۆزیمۆش سەر لێشێواویەکەی ساتێك لەوە پێشی خۆی فەرامۆش کرد. کچۆڵە شەبیوورەکەی بە دەمیەوە نا و بەنیشانەی وشیار کردنەوە تێی تووڕاند. منداڵەکان بە بیستنی دەنگەکە هەڵاتن. (کۆزیمۆ دواتر پەی بەوە برد کە بوونی ئەو کچە بە شێوەیەکی سەیر منداڵەکان تووشی بێقەراری و لەخۆ دابڕان دەکات، هەروا کە مانگە شەو کەروێشکی کێوی تووشی بێقەراری و نائارامی دەکات.) منداڵەکان دەیانزانی ڤیۆلتا بۆ گەمە و یاری لە شەبیوورەکەی تووڕاندووە. هەڵاتنەکەی ئەوانیش گەمە و یاری بوو. بە غار بە لێژەکەدا دادەگەڕان و لاسایی دەنگی شەبیوورەکەیان دەکردەوە. ئەسپە تاتوەکەش، بە دەست و پاشووی کورتییەوە، لە پێشیانەوە غاری دەدا.

منداڵەکان سەریان داخستبوو کوێر کوێرانە هەڵدەهاتن، بۆیە جارجار ڤیۆلتایان لێ ون دەبوو. ئەو لە جادەکە لایدابوو، بە جێی هێشتبوون. بۆچی؟ ئەو بە غاردان بە زەوی و زاری کەم لێژی نێوان دار زەیتوونەکانی دۆڵەکەدا تێدەپەڕی و، لە دارێك دەگەڕا کە کۆزیمۆی کلۆڵ لەو کاتەدا بە زەحمەت خۆی پێ گەیاندبوو. کچەکە بەردەوام بە دەوری دارەکەدا غاری دەدا و ساتێکی تر لە بن دار زەیتوونێکیتر دەبیندرا کە کۆزیمۆی لەسەر بوو. بەو شێوە ئەویش وەك براکەم بە ڕێگەیەکی پیچاوپلووچدا دەڕۆشت و، پێکەوە بە دۆڵەکەدا دادەگەڕان.

کاتێك منداڵەکان لە یاری غارغارێن و لقپێوی ئەو دوانە گەیشتن، هەموویان پێکەوە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە فیکەیان لێدا و، هەروا کە بەرەو «دەروازەی هەنجیرۆك» دەڕۆشتن، دەنگی فیکەکەیان بڵێندتر دەبوو.

کچۆڵە و براکەم بە تەنیا مانەوە و لە زەیتوونستانەکەدا شوێن یەکتر کەوتن. کۆزیمۆ بە نیگەرانییەوە لەوە گەیشت کە دوای ڕۆشتنی منداڵە بەرەڵاکان، مەیلی کچۆڵەش بۆ یاری کردن کەم دەبێتەوە و، وردە وردە خەریکە بێتاقەت دەبێت. بۆیە بیری کردەوە ڕەنگە ئەو کچە تەنیا بۆ تووڕە کردنی منداڵەکان حەزی لەو یارییە کردبێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو

هیوایەی لە دڵ گەڕا، کە ڕەنگە ئێستاش ئەو کچە بە هیوا بێت ئەو تووڕە بکات. جێی گومان نەبوو کە ئەو کچە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك رابکێشێت، هەمیشە پێویستی بەوە بوو کەسێك لە خۆی برەنجێنێت و تووڕەی بکات. ( ئەڵبەت کۆزیمۆ لەبەر ئەوەی کە کوڕێکی منداڵکار بوو، زۆر لەو هەستە ئاڵۆزانە نەدەگەیشت، بۆیە وەك باڵندەیەکی بێ خەیاڵ بەسەر لقی زیری دارەکاندا دەپەڕییەوە ).

لە ناکاو لەپشت تەبارێکەوە بارانێك وردە بەردیان بەسەردا باری. کچۆڵە سەری خۆی لە پشت ملی تاتوەکەوە شاردەوە و هەڵات. براکەم کە لەسەر لقێکی ئەستوور راوەستابوو بە جوانی دەبیندرا، و ببوو بە نیشانەی ئەو بەردە فڕکەیە. بەڵام فڕینی وردە بەردەکان بەر لەوەی بگەنە کۆزیمۆ لار دەبوونەوە و سەدەمەیان پێ نەدەگەیاند. بەو حاڵەش چەند دانەیان بەر تەوێڵ و گوێچکەی کەوتن. منداڵەکان بە جەربەزەییەوە فیکەیان لێدەدا و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد:

« کڵاو سووری بێ حەیا ! »

ئەوسا رۆشتن و ون بوون.

دەستەی منداڵەکان گەیشتە «دەروازەی هەنجیرۆك». ئەو شوێنەی کە چوار دەوری بنە هەنجیرۆکی سەوز بوو. لە کۆلیتە نزیکەکانەوە قرم و قاڵی دایکیان بەرز بۆوە. دیارە ئەو جۆرە منداڵانەیان بۆ درەنگ رۆشتنەوە بۆ ماڵ سەرکۆنە نەدەکرد. ئەوانیان سەرکۆنە دەکرد کە بۆچی دەچنەوە بۆ ماڵ. بۆچی بۆ ژەمەکان دەگەڕێنەوە و ناتوانن لە شوێنێکی تر شتێك بۆ خواردنی خۆیان بدۆزنەوە.

هەژارترین خەڵکی ئومبروزا لە کۆلیت و کەپر و داشقە و خێوەتەکانی دەور و بەری « دەروازەی هەنجیرۆك » دەژیان. ئەوەندە نەدار بوون کە ئیجازەیان پێنەدەدان لە زەوی و زار و دەروازەکانی شار نزیك ببنەوە. ئەوان خەڵکی وڵات و هەریمە دوورەکان بوون، کە لەبەر قاتی و بێ ئەنوایی هەڵاتبوون و لەوێ کۆ ببوونەوە.

دەمەو ئێوارە بوو. ژنانی سەر و قژ ئاڵۆز لە کاتێکدا منداڵ لە باوەشیاندا

مەمکی دەمژی، فوویان لە ئاگر باجە دووکەڵاوییەکەیان دەکرد. سواڵکەرەکان لەسەر عەرز ڕاکشابوون و برینەکانیان بەر با دابوو. بەشێکی تریان بە هەرا هەرا خەریکی قاپێن بوون . منداڵە بەرەڵاکان بە ناو ئەو دووکەڵ و هەراو هاوارەدا بڵاو بوونەوە. دایکیان بەر زللەیان دان، یان دان و چنگیان لە سەر و قژیان ڕۆکرد و لە خۆڵەکەدا گەوزاندیانن. زۆر زوو جلکە دڕاوەکانیان وەك جلی ئەوانیتر ڕەنگی گۆڕیو، شادی و سەرخۆشی چۆلەکە ئاسایان لە ناو ئەو مەعجوونە مرۆییەدا توایەوەو، ماندوویی و داماوی خۆی بەسەردا سەپاندن. بۆیە کاتێك کچە قژ سوورەکەیان بە سەر ئەسپەکەو، کۆزیمۆیان بەسەر لقی دارەکانەوە بینی، تەنیا سەریان هەڵبڕی و بە شەرمەوە سەیریان کردن. ئەوسا خۆیان شاردەوەو، وەها کە دیوارێك لە مابەینی ئەوان و ئەو جووتە هاوارییەیان کێشرابێت، هەوڵیاندا لە ناو دووکەڵ و تۆز و خۆڵەکەدا ون بن.

دوو منداڵەکەی تریش سەیری یەکتریان کرد. ڤیۆلتا ڕۆشت و جێی خۆی بە قرم و قاڵی ژنەکان و دووکەڵی کەپرەکان دا، کە لەگەڵ سێبەری دەمەو ئێوارە تێکەڵ دەبوون و، لە مابەینی کاجەکانی ڕۆخی دەریاکەدا بڵاو دەبوونەوە.

دەریا لەوێ بوو، دەنگی وەك دەنگی خزینی تاشە بەردەکان لەسەر یەکتر، لەو پەڕی تاریك و ڕوونییەوە دەهات. گرمەیەکی لەوەش بڵێندتر دەبیسترا: ئەسپێکی بچووك بەسەر خڕکە بەردەکانی ڕۆخەکەدا غاری دەدا و سمەکانی پزیسکییان لێ دەبووەوە. براکەم لەسەر کاجێکی کورت و چەماوە سێبەری کچە قژ سوورەکەی دەدی کە بە ڕۆخەکەدا تێدەپەڕی. شەپۆلێکی کورت لە تاریکی دەریاکەوە هەستا، هەستا و نەوییەوە، سەرانسەر سپی بوو، بەرەو پێش هات و تێکشکا. سێبەری کچۆڵە و ئەسپە کورتەکەی بە غار بە قەراغ شەپۆلە شکاوەکەدا ڕەت بوو. مشتێك ئاوی سوێر گەیشتە کاجەکە و ڕوومەتی کۆزیمۆی تەڕ کرد.

## ٦

کۆزیمۆ لە یەکەم ڕۆژانی دارنشینییدا هیچ کار و بەرنامەیەکی دیاری کراوی نەبوو. هەرچی دەکرد بۆ ناسین و خاوەنداری قەڵەمڕەوەکەی دەیکرد. دەیویست زۆر زوو سنوورەکانی وڵاتەکەی بناسێت، پەی بە هەموو ئیمکانیاتەکەی ببات و، هەموو دار و لقەکانی «کەشف» بکات و ببێتە خاوەنیان. لەبەر ئەوە بوو کە بەردەوام دەمانبینی بەژوور سەرمانەوە تێدەپەڕیۆ، وەك حاڵەتی وشیاریی و ئامادەیی ئاژەڵە کێوییەکان، تەنانەت لە کاتی کزی و بیێ جموجووڵیشدا ئامادەی خزین و پەڕین بوو.

بۆچی بەردەوام دەهاتەوە بۆ باخەکەی خۆمان؟ بە بینینی ئەو کە هەمیشە لە ڕوانگەی دووربینەکەی دایکماندا لە دارێکەوە بەرەو دارێکیتر دەچوو، دەکرا وابیر بکەینەوە کە هێزی هاندەر و وەسوەسە هەمیشەییەکەی، ڕاپەڕین دژی ئێمەیە و دەیەوێت ئازارمان بدا و تووڕەمان بکات. ( دەڵێم ئێمە، چونکا نەمدەزانی چون بیر لە من دەکاتەوە. ئەو کە پێویستی بە شتێك بوایە وایدەنواند کە گوایە لە گەڵ مندایە و، لە دوای ئەوەش بە شێوەیەك بە ژوور سەرمەوە تێدەپەڕی کە دەتگوت هەر ناشمبینێت. )

راستییەکەی ئەوەیە کە باخەکەمان بۆ ئەو ڕێباز بوو. ئەوەی کە ئەوی بەرەو لای خۆی رادەکێشا دیواری لای ماگنۆلیاکە بوو. زۆر جار دەمانبینی کە لە پشت ئەو دیوارەوە ون دەبێت، تەنانەت ئەو کاتەش کە هێشتا کچەکە لە خەو هەڵنەستابوو، ئەو کاتانەش کە دارودەستەی پوور و خزمەتکارەکانیان بۆ ماڵەوەیان بردبوو.

لە باخەکەی ماڵی ریڤالۆندە، لقی دارەکان لە لووتی فیلە ئەفسانەییەکان دەچوون. گەڵای پان و دابڕی دابڕی وەك ئەستێرە رژابوونە سەر عەرزەکە و، رەنگی کەسکییان لە پێستی مار دەچوو. حەیزەرانە زەرد و سووکەکان بەدەم باوە شەپۆلییان دەداو، وەك کاغەز دەنگییان دەهات. پێویستییەکی گەرم و گوڕ کۆزیمۆی بەرەو ئەو سەوزاییە بێوێنەیە و، ئەو رۆشناییە سەیر و سەمەرەیە کە لە مابەینی لقو پۆپەکانەوە دیار بوو، ئەو بێدەنگییە غەریبە رادەکێشا. لەوێ سەرەوخوار خۆی بە لقی بڵێندترین دارەوە هەڵدەواسی و باخە سەروبنەکەی لێ دەبووە دارستانێك، نەوەك دارستانێکی سەر عەرز بەڵکوو شوێنێکی نەبیندراو و نەناسراو.

پاشان ڤیۆڵتا دەردەکەوت. کۆزیمۆ لە پڕ ئەوی بەسەر جۆلانەکەوە دەبینی کە تێدەکۆشا هەرچی زیاتر خۆی بەرەو ژوور گوڕم بدات، یان سوار ئەسپە گولەکەی دەبوو. جاروباریش لە دوورترین شوێنی باخەکەوە دەنگی شەیپوورەکەی دەبیست.

بنەماڵەی ریڤالۆندە هەرگیز لەو راکە راکەی کچۆڵەکەیان نیگەران نەبووبوون. ئەگەر بە پێ پیاسەی بکردایە هەموو پوورەکانی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەگەر سوار ئەسپەکەی ببوایە کەس کاری پێی نەبوو. لەبەر ئەوەی کە ئەو ژنانە ئەسپ سوارییان نەدەزانی وازیان لێ دەهێنا بۆ هەر کوێ حەز بکات بچێت. جگە لەوەش دۆستایەتی ئەو و منداڵە بەرەڵاکان ئەوەندە نامومکین بوو کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە. بەڵام ژنانی بنەماڵە زۆر زوو سەرنجیان بۆ ئەو کوڕە مێرمنداڵە راکێشرا کە لەسەر داری باخەکەیان جێی خۆش کردبوو، ئەگەرچی بەڕواڵەت گوێیان پێ نەدەدا، چاویان لێ غافڵ نەدەکرد و بەردەوام لە کەمینیدا بوون.

بۆ باوکیشمان، خەمی سەرچڵی کۆزیمۆ و رقی کۆنی لە بنەماڵەی ریڤالۆندە تێکەڵ بە یەکتری بووبوو. دەکرێ بڵێم ئەو پێی خۆش بوو هەموو بەرپرسایەتی رووداوەکە بخاتە ئەستۆی ئەو بنەماڵە نەیارەوە. دەتگوت ئەوان بوون کە کوڕەکەی ئەویان بۆ باخەکەیان رادەکێشا، میواندریان دەکرد و دنەیان دەدا لە بنەماڵەکەی خۆی راپەڕێت. بەو بۆنەوە بوو کە باوکمان رۆژێك بڕیاری دا نەوەك لە باخی خۆمان، بەڵکوو لە باخی ریڤالۆندە، هەوڵ بۆ راو کردنی کۆزیمۆ بدات. ئەو بۆ نیشاندانی دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە، خۆی رابەرایەتی ئەو چالاکییەی نەکرد. نەیدەویست بچێتە لایان و داوایان لێ بکات کوڕەکەی بۆ بگەڕێننەوە. ئەو داوایە، ئەگەرچی بێ جێ و لە خۆوە بوو، بەڵام جۆرێك پەیوەندی رێزدارانەی دەخواست. بۆیە چەند کەس لە خزمەتکارەکانی بە سەرکردایەتی جەنابی پارێزەر ئێنئاس سیلڤیوس کارگا بەرەو ئەوێ نارد.

خزمەتکارەکانمان، بە چەکی پەیژە و گوریسەوە، بەرەو دەرکەی ریڤالۆندە رۆشتن. جەنابی پارێزەر بە کەوا و مێزەرەکەیەوە داوای لێبوردنی کرد و، بە منگە منگ ویستی رێگەی چوونە ناو باخەکەیان بدەن. خزمەتکارەکانی ریڤالۆندە سەرەتا پێیانوابوو مەبەستی ئەو جەماعەتە بڕینەوەی ئەو لقانەیە کە لە دیوارەکەوە ئاودیو ببوون. بەڵام بە بینینی جەنابی پارێزەر کە لە جێوە وێرغەی دەکرد و سەرچڵەکانی نیشان دەدان و دەیگوت: « دەیگرم... دەیگرم... » پرسیان:

« چی هەڵاتووە، تووتی؟ »

جەنابی پارێزەر گوتی:

« کوڕ، منداڵ، کوڕە گەورە. »

ئەوسا پەیژەکەی بە دار بەروویەکی گەورەوە هەڵپەسارد و پیایدا هەڵگەڕا. کۆزیمۆ لەسەر لقی ئەو دارە دانیشتبوو، بێ خەبەر لە هەمووشتێك پێی دەلەقاند. ڤیۆلتاش وەها کەئاگای لە هیچ نەبێت، لە کوێرە رێی ناو دارەکاندا یاری دەکرد. خزمەتکارەکان گوریسەکەیان دا بە ئێنئاس کە گوایە براکەمی پێ بگرێت. بەڵام هێشتا جەنابی پارێزەر بە

نیوەی دارەکەشدا هەڵنەگەڕابوو کە کۆزیمۆ خۆی گەیاندە لووتکەی دارێکیتر. پارێزەر پەیژەکەی بۆئەو دارە گوێزایەوە. جەماعەتی پوورەکان هاتن، ڤیۆڵتایان برد و لە شوێنێکی دوور لەو دیمەنە ناحەزە دەرکەیان لەسەر داخست. کۆزیمۆ لقێکی شکاند و لە حەواوە خولاندییەوە و فیکەی کرد.

مارکی ریڤالۆندە بە دۆخێکی شاهانەوە پێی خستە ناو دەرکەی ڤیلاکەی و گوتی:

« بەرێزان، ناکرێ لە باخی خۆتان درێژە بەم راوە بدەن؟ »

ئەو جلی ناو ماڵی لەبەردا بوو، سەرپێچێکی یوونانی بە سەرەوە بوو، بە شێوەیەکی سەیر لە جەنابی پارێزەر دەچوو.

گوتی: « رووی دەمم لە هەموو بنەماڵەی لاڤێرس دو رۆندوە. » بە گوتنی ئەم رستەیە بۆ ئەوەی قسەکەی بارۆنی بچووکی سەر دارەکان و خزمەتکارەکان و هەموو ئێمەش لە پشت دیوارەکەوە بگرێتەوە، بە شێوەیەکی ماقووڵانە دەستی بەرز کردەوە.

لەم کاتەدا بوو کە ئێنئاس سیلڤیوس کارگا لە پرێکدا حاڵەتی گۆڕا. وەها کە هیچ شتێك لە نێوانیاندا رووی نەدابێت، لە مارکی نزیك بۆوە و بەمنگە منگ باسی فوارەی ئەستێرێکی بۆ کرد کە لەو نزیکانە بوو. گوتی: لە پڕ بیری لە ساز کردنی فوارەیەك کردۆتەوە کە زۆر جوانتر و بڵیندتر دەبێ و، دوای سووکە دەسکارییەك بە کەڵکی ئاودێریش دێت. بەم شێوە مامەمان جارێکی تریش ئەو راستییەی نیشان دا کە پێشبینی کردارەکانی ناکردرێ و نابێ هیچ کارێکی پێ بسپێردرێت. باوکمان بۆ کارێکی تایبەت و تەحریك کردنی دراوسێکەمان ناردبووی، بەڵام ئەو وەها خۆمانە لەگەڵی دەدوا کە پێدەچوو بیەوێت لەگەڵی ببێتە دۆست. جەنابی پارێزەر تەنیا کاتێك زمانی دەپژا کە سوودێکی بۆی ببێ‌و، ئەمەش کاتێك رووی دەدا کە متمانەیان بە گرژی و کەم دوێنییەکەی دەکرد. لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو کە مارکی گوێی لە قسەکانی گرت و هەندێك پرسیاری لێکردو، لەگەڵ خۆشی بۆ سەیری فوارە و ئەستێرەکانی برد. ئەوان شان بە شانی یەك بە رێگەکەدا دەڕۆشتن. هەر دووکیان جلکی هەراویان لەبەردا بوو، باڵایان بە قەدەر یەکتر بوو، ئەوندە لە یەکتر دەچوون کە بە گران لە

یەك جیا دەکرانەوە. دوو دەستە خزمەتکاریش بە شوێنیانەوە بوون. دەستەیەکیان پەیژەیان بە کۆڵەوە بوو کە نەیاندەزانی چی لێبکەن.

لەم کاتەدا کۆزیمۆ بە خەیاڵی ئاسوودە، لەسەر داری نزیك پەنجەرەی ڤیلاکە، لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر دەچوو، لە دیوەکەی ڤیۆلتا دەگەڕا. ئەو لە ئەنجامدا دیوەکەی دۆزییەوە و بەڕوویەکی بۆ شیشەی پەنجەرەکەی خست. پەنجەرە کرایەوە و کچۆڵەی قژ سوور سەری دەرکێشا.

«خەتای تۆیە منیان لەم دیوە بەند کردووە.»

ئەوسا پەنجەرەکەی پێوەدا و پەردەکەشی دادایەوە.

کۆزیمۆ بە جارێك هەستی بە داماوی کرد.

تووڕەیی براکەم بە راست جێگەی نیگەرانی بوو. هەموو جارێك کە تووڕە دەبوو دەستی بە راکردن دەکرد. ( ئەڵبەت ئەگەر هەڵبەز و دابەزی سەردارەکان، لە نێوان زەوی و ئاسماندا، بە را کردن بزانین ). ئێمە دەترساین هەموو ساتێك قاچی بخزێت و بکەوێتەخوار، بەڵام هەرگیز شتیوا رووی نەدا. ئەو دەخوشی و بە پەلە بە سەر لقە خوارەکاندا دەڕوشت، هەڵدەبەزی و لەپڕێکدا چنگی لە لقێکی بەرزتر گیر دەکرد، چوار پێنج بازی دەدا و ون دەبوو.

بۆکوێ دەچوو؟ ئەو جارەیان شێتانە لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر چوو، تا گەیشتە دارستان. لەوێ بە پشووی سوارەوە راوەستاوا. مێرگێك لە ژێر پێیدا بوو. بایەکی زەمەن شەپۆلی سەوزی دەخستە ناو گیا تیژ و ناسکەکان. لە کەڵاڤی نەرمی سەرچڵەکانەوە پەپوولە پاییزە بەرز دەبوونەوە. کاجێکی بەرز و بڵێند لەناو چیمەنەکەدا هەڵکشابوو. بەری درشت و درێژی بوو. دارکونکەرە بە باڵی بەڕوو رەنگی تنۆك تنۆکییانەوە بە دەوری دارەکەدا دەفڕین، لەسەر لقە پڕ لە دەرزییەکانیان دەنیشتن و جاروبار کلکیان بەرز دەکردەوە و سەریان دادەنەواند و دەندووکیان لە بەرەکەی دەگرت.

تەمەنای چوونە ناو دنیایەکی دوورەدەست، ئەو تەمەنایە کە براکەمی بەرەو لقوپۆکـان ڕاکێشابوو، هێشتا وەسوەسەی دەکرد. هێشتا پاڵی پێوە دەنا و بۆ ناسین و کەشفی زیـاتر بە ناو ئەو دنیایەدا دەیگێڕا. حەزی دەکرد لەگەڵ هەموو گەڵایەك، هەموو دارێك، هەموو پـەڕ و، هەموو ئاوازی باڵی باڵندەیەك پەیوەندی بگرێت. ئەمە ئەو عەشقەیە کە ڕاوچـی بەرامبـەر هەموو بوونەوەرێك هەستی پێدەکات و، بۆ دەربڕینیشی _ بەشـێوەی تایبـەت بـە خـۆی _ تفەنگەکەی لە شان دەکات. کۆزیمۆ کە هێشتا پەی بەو عەشـقە نـەبردبوو، هـەوڵی دەدا بـە گەڕان و پشکنینی سەرسـەختانە بـەناو دارو درەختەکانـدا، وەڵـامی ئـەو تەمەنایـەی خـۆی بداتەوە.

دارستان پڕ و تێکچڕژاو بوو. کۆزیمۆ بە شمشێرەکەی ڕێی خۆی دەکردەوە. ئـەو وردە وردە وەسوەسەکەی لەبیر چووەوە و، بیری بۆ لای ئەو کێشانە چوو کە یەك لـە دوای یـەك دەهاتنــە ســەر ڕێگەکــەی. ئــەو کێــشانە لــە ترســی دوور کەوتنــەوە لــە شــوێنە ئاشــنا و ناسیاوەکانەوە سەری هەڵدەدا. ترسێك کە دانی پیا نەدەنا، بەڵام هەستی پێ دەکـرد. بـەم شێوە، هەروا کە بە ناو لقەکاندا بەرەو پێش دەچوو، لە پڕ چـاوی بـە جووتێـك چـاوی زەرد کەوت کە لە ڕووبەڕووەوە لێی ڕامابوو. شمشێرەکەی بەرەو پێش گرت، لقێکی لادا و پاشان کەمە کەمە وازی لێ هێنا. ئەوسا هەناسەیەکی کێشا و پێکەنینی بـە خـۆی و بـە ترسـەکەی هات. ئەو چاوە زەردانە چاوی پشیلەیەك بوون.

ئـەو ئەگەرچـی تـەنیا بـۆ سـاتێك پـشیلەکەی بـینی، بـەڵام وێنەکـەی لـەبیر مـا. زۆری پێنەچوو کە لە ترسا هەڵلەرزی. ئەو ئاژەڵە، ئەگەرچی لـە هـەموو پـشیلەیەکی تـر دەچـوو، بەڵام پشیلەیەکی ترسناك بوو کە بنیادەمی دەتۆقاند. بۆچی؟ وەڵامی ئەو پرسیارە سەخت بوو: پێستی خەت خەتی و لەشی گەورەو زەلام بوو. ئەوەی کـە کۆزیمـۆی تۆقانـدبوو تاڵـە سمێڵە درێژ و سیخەکانی بوو، کە دەتگوت دڕکی لەشی ژیشکن. هەناسەی، کە لـە مابـەینی دانـە تیژەکانییـەوە دەهاتـەدەر، ئەوەنـدە گـەرم بـوو کـە دەتگـوت بـەر لـەوەی ببیـسترێ دەبینــدرێت. گــوێ قوتــەکانی وەك بڵێــسەی ئــاگر هەڵــچووبوون و، گەنــدەمووی ســەر

گوێچکەکانیشی تەنیا بەڕواڵەت نەرم بوون. کوڵکی لەشی سیخ و، لە دەوری ملییەوە گڤو مۆر دەبوو. خەت خەتەکانی سەر سکی بەشێوەیەك دەڵەرینەوە، کە دەتگوت هەر خەتە و خەتەکەی تر دەلاوێننەوە. کلکی ئەوەندە قیت و بەرز بوو لە سروشتی نەدەچوو. کۆزیمۆ هەموو ئەم شتانەی تەنیا بۆ ساتێك لە پشت لقێکەوە دیبوو، پاشان وازی لە لقەکە هێنابوو داکەوتبۆوە. بێجگە لەمانە شتێکیتریش بوو کە کۆزیمۆ ئەگەرچی دەرفەتی بینینی نەبوو، بەڵام مەزندەی دەکرد. ئەوەش دەستوورێك کوڵکی درێژ بوو کە چنگۆڵی پشیلەکەیان داپۆشیبوو، چنگۆڵی تیژ بۆ هەڵدڕین، ئامادە بۆ شاڵاو بردن. ئەو چاوەکانی پشیلەکەشی دیبوو کە لە قاپووڕە رەشەکەیاندا گەڕابوون و، لە ناو لقەکانەوە لە ئەو ورد ببوونەوە. ئەوەی کە کۆزیمۆ دەیبیست، لە دیتنەکەی کەمتر نەبوو. نرکەیەکی بڵێند و ترسناك. بێگومان کۆزیمۆ تووشی بە تووشی رق ئەستوورترین پشیلەی کێوی ئەو دارستانەوە بووبوو. هەموو هەرا و نرکەکە بڕاو پشیلەی کێوی بازی هەڵدا. بازێك نەوەك بەرەو کۆزیمۆ، بەرەو ژوورتر. بازێکی تیژی ئەستوونی کە کوڕەکە زیاتر لەوە لێی بترسێت، سەری سووڕما. لە دوا ئەو بازە بوو کە ترس هەموو گیانی کۆزیمۆی داگیر کرد. ئەو کاتە کە پشیلەکەی لە سەر لقێك بە ژوور سەری خۆیەوە بینی. پشیلەکە بە ژوور سەری ئەوەوە دانیشتبوو، خۆی کۆ کردبۆوە. کۆزیمۆ چاوی لە سکی بوو، لە تووکە درێژ و سپییەکەی سکی. قاچی قیت و چنگی لە لقەکە رۆکردبوو. پشتی چەماندبۆوە و فیف! فیفی! دەکرد و ئامادەی پەڕین دەبوو. کۆزیمۆ بە جووڵەیەکی غەریزی پاشەوپاش ۆشت و خۆی گەیاندە لقێکی نزمتر. پشیلە دیسان فیف! فیفی! کردەوە و لەگەڵ هەر فیفێکدا، جارێك بە راست و جارێك بە چەپەدا دەرۆشت تا بەردەوام بە ژوور سەری کۆزیمۆوە بێت. براکەشم بەردەوام دادەخزا تا گەیشتە خوارترین لقی دارەکە. بازدان بۆ عەرز ترسناك بوو، بەڵام لەوە چاکتر بوو کە لەوێ بمێنێتەوە تا دەنگی سامناکی ئەو ئاژەڵە، کە تێکەڵەیەك لە نرکە و میاو میاو بوو، کۆتایی پێ بێت و لە ئەنجامدا بکەوێتە گیانی.

کۆزیمۆ قاچێکی بۆ بازدان بەرز کردەوە. بەڵام وادیار بوو دوو غەریزە لە دەروونیدا کێشەیان بوو: یەکیان پێویستی سروشتی بۆ دوور کەوتنەوە لەمەترسی و، ئەویتریان خۆڕاگری سەرسەختانەی بۆ پێ نەخستنە سەر زەوی، تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی گیانیشی تەواو ببێت. ئەو دوودڵ بوو، پشیلەکەش ئەو کاتەی بە چاکترین کات بۆ بازدان زانی. بازی هەڵداو، گلۆڵەیەك تووك و چنگۆڵ، بە فیکەو نرکە بەسەر کۆزیمۆدا هاتە خوار. کۆزیمۆ تەنیا کارێك کە توانی بیکات ئەوە بوو کە چاوی بقووچێنێ و شمشێرەکەی بەرەو سەر رابگرێت. بەڵام ئەو هەوڵەشی بێهوودە بوو، پشیلەکە پێی زانی، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیخاتە خوار بە سەریدا کەوت. کۆزێمۆ هەر چەند بە چنگی پشیلەکە گۆنای رووشا، بەڵام بۆ ئەوەی نەکەوێت چنگی لە لقەکە گیر کرد، خۆی بە پشتدا خست و پێی لەسەر دارەکە چەقاند. پشیلەکە چاوەڕوانی جووڵەیەکی بە پێچەوانەوە بوو، بۆیە بە لایەکیتردا دراو کەوت. بۆ ئەوەی نەکەوێتە زەوی چنگۆڵی لە لقێك گیر کردو خولێکی بە لەشیدا. کۆزیمۆ ئەو ساتەوەختەی قۆستەوە و بە تەکانێکی گورج و ئازایانە شمشێرەکەی تا مشتوو لە سکی پشیلەکە رۆکرد. پشیلەی سك هەڵدڕاو بە هەموو هێزییەوە زریکاندی.

کۆزیمۆ زیندوو و خوێناوی بوو. ئاژەڵە کێوییەکە مردبوو، وەها کە لە شیش درابێت بە شمشێرەکەیەوە بەر بووبووەوە. برینەکەی کۆزیمۆ وەك سێ هێڵی تەریب لە چاوییەوە بۆ چەناگەی کشابوو. لەبەر ئازاری برینەکەی و لە خۆشی سەرکەوتنەکەی قیژاندی. لە خۆشیدا گەشکەی لێ هاتبوو، لقی دارەکە و شمشێر و لەشی پشیلەکەی بە خۆیەوە دەگوشی. تووشی خۆشی و هەڵچوونێکی سەیر بووبوو، کە بنیادەم لە دوای یەکەم سەرکەوتنی گەورەی ژیانی هەستی پێ دەکات. ئەو کاتەی کە لە بەهای سەرکەوتنەکەی دەگات و دەزانێت دەبێ لەوەدواش، پێداگرتر بەرەو پێش بڕوات و بیر لە تێشکان نەکاتەوە.

لە وەها حاڵێکدا بوو من کۆزیمۆم دی کە بە ناو لقەکاندا دەهات، جلەکانی خوێناوی بوو، نەواری پرچەکانی کرابووەوە، کڵاوە سێ سووچەکەی گرمۆڵە ببوو، کلکی ئاژەڵێکی بە دەستەوە بوو کە ئێستا ئیتر لە پشیلەیەك هیچ زیاتر نەبوو.

بۆ ئەوەی ژەنراڵ ئاگادار بکەمەوە، بەغار بەرەو هەیوان چووم و هاوارم کرد: « دایە گیان، بریندار بووە ! »

پرسی:« بریندار بووە ؟ چۆن؟ »

ئەوسا گورجێك بەرەو دووربینەکەی ڕۆیشت.

گوتم: « بریندار، وەك هەموو بریندارێکی تر! »

گوایە ئەو قسەم بە لای ژەنراڵەوە زۆر زیرەکانە بوو، چونکا دووربینەکەی لە کوزیمۆ گرت کە چابوکتر لە جاران بەسەر لقەکاندا دەڕۆشت. ئەوسا بۆ سەلماندنی قسەکەم گوتی: « ئێس ئیست وار[٢٨]. »

پاشان بە پەلە خەریکی ئامادە کردنی ڕۆن و مەلحەم و کەلوپەلی برین پێچی بوو. دەتگوت دەیەوێت ئەو کەلوپەلانە بگەیەنێتە بەرپرسی نەخۆشخانەی پەلە سوپاییەکە. بێئەوەی بۆ ساتێکیش ئەو ئومێدەی بە دڵدا بێت کە ڕەنگە کوڕەکەی بۆ دەواو دەرمان بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، کەلوپەلەکەی دایە دەستم تا بیانبەم بۆ کۆزیمۆ. من دەرمانەکانم لێوەرگرت و بە غار بەرەو باخەکەمان چووم و، لە ژێر دارتووەکەی نزیك دیواری ماڵی ریڤالۆندە چاوەڕێی مام. بەڵام کۆزیمۆ خۆی گەیاندە ماگنۆلیاکە و ون بوو.

ئەو لە کاتێکدا تەرمی دوژمنەکەی بە دەستەوە بوو، لەوبەری دیوارەکەوە دەرکەوتەوە. بەڵام هەواڵ و باسی بەر ڤیلاکە چی بوو؟ کالیسکەیەك ئامادەی سەفەر بوو، خزمەتکارەکان جانتا و چەمەدانەکانیان بار دەکرد. لە ناو دەستەی خزمەتکار و پوورە ڕەشپۆش و مۆنەکاندا، ڤیۆڵتا بە جلی سەفەرەوە مارکی و مارکیزی ماچ دەکرد. کۆزیمۆ کلکی پشیلەکەی بە دەستەوە بوو، لە حەواوە سووڕاندییەوە و بە دەنگی بەرز گوتی:

« ڤیۆلتا بۆ کوێ دەچی؟ »

هەموو نیگاکان بەرەو ئەو سووڕان کە جلەکانی دڕاو و خوێناوی بوو، وەك شێت لاشەی پشیلە کوژراوەکەی رادەوەشاند. هەموویان بە بینینی ئەو دیمەنە داچڵەکین.

---

[٢٨] – ES IST WAHR شەڕ بووە!

« ئەوە دیسان هاتیتەوە ! ئەویش بەم سەر و سەکوتەوە ! »

پوورەکان بە پەلە کچۆڵەیان بەرەو کالیسکەکە برد. ڤیۆڵتا بـە سـەر بەرزییـەوە ئـاوڕی دایەوەو، بە لەحنێکی لێوەشاوە و بە دەمار، روو لە دایك و باوکی و رەنگە روو لە کۆزیمۆش گوتی:

« دەمنێرن بۆ قوتابخانەی شەوانەڕۆژی. »

( بەم شێوە وەڵامی براکەمی دایەوە. )

پاشان بەرەو کالیسکەکە رۆشت و سوار بوو، بێئـەوەی تەنانـەت چـاوێك لـە کۆزیمـۆ و راوەکەی بکات. دەرکەی کالیسکەکە پێوە دراو، لێخوڕەکەی لە جێی خۆی دانیشت. کۆزیمۆ بڕوای نەدەکرد. دیسان هەوڵیدا سەرنجی ڤیۆلتا بەرەو لای خۆی راکێشێت و تێیگەیەنێت کە ئەو سەرکەوتنە خوێناوییەی پێشکەش بە ئەو دەکات. نەیدەزانی چـۆن ئـەوەی پـێ بڵێـت، هاواری کرد:

« لە شەڕ لەگەڵ پشیلەکەدا سەرکەوتوو بووم. »

دەنگی قامچییەکە هات، دەسڕەی ژنەکان راوەشا و کالیسکەکە سـەر ڕێ کـەوت. ئـەو دەنگی ڤیۆڵتای لە ناو کالیسکەکەوە بیست کە دەیگوت:

« ئافەرەم بۆ تۆ ! »

دیار نەبوو ئەو ئافەرەمە بۆ ستایشکردنی ئەو بوو یان بۆ مەسخەرە کردنی.

ئەوان بەم شێوە ماڵاواییان لە یەکتر کرد. بێقەراری و هەڵچوونی کۆزیمۆ، ئێش و ئازاری گۆنای برینداری، خەمی ئەوەی کـە نـەیتوانیبوو بـچووکترین شـانازی بـەو سـەرکەوتنەیەوە بکات، نائومێدییەك کە لـەو جیاییـە کوتوپڕییـەوە سـەری هەڵـدەداو، هـەموو ئەمانـە تێکـڕا ئازاریان دا و گریاندییان. لەو کاتەدا کە قووڕە قووڕ دەگریا، دەنگی شکانی لقەکان بەرز بۆوە و هاواری ژنەکانیش بیسترا کە بە فەڕانسەیی دەیانگوت:

« بۆ دەرەوە ! بەڕەڵای کێوی لە باخەکەمان بڕۆرە دەر ! »

هەموو خزمەتكارەكانی ریڤالۆندە، بۆ ئەوەی لەباخەكە دەری بكەن بەرەو ئەو هەڵاتن. هەندێكیان چنگاڵیان پێ بوو، هەندێكی تریان بەردە فڕكەیان دەكرد.

كۆزیمۆ هەروا بەدەم گریان و هاوار هاوارەوە لاشەی پشیلەكەی بۆ ئەو خزمەتكارانە فڕێدا كە لە بن دارەكە كۆببوونەوە و، ئەوانیش هەڵیانگرت و لەسەر تەبارێك دایاننا.

من دوای ئەوەی كە هەواڵی ڕۆشتنی كچۆڵەكەی دراوسێمانم بیست، چەند ڕۆژێك بەهیوا بووم كۆزیمۆ لەسەر دارەكان بێتە خوار. نازانم بۆچی پێموابوو ئەو بڕیارە سەیر و سەمەرەی براكەم بۆ مانەوە لە سەر دارەكان، تا ڕادەیەك پەیوەندی بەو كچەوە هەیە.

بەڵام ئەوەی من دەمویست ڕووی نەدا. بە پێچەوانەوە ئەوە من بووم كە بە دارێكدا هەڵگەڕام تا كەلوپەلی برین پێچییەكەی بۆ ببەم. ئەو بۆخۆی برینەكانی ڕوومەت و قۆلی تیمار كرد. پاشان داوای گوریسێكی لێكردم كە قولاپێكی بەسەرەوە بێت. دەیویست بچێتە سەر دار زەیتونێك كە لە تەباری باخی ریڤالۆندەوە نزیك بوو، لاشەی پشیلەكە هەڵبگرێتەوە. ئەو پشیلەكەی كەوڵ كرد و ئەوەندەی كە دەیزانی پێستەكەی خۆش كرد و كڵاوێكی بۆ خۆی لێ ساز كرد. ئەوە یەكەم كڵاو لەو زنجیرە كڵاوپێستانە بوو كە لە هەموو ژیانیدا لە سەری دەكرد.

# ٧

دواهەمین هەوڵ بۆ راو کردنی کۆزیمۆ لە لایەن باتیستای خوشکمانەوە بوو. ئەڵبەت ئەو ئەم کارەشی وەك هەموو کارەکانیتری بە دزیەوە و بێ پـرس و رای دیـتران کـرد. شـەو بـە پەیژە و مەنجەڵێکی پڕ لە چەسپەوە چوو بۆ باخ و، لە بنکەوە تە سەری دار عەرعەرێکی لە چەسپ گرت. ئەمە ئەو دارە بوو کە کۆزیمۆ هەموو بەیانیان لەسەری دادەنیشت.

بـەو شـێوە بـوو کـە بەیانییـەك چـاومان بـە دارەکـە کـەوت کـە چـۆلەکەکان پێیـەوە نووسابوون و باڵە فرەیـان دەکـرد. بـە هـەموو لقەکانییـەوە پۆلـە پەپوولـەو سـێروو، کلکـی سمۆرە و، تەنانەت کوتێك لە کۆتەکەی کۆزیمۆش چەسپابوون. ئایا براکەم لەسەر لقێکی ئەو دارە دانیشتبوو، دواتر توانیبووی خۆی لەو داوە رزگـار بکـات؟ یـان ئـەوەی کـە ئـەو کوتـە کۆتەی بە تایبەت بەو لقەوە لکاندبوو کە پێمان راببوێرێت؟ ئەمـەیان زیـاتر رێـی تێدەچـوو، چونکا دەمێکە بوو ئەو کۆتەم لە بەریدا نەدەبینی. هەرچی بوو ئەو دارە هەروا چەسـپاوی و قێزەون مایەوە تا وشك بوو.

وردە وردە خەریك بوو بڕوامان دەكرد كە كۆزیمۆ ئیتر نایەتە خوارەوە. تەنانەت باوكیشمان نائومێد ببوو. لەو كاتەوە كە براكەم هەموو دارەكانی ناوچەی ئۆمبرۆزای لق بە لق دەپێوا، جەنابی بارۆن لە هیچ كوێ خۆی دەرنەدەخست. ئەو لەوە دەترسا پلە و پایەی دوكییەكەی تووشی زیان ببێت. روخساری رۆژ لە دوای رۆژ تێك قوپاوتر و رەنگ پەڕیوتر دەبوو. نازانم ئەو خەمە تا چەندە لەبەر میهرەبانی باوكانە و تا چەندە لەبەر پلە و پایە ئەشرافیەكەی بوو. رەنگە بشێ بگوترێ ئەم دوو بابەتەش لە ئەنجامدا دەبوون بە یەك. كۆزیمۆ كوڕە گەورە و میراتگری پلە و پایەكەی بوو، ئەگەر بۆ بارۆنێك شایستە نەبێت كە وەك مەیموون لەسەر دارەكان هەڵبەز و دابەز بكات، بۆ دووكێك ــ تەنانەت دوكێكی مێرمنداڵەش ــ لەوە ناشایستتر بوو. بەو هەموو بیروڕا جیاوازەوە كە لەسەر پلەی دووكییەتی ئێمە لە ئارادا بوو، كرداری براكەم بێگومان بە زیانی ئێمە دەشكایەوە.

ئەڵبەت ئەم نیگەرانییانە لە خۆوە بوو،. خەڵكی ئومبروزا گوێیان بەم جۆرە دیعایانەی باوكم نەدەدا و ئاغاواتی ناوچەكەش بە شێتیان دەزانی. ئەوان لە كۆنەوە كۆشك و قەڵای فیۆدالیان بە جێهێشتبوو، لە ڤیلای جوان و خۆش روانگەدا نیشتەجێ ببوون. یەعنی زیاتر هەوڵیان دەدا بە شێوازی خەڵكی ئاسایی بژین و خۆیان لەو پەیوەندییە ئاڵۆز و ئەشرافیانە بپارێزن. ئیتر كێ بیری لە ناوی «دوك نشینی ئۆمبرۆزا» دەكردەوە؟ چاكەی ئۆمبرۆزا لەوەدا بوو كە قەڵەمڕەوی كەس نەبوو، هەموو بە هی خۆیان دەزانی. ئەڵبەت بۆ بنەماڵەی ریڤالۆندە كە خاوەنی زۆربەی زەوی و زاری ئەو ناوچە بوون، هێشتا خێر وبێری زۆر بوو. بەڵام ناوچەی ئێمە بە خاكێكی ئازاد و هەمووانی دەناسرا و سەر بەكۆماری جنۆوا بوو، بەو هۆیەوە دەمانتوانی بێ كێشە لەسەر زەوییەكانی خۆمان ئاسوودە بژین. ئەو زەوییانە كە بەشێكیمان بە میرات پێگەیشتبوو، بەشەكەی ترمان لە شاراوانی، ئەو كاتە كە زۆر قەرزدار بوو، كڕیبوو. لەوە زیاتر چیمان دەویست؟ ناوچەكەمان كۆمەڵێك ئەشرافی بچووكی بوو كە ڤیلا و باخ و باخچەكانییان تا رۆخی دەریاكە دەكشا. ئەوان میوانییان بۆ یەكتر دەكردەوە و پێكەوە دەچوون بۆ راو. ئێمەش ژیانمان سەخت و گران نەبوو، لە زۆربەی خێر و بێرەكانی

دانیشتوانی دەربار بەشدار بووین، بێئەوەی دەردەسەری و بەرپرسایەتی و خەرج و مەسرەفی ئەوانمان ببێت کە ناچار بوون خانوبەرەی شاهانە و سەرمایە و ژیانی سیاسییان ببێت. بەڵام باوکمان سوودی لەم هەموو شتانە وەرنەدەگرت. ئەو وەك پاشایەك کە پێیوابێت تاج و تەختەکەیان داگیر کردووە، بەرە بەرە پەیوەندی لەگەڵ هەموو گەورەکانی ناوچەکە قرتاندبوو. ( ئەڵبەت دایکمان چونکا خەڵکی ئەوێ نەبوو، هیچ پەیوەندییەکیشی بۆ قرتاندن نەبوو. ) چاکی ئەو وەزعە لەوەدا بوو کە هیچ کەس نەدەهات بۆ ماڵمانو، ئێمەش خەرجو مەسرەفی میوانمان پاشەکەوت دەکرد و بەو شێوە دەمانتوانی بەسەر وەزعی خراپی داراییەکەماندا زاڵ بین.

پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خەڵکی ئۆمبرۆزاش لەوە باشتر نەبوو. هەمووتان دەزانن کە ئومبوزاییەکان خەڵکێکی تا رادەیەك خوێڕین و تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. لەو دەمەدا خواردنەوەی لیمۆناد لە ناو بنەماڵە ساماندارەکاندا ببوو بە داب و، لێمۆش وردە وردە گران دەبوو. لە هەموو کوێ داری لێمۆیان دەچەقاند و بەندەرەکەشیان، کە جاران بە هۆی هێرشی دزە دەریاییەکانەوە کاول ببوو، ساز کردبووەوە. ناوچەی ئێمە لەگەڵ کۆماری جنۆوا، قەڵەمڕەوی پاشای ساردنی، فەرانسە و زەوی و زارەکەی پاپا دراوسێ بوو. خەڵکەکەشی لەگەڵ هەموو دراوسێکاندا مامڵەیان دەکرد و بە ریشی هەمووشیان پێدەکەنین، بەڵام لەو باجەی کە دەبوو بە جنۆواییەکانی بدەن ناڕازی و تووڕە بوون. ئەوان هەموو ساڵێك لە کاتی بەخشینی باجەکە لەگەڵ جنۆواییەکاندا بەشەڕ دەهاتن.

هەر کاتێك ئەم شەڕ و شۆڕانە رووی دەدا بارۆن رۆندو هیوادار بوو تاج و تەخت و پلەی دوکیەتی بدەنێ، بۆیە دەچوو بۆ مەیدانی شار و بەپیویست پشتیوانی لە بەرژەوەندی خەڵك بکات. بەڵام هەموو جارێکی لیمۆی رزیویان بۆ دەخست و پاشەکشەیان پێدەکرد. ئەوسا دەیگوت کە دیسان ئیماندارە یەسووعییەکان پیلانیان بۆ گێڕاوە. هەمیشە پێیوابوو لە نێوان خۆی و یەسووعییەکاندا شەڕێکی بێبڕانەوەی تا مردن لە ئارادایە و، ئەم جەماعەتە جگە لە پیلان گێڕی بۆ ئەو هیچ کارێکی تریان نییە. کێشەی نێوان باوکم و یەسووعییەکان بە هۆی

شەڕێکەوە بوو کە لە نێوان بنەماڵەی ئێمە و پەیڕەو کەرانی ئەو ڕێبازە لەسەر خاوەنداری باخێك سەری هەڵدابوو، کار گەیشتبووە مەحکەمە و باڕۆن بە هۆی پەیوەندی باشی لەگەڵ ئوسقۆف، کێشەکەی بردبووەوە و توانیبووی سەردەستەی ئیماندارە یەسووعییەکان لەو ناوچەیە دوور بخاتەوە. دوای ئەوەش هەمیشە پێیوابوو ئەو جەماعەتە کەسانێك دەنێرن تا تەما لە گیان و ماڵی بکەن، خۆشی هەوڵی دەدا بە کۆکردنەوەی دەستەیەکی ئیماندار، ئۆسقۆف لە چنگی ئەو جەماعەتە ڕزگار بکات. بەو بۆنەوە بوو کە داڵدەی هەموو ئەو کەسانەی دەدا کە دەیانگوت یەسووعییەکان ئازاریان داون و، هەر بەو بۆنەشەوە ئەو قەشە نیوە ژانسنیستەی، کە هەمیشە لە ئاسمانەکاندا دەخولایەوە، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئێمە هەڵبژاردبوو.

تاکە کەسێك کە باوکم متمانەی پێدەکرد جەنابی پارێزەر بوو. باڕۆن بە شێوەیەك ئەو زڕبرایەی خۆی خۆش دەویست کە خەڵك تاقە منداڵی داماوی خۆیان خۆش دەوێت. لەو دەمەدا، بێئەوەی خۆمان پێبزانین تا ڕادەیەك ئێرەییمان بە شوالیە کارگا دەبرد و، پێمانوابوو باوکمان ئەو برا پەنجا ساڵەی لە ئێمە زیاتر خۆش دەوێت. تەنیا ئێمە نەبووین کە جەنابی پارێزەرمان ناخۆش دەویست، ژەنراڵ و باتیستاش ئەگەرچی ڕێزیان لێدەگرت بەڵام کوێر بوونایە و نەیانبینیایە. ئەویش لە پشت ڕواڵەتی ئارامو دەستەمۆیەوە گاڵتەی بە هەموو کەس و هەموو شتێك دەکرد و بێگومان ڕقیشی لە هەمووان بوو، تەنانەت لە باڕۆنیش کە ئەو هەموو چاکەی لەگەڵ کردبوو.

جەنابی شوالییەی پارێزەر، ئەوەندە کەم دوێن بوو کە زۆر جار لە کەڕ و لاڵ، یان کەسی بێگانە و نەناسراو، دەچوو. خودا دەزانێ لە ڕابوردوودا چۆن توانیبووی ئیشی پارێزەری بکات، ئایا بەرلەوەی تووشی تورکەکان ببێت هەروا سەیر و سەمەرە بوو؟ ڕەنگە لە ڕابوردوودا پیاوێکی هۆشیار بووبێت کە توانیبووی حساباتی ئاڵۆزی ئاودێری لە تورکەکانەوە فێر بێت و، لەوە دواش وەك پیشە بەکاری بێنێت. باوکم لەبەر شارەزاییەکەی لەم پیشەدا، زێدەڕۆیانە ستایشی دەکرد. ئێمە هەرگیز لە ڕابوردووی ئەو پیاوە نەگەیشتین و

نـەمانزانی دایکـی کـێ بـووە و چ جـۆرە پـەیوەندییـەکی لەگـەڵ باوەگەورەمانـدا هـەبووە. ( هەرچەندە گوایە باوە گەورەش ئەم کوڕەی خۆش ویستووەو، مەجالی ئـەوەی پێداوە کـە ماف بخوێنێ و، پلەی شوالییەشی بۆ وەرگرتووە. ) هـەروەها نـەمانزانی چۆناوچـۆن چـۆتە تورکیا، تەنانەت لەوەش نەگەیشتین کە ئایا لە تورکیا ژیاوە یان لـە وڵـاتێکی بەربەرسـتان، تونێس، ئەلجەزائیر... ئەوەندە بوو کە جاروبار دەیانگوت بووە بە موسوڵمان. زۆر شتیان لە بارەیەوە دەگوت. بـۆ نموونـە دەیـانگوت گوایـە لـەوێ پلـە و پایەیـەکی گرینگـی هـەبووە. کەسێکی نزیکی سوڵتان، کارناسی ئاودێری دەربـاری عوسمـانی، یـان شـتێکی لـەو بابتانـە بووە. گوایە بە هۆی تێچێنی و پیلانی دەربارییـەکان، دوژمنایـەتی ژنـانی حەرەمـسەرا یـان قەرزی قومار، لە بـەر چـاوی سـوڵتان کـەوتووە و وەك کۆیلـە فرۆشـتوویانە. دەمـانزانی لـە گەمیەیێکی سەوڵداری عوسمانیدا کە دەست وێنیزییەکان کەوتووە، دۆزراوەتەوە. لە سەوڵ کێشانی ئەو گەمیە بووە و پێی بە زنجـیر بەسـتراوەتەوە. لـە وێنیـز بـە سـواڵ ژیـاوە و لـە ئەنجامدا لە زیندان کـراوە. گـرتن و زینـدانی کرانەکەشـی بـە هـۆی ڕووداوێکـی وەك شـەڕ و لێدانەوە بووە. ( بەڵام هەر خودا دەزانێ پیاوێکی ترسنۆکی وەك ئـەو لـە گـەڵ کـێ شـەڕی بووە. ) پاشان باوکمان بە ناوبژیوانی کۆماری جنۆوا لە زیندان بەریـداوەو، ڕۆژێـك لـە ڕۆژان هاتووە و بووە بە ئەندامێکی تری بنەماڵەکەمان. ئەو، پیاوێکی کورتە باڵای تاسو لاڵە پەتە بوو. ریشێکی ڕەش و ڕوخسارێکی ترسناکی بوو. دەستێك جلی هەراوای لەبەردا بوو کە بـە ئاشکرا دیار بوو هی خۆی نییە. ( من ئەو دەمە زۆر منداڵ بووم، بەڵام ڕۆژی هاتنەکەیم باش لە بیرە. ) باوکم وەك کەسایەتییێکی بەرز و بەڕێز بە سەر هەمووماندا سەپاندی، سەرپـەرشتی موڵك و ماڵەکەمانی پێ ئەسپارد و نووسینگەیەکی بۆ کردەوە کە هەمیشە پڕ بوو لە کاغەزە دڕاو. لەو دەمەدا زۆربەی پیاوە گەورە و بۆرژواکان لە نووسینگەکەیاندا کەوایان لەبەر دەکرد و مێزەریـان لـە سـەر دەبەسـت. بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بێـت جـەنابی پـارێزەر هـەرگیز لـە نووسینگەکەی نەبوو، بەو کەوا و مێزەرەیەوە لە دەرەوەی ماڵ دەگەڕا. وردە وردە هەر بەو جلە تورکییەشەوە دەهاتە سەر مێزی خـواردن و، سـەیر ئـەوە بـوو باوکیـشم کـە هەمیـشە

پابەندی داب و یاسا بوو، ئەو ڕەفتارەی ئەوی بـە ناشایـست و نەشـیاو نـەدەزانی. جـەنابی شوالییەی پارێزەر کە سەرپـەرشتی موڵك و ماڵەکەمان بوو، لەبەر ئەوەی زۆر شەرمن و کـەم دوێن بوو ڕەنگە تاکە وشەیەکیش لە گەڵ کرێکار و جووتیاری سـەر زەویـەکانمان نـەدەدوا. ئەمر کردن و تووڕەبوون و هەموو کردەیەکی لەو بابەتانە لە ئەستۆی باوکمان بوو. ئێنئـاس سیلڤیوس کارگا حسێبداری بوو. باش نازانم ئایا وەزعی خراپی داراییەکەمان بە هۆی ئەوەوە بوو، یان ئەو وەزعە خراپە کاری ئەویـشی دژوار کردبـوو. جگـە لەمانـەش جـەنابی پـارێزەر جارجار خـۆی بـە گەڵاڵـە ڕشـتن و حـسێبات لـە بـواری ئاودێریـدا سـەرقاڵ دەکـرد. تەختـە ڕەشێکی گەورەی دەهێنا و خەت و ڕەقەم و وشەیەی تورکی لەسەر دەنووسی. جاری وابوو باوکم دەچوو بۆ لای و چەند سەعات پێکەوە دەرکـەیان لەسـەر خۆیـان دادەخـست. ئـەوە درێژترین کاتێك بوو کە جەنابی پارێزەر لە نووسینگەکەی دەمایەوە. هەموو جارێکیش پاش تێپەڕینی کاتێکی کورت لە پشت دەرکەی داخراوەوە قرم و قاڵێك بەرز دەبووەوە کە دەنگی تووڕەی باوکمی تێدا ئاشکرا بوو. دەنگی شوالییە بە گـران دەبیـسترا. لـە ئەنجامـدا دەرکـە دەکرایەوە و جـەنابی پـارێزەر لـە کاتێکـدا مێزەرەکـەی قیـت بەسـەرەوە نـابوو، هـەنگاوە گورجەکانی لە داوێنی کـەوا شـۆڕەکەی دەگـیرا، لـە ژوورەکـە دەهاتـە دەر و بـەرەو کێڵگـە دەچوو.

باوکم شوێنی دەکەوت و دەیقیژاند: « ئێنئاس سیلڤیوس! ئێنئاس سیلڤیوس! » بەڵام شوالییە لە پشت مێوەکان یان لە ناو دار لیمۆکانـدا ون دەبـوو، تـەنیا مێـزەرە سـوورەکەی دەبیندرا کە بە خێرایی بە ناو لقوپۆکاندا بەرەو پێش دەچـوو. باوکمـان هـەروا بانگـە بـانگ شوێنی دەکەوت و سەر و دەستی هەڵدەتەکاند. شوالییەی کورتە باڵا بە پشتە کۆمەکەیەوە لەگەڵی دەهاتەوەو، دەستی لە ناو گیرفانی کەواکەیدا مست دەکرد.

## ٨

لەو دەمەدا براکەم پێی خۆش بوو دانیشتوانی سەر عەرز بۆ یاری و خەبات بەرەو خۆی رابکێشێت. بەو شێوە تواناکانی، بۆ نموونە چاوی تیژ و چالاکی و هەڵسووڕاوی خۆی، تاقی دەکردەوە. رۆژێک لە نزیک « دەروازەی هەنجیرۆک » لە ناو کەپر و کۆلیتی خەڵکە هەژارەکەدا، منداڵەکانی پێمل کرد یاری ئاڵقە فڕێدانی لەگەڵ بکەن. لەسەر سندییانێکی وشک راوەستابوو یاری دەکرد، لە پڕ چاوی بە سوارێکی گەڵەگەت کەوت کە پشتی کەمێك چەمابۆوە و پاڵتۆیەکی رەشی لەبەردا بوو. سوارەکە باوکمان بوو. منداڵەکان بڵاوەیان کرد و ژنەکانیش لە بەر دەرکەی کۆلیتەکانیان بۆ سەیر کردن راوەستان.

بارۆن ئارمینیوس ئەسپەکەی تا بن دارەکە برد. کۆزیمۆ لە ناو لقەکاندا بە رووتی راوەستابوو. ئەوان ساتێك لە یەکتر رامان. لە دوا نیوەڕۆژەی شەیتانۆکەکانەوە ئەوە یەکەمجار بوو کە رووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە. چەند رۆژ لەو کاتە تێپەڕیبوو، دۆخەکە گۆڕابوو. هەر دوکیان دەیانزانی کە ئیتر باسی شەیتانۆکە و سەرچڵی منداڵانە و شکۆی

باوکانە لە ئارادا نییە. هەموو جۆرە وتوویژێکی مەنتیقی و ئاسایی بێمەعنا بـوو، بەوحاڵـەش دەبوو شتێك بە یەکتر بڵێین.

باوکم بە توانجەوە گوتی: « ئێوە بۆ راکێـشانی سـەرنجی خـەڵك گـەلێك کـاری گـرینگ دەکەن. کاری وا کە بە راست لە نەجیبزادەیەك دەوەشێتەوە ! »

هەموو جارێك کە دەیویست کەسێك بە توندی سەرکۆنە بکات پێی دەگوت ئێوە. بەڵام ئێوەی ئەمجارەیان نیشانەی دووری و دابڕان بوو.

کۆزیمـۆ گـوتی: « نـەجیبزادە چ لەسـەر عـەرز بێـت چ لەسـەر دارەکـان، بـە مـەرجێك رەفتاری دروست و شایستە بێت، هەر نەجیبزادەیە. »

باڕۆن بە لەحنێکی وشك گوتی: « وتەیـەکی پەسـندە. بـەڵام سـاتێك لەوەبـەر خـەریك بووی هەڵووژەی جووتیارێکت دەدزی. »

قسەکەی راست بوو. براکەم تێدا مابوو چۆن وەڵامی بداتـەوە. زەردەخەنەیـەکی کـرد، بەڵام زەردەخەنەکەی لـە خۆپـەرستی یـان بێمەبالاتیـەوە نـەبوو، چـونکا لـە هـەمان کاتـدا روومەتیشی سوور هەڵگەڕا.

باوکیشم بزەیەکی خەمبارانەی هاتێ و نازانم بۆچی روومەتی ئەویش سوور هەڵگەڕا.

گوتی: « دەبینم لەگەڵ ناچیزەترین بەرەڵاکاندا هاوڕێیت. »

« نا بابە گیان. من بە رێی خۆمدا دەڕۆم. با هەرکەس سـەری بـە کـاری خۆیـەوە قـاڵ بێت. »

باڕۆن بێ ئەوەی توورە ببێت، بە ئارامی گوتی: « داواتان لێدەکەم بێنەخوار و ئەو کارە بکەن کە شایستەی ئێوەیە. »

« بە داخەوە، ناتوانم ئەمرەکەتان بەجێ بێنم بابە گیان. »

هەر دوکیان نیگەران و داماو بوون. هەرکامەیان دەیانزانی ئەویتر بە تەمایە لەوە دوا چی بڵێت.

« ئەی دەرس و دەورەکەتان؟ تەکلیف و سەعییە ئایینییەکەتان؟ بە تەمای هەر بەم شێوە وەك کێوییەکانی ئەمریکا لەسەر دارەکان بژیت؟ »

کۆزیمۆ هیچی نەگوت. ئەو شتانەی لە خۆی نەپرسیبوو، نەشیدەویست بیریان لێ بکاتەوە. پاش کەمێك ماتڵ بوون گوتی:

« پێتانوایە چونکا چەند مەترێك لە خەڵك بەرزترم، راستی و دروستییەکان کارم تێناکەن؟ »

وەڵامێکی زیرەکانە بوو. بەڵام تا رادەیەك گرینگی کارەکەی دادەبەزاند، کەواتە نیشانەی لاوازی بوو. باوکم لەوە گەیشت و بە پێداگرییەکی زیاترەوە گوتی:

« راپەڕین بە مەتر و زەرع ناپێورێت. تەنانەت رێچکەیەکی چەند بستیش دەتوانێ رێگەیەکی بێ گەڕانەوە بێت. »

براکەم دەیتوانی دیسان وەڵامێکی زیرەکانەی بداتەوە، یان تەنانەت پەندێکی لاتینی بۆ بڵێت. ئەگەر ئەوەی بکردایە من ئیمڕۆکە هیچ قسەیەکیم لە بیر نەدەما. ئەو لەو هەموو قسە زلانە ماندوو ببوو، بۆیە بە بێ ئەدەبییەوە زمانی دەرکێشا و بە دەنگی بەرز گوتی:

« بەڵام میزی من لەم سەرەوە بەرزترە لە میزی خەڵك. »

قسەیەکی زۆر پڕ مانا نەبوو، کەچی جێی بۆ قسە و وتووێژی تر نەدەهێشتەوە.

لەملاولای دەروازەکە، دەنگی قاقای بەرەڵاکان بڵیند بوو. لەوە دەچوو ئەوانیش قسەکەیان بیستبێت. ئەسپەکە کشایەوە، بارۆن رۆندو هەوسارەکەی کێشا و پاڵتۆکەی توند لە خۆیەوە ئاڵاند. دیار بوو دەیەوێ بڕوات، بەڵام گەڕایەوە. دەستی لە ژێر پاڵتۆکەی هێنایە دەر و ئاسمانی نیشان دا کە لە پڕ هەورێکی رەش داپۆشیبوو. ئەوسا هاواری کرد:

« هۆشت ببێ کوڕی خۆم. لەوسەرەوە کەسێك هەیە کە دەتوانێ بەسەر هەمووماندا بمیزێت. »

ئەوەی گوت و ئەسپەکەی لێخوڕی.

غورەمە بارانێك، کـە جووتیارەکـان دەمێکـە بـوو چـاوەڕوانی بـوون، دەسـتی پێکـرد. منداڵانی تەلیس بەسەری گوێ کەپرەکان، هەر یەکە و بەرەو لایەك هەڵدەهاتن و دەچڕین: « باران، باران دەبارێ... ئاو لە ئاسمان دەبارێ... »

کۆزیمۆ بۆ ژێر لقـە پـڕ گـەڵاکان خـزی، بـەڵام گـەڵاکان وەهـا تـەڕ ببـوون کـە بـە هـەر جووڵەیەك ئاویان پێدا دەڕژا. من هەر کە بارانەکەم بینی دڵم بۆ براکەم سـووتا. دەمهێنـا بـە رچاوم کە چون پاڵی بە دارێکە داوە و خۆی لە شەپۆلی لاری بارشتەکە دەپارێزێت. دەمزانی کە لەبەر ئەو بارانە ناگەڕێتەوە بۆ ماڵ و بە غاردان بەرەو دایکم چووم.

« دایە گیان باران دەبارێ. ئێستا کۆزیمۆ دەبێ چی بکات؟ »

ژەنراڵ پەردەکەی لادا و سەیری بارانەکەی کرد. ئەو هەروا هێمن و لەسەر خۆ بوو.

« عەیبی گەروەی باران ئەوەیـە عـەرز دەکـات بـە قـوڕ. بـەڵام لەوسـەرە شـتی وا روو نادات.»

« یەعنی لقوپۆی دارەکان ناهێڵن تەڕ ببێت؟ »

« حەتمەن دەچێتە مەقەڕی زستانی. »

« کامە مەقەڕ دایە گیان؟ »

« دەبێ بیری لە شوێنێکی وا کردبێتەوە. »

« چۆنە چەترێکی بۆ ببەم؟ »

پێدەچوو وشەی «چەتر» لەو قەرەوڵییە ستراتژیکەی دایبەزاندبێت و، خەم و نیگەرانی دایکانەی بیر خستبێتەوە.

گوتی: « زۆر چاکە. بترییەك شـەربەتی سێویـشی بـۆ ببـە. شـەربەتێکی گـەرم، کوتـە گۆرەوییەکی پەشمی تێوە بپێچە. پارچە موشەممایەکیشی بۆ ببە با بەسەر لقەکانیدا بدا و تەڕ نەبێت. بزانە ئێستا لە کوێیە، خودا بکات بیدۆزیتەوە»

کەلوپەلەکەم هەڵگرت و بە چەترێکی سەوزی گـەورەوە بـەرەو بـاخ چـووم. چـەترێکی تریشم بۆ کۆزیمۆ برد. چەند جار بەو شێوە کە باسمان کردبوو فیکەم لێدا، بەڵام بێجگـە لـە

دەنگی چۆڕە چۆڕی بێ بڕانەوەی باران لە سەر لق و گەڵاکان هیچ وەڵامێکی تـرم نەبیـست. هەوا تاریك ببوو، نەمدەزانی لە دەرەوەی باخەکە بەرەو کوێ بچم. بەسەر بـەردە خزەکـانی دەشتە پڕ لە قوڕ و لیتەکە، چەند هەنگاوێکم بەملاولادا هەڵێنایەوە. هـەروا فیکـەم لێـدەدا و چەترەکەشم خوار ڕاگرتبوو بەشکم دەنگم بیگاتێ. بەڵام باران لە ڕوومـەتم دەدرا و دەنـگ و فیکەکەمی کپ دەکرد. دەمویست بەرەو زەوییە گشتییەکان بچم کە دار و درەختی گەورە و زەلامی لێبوو. پێموابوو براکەم لەوێ پەناگەی بۆ خۆی چێ کردبێت. لەو تاریکییەدا ڕێم لـێ ون بوو، لە کاتێکدا چەتر و کەلوپەلەکەم بە خۆمەوە دەگوشی سەرگەردان بووم. تەنیا ئـەو بترییە شەربەتە کە لە تا گۆرەوییەکەوە پێچرابوو، کەمێك گەرمی دەکردمەوە.

لەپڕ لە تاریکییەکەی ژوور سەرمدا چاوم بەخاڵێکی ڕووناك کەوت کە نەمدەزانی تریفەی مانگە یان ئەستێرە. هەستم کرد کەسێك وەڵامی فیکەکەم دەداتەوە.

« کۆ... زی... مۆ...! »

دەنگێك لەو بەرزاییەوە گوتی:

« وەرە... جۆ! »

« لە کوێیت؟ »

« لێرەم . سەبر بگرە واهاتم. »

« زووکە، تەڕ بووم. »

بەیەك گەیشتین. براکەم لە کاتێکدا پەتوویەکی لە خۆیـەوە پێـچابوو، تـا نـزمترین لقـی دارێك هات، بۆ ئەوەی فێرم بکات چۆن هەڵگەڕێم و چۆن لە ڕێگەی پێچاوپلووچی لقەکانەوە خۆم بگەیەنمە دار ئالشێك کە ڕۆشناییەکە لەوێوە دەهات. یەکێك لە دوو چـەترەکەو، چـەند بەستە لە کەلوپەلەکانم پێدا. هەوڵماندا بە چەتری کراوەوە بـە دارەکـەدا هەڵگـەڕێین، بـەڵام نەمانتوانی و تەڕ بووین. ئاخریەکەی گەیشتمە شوێنەکەی و چاوم بەو ڕۆشناییە کەوت کە لە درزی خێوەتێکەوە دەهاتە دەر.

کۆزیمۆ لێواری خێوەتەکەی هەڵدایەوە و بردمییە ژوور. لەبەر رۆشنایی فانۆسەکەدا دیوێکی بچووکم بینی کە دیوارەکانی پەردە و قالیچە بوون. دارەکە بە ناوەڕاستی دیوەکەدا هەڵدەکشا و لەتەختی دیوەکەشدا چەند تەختە لەسەر لقێکی ئەستور داندرابوون. لە یەکەم ساتدا پێموابوو پێم ناوەتە کۆشکێکەوە، بەڵام زۆری نەخایاند کە زانیم ئەو کۆشکە لەرزۆك و ناقایمەو، قورسایی دوو کەس هاوسەنگییەکەی دەشێوێنێت. کۆزیمۆ بۆ بەرگری لە تەڕ بوونی ناو دیوەکەی خەریکی کەلوکون گرتنی بوو. هەر دوو چەترەکەی کردەوە و لە ژێر کونی بانی خێوەتەکە رایگرتن، کەچی هێشتا باران لە یەك دوو کونی وردی ترەوە دەهاتە ژوور و هەر دووکمانی تەڕ دەکرد. سەرمای ناو خێوەتەکەش وەها بوو کە دەتگوت لە دەرەوە دانیشتووین. ئەو چەند پەتوویەکی کۆ کردبۆوە کە دەکرا لە خۆمانییەوە بپێچین و تەنیا سەرمان بەدەرەوە بێت. فانۆسەکە دەجووڵاو رۆشناییەکی تەمومژاوی بڵاو دەکردەوە. سێبەری لقوپۆکان لەسەر دیواری ئەو ژوورە سەیر و سەمەرەیە هەندێك وێنەی تێکچرژاوی ساز دەکرد و، کۆزیمۆ بە ئیشتیا شەربەتی سێوەکەی هەڵدەقوراند و، لە پاش هەر قومێك دەیگوت:

« وەی! وەی! »

گوتم: « ماڵێکی جوانت هەیە. »

گورجێك گوتی: « کاتییە. هێشتا زۆری ماوە تەواو ببێت. »

« خۆت سازت کردووە؟ »

« ئەی چی! کەس ئاگای لێی نییە. »

« منیش دەتوانم بێم بۆ ئێرە؟ »

« نا، شوێنەکەی بە خەڵکی تر دەڵێی. »

« پاپا گوتی ئیتر کەس لە دووت نانێرێ. »

« بەو حاڵەش نابێ کەس بێرە بزانێ. »

« لەبەر دزەکان وا دەڵێی؟ مەگەر هاورێت نین؟ »

«هەندێکجار با و هەندیکجاریش نا. »

« ئەو کچە کە ئەسپی هەیە چی؟ »

« بە تۆچی. »

« دەمویست بڵێم ئەویش دۆستتە؟ یاریت لەگەڵ کردووە؟ »

« هەندێك جار ئەریّ و هەندێکجاریش نا. »

« بۆچی هەندێك جار نا؟ »

« جاری وابووە من پێم خۆش نەبووە و، جاری وش بووە ئەو پێی خۆش نەبووە. »

« دەهێڵی ئەو بێت بۆ ئێرە؟ »

کۆزیمۆ رووی گرژ کرد و پارچە قوماشێکی گرمۆڵە کراوی لە سەر لقێك پـان کـردەوە. گوتی: « ئەگەر پێی خۆش بیّ ئەریّ دەهێڵم بێت. »

« پێی خۆش نییە؟ »

کۆزیمۆ راکشا. لەبەر خۆیەوە گوتی:

« لێرە رۆشتووە. »

بە هێواشی لێم پرسی:

«بڵیّ بزانم دەسگیرانتە؟ »

براکەم گوتی: « نا. »

ئەوسا بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو.

بۆ بەیانیدا، لەبەر ئەوەی کە هەوا خۆش بوو، بڕیار درا فەوشلافلوری قەشە سـەرلەنویّ دەرس بە براکەم بڵێتەوە. چۆنییەتی کارەکەی دیار نەبوو. هەر ئەوەندە بو کە بـارۆن رووی کردە قەشە و پێی گوت: « لەبری ئەوەی دابنیـشیّ و لـە مێـشەکان رابمێنێـت... » ئەوسـا داوای لێکرد، براکەم بدۆزیتەوە و چەند رستە لە ویرژیلی بۆ وەرگێڕان بـداتیّ. پاشـان بـیری کردەوە رەنگە کارێکی زۆر قورسی بە قەشە سپاردبێت، هات بۆلای من و گوتی:

« بڕۆ بە براکەت بڵـێ تـا نیـو سـەعاتیتر بـۆ خوێنـدنی دەرسـی لاتـین بێـت بـۆ بـاخی خۆمان.»

بە لەحنێکی زۆر ئاسایی و سروشتییەوە ئەوەی گوت. لەحنێك کە بڕیـاری دابـوو لـەوە دوا بۆ براکەم بە کاری بێنێت. ئەمە بەو مانایە بوو کە کۆزیمۆ دەیتوانی لەسەر دارەکان بژی، بەڵام دەبوو وەك هەمیشە بە کارو باری ڕۆژانەشیدا رابگات.

بەم شێوە دەرس خوێندن دەستی پێکردەوە. براکەم لەسەر لقی نارەوەنێك دادەنیشت و قەشـەش لـە بـن دارەکـە، لـە سـەر کورسـییێك، دوو بەیتییـەکانی فێـر دەکـرد. مـن لـەو دەوروبەرانە یاریم دەکرد و کەمێك لێیان دوور کەوتبوومەوە. کـە گەڕامـەوە قەشـەم لەسـەر دارەکـە بـینی، خـەریك بـوو قاچـە درێـژ و باریکـەکانی کـە گـۆرەوی رەشـیان پۆشـیبوو، هەڵدەکێشا. براکەم بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە سەر لقێکـی ئەسـتوور بـن بـاڵی گرتبـوو یارمـەتی دەدا. ئەو جێیەکی رەحەتی بۆ پیرەمێرد دۆزییەوە و هەردوکیان دانیشتن و بە دەنگی بـەرز رستەیەکی گران و دژواریان خوێندەوە. براکەم زۆر بە جیدییەوە هـەوڵی دەدا. بـەڵام نـازانم چۆن بوو کە دوا ماوەیەك قوتابیەکە هەڵات. رەنگـە دیـسان قەشـە هۆشـی لـەوێ نـەمابوو، لەوسەرەوە هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی فەرامۆش کردبوو. هەرچی بوو لەسەر دارەکە بـە تـەنیا مـابووەوە. کتێبەکـەی خـستبووە سـەر ئـەژنۆی و بـە زاری کـراوەوە لـە فـڕینی پەپوولەیـەك ورد بوویـووەوە. دوای ون بـوونی پەپوولەکـە قەشـەش وەخـۆی هاتـەوە و لـە مابەینی عەرز و ئاسماندا تۆقا. بە هەر دوو دەست لقەکەی گرت و ئەوندە هاواری کرد: فریام کەون، فریام کەون، تا پەیژەیەکیان بۆ بـرد. ماوەیـەکی خایانـد تـا قەشـە ئـارام بـووەوە و هاتەخوار.

# ۹

زۆر بە کورتی، کۆزیمۆ وێڕای هەڵاتنە سەیر و سەمەرەکەی هێتشا وەك جاران لەگەڵ ئێمە بوو. ئەو ئەگەرچی بە تەنیا دەژیا بەڵام لەبەر خەڵك هەڵنەدەهات و، بە پێچەوانەوە، دەکرێ بڵێم بە بێ خەڵك هەڵینەدەکرد. بەو شوێنانەدا دەگەڕا کە گوندییەکان خەریکی عەرز کێڵان و دروێنە و تەپاڵە کۆکردنەوە بوون. زۆر بە ڕێزەوە سەلامی لێدەکردن. جووتیارەکان سەریان هەڵدەبڕی و ئەویش گورجێك خۆی نیشان دەدان. ئەو خووە کۆنەی جارانی نەمابوو کە پێکەوە بە دارەکاندا هەڵدەگەڕاین و خۆمان دەشاردەوە و بە ڕێبوارانمان رادەبوارد. سەرەتا کاتێك گوندیەکان دەیانبینی ئەو مەودا زۆرەی لەسەر دارەکان بڕیوە، تیادەمان چی لەگەڵ بکەن. ئایا وەك هەموو مەزنزادە و ئەشرافێکی تر ڕێزی لێبگرن و بە حورمەتەوە کڵاوەکەیان بەرز بکەنەوە، یان وەك بەرەڵایەك لە خۆیانی بتارێنن؟ دواتر کە خوویان بەو وەزعەی گرت، کەمە کەمە لە بارەی کەش و هەواوە و کارەکانی خۆیانەوە دەیاندواند. تەنانەت وایان دەنواند کە ئەو گەمە و یارییەی ئەویان پێ خۆشە. یارییەك کە لە یاری و سەرقاڵییەکانی تری خەڵکی ساماندار چاکتر یان خراپتر نەبوو.

کۆزیمۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر دارێك دادەنیشتو سـەیری کـار کردنەکـەیانی دەکـرد. لـە بارەی تۆ چەندن و پەینەکانەوە پرسیاری لێدەکردن. تا کاتێك کە لە سەر عەرز بوو هەرگیز دەرفـەتی ئـەو کـار و پرسـیارانەی بـۆ نەڕەخـسابوو، شـەرمی کردبـوو لـە گـەڵ گونـدی و خزمەتکارەکانـدا بـدوێت. بـەڵام ئێـستا، لـەو سـەرییەوە، دەیتـوانی پێیـان بڵێـت هێڵـی جووتەکەیان راستە یان خوار، تەماتەی باخی دراوسێکەیان گەییوە یان هێشتا کاڵە. جاروبار هەندێك کاری بچووکیشی بۆ دەکردن. مەسەلەن لەسەر داوای جووتیارێك دەچووە ماڵەکەی و بە ژنەکەی دەگوت بـەردە هەسـانی پێویـستە، یـان دەچـوو دەیگـوت ئـاو بـۆ فڵانـە بـاخ بگەڕێننەوە. لە رێگەی ئەم هاتوچووانەشدا ئەگەر چاوی بە پۆلـە چـۆلەکەیەك بکەوتایـە کـە لەسـەر گەنمـەجارێك نیـشتبوون، بـە دەنگـە دەنـگ و هـەرا هـەرا و راتەکانـدنی کڵاوەکـەی دەیتاراندن.

کە بە ناو دارستان و بێشەڵانەکاندا دەسووڕایەوە خەڵکێکی کەمی دەبینی، بـەڵام هـەر ئەو بینینانەش کاریگەریان لەسەر دادەنا. لەوێ کەسانێکی دەبینی کە هەرگیز لـە شـوێنیتر نەیدەبینین. لەو دەمەدا خەڵکێکی زۆری رووت و رەجاڵی کۆچبەر لە دارسـتان دەژیـان. زۆر بنەماڵە کە بە هۆی قاتییەوە زەوی و زاری خۆیان بەجێهێشتبوو، ملیـان بـە هەنـدێك ئیـشی کاتی وەك خەڵووز چـیەتی و مـسگەری و شیـشە گـەری دابـوو، نـانێکی مـەمرە و مـەژییان دەست دەکـەوت. ئـەوان لـە دەرەوە ئیـشیان دەکـرد و لـە نـاو کەپرەکانیـشدا دەخـەوتن. سەرەتا بە بینینی ئەو کوڕە پێستە پۆشە کە بـە سـەر دارەکانـدا دەڕۆشـت، دەتۆقـان. بـە تایبەت ژنەکان کە پێیان وابوو شێتە. بەڵام وردە وردە لەگەڵیدا بوون بە دۆست. کۆزیمۆ بـە سەعات سەیری کارەکانی دەکردن و شەوانەش، کاتێك لە بەر ئاگرێك کۆ دەبوونەوە، لەسەر لقێکی نزیك لەوان دادەنیشت و گوێی بۆ حەقایەتەکانیان شل دەکرد.

زۆرینـەی ئـەو خەڵکانـە، خەڵووزچـی بـوون کـە لەسـەر پارچـە زەوییـە سـاف و خۆڵەمێشییەکان کاریان دەکرد و، لە شاری بێرگامۆ[٢٩] وە هـاتبوون. کۆزیمـۆ لـە زمانەکـەیان

[٢٩] - Bergamo

نەدەگەیشت. ئەوان لە خەڵکی تر بەهێزتر و دوورەپەرێزتر و هاوپەیمانتر بوون. ئەو تایەفە بە هەموو دارستاندا بڵاو بووبوونەوە و خزمایەتی و پەیوەندی و تەنانەت شەڕ و شۆری تایەفەییشیان بۆ هەموو لایەك چووبوو. جاری وابوو کۆزیمۆ وەك راسپاردە هەواڵ و باسی لە دەستەیەکەوە بۆ دەستەیەکی تر دەبرد. ئەو تێدەکۆشا کە هەواڵەکان بەو زمانە سەیرە لە بەر بکات و، بێ کەم و زیاد بیگێڕێتەوە. زمانەکەیان لە قرم و قاڵی ئەو باڵندانە دەچوو کە بەیانییان لە خەو هەڵیاندەساند.

ئەگەرچی لە هەموو لایەك قاو بڵاو بوویۆوە کە یەکێك لە کوڕەکانی رۆندو لەسەر دارەکان دەژی و نایەتە خوار، باوکمان بەردەوام هەوڵی دەدا ئەو هەواڵە لەو کەسانە بشارێتەوە کە لە دوورەوە دەهاتن. بنەماڵەی کۆنت ئەستۆماك[٣٠] کە بۆ سەردانی موڵك و ماڵەکەیان لە تاولۆن[٣١]، دەچوون بۆ فەڕانسە، لە سەر رێگەکەیان سەردانی ئێمەشیان کرد. من نازانم مەبەستییان لەم سەردانە چی بوو، مەسەلەی خاوەنداری کردنی چەند پارچە زەوی بوو، یان لەوە دەگەڕان تا پلەو پایەیەك بۆ کوڕە ئوسقۆفەکەیان ببیننەوە. هەرچی بوو پێویستییان بە یارمەتی و سفارشی بارۆن رۆندو بوو. هەروا کە مەزندە دەکرا باوکیشم هەزار نەخشەی لە مێشکدا بوو، تا لە پەیوەندی نێوان خۆی و ئەو بنەماڵەیە سوود وەربگرێت و، داواکەی بۆ سەروەری بە سەر ئۆمبرۆزادا بسەلمێنێت.

میوانداری کردنی ئەو بنەماڵە بۆ خواردنی شەو لە ماڵی ئێمە، ئێجگار ناخۆش و وەڕسکەر بوو. موجامەلە و بە خێر هێنانیان لە بڕانەوە نەبوو. ئەوان کوڕەکەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو کە هەتیوێکی جلْف و کڵاوقژ لەسەر بوو.

بارۆن کوڕەکانی ــ واتە تەنیا منی ــ پێناساندن و گوتی:

« پێموانییە بتوانن کچەکەم ببینن. باتیستای کڵۆڵ زۆر گۆشەگیر و ئێجگار ئیماندارە...»

---

٣٠ - Estomac

٣١ - Toulon

هێشتا قسەكەی تەواو نەكردبوو كە ئەو كچە گەوجە خۆی بە ژوورێدا كرد. وەك جـاران سەرپۆشی كچە پاكیزەكانی بەسەرەوە بوو، بەڵام كراسەكەی بە تۆڕ و نەوار رازانـدبووەوە. خۆی تیفتیفە دابوو، دەسكێشی تۆڕی لە دەست كردبوو. ئەڵبەت نابێ ناحەقی بگرن، ئەو لە كاتی رووداوەكەی مـاركی دولاپۆمـەوە بێجگـە لـە خزمـەتكار و مەیتـەرەكانی خۆمـان هـیچ پیاوێكی گەنجی نەدیبوو. هەتیوەكەی كوڕی كۆنت ئستۆماكیش بـە بینـینی باتیـستا پـەیتا پـەیتا كرنۆشـی بـۆ دەبـرد و، خوشكیـشم بـەو دەنگـە نـوورن و قیژەئاسـایەیەوە وەڵـامی دەدایەوە. بەو شێوە بارۆن، كە لە دەمێكەوە خەتی بە دەوری كچەكەیدا كێشابوو، دیـسان سەری بە خەیاڵات كردن لەبارەی ئەوەوە قاڵ بوو.

كۆنت كە سەرنجی بە هیچكام لەم شتانە نەدەدا، گوتی: « ئێوە كوڕێكی تریشتان بوو، بارۆن ئارمینوس، وانییە؟ »

باوكم گوتی: « بەڵێ كوڕە گەورەكەم، چووە بۆ راو. »

درۆی نەدەكرد. لەو دەمەدا براكـەم هـەموو رۆژێـك لـە دارسـتان بـوو، بـە تفەنگێكـەوە خەریكی راوی كەروێشكی كێوی و باڵندەی زلەزلە بوو. من تفەنگەكەم بۆ بردبـوو، هـەر ئـەو تفەنگە سووكە كە باتیستا مشكی پێ دەكوشت. ئەو ماوەیـەك بـوو وازی لـە مـشك كوشـتن هێنابوو، تفەنگەكەی بە بزمارێكەوە هەڵواسیبوو. كۆنت هـەواڵی راوەكـانی ناوچـەی ئێمـەی دەپرسی و بارۆن لە خۆوە وەڵامی دەدایەوە. لەبەر ئەوەی كـە پیـاوێكی كـەم تاقـەت بـوو، گوێی بە دنیای دەوروبەری خۆی نەدەدا و راوی نەدەكرد. من ئەگەرچـی نـەدەبوو خـۆم لـە قسەی گەورەكان هەڵقورتێنم، هەندێك شتم لەو بارەیەوە بە زاردا هات و كوتم.

كۆنت گوتی: « تۆ چۆن ئەمانە دەزانی، كوڕەكەم؟ »

گوتم: « لەبەر ئەوەی كەمن نێچیرە پێكراوەكان بۆ براكەم كۆ دەكەمەوە...»

باوكم قسەكەی پێ بڕیم و گوتی:

« كێ گوتی تۆ قسە بكەیت؟ بڕۆ بە لای یاری كردنەكەتەوە. »

لە ناو باخ بووین. شەو بوو، شەوی هاوین. هەوا هێشتا رووناك بوو. کۆزیمۆ لە کاتێکدا بە یەکە یەکەی سپیدار و نارەوەندا هاتبوو، بە خۆی و کڵاوە پێستە پشیلەکەیەوە دەرکەوت. بە شانێکییەوە تفەنگ و بە شانەکەی تریەوە شیشێکی بەردابووەوە و، پێڵاویشی لە پێدا بوو.

کۆنت راوەستا و بۆ ئەوەی باشتر بیبینێت، سەری بەرز کردەوە. بە پێکەنینەوە گوتی:

« هۆی... هۆی... ! کێ لەوێیە؟ کێ بەسەر ئەو دارەوەیە؟ »

باوکم خەجڵا و گوتی: « چی بووە؟ نازانم... رەنگە پێتان وابووبێت... »

ئەو سەیری ئەو شوێنەی نەدەکرد کە کۆنت نیشانی دەدا، بەڵکوو هەوڵی دەدا بە چاوەکانی کۆنتدا لەوە بگات کە ئایا بەراست کوڕەکەی بینیوە یان نا.

لەو کاتەدا کۆزیمۆ گەیشتبووە ژوور سەریان و، بە قاچی لێك بڵاوەوە لەسەر لقێك راوەستابوو.

« ئەها ! ئەوە کوڕەکەی منە. بەڵێ کۆزیمۆیە. منداڵە، بۆ ئەوەی خۆی شیرین بکات چۆتە سەر ئەو دارە. »

« کوڕە گەورەکەتە؟ »

« بەڵێ، لەویتر گەورەترە، بەڵام زۆر نا. هێشتا منداڵە و یاری دەکات... »

« زۆر بە کارامەیی بەسەر لقەکاندا دەڕوات. ئەویش ئاوا پڕ چەك... »

« هە... یاری دەکەن. »

رۆڵێك کە باوکم دەیبینی ئەوەندە قورس و دژوار بوو، کە روومەتی سوور هەڵگەڕابوو.

گوتی: « ئەوە لەو سەریە چی دەکەیت، ها؟ نایەیتە خوار؟ دەوەرە سەلام لە جەنابی کۆنت بکە. »

کۆزیمۆ کڵاوە پێستەکەی لەسەر هەڵگرت و گوتی:

« سەلام جەنابی کۆنت. »

کۆنت پێکەنینی لێپژا.

« هاهاها ! زۆر چاکە !وازی لیٚ بیٚنە جەنابی بارۆن. ئافەرەم کوڕم. »

گەنجە جلفەکەش گوتی:

« سەیرە ! زۆر سەیرە ! »

هیچ قسەیەکی لەوە باشتری بۆ گوتن بە بیردا نەهات.

کۆزیمۆ لە سەر لقەکان دانیشتبوو. بـاوکم بابـەتی باسـەکەی گـۆڕی و بـۆ گویٚزانـەوەی سەرنجی کۆنت دەستی بە زۆربلەیی کرد. بەڵام کۆنت جار وبار سەری هەڵـدەبڕی و سـەیری کۆزیمۆی دەکرد کە لەم دارەوە بۆ ئەو دار دەچوو، تفەنگەکەی خاویٚن دەکردەوەو، رۆنی لە پیٚڵاوەکانی هەڵدەسوو. کە شەو داهات جلیسقەکەشی لەبەر کرد.

« سەیری کەن، لەو سەر دارە چی دەکات! ئای کە بە بینینی کەیف خۆشم! هەر کـە پیٚم بگاتە دەربار ئەمەیان بۆ دەگیٚڕمەوە. بۆ کوڕە ئوسقۆفەکەم و، بۆ پوورە شازادەکەشـم دەگیٚڕمەوە. »

باوکم خەریك بوو شیٚت دەبوو. بیٚجگە لەوە کچەکەشی دیار نەبوو، کۆنتی گەنجیش ون بووبوو. کۆزیمۆ کە بۆ گەشت و گەڕان دوور کەوتبۆوە، بە پشووی سـوارەوە گەڕایـەوە. بـە سەراسیمەییەوە گوتی: « تووشی نزگەرەی کردووە. تووشی نزگەرەی کردووە. »

کۆنت رووی گرژ کرد. گوتی:

« وای! خراپ روویدا! کوڕەکەم زۆرجار تووشی نزگەرە دەبیٚت. برۆ بزانە چاك بۆتەوە یان نا. برۆ کوڕم. پیٚشی بڵیٚ زوو بگەڕیٚتەوە. »

کۆزیمۆ بە پەلە رۆشت و سەراسیمەتر لە جاری پیٚشوو گەڕایەوە.

« بـە شـویٚن یـەکتردا هەڵـدیٚن. باتیـستا دەیـەویٚ مارمیٚلکیٚـك بخاتـەنـاو لەشـییەوە تـا نزگەرەکەی کۆتایی پیٚ بیٚت، ئەویش ناهیٚڵیٚت. »

ئەوسا هەڵات تا باقی رووداوەکە ببینیٚت.

ئەو شەوە بەم شیٚوە رابورد. شەویٚك کە لە هەموو شەوەکانی تر دەچوو. کۆزیمۆ هەروا بەسەر دارەکانەوە دووراو دوور لەگەڵ ئیٚمە دەژیا. بەڵام ئەو شـەوە میوانمـان بـوو، هـەواڵی

ڕەفتاری سـەیر و سـەمەرەی براکـەم لـە هـەموو دەربارەکـانی ئورووپـادا دەنگـی دایـەوە و باوکمان پێـی شـەرمەزار بـوو. شـەرەمەزارییەکەی بـاوکم لـە خـۆوە بـوو، کۆنـت ئـستومال یادەوەریەکی خۆشی لە بنەماڵەی ئێمە لەگەڵ خۆی برد و، باتیستاش بـوو بـە دەسـگیرانی کوڕەکەی.

## ١٠

ڕێگەی پێچاو پلووچی سەر لقی دار زەیتوونەکان بۆ کۆزیمۆ ڕێگەیەکی ئاسان بوو. زەیتوون دارێکی میوانگرە، ئەگەرچی لەشی زبرە، بۆ کەسێك کە پیایدا هەڵگەڕێت یان لەسەری دانیشێت خۆشە. بەڵام لقی ئەستووری کەمە و جۆراوجۆریش نییە.

هەنجیر دارێکە کە دەبێ دایمە ئاگات لە لقەکانی بێت نەکا بشکێن، بەوحاڵەش تا دڵ بخوازێ جێی بۆ گەشت و گەڕان هەیە. کۆزیمۆ لە بن تاقی گەڵای هەنجیرەکاندا دادەنیشت و، سەیری تیشکی خۆرەتاوی دەکرد کە لە مووڕەگی گەڵاکانەوە تێدەپەڕی. لە میوە سەوز و خڕەکانی دەڕوانی کە وردە وردە گەورە دەبوون و، بۆنی ئەو شیلەیەی دەکرد کە لە بنی میوەکەوە بۆ ناوەوەی دەڕژا. هەنجیر داریکە کە زوو لە گەڵ بنیادەم دەگونجێ و شیلەی خۆی و ویزەی زەرگەتەکان لە خۆیدا دەتوێنێتەوە. زۆری نەدەخایاند کە کۆزیمۆ هەستی دەکرد خۆشی خەریکە دەبێت بە هەنجیر، بۆیە بە سەراسیمەییەوە لێی دوور دەکەوتەوە.

سەر پەلی دار هەنجیر و دار توو شوێنێکی خۆشە، بەداخەوە کە ئەم دارانە کەمن. ئەم قسانە دارگوێزیش دەگرێتەوە. ڕەنگە هیچ دارێك بە قەدەر گوێز دار نەبێت! بە چ هێز و

متمانەیەكەوە داربوونی خۆی دەسەلمێنێت! بە چ هەوڵ و تێكۆشانێك باڵا دەكا و قـورس و قایم دەبێـت! هـەوڵ و تێكۆشـانێك كـە بـە یەكـە یەكـەی گەڵاكانییـەوە دیـارە. هـەرجارێك كۆزیمۆم دەبینی كە بە ناو لقی بیٚ برانـەوەی دارگـوێزە كۆنەكانـدا دەگـەرێت، پێموابـوو لـە ژوورەكانی كۆشكێكدا پیاسە دەكات. لەو كاتانەدا حەزم دەكرد منیش وەك ئەو بچم لەسـەر دارەكان بژیم.

كۆزیمۆ گەڕان بە ناو شەپۆلی لقوپوی دار بەڕووەكانیشی پیٚ خـۆش بـوو. لەشـی دابـڕ دابڕی ئەو دارەشی خۆش دەویست و، هەر كە لە شتێك نیگەران بوایە بە نینۆك تەڵاشە نـاو بۆشەكانی هەڵدەكەند. مەبەستێكی خراپی لەو كارەی نەبوو، لەوە دەچوو بیەوێت یارمـەتی تۆژەن بوونـەوەی بـەردەوامی لەشـی دارەكـە بـدات. هـەر بـەو شـێوە تەڵاشـە سـپییەكانی چناریشی هەڵدەكەند و، توێژاڵە كۆنی زێڕی پواوی بن تەڵاشەكانی دەردەخست.

ئەو لەشی نارەوەنیشی خۆش دەویست. لەشێكی چـەماوە كـە لـە هـەر گرێیەكییـەوە شووڵی نەرم و گەڵای دابڕ دابڕ و میوەی وشكی وەك كاغەزی لیٚدەردەهـاتن. بـەڵام هـاتن و چوون بەسەر نارەوەندا كارێكی ئاسان نییە، لقەكانی هێندە ناسك و تێك ئاڵاون كـە رێگـەی تێپەڕین نادەن.

لە ناو داری دارستاندا، كۆزیمۆ داری ئالش و فونجی لە هەمووان زیاتر خۆش دەویست. دەرووی كاج تەنگەبەر و ناسك و پڕ لە دەرزییە، پیاو نە دەتوانیٚ لە سەریان دابنیـشیٚ و نـە دەتوانی لێیانەوە رەت بێت. شابەڕوو بە گەڵای دڕكاوی و پێـستی زبـر و لەشـی گـرژ و لقـە بەرزەكانییەوە، دەڵێی بۆ ئەوە دروست كراوە كە بنیادەم بتارێنێت.

كۆزیمۆ دوای ماوەیەك لەگەڵ دارەكاندا بوو بە دۆست و جیاوازیەكانیانی ناسی. یـان بـا بڵێم وردە وردە پەی پێبردن. بەڵام ئەو دۆستی و ناسیاوییە لە یەكەم رۆژەكانەوە خۆیان بە سەردا سەپاند و دۆخێكی غەریزییان وەرگـرت. ئێـستا ئـیتر ئـەو دنیاكـەی گۆڕابـوو. دنیـای ئێـستای، دنیایـەك بـوو پـڕ لـە پـردی باریـك و چـەماوە كـە لـە نێـوان زەوی و ئاسمانـدا هەڵبەسترابوون. دنیای لەش و لقی داپۆشراو بە تەڵاش و گریٚ و چرچ و لـۆچ. دنیایـەكی پـڕ

لەو ڕۆشناییە کەسکە کە لە پشت گەڵاکانەوە دەهات و، بە سروە و گۆڕانی جۆر و قـەبارەی گـەڵاکان ڕەنگـی دەگـۆڕی و، کـە دارەکـەش دەچـەمییەوە، وەك پەردەیـەکی درەوشـاوە شەپۆلی دەدا. دنیای ئێمە «ژێرخان»ی ئەو دنیایە بوو. ئێمە تەنیا تاریك و ڕوونی تەمومژاوی ئەو دنیایەمان دەبینی و، لە هیچ شتێکی ئەو دنیایە کە کۆزیمۆ هەموو شـەوێك هەسـتی پـێ دەکرد، نەدەگەیشتین. لـە هـەوڵی بـەردەوامی چـێو کـە بـە هـەموو سـلوولەکانی، جـەغزی نیشاندەری تەمەنی دارەکەی گەورە و گەورەتر دەکرد، لە کوتە کەڕووی شێدار کـە بـە دەم سروەی شەماڵەوە پانتر دەبوو، لە لەرەی باڵندەی نوستوو کە سەریان لە نەرمترین سووچی باڵەکانیان ڕۆ دەکرد، لە بێداری کرمی ناو پیلەو، سەردەرهێنانی جووچکی قشقەڵە لە هێلکە.

لە بیدەنگی شەودا کاتێك دێت کە پۆلە دەنگێکی وردو ون، وەك تۆزو خۆڵ، بـەر گـوێ دەکەون: غارەغار و زیقەزیق و چۆرەچۆڕی ئاو و، لێکسوونێکی گورج و خێرای ناو گیاجاڕ و، خشپەی پێی سەر بەرد و خۆڵ و، جیکەجیکی سیسرکەکان کە بەسەر هـەموو دەنگەکانـدا زاڵ دەبێت... دەنگەکان تێکەڵ دەبن و گوێچکەش بـەردەوام لـە دەنگـە تازەکـان دەگـات، هەروا کە کاتی دەست هێنان بەسەر کەڵافە بەنێکدا لەوە دەگەیت کە هەر گرێیەك لە تاڵێکی لە خۆی باریکتر چێ بووە. بۆقەکان بەردەوام دەقیڕێنن و ئەو قڕینە چونیەکەیان زەنازەنای بێبڕانەوەی شەوەکە ناشێوێنێت، هەروا کە شۆقی کز و بەردەوامی ئەسـتێرەکان ڕۆشـنایی شەو ناشەمزێنێت. بەڵام کاتێك با هەڵدەکا و تێدەپەڕێت، هەموو دەنگەکان دەگۆڕێن و سەر لەنوێ دەست پێدەکەنەوە. تـەنیا زایەڵـەی نرکـە و هـەرا و هاوارێـك لـە قووڵـایی گوێـچکەدا دەمێنێتەوە، کە ئەویش دەنگی دەریایە.

زستان هات. کۆزیمۆ باڵاپۆشێکی درێژی لە پێستی چەند کەروێشك و ڕێـوی و سمـۆرە بۆ خۆی دروو. هەر وەك جاران کڵاوە پێـستە پـشیلە کێویەکـەی لەسـەر دەکـرد. هـەروەها پانتۆلێکیشی لەمەرەزی بزن بۆ خۆی دروو، کە سەر ئەژنۆکانی چەرم بـوو. بـۆ پێڵـاویش... ئاخریەکەی بیری لەوە کردەوە کە بۆ ئەو سەردارانە هـیچ شـتێك لـەپێڵـاوی نـەرمی پێـست چاکتر نییە و، جووتێك پێڵاوی بۆ خۆی ساز کرد کە پێموابێت لە پێستی شغارە بوو.

ئەو بەم شێوە خۆی لە سەرمای زستان پاراست. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە زستانی ئەو دەمانە هێورتر بوون. هێشتا تووشی ئەو سەرمایانە نەبوبووین کە دەیانگوت ناپلیۆن لـە ئەشکەوتەکانی رووسیاوە دەریکێشاون و، تا ئەوروپا شوێن خۆی خستوون. وێڕای ئەوەش، بەشەوی زستان لە دەرەوە بوون خۆش نەبوو.

کۆزیمۆ شەوانە لە ناو توورەکەیەکی پێستدا بوو. وازی لە کەپر و خێوەتی سەر دارەکە هێنابوو، بۆ خەوتن دەچوە ناو توورەکەیەکی پێستەوە کە تووك و کوڵکی لە دیـوی نـاوەوە بوو، بە لقێکەوە بەسترابووەوە. تا سەر لـە توورەکەکـە دەخـزی و وەك کۆرپەڵـە دەسـت و پێی کۆ دەکردەوە و دەخەوت. کە دەنگێکی گومان لێکراو دەبیسترا، سەری پێستە پۆشی کۆزیمـۆ، لەگـەڵ نـووکی تفەنگەکـەی، لـە درزی توورەکەکـە دەهاتنـە دەر. ئەوسـا چـاوە زیتەکانی دەبیندران. ( ئەو دەمانە دەیانگوت چاوەکانی وەك چاوی پشیلە و کوند لە شەودا دەدرەوشێنەوە. بەڵام من بە چاوی خۆم هەرگیز شتی وام نەبینی. )

بەیانیان هاوکـات لەگـەڵ دەنـگ و ئـاوازی مریـشك و کەڵەشـێرەکان، کۆزیمـۆ لـە خـەو هەڵدەستا، مستی لە توورەکە دەهێنادەر، هەر دوو دەستی هەڵدەبڕی و خۆی دەکێشایەوە، ماوەیـەکی زۆر بـەو شـێوە دەبـوو تـا لەشـە کوتراوەکـەی نـەرم و خـاو دەبـووەوە، ئەوسـا روومەتی دەردەکەوت کە باوێشکی دەدا، سەرسنگی دەبیندرا کە تفەنگ و توورەکە بارووتی پێدا بەربووبۆوە و، لە دواییشدا قاچە چەمیوەکانی دەهێنایەدەر. ( ئەوەندە کۆم و چەماوە بەسەر دارەکاندا رۆشـتبوو، قاچـەکانی وردە وردە وەك کـەوان چـەمیبوونەوە. ) کـە قاچـی دەردەهێنا و رایدەکێـشان، پـشتی دەجووڵانـد، سـەری دەخوراند و بەوپـەڕی خۆشـییەوە رۆژێکی تری دەست پێدەکرد.

بەر لە هەموو کارێك دەچوو بۆ سەر کانی. کانییەکی بوو کە بە دەستی خـۆی، یـان بـا بڵێم، بەیارمەتی سروشت سازی کردبوو. لە نزیك ئەو شوێنە کـە بەسـتێنی چـۆمەکە لـە پـڕ دادەکەوت و تاڤگەی لێ سازدەبوو، دار بەڕوویەکی بەرز لقوپـۆی بڵـاو کردبـووەوە. کۆزیمـۆ لقی درێژی سپیدارێکی گرتبوو، پلووسکی لێ ساز کردبوو. بەو پلووسکەدا ئـاوی تاڤگەکـەی

بۆ سەر لقی دار بەڕووەکە دەگوێزایەوە. بەو شێوە ئاوی خواردنەوە و خۆشتنیشی بوو. مـن زۆر جار بە چاوی خۆم بینیبووم کە خۆی دەشت. ئەڵبەت نەك زۆر جار و هەموو ڕۆژێك، بـە لام خۆی دەشت و سابوونیشی بوو. تەنانەت جارجار حەزی دەکرد و جلەکانیشی دەشـت. بۆ ئەو کارە دۆڵچەیەکی بردبووە سەر دار بەڕووەکەو، جلە شۆراوەکانیشی لەسـەر تـەنافێك هەڵدەخست کە ئەمسەراوسەر بە دوو لقەوە بەسترابووەوە.

بە کورتی، کۆزیمۆ لەسەر دارەکـان هـەموو کـارێکی دەکـرد و، تەنانـەت بـۆ برژانـدنی گۆشتی راوەکەشی رێگەیەکی دۆزیبـووەوە. بـە بەردەئەسـتێ میـوەی کـاجێکی گـڕ دەدا و دەیخستە ناو ئاگرباجێکی بەردەوە کە من لەسەر عەرز بۆم ساز کردبوو. پاشان گەڵا و لقـی وشکی بۆ دەهاوێشت و بە یارمەتی میلەیەکی ئاسنی کە بە دارێکی درێژەوە بەسـترابووەوە ئاگرەکەی خۆش دەکرد، تا گۆشتەکە کە بە لقێکەوە بەر بووبۆوە ببرژێنێت. لەو کاتانەدا زۆر وشیار بوو. چونکا چاوی لێك بنایە دارەکان ئاگریان دەگرت. بۆیە ئاگرباجەکەمان لە بـن دار بـەڕووی نزیـك تاڤگەکـە چـێ کردبـوو، تـا ئەگـەر ئـاگری لێکەوتـەوە، بـە ئـاوی چـۆمەکە بکووژێتەوە.

ئەو خۆی بەشێك لە گۆشـتی راوەکـەی دەخـوارد، باقییەکـەی دەدا بـە گوندییـەکان و لەبری ئەوەش میوە و سەوزەی لێ وەردەگرتن. بۆیە خواردنەکەی باش بوو، پێویست نەبوو لە ماڵەوە خواردنی بۆ ببەین. ڕۆژێك زانیمـان کـە هـەموو بەیانییـەك شـیری تـازە دەخـوات. لەگەڵ بزنێکدا ببوو بە دۆست کە هەموو بەیانییەك دەچووە بن دار زەیتوونێك و پاشووەکانی بە دارەکەوە هەڵدەپەسارد و گوانەکانی بەرەو ژوور دەگرت. کۆزیمۆ بە سەتڵێکی بچووکەوە دەچووە سەر لقێك کە تـەنیا بـستێك لـەزەوی دوور بـوو، ئەوسـا بزنەکـەی دەدۆشـی. ئـەم پەیوەندییـەی لەگـەڵ مریـشکێکی ماڵـەکیش گرتبـوو، لـە بۆشـایی دارێکـدا بـە دزییـەوە کولانەیەکی چێ کردبوو، مریشکەکە ڕۆژە نا ڕۆژێك دەچووە ناوی و هێلکەیەکی بـۆ دەکـرد. کۆزیمۆ بە دەرزی هێلکەکەی کون دەکرد و هەڵیدەمژی.

ئەی چۆن دەچووە سەراو؟ سەرەتا گوێی بەوە نەدەدا و لە هەر کوێ زۆری بۆ دەهات، دادەنیشت و خۆی ئاسوودە دەکرد. بەڵام دواتـر پـەی بـە ناپەسـندی کارەکـەی بـرد و، لـە شوێنێکی دوور، لە گوێی چۆمێك بە ناوی «گواو»، دار توسکایەکی دۆزیەوە کە لقێکی بەسەر چۆمەکەدا کشابوو.«گواو» چۆمێکی خوڕ و قوڕاو بوو کە بە ناو قامیـشەڵانەکاندا تێدەپـەڕی و، زێرابی شار و گوندە دوور و نزیکەکانی تێدەڕژا. بەڵێ، کۆزیمۆ لاڤێـرس دۆرنـدو پیـاوێکی شارستانی بوو کە ڕێزی لە خۆی و خەڵکیتر دەگرت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕاوچی بە بێ یارمەتی سەگ ناتوانێت ئاسوودە بژی. ئەڵبەت من ئەو کەو و هەوێردە و کەرەواڵانە کە براکەم لە حەواوە دەیپێکان، یـان ئـەو ڕێوییانـە کـە پاش شەوێك کەمین کردن، غافڵگیری دەکردن و دەیکوشتن، کۆم دەکردنەوە و بۆم دەبـرد. بەڵام منیش بە کەمی دەمتوانی لە ماڵ دەرباز ببم و خۆمی پێ بگەیەنم. زۆر گرفتار بووم: لە لای قەشە دەرسم دەخوێند و دەبوو سەعی بکەم، دەچووم بۆ کلێسە و ژەمەکانیش دەبـوو لەگەڵ دایك و باوکم نان بخۆم. هەزار و یەك ئەرکی بنەماڵەم لە ئەستۆ بوو کە دەبوو پێیانـدا ڕابگەم، چونکا گوتەیەك بوو کە بەردەوام بەر گوێم دەکـەوت و بەلامـەوە مـەنتقیش بـوو: « هەر ماڵە و بزنە گەڕۆڵێکی بەسە. » ئەم گوتەیە کاری کردە سەر هەموو ژیانم.

بـەهـەرحاڵ، کۆزیمـۆ هەمیـشە بـە تـەنیا دەچـوو بـەراو و، بـۆ هەڵگرتنـەوەی نیـچیرە پێکراوەکانیشی هەندێك شتی وەك تەناف و شەن و قولاپی ماسیگرەکانی بـە کـار دەهێنـا. بەڵام زۆر جاریش دەستی بە ڕاوەکەی نەدەگەیشت، ئای لەو هەمووە هەوێردانە کە لە ناو گژ و گیادا دەمانەوە و بۆگەنیان دەکرد و دەبوونە خۆراکی مێرووەکان!

من بۆیە هەر باسی چوون و هێنانەوەی ڕاو و نێچیرە پێکراوەکان دەکـەم، چـونکا لـەو دەمـەدا کۆزیمـۆ تـەنیا ڕاوە حەشـاری دەکـرد و جـاری وابـوو ڕۆژانـە چـەند سـەعات، یـان بەدرێژایی شەو، لە قوژبنێك چاوەڕوان دەما تا هەوێردەیـەك لەسـەر دارێـك هەڵنیـشێت یـان کەروێشکە کێویەك لە مێرگێکدا دەرکەوێت. جاروباریش بە دوای ڕاودا دەگەڕا و شوێن دەنگ و چرپینی باڵندەکان دەکەوت، هەوڵی دەدا ڕێگـەی بـواری ئاژەڵـە چـوار پێکـان بدۆزێتـەوە.

هەموو جارێك كە وەڕینی سەگەكانی بە شوێن ڕێوی یان كەروێشكێكەوە دەبیست، دەیزانی دەبێ خۆی دوورە پەرێز رابگرێت. ئەو راوە راوی راوچییەكی تەنیای وەك ئەو نەبوو. ئەو چونكا ملی بە داب و ڕێسا گشتییەكان دەدا، هەرگیز تفەنگی بەرەو نێچیرێك نەدەگرت كە سەگی راوچییەكی تری بە شوێنەوە بوو. تەنانەت ئەو كاتەش كە یەكەم كەس بوو لە شوێنی بێوێنەی قەرەوڵییەكەیەوە نێچیرەكەی دەبینی و، دەیتوانی زووتر لە هەموو كەس بیپێكێت، كاری وای نەدەكرد. لەو حاڵەشدا چاوەڕوان دەبوو راوچییەك بە پشوو سواری و گوێ قوڵاغییەوە دەركەوێت و بێت و چاو بەملاولا بگێڕێت، تا ئەویش پێی بڵێت نێچیرەكەی بەرەو كوێ چووە.

ڕۆژێك لە ناو گژ و گیاكەدا چاوی بە پەڵەیەكی سوور كەوت. ڕێوییەكی سمێل تیژ لە ترسا هەناسەی سوار ببوو. ڕێوی بە مێرگەكەدا تێپەڕی و لە ناو دەوەنەی خەلەنگێكدا خۆی شاردەوە. بە شوێنیدا رەوە سەگێك بە وەڕەوەڕ هاتن. بە غار دەهاتن و بۆنیان بە عەرزەوە دەكرد، دیسان شوێن پێی ڕێویەكەیان ون كرد و بە ڕێیەكی تردا ڕۆشتن.

كە ئەوان دوور كەوتنەوە خشەخشێك لە ناو گیاجاڕەكە بیسترا و، سەگێك دەركەوت كە هەڵس و كەوتی لە ماسی دەچوو. سەگە لە دووڵفینێك دەچوو كە لە گیاجاڕەكەدا مەلە بكات و تەنیا لمبۆز و گوێچكەی بەدەرەوە بێت، لمبۆزێك كە لە لمبۆزی سەگی تر تیژتر و گوێچكەی لە ئەوان بەربۆوەتر بوو. پشتی بە راست لە پشتی ئاژەڵێكی دەریایی دەچوو. لەوە دەچوو لەبری قاچ باڵی ببێ و مەلەی پێ بكات. قاچەكانی نەدەبیندران و لەشیشی زۆر درێژ بوو. لەئەنجامدا، كاتێك لە گیاجاڕەكە دەرباز بوو سەكێكی پێ كورت بوو. پێدەچوو لەگەڵ رەوە سەگەكە بووبێت و لەوان دوا كەوتبێت، زۆر منداڵ و توڵە بوو. لەو كاتەدا سەگوەڕەكە حاڵەتێكی وەرگرت كە دیار بوو سەگەكان نائومێد بووبوون. گوایە شوێن پێی ڕێوییەكەیان ون كردبوو، بڵاو بووبوونەوە. هەر كام لە سەگەكان شوێن شاممەی خۆیان كەوتبوون و بە ناو گەسكەجاڕی مەیدانێكی بێ دار و درەختدا دەگەڕان. بەو پەڕی بێ قەرارییەوە هەوڵیان دەدا شوێنی بۆنە ون بووەكە بگرن و هەمدیس بە دوای نێچیرەكەدا

هەڵێن. حەز و شەوقیان دامرکابوو، تەنانەت دوان سیانێکیان لە پاڵ بەردێك پێیان بەرز کردەوە و میستن.

لە ئەنجامدا سەگە پێ کورتەکە بە هەناسەی سوارەوە پێیان گەیشتەوە و، بە هەڵبەز و دابەز خۆی تێکەڵ کردن. ئەوسا بە بێ هیچ موناسەبەیەك فیگۆرێکی سەرکەوتووانەی گرت و بە سەرچڵییەوە دەستی بە وەڕین و هاندانی سەگەکانی تر کرد. سەگەکان بۆڵاندیان، بۆ ساتێك گەڕان لە شوێن نێچیرەکەیان لە بیر چۆوە، راوەستان و لمبۆزیان کردەوە کە گاز لە سەگە پێ کورتە بگرن. بەڵام دیسانێچیرەکەیان بیر کەوتنەوە ورۆشتن.

سەگە پێ کورتەکە بە بێ مەبەست دەسووڕایەوە و کۆزیمۆش شوێنی کەوتبوو. ئەو کە لمبۆزی بەرز راگرتبوو کوڕەکەی بەسەر دارەکانەوە بینی و کلکی بۆ لەقاند. کۆزیمۆ دڵنیا بوو ڕێوییەکە لەو نزیکانە خۆی شاردۆتەوە. رەوە سەگەکە بڵاوەیان کردبوو، جارجار لەخۆوە لەسەر تەبارە نزیکەکان دەوەڕین و راوچییەکانیش بە قوولە قوول غار غارێنیان پێ دەکردن. کۆزیمۆ بە سەگە پێ کورتەکەی گوت:

« برۆ! برۆ بگەڕێ! »

سەگەکە گورجێك دەستی بە گەڕان کردەوە. بەردەوام بۆنی بەملاولادا دەکرد و جارجاریش لە کۆزیمۆی دەڕوانی.

« برۆ! برۆ! »

کۆزیمۆ ئیتر سەگەکەی نەدەبینی. بەڵام بیستی کە دەوەنەکان جووڵانەوەو لەپڕ وەڕەی سەگەکەش بەرز بووەوە. ڕێوییەکەی دۆزیبۆوە و لە حەشارگەکەی دەرپەڕاندبوو.

ڕێوی بە پەلە بە گیاجاڕەکەدا تێپەڕی. ئایا دەکرا گوللە بە ڕێوییەکەوە بنێت کە سەگی راوچییەکی تر دەرپەڕاندووە؟ کۆزیمۆ تەقەی لێ نکرد. سەگە پێ کورتەکە لایلێکردەوە و بە نائومێدییەوە لێی راما. لێرامانی سەگێك کە لە هەوەسی مرۆڤ ناگات. ئەوسا هەمدیس شوێن ڕێوییەکە کەوتەوە. سوورێك ڕێوییەکەی هەڵخولاند و هەر دوکیان هەمدیس لە کۆزیمۆ نزیك بوونەوە. ئایا کۆزیمۆ دەبوو تەقەی لێ بکات یان نا؟ تەقەی لێ نەکرد. سەگە بە

خەمەوە سەیری کرد. ئیتر نەدەوەڕی، زمانی لە گوێچکەی داکەوتووتر بوو. هێزی نەمابوو، کەچی بەردەوام غاری دەدا.

غارغارێنی سەگەکە سەری لە راوچییەکانیش شێواندبوو. پیرەمێردێك بە تفەنگی شمخاڵی کورتەوە، بە کوێرە رێگەکدا دەهات. کۆزیمۆ لێی پرسی:

« هۆی، ئەو سەگە قاچ کورتە سەگی تۆیە؟ »

پیرەمێرد بە روو گرژییەوە گوتی:

« خوامدەکرد سەر بە لەشی تۆ و ئەویشەوە نەدەبوو! ئایا من لە کەسێك دەچم کە بە سەگی پێ کورتەوە بچێت بۆ راو؟ »

کۆزیمۆ کە دەیویست پابەندی داب و نەریت بێت، گوتی:

« کەواتە من دەتوانم نێچیرێك راو بکەم کە ئەو دۆزیبێتیەوە؟ »

پیرەمێرد گوتی:

« هەر بێجایەك پێت خۆشە بیکە. »

ئەوسا دوور کەوتەوە.

سەگە پێ کورتەکە رێوییەکەی گەڕاندەوە. کۆزیمۆ جاسووسی لێگرت و لێیدا. ئەو ئێستا ئیتر خاوەنی سەك بوو. ناوی ئۆپتیموس ماکسیموسی[٣٢] لێنا.

ئۆپتیموس ماکسیموس سەگێکی ونبوو بوو، کە گوایە تەنیا لەبەر هەوای گەنجی شوێن سەگی راوچییەکان دەکەوت. لە کوێوە هاتبوو؟ کۆزیمۆ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە شوێنی کەوت.

سەگە هەروا کە سکی لە زەوی دەسوو بەرەو پێش دەچوو. بە هەوراز و نشێوەکاندا تێدەپەڕیو، جاروباریش سەیری کوڕی سەردارەکانی دەکرد تا دڵنیا بێت کە بە شوێنییەوەیە. ئەو رێگە کە پێیدا دەڕۆشت وەها نەناسیاو بوو کە کۆزیمۆ سەرەتا نەیدەزانی

---

٣٢ - Optimus Maximus

بەرەو کوێ دەچێت. بەڵام کاتێك تێگەیشت دڵی وە تـەپوکوت کـەوت. ئـەوان گەیشتبوونە باخی ریڤالۆندە.

دەرکـە و پەنجـەرەی ڤیلاکـە داخرابـوون. تـەنیا هـەتاوگری پەنجەرەیـەکی بـچووکی سەرخانەکە کرابووەوە کە با دەیلەراندەوە. باخەکە پشت گوێ خرابوو، لە هەمیشە زیاتر لە دارستانی دنیایەکی تـر دەچـوو. باخـچە و ڕاڕەوەکـانی پـڕ بـوو لـە گـژ و گیـا و درك و داڵ، ئۆپتیموس ماکسیموس بە ناویاندا دەڕۆشت و بە خۆشییەوە شوێن پەپوولـەکان دەکـەوت. لەوە دەچوو لەماڵی خۆی بێت.

لـە نـاو دەوەنێکـدا ون بـوو، کـەمێك دواتـر بـە پارچـە نەوارێکـەوە گەڕایـەوە. کۆزیمـۆ ئەوەندەی تریش تووشی دڵەکوتە بوو.

« ئەمە چییە، ئۆپتیموس ماکسیموس؟ هی کێیە؟ قسە بکە بزانم! »

سەگەکە کلکی بۆ لەقاند.

« بیدە بە من ئۆپتیموس ماکسیموس، بیدە بە من. »

کۆزیمۆ خۆی گەیاندە لقێکی نزیك لە عەرز و ئەو کوتە پەڕۆیەی، کە بێ گومان زەمانێك بـسکی ڤیۆلـتـای پـێ ڕازابـۆوە، لـە زاری سـەگەکە وەرگـرت. لـەوەدەچـوو دیمـەنێ:ی بـیر کەوتبێتەوە کە کچۆڵە سەوەتەیەکی بە دەستەوەیە و ئۆپتیمـوس ماکسیموس، کـە ئەوسـا تولە سەگێکی بچووك بووە و تازە داویانەتێ، لەو سەوەتە دێتەدەر.

«دیسان بگەڕێ! بگەڕێ! »

سەگە چووەناو قامیشەڵانەکە و بە کۆمەڵێك یادگاری ترەوە گەڕایەوە: تەنافێکی یـاری کردن، کوتێك فوودانە، باوەشێنێك...

براکەم خۆی گەیاندە ترۆپکی بەرزترین داری باخەکەو، بە شمشێر، لەسەر لاسقی لقێك ناوی خۆی و ڤیۆلتای هەڵکەند. پاشان لە ژێر ئەو ناوانەش **ئۆپتیموس ماکسیموس سـەگی پێ کورتیشی** هەڵکەند. ئەو دەیزانی کچۆڵە ئەم کارەی پێ خۆش دەبێت، ئەگەرچی ڕەنگە ئەو ناوێکیتری لە سەگەکەی نابێت.

لەو رۆژەوە کۆزیمۆمان لەسەر هەر دارێك بدیبایە دەمانزانی ئۆپتیموس ماکسیموس لـە بن ئەو دارە دەسوورێتەوە. کۆزیمۆ شێوازی گـەڕان و دۆزینـەوە و هێنانـەوەی نێـچیر، واتـە هەموو ئەو کارانە کە سەگی راوچـییەك دەبـوو بیزانێـت، فێـری کردبـوو. هـیچ ئاژەڵێـك لـەو دارستانەدا نەبوو کە ئەوان لێیان راو نەکردبێت. سەگەکە بـۆ ئـەوەی راوەکـە بداتـە دەسـت کۆزیمۆ، ئەوەندەی کە دەیتوانی لەسەر پاشوانی هەڵدەستا و کۆزیمۆش خۆی پیٚ دەگەیاند و نێچیرەکەی، کەروێشك بوایە یان سوێسکە، لە زاری وەردەگرت. ئەوسا دەستی بە سەریدا دەهێنا و دەیلاواندەوە. ئەوان لەوە زیاتر نەیاندەتوانی لەیەك نزیك ببنەوە. بـەڵام لـە نێـوان کوڕی سەر دارەکان و سەگێك کە لەسەر عەرز دەگەڕا، پەیوەندی و وتووێژێکی بەردەوام لـە ئارادا بوو، کە بە وەڕینی سەگەکە و دەنگ و وشە تاك برگەییەکانی کۆزیمۆ بەیان دەکرا. ئەم پەیوەندییە بە شێویەك بـوو پێویـستی سروشـتی سـەگ بـە مـرۆڤ و مـرۆڤ بـە سـەگی تێـدا دەگونجا. ئەگەرچی کۆزیمۆ لەمرۆڤەکانی تر جیاواز بوو، ئەو سەگەش لە هیچ سـەگێکی تـر نەدەچوو، بەڵام پێکەوە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیان بوو.

## ١١

بەشێکی زۆر لە قۆناغی مێرمندالّی کۆزیمۆ بە راو و شکار تێپەری. ئەو راوە ماسیشی دەکرد: بە سەعات لە قەراغ گۆماوی چۆمەکان دادەنیشت و بەقولاپ مارماسی و سوورە ماسیی دەگرت. وادیار بوو وردە وردە دەبووە خاوەنی هەست و غەریزەییێکی جیاواز لە ئێمە و، هەروا کە پێستەی لەبەر دەکرد، سروشت و خوو خدەشی دەگۆڕا.

دیارە کە نزیکایەتی بەردەوام لەگەڵ لەشی زبری دارەکان، سەروکاری دایمە لە گەڵ پەڕ و پێست و پوولەکەی گیانلەبەران، سەیر کردنی بەردەوامی جووڵە و رەنگی جۆراوجۆری دارستان، گەشت و گەڕان بە ناو ئەو گەڵایانەدا کە لە نەوعێکیتر بوون و خوێنێکی سەوز لە دەمارەکانیاندا بوو، یاری لەگەڵ پەیکەرەی زیندووی وەك لقی دار و دەندووکی کەرەواڵە و سەلك و گوێچکەی ماسی کە هەموویان لەو شکڵانە کە ئێمە دەمانبینین جیاواز بوون، هەروەها تەریکی و گۆشەگیری لە جەرگەی دنیایەکی هێشتا وەحشیدا کە ئەو تا ناخی رۆچووبوو... هەموو ئەمانە دەیانتوانی رۆح و گیانی کۆزیمۆ تووشی گۆڕان بکەن و، کارێك بکەن کە تەنانەت رواڵەتی مرۆڤانەشی بگۆڕێت.

بەڵام ئەوە رووی نەدا. وێڕای کارەمەیی براکەم لە نزیك بوونەوە لەدارەکان

و، شەڕ لەگەڵ گیانلەبەرەکاندا، من هەمیشە دڵنیا بووم کە ئەو بەردەوام لەگەڵ ئێمە دەبێت. لەگەڵ ئێمە، لەم دیو دنیایەکی ئینسانی.

ئەڵبەت رەنگە بێ ئەوەی خۆشی بیەوێت، وردە وردە هەندێك خوو و خدەی دەگۆڕا و هەندێك شتی لە دەست دەدا، بۆیە لە یەکەم مانگەکاندا هەولێدا هەموو یەکشەممان لەگەڵمان بێت بۆ کلێسە. ئێمە کاتێك بە جلی خاوێنەوە لە ماڵ دەهاتینە دەر و بەرەو کلێسە دەچووین، ئەومان دەبینی کە بە سەر و وەزعێکی شایستەوە لە سەر دارەکان چاوەڕوانمانە. باڵاپۆشەکەی جارانی لەبەر دەکردو، لە بری پێستە کڵاوە سێ سووچەکەی بەسەرەوە بوو. کە ئێمە سەر رێ دەکەوتین ئەویش بەسەر دارەکانەوە شوێنمان دەکەوت و، بەم شێوە، ئێمە بە جلی جوان و رازاوە و ئەویش بەسەر لقەکانەوە، لەبەر چاوی هەموو خەڵکی ئۆمبرۆزادا دەگەیشتینە کلێسە. دیمەنێکی بە راست جوان و سەرنج راکێش بوو، بەتایبەت لە زستاندا کە لقی دارەکان رووت بوون. ( ئەڵبەت خەڵك وردە وردە خوویان پێگرت و باوکیشم ئاسوودە بوو. ) ئیمە دەچووینە ناو کلێسە و لەسەر کورسی بنەماڵەکەمان دادەنیشتین و، کۆزیمۆش لەسەر لقی داربەڕوویەکی ئەو ناوە کە پەلەکانی بە پەنجەرەیەکی گەورەوە نووسابوو دادەنیشت. ئێمە لە شوێنی خۆمانەوە چاومان لە سێبەری کۆزیمۆ بوو کە کڵاوەکەی هەڵگرتبوو، بۆ عیبادەت سەری دانەواندبوو. باوکم داوای لە خزمەتکارێکی کلێسە کرد تا یەکشەممان تای پەنجەرەکە بکاتەوە بەڵکوو کۆزیمۆش بتوانێت لەو بۆنەدا بەشدار بێت. بەڵام دوای ماوەیەك ئیتر ئەومان نەبینی و، چونکا لە پەنجەرەکەشەوە با دەهاتە ژوور، ناچار پێوەیان دا.

زۆربەی ئەو شتانە کە تا ئەو کاتە دەشیا بۆی گرینگ بن، ئیتر بەلایەوە گرینگ نەمان. کە بەهار هات ئاهەنگێکمان بۆ دەسگیرانیی خوشکمان گرت.
ساڵێك لەوەبەر کێ پێشبینی وەها رۆژێکی دەکرد؟ کۆنتی گەنج و بنەماڵەکەی هاتن بۆ لامان و جەژنێکی گەورە بەرپا بوو. هەموو ژوورەکان رووناك بوون. هەموو گەورە و مەزنی ئەو

ناوچە دەعوەت کرابوون. هەموویان سەمایان دەکرد. کێ لە بیری کۆزیمۆدا بوو؟ راستتان بوێت، هەموومان بیرمان لێ دەکردەوە. من بەردەوام لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوەم دەڕوانی و بە هیوای هاتنی بووم. باوکمان خەمبار بوو، لە گەرمەی ئەو جەشن و شاییەدا بێگومان بیری کەسێکی دەکرد کە بەشدار نەبوو. ژەنراڵ بە شێوەیەك شاییەکەی بەڕێوە دەبرد کە دەتگوت بۆنەیەکی سوپاییە و ئەو کارەشی بۆ فەرامۆش کردنی خەمی کوڕەکەی دەکرد. تەنانەت باتیستاش... باتیستایەك کە هەڵدەسووڕا و سەمای دەکرد، کە جلی خوشکە پاکیزانی وەلا نابوو کڵاو قژێکی وەك زەرفی باقلاوەی لەسەر کردبوو، کراسەکەشی لە کۆی چەند سەوەتەی مەرجان نیشان دەچوو... ( نازانم کام خەیات توانیبووی ئاوا لێکیان بدات ) ئەرێ تەنانەت باتیستاش لەبیریدا بوو.

من دواتر زانیم کۆزیمۆش بە شێوەیەك لەو شادییەدا بەشدار بوو. ئەو بەو سەرمایە، بێ ئەوەی کەس بیبینێت، لە سەر نووکی سپیدارێك دانیشتبوو سەیری دەکرد: پەنجەرەی پڕ لە رۆشنایی ژووری رازاوەکان و، میوانی کڵاوقژ لەسەر و، سەماکارەکانی دەبینی. بڵێی بە بینینی هەموو ئەمانە بیری لە چی کردبێتەوە؟ ئایا بۆساتێکیش حەسرەتی ژیانی ئێمەی بووە؟ ئەو زۆر لە دنیای ئێمە دوور نەکەوتبووەوە و دەیتوانی بگەڕێتەوە. ئایا بیری لەمە کردۆتەوە؟ نازانم. نازانم بیری لە چی کردۆتەوە و چاوەڕوانی چی بووە. ئەوەندە دەزانم کە لە ماوەی شاییەکەدا و تەنانەت لەوە دواش، لەوێ مایەوە. تا ئەوەی کە مۆمدانەکان یەك لە دوای یەك کووژانەوە و، ئیتر هیچ پەنجەرەیەك رۆشن نەما.

بە هەرحاڵ، پەیوەندی کۆزیمۆ لەگەڵ بنەماڵەکەی، چاك یان خراپ، هەروا بەردەوام بوو. ئەو تەنانەت زیاتر لە جاران، لە یەکێکمان نزیك بووەوە، چونکا تازە توانیبووی بیناسێت. مەبەستم جەنابی شوالییەی پارێزەر ئێنئاس سیلڤیوس کارگایە. کۆزیمۆ وردە وردە تێگەیشت کە ئەم پیاوە سەیر و دوورەپەرێزە کە هەرگیز کەس نەیدەزانی چی دەکات و لە کوێیە، زۆر کار ئەنجام دەدا و هیچ کارێکیشی لە خۆوە و بێهوودە نییە.

ئـەو هـەموو رۆژێـك، تەنانـەت لـە گـەرمترین سـەعاتەكانی دوانیـوەڕوش، لـە كاتێكـدا مێزەرەكەی دەهێنایە سەر تەوێڵی و قاچی لە كەوا شۆڕەكەی دەگیر، لە ماڵ دەچووە دەر و ون دەبوو. دەتگوت درزەكانی عەرز و بێشەڵانی پـڕ لكوپـۆ و دیـوارە بەردینـەكان قووتیـان دەدا. تەنانەت كۆزیمۆش كە دایمە چاوی لە دوای بوو، لە ئەنجامدا ونی دەكرد. ( ئەم چاوە دێرییەی كوزیمۆ نەك بۆ گەمە و یاری بەڵكوو بـە هـۆی غەریزەیـەوە بـوو. ئـەو كەمـە كەمـە باوەشی نیگای بۆ هەموو ئاسـۆ دەكـردەوە و هیـچی لـیَ ون نـەدەبوو.) ئەگەرچـی زۆرجـار كۆزیمۆ هەولێدەدا بەسەر لقەكانەوە شوێنی بكەوێت، بەڵام هەرگیز نەیزانی دەچێت بۆ كویَ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بە هەر لایەكدا بڕۆشـتایە، كۆزیمـۆ لـە ئەمبەراوبـەری رێگەكـە هـەنگی دەبینی و ئەوەش نیشانەیەكی پڕ لە رازورەمزی تر بوو. كۆزیمۆ پەی بەوە برد ئەم هەنگانە پەیوەندییان بە شوالییەوە هەیە و، بۆ دۆزینەوەی ئـەو دەبێـت شـوێن هەنگـەكان بكـەوێت. بەڵام كاری وا چۆن دەكرا؟ هەنگەكان هەر كە گوڵێكیان دەبینی بە ویـزە ویـز بـەرەو پـیری دەچوون. چاك وابوو شوێن هەنگـە تـەریك و تاكـە سـەرگەردانەكان بكـەوێت و بـەو حـەواوە بەرێگەیەكی نادیاردا بڕوات كە مێشەكان پیایدا دەهاتن و دەچوون، ئەوسا لە پشت پەرژینی دەوەنەكانەوە یەكیان دەگرت و وەك ستوونێكی دووكـەڵ بـەرز دەبوونـەوە. لـەویَ بـوو كـە چەند كەندوو لە پاڵ یەكتر ریز كرابوون و، جەنابی پارێزەر لـە نـاو كـۆی هەنگـەكان پیایـان رادەگەیشت.

هەنگداری یەكێك لـەو چـەند چـالاكییە شـاراوەی زڕمامەكـەمان بـوو. ئەڵبـەت زۆریـش شاراوە نەبوو، چونكا بۆخۆی جاروبار شانە هەنگوێنێكی تازە لە كەندوو دەرهاتووی دەبرد و لەسەر مێزەكە دایدەنا. هەرچی بـوو ئـەو لـە شـوێنێك هەنگداری دەكـرد كـە لـە دەرەوەی زەوییەكانی ئێمە بێت و كەس بە شوێنەكەی نەزانێت. بێگومان هۆی ئەم كارەشی ئەوە بوو كە نەیدەویست داهاتی ئەم «پیـشە سـازییە» تایبـەت بەخۆیـەی، بكەوێتـە چـاڵی بـیَ بـنی حـساباتی بنەماڵـەوە. یـان رەنگـە دەیویـست لانیكـەم ئـەو پیـشەی لـە دەخالـەت و خۆتێهەلقوتاندنی براكەی بپارێزێت. (ئەو پیاوە پیسكە نەبوو، جگە لـەوەش مەگـەر داهـاتی

ئـەو تـۆزە مێـو و هەنگوینـە چـەندە بـوو! ؟) یـان رەنگـە حـەزی نـەدەکرد کاروبـاری وەك هەنگداری، کە پێی خۆش بوو، تێکەڵ بە کاروباری وەك حسێبداری و سەرپەرشتی بکات، کە پێی ناخۆش بوو.

هەرچی بوو، زۆر ئاشکرا بوو کە باوکمان هـەرگیز نەیدەهێـشت کەنـدووەکانی لـە نزیـك ماڵەوە دابنێت. ئەو بە شێوەیەکی سەیر لە گەستن و پێوەدانی دەعباکان دەترسـا. هـەموو جارێك کە زەردەواڵەیەکی لە ناو باخ دەبینی لە ترسان رایدەکرد و، کڵاوقژەکەی بـە جۆرێـك بە دوو دەست دەگرت کە دەتگوت لە دەندووکی داڵێکـی دەپارێزێـت. جارێـك ئەوەنـدە زۆر ترسا کە کڵاو قژەکەی لەسەر کەوتـە خـوار و زەردەواڵەکـەش، کـە لـەو هەڵبـەز و دابـەزەی تۆقابوو، شاڵاوی بۆ سەرە تاسەکەی برد و گەستی. دوای ئەو گەستنەش باوکمـان سـێ رۆژ دەسرۆکەیەکی لە سرکەوە دەگلاند و لە سـەر سـەری دایـدەنا. ئـەو لـە رووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ کێـشە و گرفتەکانـدا پیـاوێکی تـا بڵێـی بـە هێـز و مـەغروور بـوو، بـەڵام زیپکـە یـان رووشانێکی بچووك دەهری دەکرد.

ئێنئاس سیلڤیوس کارگـا لـە کـەلێن و قـوژبنی هـەموو دۆڵەکـەی ئـۆمبرۆزادا کەنـدووی هــەبوو. خــاوەنی زەوییــەکان، بــۆ تۆزێــك هــەنگوین، دەیانهێــشت یــەك دوو کەنــدوو لــە زەوییەکەیاندا رابگرێت و ئەویش بۆ سەردانی کەندووەکانی هەموو ئەو دەشتەی دەپێوا. بـە دەوروبەری کەندووەکاندا دەسووڕایەوە و دەستە بچووك و سەیر و سەمەرەکانی، کـە نیـوە دەسکێشێك داپۆشیبوون و لە قاچی دەعبای ورد دەچوون، پیا دەهێنان. ئەو لە کاتی کـار کردندا تۆڕێکی رەشی بەسەر مێزەرەکەیدا دەدا، کە بە دەم هەناسەکانییەوەبەرز دەبووەوە و بە دەمییەوە دەنووسا. ئامێرێکی پێ بوو کـە دووکـەڵی بڵـاو دەکـردەوە و لـەکـاتی نزیـك بوونەوەی لە کەندووەکان،بۆ تاراندنی هەنگەکان، بە کاری دەهێنا. ئەو دیمەنە پڕ لە هەنگ و دووکەڵە بۆ کۆزیمۆ لە دیمەنێکی جادوویی دەچوو. ئایا مامەی لـە چـاوترووکانێکدا دەبـووە دووکەڵ و بەرز دەبووەوە و تیا دەچوو، پاشان لە شـوێنێك تـر و کـاتێکی تـر، لـە شـێوەی مرۆڤێکیتر دەژیایەوە؟ نـا، بـە داخـەوە جـەنابی پـارێزەر جادووگـەرێکی درۆزن بـوو، پـاش

کەمێك لە شێوەی هەمان مرۆڤی جاران و، لەکاتێکدا قامکی گەستراوی خۆی دەمژی، لە ناو ئەو هەورە سەیر و سەمەرەیەدا دەردەکەوتەوە.

بەهار بوو. بەیانییەك كۆزیمۆ هەستی بە جۆرێك گەشکە و شێتییەتی کرد کە لە هـەوادا شەپۆلی دەدا. قرم و قالێکی بیست کە تا ئەو دەمە نەیبیستبوو. قـرم و قـالێکی ون، بـەڵام ئەوەندە قووڵ کە دەتگوت هەورە تریشقەیە. هەورێك لە تەرزە بە ئاسماندا تێپەڕی. لـەبری ئەوەی ببارێت بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەڕۆشت و وردە وردە بە دەوری سـتوونێکی پڕتـری تەرزەدا دەخولایەوە. هەزاران هەنگ بە حەواوە دەڕۆشتن. بە دەورییانەوە سەوزە بوو، گوڵ بوو، بەهار بوو. كۆزیمۆ بێئەوەی بزانێت چی روویداوە تووشی گەشکە ببوو. هاواری کرد:

« هەنگەکان خەریکن هەڵدێن، جەنابی شوالیە ! هەڵدێن جەنابی پارێزەر! »

ئەوسا بەسەر لقەکانەوە بەرەو کارگا هەڵات.

شوالییە وەك قارچکێك لە نزیك كۆزیمۆ هەڵتۆقی و گوتی:

« هەڵنایەن، جێگۆڕکە دەکەن. »

پاشان بە ئیشارە لە كۆزیمۆی گەیاند کە نابێ هەرا و هاوار بکات و، دوای ساتێك دیسان ون بووەوە. بۆ کوێ چوو؟ کاتی جێگۆڕکەی هەنگەکان بوو. شاژنەکەیان لە کەندوویەکـەوە بەرەو کەندوویەکی تر دەچوو، پۆلە هەنگێکی بە شوێنەوە بوو. كۆزیمۆ لە دەوروبەری خۆی روانــی. جــەنابی پــارێزەر لەبــەر دەرکــەی ئاشــپەزخانەوە دەرکــەوت. مەنجــەڵێك بــە دەسـتێکییەوەو، تاوەیـەك بـە دەسـتەکەی تریـەوە بـوو. ئـەوانی پێکـدا دەدا و دەنگـی لێدەهێنان. دەنگێکی ئەوەندە ناخۆش و زایەڵەیەکی وا ئازاردەر کە مرۆڤ ناچار بوو دەسـت بە کوێچکەیەوە بگرێت. جەنابی پارێزەر شوێن پۆلە هەنگەکان کەوتبوو، هـەر سـێ هـەنگاو جارێك زەرفە مسییەکانی بە یەکدا دەدا. لەگەڵ بەرز بوونەوە دەنگی ئەو پێکدادانـە، وادیـار بوو پۆلە هەنگەکە دەلەرزێن، هەڵدەبەزن و دادەبەزن و ویزە ویزەکەشییان دێتە کز بوون و، هەڵفڕینەکەشیان دەشێوێت. كۆزیمۆ نەیدەزانی چی روو دەدا، بەڵام پێیوابوو پۆلە هەنگەکە

بەناو دارەکاندا بەرەو خاڵێك دەڕۆن و رادەوەستن. لەم حاڵەشدا کارگا بەردەوام زەرفەکانی پێکدا دەدا.

« چی بووە جەنابی شوالییە؟ ئەوە چی دەکەیت؟ »

جەنابی پارێزەر بە منگە منگ گوتی:

« زووکە ! هەنگەکان لەسەر دارێك نیشتوون، برۆ. بەڵام هۆشت ببێ تا من نەگەیشتووم کارت پێیان نەبێت. »

هەنگەکان لەسەر دار هەنارێك نیشتبوون. کۆزیمۆ خۆی گەیاندە دارەکە، بەڵام هیچی نەدی. پاشان لە پڕ چاوی بە میوەیەکی درشتی وەك سێوەلۆوکەی کاج کەوت، کە بە لقێکەوە بەربووبۆوە. ئەوە کۆمەڵە هەنگەکە بوون کە پێکەوە نووسابوون، هەنگی تریش دەهاتن و پێیانەوە دەلکان.

کۆزیمۆ لە بەرزایی دارەکە راوەستابوو نەدەجووڵا. هێشووی هەنگەکان لە ژێر پێیەوە بەربووبۆوە و بەردەوام گەورەترو، بە بۆچوونی ئەو، سووکتر دەبوو. دەتگوت بە دەزوویەکەوە بەر بووەتەوە. بە هەودایەکی باریکتر لە دەزووش. هەودایەك کە قاچە باریك و ناسکەکەی شاژنی پێر بوو. باڵی هەنگەکانیش چەندە ناسك و سووك بوون. باڵی شەفافی خۆڵەمێشی کە لەشە زەرد و رەشەکانیانی لێوە دەبیندرا.

شوالییە بە کەندوویەکەوە هات. کەندووەکەی سەروبن لە ژێر هێشوەکە راگرت و هاواری کرد:

« دارەکە بلەرێنەوە. »

کۆزیمۆ دار هەنارەکەی لەراندەوە. هێشووی هەنگەکان وەك گەڵایەك لە لقێکەوە بەربێتەوە کەوتە ناو کەندووەکە. شوالییە بە تەختەیەك سەری کەندووەکەی گرت و گوتی:

« ئەوەش ئەم. »

بەم شیوە لـە نێـوان کۆزیمـۆ و شـوالییەی پـارێزەردا لێـك حـاڵی بـوون و هاوکـاری و، تەنانـەت ڕەنگـە دۆسـتایەتیش بـەرپا بـوو. ئەڵبـەت ئەگـەر بـشێ بـۆ ئـەم دووکەسـە دوورەپەرێزەوە وشەی دۆستایەتی بەکار بێنین.

ئێنئاس سیلڤیوس و براکەم تەنانەت لە بـواری ئـاودێریش ناچـار بـە دانوسـتان بـوون. ڕەنگە ئەمەتان بەلاوە سەیر بێت! کەسێك کە لەسەر دارەکان دەژی، بە ڕواڵەت هیچ کارێکی بە چاڵاو و ئاوەڕۆ نییە! بەڵام ئەگەر لە بیرتان بێت گوتم کە کۆزیمۆ بۆخۆی کانییـەکی چـێ کردبوو. جەنابی پارێزەر کە بە ڕواڵەت ئەوەندە گێل بوو، هەستی بە بـچووکترین گـۆڕان لـە چۆنییەتی گەڕیانی ئاوی هەموو ناوچەکەدەکرد. ئەو ڕۆژێك لە پشت دەوەنێکی لای سەرووی تاڤگەکەوە چاوی بە کۆزیمۆ کەوت کە پلووسکێکی بە نـاو لقـی داربەڕووەکـەدا ڕەت کـرد و گەیاندیە سەر بەردی تاڤگەکە و، بەوشێوە ئاوی خـواردەوە. ( کۆزیمـۆ وەك مرۆڤـی کێـوی هەموو شتەکانی دەشاردەوە، کاتێك پێویستی بـە ئـاو بوایـە پلووسـکەکەی لـە سووچـێکی نێوان لقەکان دادەنا. ) خودا دەزانی جەنابی شوالییە پاش بینینی ئەم دیمەنە چ بیرێکی بـە مێشکدا هات. هەرچی بوو، بە پێچەوانەی هەمیشە لەپڕ خۆشی و شادییەکی سەیری بەدڵـدا هـات. لـە پـشت دەوەنەکـە دەرپەڕیـە دەر، بـەرە دەسـتی بـە یەکـدادا و دوو سـێ جـار وا هەڵبەزییەوە کە دەتگوت یاری بە تەناف دەکات. مشتێك ئاوی هەڵپرژاند و زۆری نەمابوو لە تاڤگەکەوە بکەوێتە خوار. ئەوسا ڕووی کردە کۆزیمۆ و دەستی بە شـەرحکردنی بۆچـوونێك کرد کە لە ناکـاو بـە مێـشکیدا هـاتبوو. بۆچـوونەکەی سـەیر و، شـەرح و لێکدانەوەکەشـی سەیرتر و ئاڵۆزتر بوو. جەنابی شوالییە خووی بەوە گرتبـوو کـە بـە شـێوەزاری ناوچـەییانە بدوێت، بەڵام هەموو جارێك کە لە پڕ هەڵدەچوو، بێئەوەی ئاگای لـە خـۆی بێـت بـە تـورکی دەدوا و کەس لە قسەکانی نەدەگەیشت.

بیرێك کە بە مێشکیدا تێپەڕیبوو ئەوە بوو کە ئاوەڕۆیەکی هەوایی چێ بکات و بـە سـەر لقەکانەوە بیگەیەنێتە ئەو بەری دۆڵەکە، بۆ ئەوەی ئەو ناوچە وشك و بـێ ئـاوەی پـێ تێـراو بکات. کۆزیمۆ لە دەوامەی بۆچوونەکەیدا پێشنیاری کرد لە هەندێك شوێن لوولەی کون کون

به کار بێنن و بەو شێوە بارانێکی دەسکرد سازکەن و زەوییەکانی پێ ئاو بدەن. ئەم پێشنیارە چاکسازانە ئەوەندەی تریش جەنابی شوالییەی مەستی خۆشی و شادی کرد.

ئەو بەغار بەرەو ژووری کارەکەی چوو، دەرکەی لەسەر خۆی داخست و بەو پەڕی بێقەرارییەوە دەستی بە پلان دانان کرد. کۆزیمۆش دەست بە کار بوو. ئەو هەر کارێك کە پەیوەندی بە دارەکانەوە بوایە پێی خۆش بوو. پێیوابوو ئەم کارانە هێز و گرنگییەکی تری پێ دەبەخشن. هەستی بە یەکگرتن لە گەڵ ئێنئاس سیلڤیوس کارگا کرد. ئەوان لەسەر دارەکان یەکتریان دەبینی. جەنابی پاریزەر بە باوەشێك کاغەز و نەخشەی لوولە کراوەوە دەهات و بە پەیژەیەکدا هەڵدەگەڕا و خۆی دەگەیاندەسەر دارەکە. پاشان دوو بە دوو دادەنیشتن، بە سەعات وتوویژییان دەکرد و پلانیان بۆ ئاوەڕۆ هەواییەکە دەڕشت. ئەو پلانانە هەرگیز نەبوون بە کردە. ئێنئاس سیلڤیوس دوای ماوەیەك ماندوو بوو، بە کەمی سەردانی کۆزیمۆی دەکرد. پاشان دوای حەفتەیەك مەسەلەکەی لە بیر چووەوە. کۆزیمۆ لێی نەڕەنجا. زۆر زوو پەی بەوە برد کە تەنیا قازانجی ئەو پلانە ئەوە دەبێت کە ژیانی دژوارتر و پڕ دەردەسەرتر دەکات.

دیار بوو کە زڕمامەکەمان لە بواری ئاودێریدا زور کاری پێ دەکرا. حەز و مەیل و بەهرە و هۆشی پێویستی بۆ ئەو کارە بوو، بەڵام توانای ئەنجامدانی نەبوو. هێز و توانای ئەو لە ئاوی جۆبارێك دەچوو کە بە خەسار بڕوا و دوای ماوەیەك بە زەویدا بچێتە خوار. هۆی ئەم نەتوانینەشی ئاشکرا بوو: هەنگاری ئیشێك بوو کە دەیتوانی بە تەنیا و بە ئازادی و تا رادەیەکیش بە شاراوەیی بیکات و، هەر جارێکیش کە پێی خوش بێت، بێ ئەوەی کەس داوای لێکردبێت، کەمێك هەنگوینی بۆ ماڵەوە بباتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئاودێری ئەو ئیشە نەبوو کە بتوانێت بێ خواست و داوای ئەم و ئەو، بێ راسپاردن و ئەمری بارۆن یان ئەو کەسانە کە یارمەتیدانیان پێویست بوو، بە ئەنجامی بگەیەنێت. ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئێجگار شەرمن و کەمڕو بێ ورە بوو، نەیدەتوانی خواست و داوای خەڵك رەت بکاتەوە. بۆیە زۆر زوو لە کارەکەی ماندوو دەبوو وازی لێدەهێنا.

ڕۆرجار دەبیندرا کە لەگەڵ دەستەیەك کرێکاری پاچ و بێڵ بە دەست بە دەشتەکەدا تێدەپەڕی، نەخشەیەك و چێوێکی ئەندازیاریشی پێ بوو، قاچە کورتەکانی بۆ ئەملاولا دەگوێزایەوە و ئەمری بە کرێکارەکان دەکرد کە ئاوەڕۆ هەڵکەنن. ئەو لە زۆر شوێن عەرزەکەی هەڵدەکۆڵی و، پاشان کە شەو دادەهات کارەکەی بەنیوەناچڵ بەجێیدەهێشت و وازی لێ دەهێنا. بەدەگمەن رێدەکەوت بەیانی بچێتەوە سەر ئەو کارە و دەستی پێ بکاتەوە. دەڕۆشت و زیاتر لە حەفتەیەك ون دەبوو.

ئیشتیای ئاودێری لەحەزێکی قووڵو ئاواتێکی شاراوەوە سەری هەڵدەدا. یادێك کە هەمیشە لەدڵیدا زیندوو بوو، یادی زەوییە بەراو و بە پیتەکانی سوڵتانی عوسمانی بوو. تەنیا لەو باخ و باخاتانەدا هەستی بە بەختەوەری کردبوو. هەمیشە زەوییەکانی ئۆمبرۆزای لەگەڵ دەشت و بەری بەربەرستان و تورکیە بەراورد دەکردو، ئاواتەخواز بوو بە شێوەیەك بەو زەوییانەدا رابگات کە بیرەوەریە خۆشەکانی ئەوێی بۆ بژیەننەوە. بەلای ئەوەوە ئاودێری هونەرێك بوو کە ئاواتی گۆڕانی هەموو شتەکان لەودا کورت دەبووەوە، بەڵام ئەوە ئاواتێکی دوور بوو. بەردەوام رووبەڕووی رووداوی ناخۆش دەبووەوە کە نائومێد و هیوابڕاویان دەکرد.

کارێکیتری گەڕان بەشوێن ئاودا بوو کە ئەویشی بە دزی و شاراوەیی دەکرد. لەو دەمەدا ئەو جۆرە کارە سەیر و سەمەرانە بە جادووگەری دەژمێردران. کۆزیمۆ رۆژێك بینی کە دارێکی دوو لکی بە دەستەوە گرتووە و لە مەزرا بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. ئەو کارەشی بە هەوەس بوو، بۆیە بە هیچ ئەنجامێکی نەگەیاند.

تەنیا سوودی ناسینی خووخدەی ئێنئاس سیلڤیوس کارگا بۆ کۆزیمۆ، ئەوە بوو کە لایەنی جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤی گرژ و مۆن و دوورەپەرێزی دەناسی. دواتر ئەم ناسین و ناسیاوییە بە کەڵکی هات. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە شوالییەی پارێزەر و دوورەپەرێز هەمیشە وەك نموونەیەکی خراپ لەبەر چاویدا بوو. ئەو بوو تێی دەگەیاند مرۆڤ کە بیەوێت جیا لە خەڵك و تەنیا بۆ خۆی بژی ئاخری چی بەسەر دێت. بەم شێوە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو نموونە کارێکی کرد کە هەرگیز وەك ئەوی لێ نەیەت.

## ١٢

هەندێك شەو كۆزیمۆ بە هاوارێك لە خەو رادەپەڕی.

« فریا كەون! ئای دز! بیگرن! »

ئەوسا گورجێك بەسەر لقەكانەوە بەرەو شوێنی هاوەرەكە دەچوو. هەندێك جار دزییەكە لەماڵی خاوەن زەوییەكی هەژار كرابوو. بنەماڵەی جووتیارە كلۆڵەكە بە نیوە رووتی لەدەرەوە راوەستابوون و، سەر و سنگی خۆیان دەكوتا.

« ماڵ وێران بوین. تیا چووین. جوڤانی خەلەنگ هات و هەموو داهاتی ئیمساڵی بەتاڵان بردین. »

خەڵك كۆ دەبوونەوە.

« جوڤانییە خەلەنگ! دڵنیان ئەو بوو؟ خۆتان دیتان؟ »

« ئەرێ خۆی بوو! دەمامكی كردبوو، تفەنگێكی گەورەشی پێ بوو. دوو كەسی دەمامك كردووی تریشی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو سەركردەیان بوو. »

« بۆ كوێ رۆشت؟ بەرەو كوێ چوو؟ »

« هەهە ! یەعنی دەتەوێ شوێنی کەوی و بیگری؟ هەر خودا دەزانێ ئێستا لە کوێیە.»

جارجاریش رێبوارێك بوو کە ئەسپ و کیف و باڵاپۆش و باروبنەکەیان بردبوو، بە رووت و قووتی لە ناو رێگەدا مابووەوە.

« فریام کەون! دز! جوڤانییە خەلەنگ! »

« چی بووە؟ بۆمان بگێڕەوە بزانین. »

« لەپڕێکدا، هۆ لەوێوە، لە تاریکییەکەوە هاتەدەر. ریشی بوو، تفەنگەکەی تێگرتبووم، خەریك بوو لە ترسا بمرم. »

« شوێنی بکەوە ! بەرەو کوێ رۆشت؟ »

« لێرەوە... نا... رەنگە لەوێوە... نازانم ، وەك با دەرچوو. »

کۆزیمۆ بڕیاری دابوو جوڤانییە خەلەنگ بدۆزێتەوە. هەموو دارستانەکە گەڕا. دەچووە حەشاری باڵندەکان و شوێن کەروێشکەکان دەکەوت. سەگەکەی ناچار کردبوو بگەڕێت. « بگەڕێ، ئۆپتیموس ماکسیموس، بگەڕێ! » حەز و خواستی دۆزینەوەی جوڤانییە خەلەنگ وازی لێ نەدەهێنا، نەوەك بۆ ئەوەی کارێکی پێی بێت یان شتێکی پێ بڵێت، تەنیا لەبەر ئەوە کەحەزی دەکرد کەسایەتییەکی ئەوەندەبە ناوبانگ لە نزیکەوە ببینێت. ئەو ئەگەرچی چەند شەو تا بەیانی بۆی گەڕابوو، هێشتا نەیدۆزیبۆوە. بە خۆی دەگوت: « رەنگە ئیمشەو نەهاتبێتە دەر. » بەڵام دەمەو بەیانی چاوی بە کەسانێك دەکەوت کە لەمبەراوبەری دۆڵەکە، لەسەر پێچی رێگەیەك یان لە گوێ چۆمێك کۆ ببوونەوە و باسی دزییەکی تازەیان دەکرد. کۆزیمۆ بە غار خۆی دەگەیاندە ئەو شوێنە و، گوێی لێ دەگرتن. جارێکیان کەسێك رووی لێکرد و گوتی:

« ئەوە تۆ کە هەمیشە لەسەر دارەکانی دارستانیت، تا ئێستا جوڤانییە خەلەنگت دیوە؟ »

کۆزیمۆ بە خۆیدا شکایەوە. بە منگە منگ گوتی:

« نا... نا... پێموانییە... »

کەسێکی تر گوتی: « بۆ جوڤانییە خەلەنگ دەبینەدرێت! ؟ ئەو شوێنی وای بۆ خۆشاردنەوە هەیە کە کەس نایدۆزێتەوە. بە رێگەیەکدا دەڕوات کە کەس پەی پێ نابات.»

سێهەمینیان گوتی: « بەو خەڵاتەی کە بۆ سەری ئەویان داناوە، هەر کەس بیدۆزێتەوە، دەتوانێ تا دەمرێ هەر بخوات و بخەوێت. »

« ئەرێ، بەڵام ئەوانەی کە بە شوێنەکەی دەزانن دەبێ خۆشیان وەڵامی زۆر پرسیار بدەنەوە. ئەوانیش ئەگەر دەرکەون لە سێدارە دەدرێن. »

« بێجگە لەوەش، ئایا بەراست هەموو ئەو تاوانانە کاری جوڤانییە خەلەنگە؟ »

« خودا نەکا توش ببێت. ئەو هەموو تاوانە کە داویانەتە پاڵ تەنانەت ئەگەر بۆ چەند دانەیەکیش بێ تاوانییەکەی بسەلمێنێت، بۆ دانێکیان هەر لە سێدارە دەدرێت. »

« لە هەموو دارستانەکانی ئەم ناوە دزی کردووە. »

« تاقی لاوی تەنانەت سەرکردەکەی خۆشی کوشتووە... »

« لەبەر ئەوەیە کە پەنای بۆ ناوچەکەی ئێمە هێناوە. »

« هەمیشە هەروا بووە. ئێمە زیاتر لە پێویست چاکین! »

کۆزیمۆ دەچوو بۆلای مسگەرەکان و لە بارەی ئەم هەواڵانەوە دەیدواندن. لە ناو ئەو بنەماڵانەدا کە لە دارستان دەژیان هەندێك تاقمی گومان لێکراوی گەڕۆکیش بوون، ئەوان بە رۆژ دەچوونە ماڵان مسگەرییان بۆ خەڵك دەکرد و کورسییەکانیان بە کا بۆ دەئاخنینەوە، یان کەلوپەلیان بۆ کۆ دەکردنەوە، بەڵام کاری سەرەکییان ئەوە بوو کە ماڵەکان دەسنیشان بکەن و شەوانە تاڵانییان بکەن. لە راستیدا زۆربەی کارگەکانی دارستان ببوو بە مەخزەنی شتومەکی دزراو.

« دەزانن دوێشەو جوڤانییە خەلەنگ کالیسکەیەکی تاڵان کردووە؟ »

« بە راستە؟ رەنگە وابێت! »

« دەڵێن لە کاتی غارداندا هەوساری ئەسپەکانی گرتووە و رایگرتوون. »

« نا، کەواتە ئەوە کاری ئەو نییە. مەگەر ئـەوەی کـە کالیـسکەکە لـە بـری ئەسـپ بـە مشکەوە بەسترابێتەوە. »

« مەبەستت چییە؟ دەتەوێ بڵێیت جوڤانییە خەلەنگ نەبووە؟ »

« ئەرێ، ئەرێ، ئەم قسانە چییە بۆ ئەم کوڕە گەنجەی دەکەیت؟ ئەرێ بابە، جوڤانییە خەلەنگ بووە. »

« مەگەر ناڵێن هەموو کارێکی لەدەست دێت؟ »

« هە هە! »

کۆزیمۆ کاتێك دەیدی ئاوا باسی ئەو چەتە ناسراوە دەکەن، گێژ دەبوو، نەیدەزانی چی بڵێت. بۆیە لەوێ دەڕۆشت و گوێی لە قسەی تاقمێکیتری دانیشتوانی دارستان دەگرت.

« ئەرێ بە بۆچوونی ئێوە دزییەکەی دوێشەو کاری جوڤانی خەلەنگ بووە یان نا؟ »

« هەر دزییەك سەرکەوتوو بێت دەڵێن کاری ئەو بووە، بۆ نازانی؟ »

« بۆ تەنیا ئەو کاتە کە دزییەکە سەرکەوتوو بێت؟ »

« چونکا ئەگەر ناسەرکەوتوو بێت دەکرێ دڵنیا بی کاری خۆیەتی. »

« ها ها! چەندە گەمژەیت، ها ها! »

کۆزیمۆ تێنەدەگەیشت.

« یەعنی جوڤانییە خەلەنگ پیاوێکی گەمژەیە؟ »

ئەم پرسیارە شێوەی گوتنی خەڵکەکەی دەگۆڕی.

« نە بابە، نا، دزێکی دڵڕەقە کە هەموو کەس لێی دەترسێت. »

« ئێوە بینیوتانە؟ »

« ئێمە؟ کەس تا ئێستا نەیبینیوە. »

« دڵنیان کەسێکی وا هەیە؟ »

« ئەمەش لەو قسە قۆڕانەیە! بێگومان هەیە. بەڵام ئەگەر تەنانەت نەشبوایە... »

« ئەگەر نەبوایە؟ »

« ... فەرقی چی بوو؟ ها ها ! »

« بەڵام، هەموو کەس دەڵێ... »

« بەڵام دەبێ بگوترێ کە هەموو دزی و پیاوکوژییەکان کاری جوڤانی دڵڕەقە ! وای بە حاڵی ئەو کەسە کە گومان لەمە بکات ! »

« تۆ، کوڕەکە، تۆ دەوێری گومان لەمە بکەیت؟ »

کۆزیمۆ لەوە گەیشت کە هەرچی لە دۆڵەکە دوور دەکەوێتەوە و بە دارستانەکەدا دەڕوات، ترسی دوڵنشینەکان لە جوڤانی خەلەنگ وردە وردە جێی خۆی بە گومان و بێ باوەڕی و تەنانەت تیز و توانجیش دەدا. لەبەر ئەوەی کە خەڵکی وشیار زۆر کوێیان بەو چەتەیە نەدەدا ، حەزی کۆزیمۆش بۆ بینینی نەما.

لەو کاتەدا بوو کە بینی.

دوانیوەڕۆ بوو. کۆزیمۆ لەسەر دارگوێزی دانیشتبوو کتێبی دەخوێندەوە. ماوەیەك بوو کتێب بۆی ببووە شتێکی پێویست. پیاو بە درێژایی ڕۆژ بە تفەنگەوە چاوەڕوانی نێچیر بێت، ئاخری ماندوو دەبێت. بە هەر حاڵ، دانیشتبوو **ژیل بلاس**[٣٣]ی **لەساژی**[٣٤] دەخوێندەوە. کتێبەکەی بە دەستێك و تفەنگەکەشی بە دەستێکی تری گرتبوو. ئۆپتیموس ماکسیموس کە کتێب خوێندنەوەی خاوەنەکەی پێ ناخۆش بوو، لەبەر پێیدا دەخولایەوە و هەوڵی دەدا بە شێوەیەك سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. مەسەلەن بە بینینی پەپوولەیەك دەوەڕی و بە هیوا بوو کۆزیمۆ دەست بۆ تفەنگەکەی ببات.

لەپڕ پیاوێکی ریشن بە جلی کۆن و دڕاوەوە، لە لێژی ڕێگە کوێستانییەکە دەرکەوت. پشووی سوار بوو. چەکی پێنەبوو. دوو پاسەوانی شمشێر بە دەست بەدوایدا هەڵدەهاتن و هاواریان دەکرد:

---

[٣٣] - Gil Blas

[٣٤] - Lesage

« بیگرن! جوڤانییه خەلەنگە[٣٥]، ئەم جارە بە گیرمان هێناوە! »

کابرای چەتە پێش پاسەوانەکان کەوتبۆوە، بەڵام بە گومانەوە هەڵدەهات. لە کەسێك دەچوو لەوە بترسێت ریگەکەی هەڵە کردبێ و دوا بکەوێت. ئەگەر بە هەمان شێوە هەڵاتایە پاسەوانەکان زۆر زوو پێی دەگەیشتنەوە. ئەو دارگوێزە کە کۆزیمۆی لەسەر بوو، لقەکانی بەرز بوون و دەستیان پێ رانەدەگەیشت. بەڵام ئەو وەك هەمیشە تەنافێکی پێ بوو کە بۆ دەرباز بوون لە شوێنی دژوار بەکاری دەهێنا. سەرێکی تەنافەکەی بە لقێکەوە بەستەوە و سەرەکەی تری خستە خوار. چەتەکە بە بینینی ئەو تەنافە کە لە بەر چاویدا کەوتە خوار بۆ ساتێك دڕدۆنگ بوو، پاشان دەستی پێگرت و بە چابوکی پیایدا هەڵگەڕا. ئەو لەو مرۆڤە دڕدۆنگە چالاکانە ( یان ئەگەر پێتان خۆش بێت چالاکە دڕدۆنگانە ) بوو کە پێدەچوو هەرگیز نەتوانن لە ساتە هەڵکەوتووەکان کەڵکی پێویست وەربگرن، ئەگەرچی هەرگیز بە فیڕۆشی نادەن.

کاتێك پاسەوانەکان گەیشتن تەنافەکە هەڵکشابوو، جوڤانی خەلەنگ لە ناو لکوپۆی دارگوێزەکە لە لای کۆزیمۆ دانیشتبوو. لەو شوێنەدا، رێگەکە دەبووە دوو رێیان. پاسەوانەکان، هەر یەکەو بەرێگەیەکدا رۆشتن. پاش ماوەیەك دیسان بە یەك گەیشتنەوە و ئیتر نەیانزانی دەبێ چی بکەن. تووشی ئۆپتیموس ماکسیموس بوون کە هەڵدەسووڕا و کلکی دەلەقاند.

یەکێك لە پاسەوانەکان بە ئەویتری گوت:

« ئەرێ ئەمە سەگی ئەو کوڕەی بارۆن نییە کە لە سەر دارەکان دەژی؟ ئەگەر ئەو لەملایە بێت دەکرێ لێی بپرسین ئایا هیچی بینیوە یان نا؟ »

کۆزیمۆ هاواری کرد: « من لێرەم! »

[٣٥] – خەلەنگ گیایەکە لەتیرەی خەلەنگەکان کە وەك دەوەن دەڕوێت و گەڵای ورد و پڕ و سووری هەیە. دەوەنە گەسکیشی پێدەڵێن. و/ فارسی

ئـیتر لەســەر دارگوێزەکـە نـەبوو. گـورج خـۆی گەیانـدبووە شـابەڕووەکەی ئەوبـەر. پاسەوانەکان روویان لە ئەو کرد و ئیتر سەیری دارەکانی تریان نەکرد.

« سەلام ئەرباب، جوانییە خەلەنگی رێگرتان لەملایە نەدی؟ »

کوزیمـۆ گـوتی: « پیـاوێکی کورتـە باڵـام دی کـە هەڵـدەهات. نـەمزانی کێیـە. ئەگـەر مەبەستتان ئەو بێت بەلای چۆمەکەدا رۆیشت. »

« کورتە باڵا؟ ئەوەندە زەبەلاحە پیاو لێی دەتۆقیێ. »

« نازانم لەم سەرەوە هەموو کەس بچووك دەنوێنێت. »

« زۆر سپاس جەناب. »

ئەوسـا بـەرەو چـۆمەکە رۆشـتن. کۆزیمـۆ بـۆ دار گوێزەکـە گەڕایـەوە و دەسـتی بـە خوێندنەوەی ژیل پلاس کردەوە. جوڤانییە خەلەنگ هەروا بە دارەکەوە نووسابوو، رەنگ بە روویەوە نەمابوو. قژە سەر و ریشی پڕ و ئاڵۆزاوی بە راسـت لـە دەوەنـە خەلـەنگ دەچـوو، هەروا سوور و پڕ. هەندێك وردکە گەڵای وشك و تەڵاشی شابەڕوو و چقلی کاج لە ناو قژەسەر و ریشیدا بوو. بە چـاوی سـەوزی بـاز و وەیلانییـەوە سـەیری کۆزیمـۆی دەکـرد. بـە راسـت پیاوێکی ناقۆڵا بوو. ئاخری پرسی:

« رۆشتن؟ »

کۆزیمۆ بە نەرمی گوتی:

« بەڵێ، بەڵێ، تۆ جوڤانی خەلەنگی رێگریت؟ »

« تۆ چۆن من دەناسی؟ »

« هەروا... زۆر شت لەبارەی تۆوە دەڵێن. »

« تۆش، تۆش ئەو کوڕەی کە دەڵێن هەرگیز لە دارەکان نایەتەخوار؟ »

« ئەهە، تۆ چووزانی؟ »

« منیش زۆر شتم لەبارەی تۆوە بیستووە... »

بەرێز و حورمەتەوە سەیری یەکتریان دەکرد. وەك دوو کەسایەتی ناسراو کە بە رێکەوت یەکتریان بینیبێت و لە ناسینی یەکتر خۆشحاڵ بن. کۆزیمۆ کە ئیتر قسەیەکی بۆ گوتن پێ نەمابوو، دیسان دەستی بە خۆێندنەوە کردەوە.

« ئەوە چ کتێبێکە کە دەیخوێنیتەوە؟ »

« ژیل بلاس. »

« خۆشە؟ »

« خراپ نییە. »

« زۆرت ماوە تەواوی بکەیت؟ »

« بیست لاپەڕەیەکم ماوە. بۆچی؟ »

کابرای چەتە بە شەرمەوە پێکەنی و گوتی: « دەمویست تکات لێبکەم ئەگەر تەواوت کرد، بیدەی بە منیش بیخوێنمەوە. خۆت دەزانی کەمن بە درێژایی رۆژ لە سووچێك خۆم دەشارمەوە و نازانم چۆن خۆم سەرقاڵ بکەم. جارێك کالیسکەیەکم تاڵان کرد کە هیچی وای تیا نەبوو، بەڵام کتێبێکی تیا بوو کە هەڵمگرت و لە گەڵ خۆم بردم بۆ حەشارگەکەم. حازر بووم هەموو شتەکان بەو کتێبە بگۆڕمەوە. شەو فانۆسەکەم هەڵکرد و بەرەو کتێبەکە چووم، بەڵام بە زمانی لاتین بوو! وشەیەکیشی تێنەگەیشتم. (سەری راوەشاند) دەزانی من هیچ لە لاتین تێناگەم. »

کۆزیمۆ گوتی: « لاتین زۆر دژوارە. ئەم کتێبە کە بە دەستمەوەیە بە زمانی فەڕانسەیە.»

بێئەوەی خۆی پێ بزانێت وەك مامۆستاکان دەدوا.

جوڤانی خەلەنگ گوتی: « لە زمانی فەڕانسە دەگەم. هەروەها لە زمانی توسکایی و کاستیلیش. تەنانەت کەمێك کاتالانیش دەزانم. »

دوای نیو سەعات کۆزیمۆ کتێبەکەی خوێندەوە و، جوڤانییە خەلەنگ لەگەڵ خۆی بردی.

بەم شێوە پەیوەندی براکەم و ئەو چەتەیە دەستی پێکرد. جوڤانییە خەلەنگ هەر کتێبێکی تەواو دەکرد بۆی دەهێنایەوە و کتێبێکی تری لێ وەردەگرت، ئەوسا بە غار بەرەو حەشارگەکەی دەچوو دەستی بە خوێندنەوەی دەکرد.

من کتێبەکانم لە کتێبخانەی باوکم هەڵدەگرت و بۆ کۆزیمۆم دەبرد. وردە وردە ئەو ماوە کە کتێبەکانی بە لاوە دەما زیاتر دەبوو. کە لێم وەردەگرتەوە رووبەرگی زۆربەیان پڕ لە تەڵاش و پەڵەی قەوزە و تفی شەیتانۆکە بوو. خودا دەزانێ جوڤانی ئەو کتێبانەی لە کوێ دەشاردەوە.

ئەو و براکەم لە هەندێك رۆژی تایبەتدا لەسەر دارەکان یەکتریان دەبینی، کتێبەکانیان دەگۆڕیەوە و گورجێك لەیەك جیا دەبوونەوە. لەبەر ئەوەی کە پاسەوانەکان بەردەوام بە دارستاندا دەگەڕان، هەر ئەو کتێب گۆڕینەوەش پڕ مەترسی بوو. براکەم چۆن دەیتوانی پاساو بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ کابرایەکی چەتە و رێگر بێنێتەوە؟ بەڵام جوڤانی خەڵەنگ ئەوەندە حەزی لە خوێندنەوە بوو کە هەموو رۆژێك داوای کتێبی تازەی دەکرد. لەبەر ئەوەی کە بە رۆژ خۆی دەشاردەوە، کتێبێکی گەورە، کەبراکەم بە حەفتەیەك دەیخوێندەوە، ئەو بە رۆژێك تەواوی دەکرد. ئیتر ئارام و قەراری نەبوو، هەر چۆنێك بێت دەبوو کتێبی تازە پەیدا بکات و، ئەگەر رۆژی دیداریان نەبوایە، هەموو ئەو ناوچەیە لە دووی کۆزیمۆ دەگەڕا. وەها کە گوندییەکانی ئەو دەوروبەرەی دەتۆقاند و هێزی پۆلیسی ئۆمبرۆزاش بۆ گرتنی سەر رێ دەکەوتن.

زۆری نەخایاند کە ئەو کتێبانە کەمن بۆ کۆزیمۆم دەبرد، تێری نەدەکرد. دەبوو سەرچاوەیەکی تر بدۆزنەوە. کۆزیمۆ لەگەڵ جوولەکەیەکی کتێب فرۆش بە ناوی «ئوربەك» ئاشنا ببوو، کە کتێبی چەند بەرگی پێ دەدا. ئەو بەسەر لقی دارێکەوە خۆی دەگەیاندە پەنجەرەی ماڵی کابرا و دەیکوتا. ئەوسا لەبری ئەو کتێبانە کە لێی وەردەگرت کەروێشك یان سوێسکەیەکی پێدەدا.

لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە جوڤانییە خەلەنگ سەلیقەی تایبەت بەخۆی بوو، هەموو کتێبێکی نەدەخوێندەوە. ئەگەر کتێبێکی بەدڵ نەبوایە بۆ بەیانیدا دەیگەڕاندەوە و لەگەڵ کتێبێکی تردا دەیگۆڕییەوە. ئێستا ئیتر براکەم لە تەمەنێکدا بوو کە حەزی لە نووسینی قورستر دەکرد. بەڵام دیسان دەبوو ئاگای لە خۆی بوایە، جارێك کتێبی **ڕووداوەکانی تلماك**ی دابوو بە جوڤانی خەلەنگ و کاتێك کە بۆی هێنایەوە هەڕەشەی لێکرد ئەگەر جارێکیتر کتێبی ئاوا ناخۆشی بداتێ دارەکەی ژێر پێی دەبڕێتەوە.

کۆزیمۆ بیری لەوە کردەوە کە کتێبەکان بە دوو بەش دابەش بکات. یەکەم ئەوانەی کە خۆی دەیویست بیانخوێنێتەوە و دووهەم ئەو کتێبانە کە دەبوو بە چەتەکەیان بدات. بەڵام ئەو دابەشکردنەشی پێ نەکرا و، ناچار بوو کە خۆی ئەو کتێبانەش بخوێنێتەوە. جوڤانی خەلەنگ ڕۆژ لە دوا ڕۆژ سەختگرتر و بێ متمانەتر دەبوو، بەر لەوەی کتێبێکی لێوەربگرێت داوای لێدەکرد کە بابەتەکەی بو بگێڕێتەوە. وای ئەگەر پێی خۆش نەبوایە ! جارێك براکەم ڕۆمانێکی عاشقانەی پێدا، بۆ بەیانیدا جوڤانی بە تووڕەییەوە گوتی: « بۆ پێت وایە من ژنێکی نازنازیم؟ » نا، بە ڕاست پێشبینی نەدەکرا کە ئەو چ جۆرەکتێبێکی بە دڵە.

بە کورتی، بە پێچەوانەی جاران کە کتێب خوێندنەوە بۆ کۆزیمۆ تەنیا سەرقاڵییەك بوو، ئێستا بۆی ببووە پیشەی سەرەکی و، هموو ڕۆژەکانی دەقۆستەوە. کۆزیمۆ بۆ هەڵبژاردنی کتێب بۆ جوڤانی و بۆ دامرکاندنەوەی حەز و نیازی خۆی، ئەوەندە کتێبی جۆراوجۆری خوێندبۆوە و لێکدابۆوە، وەها شەیدای ئەدەب و بە گشتی زانستی مرۆیی بووبوو، کە ڕۆژەکان بەلایەوە کورت و کوڵ بوون و، شەوانەش لەبەر ڕۆشنایی فانۆسدا کتێبی دەخوێندەوە.

ڕۆژێك لەو ڕۆژانە ڕۆمانەکانی ریچاردسۆن[٣٦]ی ناسی. جوڤانی خەلەنگیش ئەو کتێبانەی پێخۆش بوو. ئەویش هێشتا یەکێکیانی نەخوێندبۆوە داوای یەکێکی تریانی دەکرد. ئوربەك

---

[٣٦] - سامۆئێل ریچاردسۆن، پێشرەوی ڕۆمان نووسانی ئینگلیسی ( ١٦٨٩ –١٧٦١ )

چەند بەرگ لەو کتێبانەی بە کۆزیمۆ دا کە لانیکەم بۆ مانگێکی جوڤانی بەس بوون. کۆزیمۆ ئاسوودە بوو، دەستی بە خوێندنەوەی **ژیانەکانی** پلۆتارك کرد.

لەو دەمەدا جوڤانی خەلەنگ لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەیخوێندەوە و دەیخوێندەوە و دەیخوێندەوە. قژە ئالۆزکاوەکانی پڕ دەبوو لە خەوشوخۆڵ و، نێوچاوانیشی پڕ دەبوو لە چرچ و لۆچ. چاوە سەوزەکانی لەبەر زۆر خوێندنەوە سوور ببوون. جارجار بە تف قامکی تەڕ دەکرد و لاپەڕەی هەڵدەدایەوە و بەدەم خوێندنەوەی هەر وشەیەکەوە کاکیلەی دەجووڵاند. بە خوێندنەوەی کتێبەکانی ریچاردسۆن حەزێکی کۆن کە لە ناخی جوڤانیدا شاردرابۆوە، دیسان سەری هەڵدایەوە. حەز و مەیلی ژیانێکی ئاسایی و رێك و پێك، ماڵ و بنەماڵە و خزم و سۆزی بنەماڵەیی و چاکە و دابڕان لە خراپە و خراپەکار. ئیتر گوێی بە شتەکانی دەوروبەری نەدەدا و لێیان وەڕس ببوو. تەنیا بۆ ئەوە لە حەشارگەکەی دەهاتە دەر کە بە پەلە خۆی بگەیەنێتە کۆزیمۆ و کتێبیتری لێ وەربگرێت، بە تایبەت ئەو کاتانە کە چیرۆکەکە لە چەند بەرگدا بوایە و بۆ وەرگرتنی بەرگێکی تری بهاتایە. لەبەر ئەوەی وەها چووبووە قاپووڕەکەی خۆیەوە، بەو شەپۆلە نەفرەتەی خەڵك بەرامبەر بە خۆی نەدەزانی. تەنانەت دانیشتوانی دارستانیش، هاوکارەکانی جارانیشی، زۆر لەوە تووڕە بوون کە چەتەیەکی وەك ئەو هیچ کارێکی نەدەکرد و، هێزەکانی پۆلیس زۆری بۆ ئەوان هێنابوو.

لە رابوردوودا، هەموو ئەوانەی کە دژ بە یاسا بوون، هەر لە مسگەرە گەڕۆکەکانەوە کە جاروبار شتێکیان دەدزی تا ئەو جەنایەتکارانە کە وەك خودی جوڤانییە خەلەنگ رێگرییان دەکرد، لە دەوری ئەو کۆ دەبوونەوە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە لەگ ەڵیدا هاوکار نەبوون سوودیان لە کارەکانی ئەو دەبینی. دارستان پڕ بوو لە شمەکی دزی و قاچاغ، کە کڕین و فرۆشتنیان سوودی بە هەموو کەس دەگەیاند. ئەوانەش کە بە قسەی خۆیان حەزیان لە دزی و جەربەزەیی بوو، بە ناوی ئەوەوە کاریان دەکرد. هەموو ناوچەکە لە ترس و خۆفدا بوو. خەڵك هەر بەرەڵایەکیان بدیبایە بە جوڤانی خەلەنگ یان هاوکاری ئەویان دەزانی و، بێدەنگ و نرکە چییان پێبوایە دەیاندانێ.

بەڵام ئەو قۆناغـە خۆشـە تێپـەڕیبوو. ئێستا ئـیتر جوڤـانی خەلـەنگ بـە کـەڵکی چـی دەهات؟ بە درێژایی ڕۆژ لـە سووچـێك هەڵدەتووتا و بـە چـاوی پـڕ لـە فرمێسکەوە کتـێبی دەخوێندەوە. ئیتر هیچ کارێکی نەدەکرد و هیچ هەواڵێکیش لە شمەکی دزی نـەبوو. بـازاڕی هەموویان لە ڕمێن کەوتبوو. پاسەوانەکان هەموو ڕۆژێك دەهاتن بۆ دارستان و هەر کەسێکی گومان لێکراویان بدیایە، دەیانپشکنی. جگە لەمانەش بەو خـەڵات و پاداشـە زۆرەی کـە بـۆ دۆزینەوەی تەرخان کرابوو، لەوە دەچوو بەمزووانە چیرۆکی ئەویش کۆتایی پێ بێت.

دوو ڕێگری گەنج کە شاگردی جوڤانی بـوونو نەیاندەویـست پێـشەوایەکی مـەزنی وەك ئەویان لە کیس بچێت، بڕیاریاندا بۆ گەڕاندنەوە جوڤانی بۆ ژیانی پڕ لەشانازی جارانی دنەی بدەن. ئەم دوانـە ئۆگـۆ زلـە و لۆریـۆ جـوانێ بـوون کـە بـە منـداڵی بـەرەڵا بـوون و لـە تـاڤ مێرمنداڵیشەوە ببوونە ڕێگر.

ئەوان ڕۆژێك پێکەوە چوون بۆلای جوڤانی خەلەنگ. جوڤانی لە حەشـارگەکەی لەسـەر دۆشەکێکی کا ڕاکشابوو، کتێبی دەخوێندەوە. بێئەوەی سەری بەرز بکاتەوە، گوتی:

« ها، چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟ »

« هاتووین پێشنیارێکت پێ بکەین. »

« ئەهە... پێشنیاری چی؟ »

لەو حاڵەشدا کتێبی دەخوێندەوە.

« دەزانی ماڵی کۆستانتێ[٣٧] لە کوێیـە؟ ئـەو کابرایـە کـە فەرمانبـەری دایـەرەی بـاجی خوێیە؟ »

« دەزانم... بۆچی... ها؟ باجی خوێ؟ »

دوو ڕێگرە گەنجەکە بە خەمەوە سەیری یەکتریان کرد. تا کاتێـك جوڤـانی ئـەو کتێبـە نەحلەتییەی بە دەستەوە بێت لە قسەکانیان حاڵی نابێت.

« بۆ ساتێك ئەو کتێبە لابە و گوێمان لێبگرە. »

---

٣٧ - Costante

جوڤانی خەلەنگ هەستایە سەر ئەژنۆی. کتێبەکەی بە هەر دوو دەست گرت و بە سنگییەوە نووساند. پێدەچوو بیەوێت ئەو لاپەڕەیە ون نەکات کە دەیخوێندەوە. ئەوەندە حەزی لە خوێندنەوەی بوو کە لەو حاڵەشدا کتێبەکەی بە شێوەیەك گرتبوو بتوانێت بیخوێنێتەوە.

بیرێك بەمێشکی ئۆگۆ زلەدا هات. جاڵجاڵۆکەیەکی گەورە لەو نزیکانە تەونی چنیبوو. ئۆگۆ دەستی درێژ کرد و جاڵجاڵۆکە و تەونەکەی راکێشا و بە روومەتی جوڤانی خەلەنگیدا دا. جوڤانی کلۆڵ وای لێهاتبوو کە تەنانەت لە جاڵجاڵۆکەش دەترسا. کاتێك هەستی بەقاچی دەعبا و تاڵە چەسپاوییەکانی بەسەر روومەتییەوە کرد، لە پڕ هاواری کرد و کتێبەکەی فڕێدا و هەر دوو دەستی بە روومەت و چاوی ماسیو و دەمی تەڕیدا هێنا.

ئۆگۆ خۆی بە زەویدا دا و بەرلەوەی جوڤانی پێ بخاتە سەر کتێبەکەی، هەڵیگرتەوە.

جوڤانی خەلەنگ هەوڵی دەدا بە دەستێکی جاڵجاڵۆکە و تەونەکەی لە روومەتی بسڕێت و، بە دەستەکەی تری کتێبەکە لە ئۆگۆ زلە وەربگرێتەوە.

« کتێبەکەم بدەرێ. »

ئۆگۆ کتێبەکەی لە پشت خۆیەوە شاردەوە و گوتی:

« نا، جارێکە دەبێ گوێمان لێ بگریت. »

« خەریك بووم **کلاریس هارلۆ**[٣٨]م دەخوێندەوە و گەیشتبوومە خۆشاییەکەی. بمدەرێ! »

« دەبێ گوێمان لێ بگریت. ئیمشەو تەلیسێك دار دەبەین بۆ ماڵی کۆستانتێ. لەبری دار تۆ دەخەینە ناو تەلیسەکەوە. کە شەو داهات تۆش لە تەلیسەکە دێیتە دەر و ... »

« دەمەوێ چیرۆکی کلاریس بخوێنمەوە ! »

تەونی جاڵجاڵۆکەکەی لە روومەتی سڕیبوو، خەریك بوو لە گەڵ گەنجەکان تاویان دەدایە یەکتر.

---

٣٨ - Clarisse Harlow

« گوێ بگرە... کە شەو داهات لە تەلیسەکە دێیتەدەر و هەموو ئەو باجە کە کۆستانتێ لەم حەفتەیەدا کۆی کردۆتەوە لێی دەستێنی... ئەو پارەکە دەخاتە ناو مجرییەکی بچووك و لە ژێر قەرەوێڵەکەی دایدەنێت... »

« لانیکەم با ئەو بەشە بخوێنمەوە. تکاتان لێدەکەم. »

دوو گەنجەکە بیری ئەو دەمانە کەوتنەوە کە ئەگەر کەسێك لە بەرامبەر جوڤانی خەلەنگدا رادەوەستا، گورجێك هەر دوو دەمانچەکەی دەردەکێشا و بەسکی کابرایەوە دەنووساند، بۆیە دڵیان پڕ بوو لە حەسرەتی ئەو دەمانە و، بەپێداگرییەوە گوتیان:

« توورەکە پارەکەی لێ وەردەگری، تێگەیشتی؟ کە پارەکەت بۆ ئێمە هێنا، کتێبەکەت دەدەینەوە و هەر چەندە حەزت کرد بیخوێنەرەوە. چاکە؟ ئیمشەو دێیت؟ »

« نا! نایەم. »

« ها... نایەیت؟ نایەیت! چاکە... کەواتە بڕوانە. »

ئۆگۆ زلە پەڕەیەك لە کتێبەکەی بەدەستەوە گرت و (جوڤانی خەلەنگ هاواری کرد: نا! ) دڕاندی ( نا... مەیدڕێنە! ) پاشان گرمۆڵەی کرد و فڕێیدایە ناو ئاگرەکەوە.

« ئاخ، کوڕی سەگ! بۆ وات کرد؟ ئیتر نازانم کتێبەکە چۆناوچۆن تەواو دەبێت. »

ئەوسا شوێن ئۆگۆ زلە کەوت تا کتێبەکەی لێ بستێنێتەوە.

« دەی ، ئیمشەو دەچی بۆ ماڵی کۆستانتێ یان نا؟ »

« نا، ناچم. »

ئۆگۆ زلە دوو پەڕەی تریشی دڕاند.

« بێشەرەف! **کلاریس** مەدڕێنە! نا. »

« کەواتە دەچی. »

« من... »

ئۆگۆ زلە سێ پەڕەیتری فڕێدایە ناو ئاگرەکەوە.

جوڤانی خەلەنگ دانیشت و هەر دوو دەستی بە سەرییەوە گرت.

گوتی: « چاکە دەچم. بەڵام دەبێ وەعدم بدەنێ هەر ئەو کاتە، لە ناو ماڵەکەیدا کتێبەکەم بدەنەوە. »

جوڤانییان خستەناو تەلیسێکەوە و سەرەکەشیان بە بەن بەست. لۆریۆ جوانێ تەلیسەکەی بە کۆڵدادا. ئۆگۆ زلە بە دوایدا دەڕۆشت و کتێبەکەشی بە دەستەوە بوو. بەو مست و شەقانە کە بە تەلیسەکەیاندا دەدا و، بەو هەراو هاوارەدا کە لە تەلیسەکەوەدەهات، دیار بوو جوڤانی پەشیمان بۆتەوە و نایەوێت کارەکەی بکات. لەبەر ئەوە بوو کە ئۆگۆ زلە پەڕەیەکی تری کتێبەکەی دەدڕاندو، جوانیش بە بیستنی دەنگی دڕانەکە بێدەنگ دەبوو.

بەم شێوە ئەویان بۆ ماڵی فەرمانبەری وەرگرتنی باجی خوێ برد و لەوێ دایاننا، ئەوسا لەو نزیکانە لە پشت دار زەیتوونێکەوە خۆیان شاردەوە و، چاوەڕوان مان کە جوانی بە پارەوە بگەڕێتەوە.

جوڤانی پەلەی کرد و لە کاتێکدا هێشتا شەو نەببوو، خەڵك لەناو ماڵەکە لە هات و چوودا بوون، لە تەلیسەکە هاتە دەر. هاواری کرد: « دەست هەڵبڕن.»

بەڵام خۆشی خۆی نەدەناسییەوە. دەتگوت لە دوورەوە سەیری خۆی دەکات و گاڵتەی بەو دۆخە دێت.

« گوتم دەست هەڵبڕن! هەمووتان بڕۆن بۆ ئەو ژوورە و روو لە دیوارەکە دانیشن. »

ئەرێ بەراست خۆشی بڕوای بەو یارییە نەدەکرد! بۆ ئەوەی ئەو کێشە زوو ببڕێتەوە، وەك تووتی هەندێك شتی دەگوت.

« هەمووتانن؟ »

کچۆڵەیەك هەڵات و ئەو پێی نەزانی. لەم جۆرە کارانەدا ساتەکان سەرەکی و گرینگن، بەڵام ئەو بێهوودە پالی بە ساتەکانەوە دەنا. کۆستانتێ خۆی دابوو لە گێلی و کلیلی مجرییەکەی نەدەدۆزییەوە. جوڤانی تێگەیشت کە ئیتر کەس بە جیدی وەریناگرێت و، لە دڵەوە خۆشحاڵ بوو. بەو حاڵەش ئاخریەکەی بە دەستی پڕ لە توورەکە پارە لەو ماڵە هاتەدەر و، شەلم کوێرم، بەرەو دار زەیتوونەکە هەڵات.

« ئەمەش پارەکە، ئێستا **کلاریسم** بدەنەوە. »

چوار، حەوت، دە دەست لە پشت دارەکەوە هاتنە دەر و گرتیان. لە شانییەوە بۆ پاژنەی پێی بە زنجیر بەستییانەوە. تاقمێك پاسەوان وەك ژامبۆنێکی پێچراوە بەرزیان کردەوە، بە کۆڵیاندا دا و بردیان.

« **کلاریس** لە پاسگە چاوەڕێتە. »

ئەوسا لە زیندانیان توند کرد.

زیندانەکە لە سەر بورجێکی بەرزی لای دەریاکە، لە ناو کۆمەڵە کاجێکی بەرزی ئەو رۆخەدا بوو. کۆزیمۆ بەسەر یەکێك لەو دارانەوە لە جوڤانی خەلەنگ نزیك بووەوە و، لە کاتێکدا ئەوی بینی کە سەری بە میلەی پەنجەرەکەوە نووساندبوو. ئەو چەتە دیلە لە لێپرسینەوە و مەحکەمە نەدەترسا. دەیزانی ئاخریەکەی لە سێدارە دەدرێت. ئەوەی کە ئازاری دەدا ئەو رۆژە بۆش و بەتاڵانە بوون کە دەبوو بێ کتێب بەسەریان ببات، هەروەها ئەو رۆمانەش کە تەنیا نیوەی خوێندبووەوە. کۆزیمۆ نوسخەیەکی تری کلاریسی دۆزیەوە و بۆ سەر کاجەکەی برد.

« تا کوێت خوێندبووەوە؟ »

« تا ئەو جێگە کە کلاریس لە قەحبەخانەکە هەڵدێت. »

کۆزیمۆ ماوەیەکی کورت لاپەڕەی لە کتێبەکە هەڵدایەوە.

« ئەها... دۆزیمەوە. چاکە، گوێ بگرە... »

ئەوسا رووی لەو پەنجەرە کرد کە دەستەکانی جوڤانی میلەکانی گرتبوو، دەستی بە خوێندنەوە کرد.

لێپرسینەوە لە جوڤانی زۆری خایاند. رێگرەکە لە بەرامبەر قامچییەکاندا خۆی راگرتبوو، چەند رۆژی دەخایاند تا دانی بە یەکێك لە تاوانە بێ ژمارەکەیدا دەنا.

هەموو رۆژێك لە پێش و لە پاش لێپرسینەوە، کۆزیمۆ کتێبی بۆ دەخوێندەوە. کە کلاریس کۆتایی هات کۆزیمۆ هەستی کرد جوڤانی تا رادەیەك خەمبارە. بیری کردەوە دەبێ

خوێندنەوەی کتێبەکانی ریچاردسۆن بۆ دیلێکی بێدەسەلات، خەمهێنەر بێت. وای بـە چـاك زانی رۆمانێکی فیلدینگی بۆ بخوێنێتەوە کە رووداو و ماجەراکانی تا رادەیەك قـەرەبووی بـێ جموجووڵی ناو زیندانەکەیان دەکردەوە. کاتێك مەحکەمە بەرپا بوو، هەموو هۆشی جوڤانییە خەلەنگ لە لای سەربهوردەکەی جۆناتان ویلد[٣٩] بوو.

رۆژی لە سێدارەدرانی گەیشت و رۆمانەکـە هێـشتا تـەواو نـەبووبوو. دواهـەم سـەفەری ژیانی جوڤانییە خەلەنگ بە کالیسکە و، لەگەڵ قەشەیەك بوو. لە ئۆمبرۆزا ئەوانەی مەحکووم بە کوشـتن دەکـران، لـە ناوەڕاسـتی مەیدانـە گەورەکـەی شـار، لـە کاتێکـدا خـەڵکێکی زۆر سـەیریان دەکـرد، بـە لقـی دار بەڕوویـەکی گـەورەوە هەڵدەواسـران. لـەو کاتـەدا کـە پـەتی سێدارەکەیان دەخستە ملی جوڤانییە خەلەنگەوە، دەنگی فیکەیەك لە ناو لقەکانەوە بیسترا. جوڤانی سەری هەڵبڕی، کۆزیمۆ لەسەر دارەکە کتێبێکی بە دەستەوە بوو.

« بڵێ بزانم ئاخریەکەی دەبێت بەچی؟ »

کۆزیمۆ وەڵامی دایەوە:

« بە داخەوە جوڤانی !جاناتان لە سێدارە دەدەن. »

« وەك من کە لە سێدارەم دەدەن. کەواتەماڵاوا! »

ئەوسا شەقێکی لە پەیژەکە هەڵدا و فڕێدا. پەتەکە خنکاندی.

کاتێك لەشی بە سەر دارەکەوە لە بزووتن کەوت و خەڵك بڵاوەیان کـرد، کۆزیمـۆ هـەروا لەسەر ئەو لقە کە پەتەکەی پێوە بوو، دانیشتبوو. هەر جارێك کە قـشقەڵەیەك لـە تەرمەکـە نزیـك دەبـووەوە و بـە تـەما بـوو دەنـدووك لـە چـاو و لـووتی بگرێـت، کۆزیمـۆ کڵاوەکـەی رادەوەشاند و دەیتاراند.

---

[٣٩] - Jonathan Wild

## ١٣

دۆستایەتی لەگەڵ ئەو ڕێگرە کۆزیمۆی تووشی حەز و گەشکەیەکی لە ڕادەبەدەر بۆ خوێندنەوە و فێربوون کرد. حەز و گەشکەیەك کە تا کۆتایی تەمەنی لە گەڵیدا بوو. لەوە دوا زۆرتر ئەوت دەبینی کە لەسەر لقێك دانیشتووە و کتێب دەخوێنێتەوە، یان وەك قوتابیەکی منداڵ، لەسەر لقەکە، بە سەر تەختەیەکدا کە بە پەڕە کاغەز داپۆشراوە نەویوەتەوە، جەوهەرەکەی لەدرزی لقێکدا داناوە و قەڵەمە گەورەکەی کە پەڕی سۆنەیە بەکاغەزەکاندا دەهێنێت.

ئێستا ئیتر ئەو لە فەوشلافلوری قەشە دەگەڕا تا دەرسی پێ بڵێت. داوای لێدەکرد کە لە بارەی تاسیت، ئووبە، بەردە ئاسمانییەکان و کیمیاوە شتی فێربکات. بەڵام قەشەی پیر جگە لە کەمێك سەرف و نەحو و زانستی دینی هیچیتری نەدەزانی و لاڵ دەبوو. لە حاست هەموو پرسیاری قوتابیەکەیدا دەستی لێك بڵاو دەکرد و چاوی لە ئاسمان دەبڕی.

« جەنابی قەشە ، پیاوێکی ئێرانی دەتوانێ چەند ژن بخوازێت؟ باوکی ڕۆحانی، ساووایاری قەشە کێ بووە؟ جەنابی قەشە دەتوانی سیستەمی لینەم بۆ شەرح بکەیت؟ »

قەشە لە وەڵامدا دەیگوت: « بەڵێ... عەرزت بکەم ... ئەڵبەت... »

بەڵام لەوە زیاتر هیچی بە مێشکدا نەدەهات، گێژ دەبوو تیا دەما.

کۆزیمۆ هەموو جۆرە کتێبێکی بە ئیشتیباوە دەخوێندەوە، نیوەی کاتەکەی بە خوێندنەوە تێدەپەڕی و لە نیوەکەی تریشیدا، بۆ ئەوەی قەرزی ئۆربەکی کتێبفرۆش بداتەوە، راوی دەکرد. هەر جارێك ئەوت بدیایە شتێکی تازە فێر ببوو دەیگوتەوە. لەبارەی ژان ژاك رۆسۆوە دەدوا، کە لە کاتی گەشت و گەڕان لە دارستانەکانی سویس، نموونەی گیاکانی بۆ شیکردنەوە کۆ کردبۆوە. لەبارەی بنجامین فرانکلینەوە دەدوا کە بە بەکار هێنانی کۆلارەی دەسکرد لە هەورەتریشقەی کۆڵیبووەوە. لەبارەی بارۆن هۆنتانەوە دەدوا کە لە ناو سوورپێستەکانی ئەمریکادا دەژیا.

فەوشلافلوری پیر بە سەرسووڕمانەوە گوێی لێدەگرت، بەڵام دیار نەبوو سەرسووڕمانەکەی بە هۆی کونجکۆڵییەوەیە، یان بۆئەوەیە کە ئیتر پێویست نەبوو دەرس بە براکەم بڵێتەوە و ئەو هەستەش ئاسوودەیی پێدەبەخشی. ئەو بەردەوام سەری دەلەقاند و، کاتێك کۆزیمۆ دەیپرسی: « دەزانی بۆچی... » لە وەڵامدا دەیگوت: «نا، خۆت بیڵێ... » ئەوسا پاش بیستنی وەڵامەکەی کۆزیمۆ دەیگوت: « راستە. زۆر سەیرە. » یان « وەی خودایە گیان! » کە ئەم گوتنەی هەم بە مانای ستایشکرنی جیلوەیەکی تازە لە گەورەیی و عەزەمەتی خودای گەورە بوو، هەم بە مانای دەربڕینی داخی بۆ ئامادەیی شەیتان کە هەر ساتە و بە شێوەیەك دەردەکەوت و بە سەر ئەم دنیا خاکییەدا فەرمانڕەوایی دەکرد.

کۆزیمۆ زۆر حەزی لە لێدوان و شیکردنەوەی ئەو شتە تازانە بوو کە لە کتێبەوە فێریان دەبوو، بۆیە دەچوو بۆلای قەشەی پیر و بەو قسە و باسانە گێژی دەکرد. فەوشلافلوری قەشەف لەبەر ئەوەی کە بروایەکی قووڵی بە هیچ و پووچی و تێپەڕینی شتەکان بوو، پیاوێکی دەستەمۆی ئارام و سەبوور بوو. کۆزیمۆ بەوەی دەزانی و سوودی لێوەردەگرت. زۆری پێنەچوو کە پەیوەندی مامۆستا و قوتابی جێگۆڕکەی کردو، براکەم کاریگەرییەکی وەهای لەسەر قەشەی پیر دانابوو کە دەیتوانی پێملی بکات بە لەرزە لەرز شوێنی بکەوێت و

لە گەشت و گەڕانی سەر دارەکان هاوڕێیەتی بکات. جارێك واداری کرد دوانیوەڕۆیەك لەسەر لقی شابەڕوویەکی باخی ماڵی ریڤالۆندە، لە دارە دەگمەنەکان و ڕەنگدانەوەی خۆرەتاوی دەمەو ئێوارە لەسەر ئەستێری پڕ لە نیلووپەڕە شینەکان، ورد ببێتەوە. لەم حاڵەشدا بەردەوام باسی سیستەمی پاشایەتی و کۆماری، جیاوازی تێگەیشتن لە حەقیقەت و ڕاستی لە ئایینزا جیاوازەکاندای بۆ دەکردو، لە داب و نەریتی چینی، بوومەلەرزەی لیسبون و تیۆری ڕەسەنایەتی هەستەکان دەدوا.

کاتی دەرسی زمانی یونانی من بوو، هەرچی چاوەڕوان بووین قەشە نەهات. هەموو ئەملاولای لێ گەڕاین، تەنانەت بە دارێکی درێژ بنکی ئەستێرەکەش گەڕاین. ئەوندە گێژ بوو کە دەترساین کەوتبێتە ناو ئەستێرەکەوە و خنکابێت. شەو کە هاتەوە پشتی دێشا. چەند سەعات لە دۆخێکی دژواردا لەسەر دارەکان مابووەوە.

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە فەوشلافلۆری قەشە ژانسنیست بوو، لەبەر ئەوەش جاروبار دەستەمۆیی و تەسلیمییەکەی نەدەما و، دەمارگرژییەکی فیرقەیی بەسەریدا زاڵ دەبوو. ئەو کە جارجار بە هۆی دەستەمۆییەکەیەوە هەموو جۆرە بۆچوون و تیۆرییەکی تازە و ئازادی وەك هاوسانی هەمووان لە ئاست یاسا و، بێگەردی زاتی خەڵکانی وەحشی، یان بێ باوەڕی بە خورافەی وەردەگرت، لەدوای چارەکە سەعاتێك پێویستیی دەروونی بۆ پەیڕەوی کردن لە ریساگەلی وشك و ئەخلاقی، ناچاری دەکرد ئەو بۆچوون و تیۆرییانە بگۆڕێت و لەگەڵ ریساکانی خۆیدا بیانگونجێنێت. بۆیە بۆچوونی ئەو بۆ بابەتی وەك بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی خەڵکانی ئازاد و هاوسان، یان ئاکارێك کە کیشی سروشتی پاڵپشتی بێت، دۆخێکی سوپاییانەی وشکی بەخۆی دەگرت و وەك هەندێك بیروباوەڕی دەمارگرژانەی لێ دەهات. بە گوتەی خۆی، هەموو ئەو شتانە کە لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە بوون، گەندەڵ و خراپ بوون. دەیگوت فەیلەسووفە تازەکان لە دژایەتی کردن لە گەڵ خراپە زۆر نەرم و ساویلکەن، ڕێگەی گەیشتن بە کەماڵ کە ڕێگەیەکی گەلێ دژوارە، نەرمی و سازان هەڵناگرێت.

كۆزیمـۆ لـە ئاسـتی ئـەم هەڵوێـستە كوتوپڕیانـەی قەشـەدا بێـدەنگ دەبـوو، هیـچی نەدەگوت. دەترسا پیرەمێرد بە خەیاڵباف و قوڕیات بێـژی تێبگـات. ئـەو جیهانـە خـۆش و ئاوەدانەی زەینی ئەو، بۆ قەشە وەك گۆڕستانێكی وشك و بێرۆح بوو. خۆشـبەختانە قەشـە لـەم جـورە هەڵوێـستانەی خـۆی زۆر زوو مانـدوو دەبـوو، وزەی بـەردەوام بـوونی نـەدەما. پێدەچوو ئەو هەموو هـەوڵ و كۆشـشەی بـۆ سـەر و گـوێ قرتانـدنی تیۆرییـەكان و، كـورت كردنەوەیان لە چەند ئەسڵێكی وشك و بێ رۆحدا، ئەویش وەك تاپۆیەكی سووك و بێ قـەوار لێدەكرد. پێڵووەكانی دەنایە سەر یەك و ئاخێك و باوێشكێك و... ئەوسا دەتگـوت خەریكـە دەگاتە نیروانا.

بەم شێوەلە كێشەی نێوان دوو رۆحییەی دژوازدا، فەوشلافلوری قەشە هـەموو رۆژێـك شوێن لێكۆڵینەوەكانی كۆزیمۆ دەكەوت. بەردەوام لە لای ئەوەوە بۆ كتێب فرۆشـی ئوربـەك دەچوو، داوای ئەو كتێبانەی دەكرد كە دەبوو لە ئامستەردام یان پاریسەوە بـۆی بـێن. بـەم شێوە خۆی لەناو دەبرد.

ئەو هەواڵە كە لە ئۆمبرۆزا قەشەیەك هەیـە ئـەو كتێبانـە دەخوێنێتـەوە كـە لـە هـەموو ئورووپادا بە كفر ناسراون، دەماو دەم رۆیشت و گەیشتە مەحكەمەی تایبـت بـە قەشـەكان. دوانیـوەرۆی رۆژێـك لـەو رۆژانـە، دوو پاسـەوان خۆیـان بـە مـاڵی ئێمـەدا كـرد و ژوورەكـەی قەشەیان پشكنی. لە ناو كتێبی دۆعاكاندا نووسێنێكی بایلیان[٤٠] دۆزیەوە. هێشتا پـەڕەكانی ئەو كتێبە پێكەوە لكابوون و و دیار بوو كە نەخوێندراوەتەوە. وێڕای ئەوەش هەر لەبەر ئەو كتێبە قەشەیان گرت و بردیان.

دوانیوەرۆیەكی هەوری و خەمۆك بوو. من ئەو دیمەنەم بە هەمان شێوە لەبیر ماوە، كە بە ترسەوە لە پشت پەنجەرەی ژوورەكـەم دیبـووم. دەسـتم لـە خوێنـدنی ڕێزمـانی یۆنـانی هەڵگرت. نەمدەزانی كە ئـیتر دەرس و خوێنـدن لـە ئـارادا نـەماوە. قەشـەی پـیر لەگـەڵ دوو پاسەوانی چەكدار بە ڕێچكەی ناو باخەكـەدا دەرۆشـت و دوور دەكەوتـەوە. ئـەو سـەری بـۆ

---

٤٠ - Pierre Bayle

دارەکان هەڵبڕی و بۆ ساتێك هەڵلەرزی. دەتگوت دەیەوێت بەرەو نارەوەنێك هەڵێ و پیایـدا هەڵگەڕێت، بەڵام قاچە لاوازەکانی دەرەقەت نەدەهاتن. کۆزیمۆ بۆ راو چووبوو بۆ دارستان و ئاگای لە هیچ نەبوو. ئەوان تەنانەت ماڵئاوایییشیان لە یەکتر نەکرد.

ئێمە بۆ یارمەتی دانی قەشە هیچمان پێنەکرا. باوکم چوو بۆ ژوورێك و دەرکەی لەسـەر خـۆی داخـست و دەمـی بـۆ هـیچ نـەبرد. دەترسـا یەسـووعیەکان دەرمـانخواردی بکـەن. فەوشلافلوری قەشە پاشماوەی تەمـەنی لـە زینـدان یـان سـەومەعە بەسـەر بـرد. بـەردەوام تۆبەیان پێ دەکرد و داوایان لێ دەکرد خۆی رەت بکاتەوە. ئەو لە ئەنجامدا پـاش تەمـەنێ کخزمەت کردن بە ئیمانەکەی خۆی مرد. بێئەوەی بە راسـت بزانێـت دەبـوو بـڕوای بـە چـی بوایە... بەو حاڵەش تا دوا ساتەکانی ژیانی تێدەکۆشا ئیمانەکەی قایم بێت.

هەر چی بوو، گێرانی قەشە کاری نەکردە سەر پێشکەوتنی کۆزیمۆ لە بواری فێر بوونی زانـست. هــەر لــەم قۆناغــەدا بــوو کــە ئــەو لەگــەڵ گــەورەترین فەیلەسـووف و زانیــارە ئەورووپییەکاندا نامەی دەگۆڕییەوە. لە نامەکانیدا داوای لێدەکردن هەندێك بابەت و مەسەلەی بۆ روون بکەنەوە. جاریواش بوو تەنیا بۆ چێژ وەرگـرتن لـە بـاس و گفتوگـۆ لەگـەڵ زانیـارە گەورەکانی سەردەمەکە و، ئاشنا بوونی زیاتر بە زمانەکانی تـر، نامـەی بـۆ دەنووسـین. بـە داخەوە هیچکام لەو نامە و نووسینەکانی نەماون. چونکا ئەوانی لە درز و قەڵشتی دارەکان و هەندێك جێگەیتر دادەنا کە تەنیا خۆی پێی دەزانین و، ئێستاش ئەوانە هەموویان پۆڵکیون و لە بەین چوون، یان سمۆرەکان خواردوویانن. ئەگەر ئەو کاغەزانە بمانایە، بێگومـان هەنـدێك نامە بە خەتی ناسراوترین زاناکانی ئەو سەردەمەیان تیادا دەبوو.

کۆزیمۆ بۆ راگرتنی کتێبەکانی جاروبـار لـە سـەر دارەکـان کتێبخانـەی چـێ دەکـرد و، هەوڵی دەدا لە دەعبا و باران بیانپارێزێت، بۆیە بەردەوام جێگەی کتێبـەکانی دەگوێزایـەوە. ئەو تارادەیەك کتێبەکانی بە باڵندە دەشوبهاند و حـەزی نـەدەکرد بـێ جووڵـە لـە قەفەسـدا بیانبینێـت. لەسـەر بـەرزترین رەفـەی کتێبخانەکـەی دەورەیـەك ئەنـسکلۆپیدیای دیـدرۆ و دالامبری دەچنی، کە سپاردبووی کتێب فرۆشێك لەبەندەری لیورنۆوە یەك لە دوای یەك بۆی

بنێرێت... ئەوەندە کتێبی دەخوێندەوە ماوەیەك گێژ و کاس ببوو، بەکەمی دڵی بە دنیای دەوروبەری دەکرایەوە. خوێندنەوەی ئەنسکلۆپێدیا، بەتایبەت ئەو وتارە جوانانەی کە لەبارەی زەردەواڵە و دار و دارستان و باخداریەوە بوون، ئاگادارییەکی تازەی پێدەبەخشی و بەچاوێکی ترەوە لەدنیای دەوروبەری دەڕوانی. دوای ئەوەش داوای هەندێك کتێبی زانستیی کرد کە یەکیان لەبارەی دارناشتنەوە بوو. زۆری حەز دەکرد ئاگادارییە تازەکانی بە کار بێنێت.

هەمیشە دڵی لە لای مرۆڤ و کارەکانی بوو. تا ئەوکاتە، ژیانی دارنشینی و گەشت و گەڕان و ڕاو و شکارەکەشی بێمەبەست و، هەوەسێکی باڵندانە بوو. بەڵام دوای ئەوە زیاتر پێی خۆش بوو یارمەتی هاوڕەگەزەکانی بدات. دەکرێ بڵێم ئەم حەزەشی بەرئەنجامی هاونشینی لەگەڵ ئەو ڕێگرە بوو.

زانستی هەڵپاچینی دارەکان فێر بوو، بەکاری هێنا. کارەکەی بە چاکی بەڕێوە دەبرد و حەقدەستێکی کەمیشی وەردەگرت. بەو هۆیەوە هەموو زەویدار و جووتیارەکان کاریان پێدەکرد. ئەو ئەم کارەی لە وەرزی زستاندا دەکرد کە دارستان هەزار پێچێکی ڕووت و بێ گەڵایە و دەڵێی دارەکان چاوەڕوانن کەسێك لقەکانیان هەڵپاچێت و خاوێنیان بکاتەوە، تا بەهار دیسان سەوز ببنەوە، گوڵ دەربکەن و میوە بدەن. لە هەوای ساردی بەیانیانی زستاندا، دەتبینی لەسەر لقە ڕووتەکان بە لنگی لێك بڵاوەوە ڕاوەستاوە، بە مەقەستێك خەریکی هەڵپاچینی لق و شووڵە زیادییەکانە. باخیماڵەکانی بە مشار هەڵدەپاچی و دار و دەوەنەکانی دەڕازاندەوە. بەڵام لە دارستان تەورێکی بچووکی بە کار دەهێنا و، ئەوەش لەبری تەوری داربڕەکان بوو کە تەنیا بە کەڵکی لەت و کوت کردنی دارە ئەستوورەکان دەهاتن.

بە کورتی، خۆشەویستی دارەکان وەك هەموو خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە، گەلێك جار جۆرێك لە دڵڕەقی و تەنانەت بێ بەزەییشی لەگەڵدا بوو. ئەو لەشی دارەکانی بریندار دەکرد، بۆ ئەوەی بەهێزتر و جوانتر ببن. لە کاتی بڕینی لقەکانیش، جگە لە مەسڵەحەتی خاوەن

دارەکە، چاوی لە بەرژەوەندی خۆشی بوو. یەعنی بیری لەوەش دەکردەوە کە خۆی دەبوو بەسەر لقەکاندا بڕوات. بۆیە هەوڵیدەدا واز لە بڕینەوەی ئەو لقانـە بهێنێـت کـە دارێکیـان بـە دارێکیترەوە گرێدەدا و، ئەو لقانەش ببڕێتەوە کە لقە پردەکانی پێ بەهێز دەبوو. بەم شێوە لەبەر ئەوەی کە هەم خەڵك و هـەم سروشـت و هـەم خۆشـی خـۆش دەویـست، تێدەکۆشـا بەقەدەر توانای خۆی سرۆشتی سەرسەوز و میوان راگری ئۆمبرۆزا جـوانتر و خۆشەویـستتر بکات. دارەکان کەمە کەمـە وەهایـان لـێ هـاتبوو کـە ئـەو بـەو پـیری و لاوازییـەی خۆیـەوە دەیتـوانی بەسـەریاندا بـڕوات. بـەڵام جیلـە کوێردڵـەکانی داهـاتوو، ئـەو هـەموو هـەوڵ و تێکۆشانەی ئەویان بە فیڕۆدا. تەماعکاری ئەوان نەیهێشت بیر لـە داهـاتوو بکەنـەوە. ئـەوان نەیانتوانی هیچ شتێك، تەنانەت بەرژەوەندییە راستەقینەکانی خۆشیان، خـۆش بوێـت. وای لێهات کە ئیتر کۆزیمۆیەکی تر نەیدەتوانی لەسەر دارەکان بگەڕێت و راببورێت.

# ١٤

هەروا کە دۆستانی کۆزیمۆ زیاتر دەبوون، کەسانێکیش بوون کە رقیان لێی بـوو. پـاش بە کتێبخوێن بوونی جوڤانی خەلەنگ و رووداوەکـانی لـەوەدوا، بـەرەڵاکانی دارسـتان لێیـان قەومابوو. شەوێك کە براکەم لەناو پێستەیەك لەسـەر دارەبـەنێك خـەوتبوو، بـە وەڕە وەڕی سەگەکەی بە ئاگای بووەوە. کە چاوی هـەڵێنا رۆشـناییەکی لـە بـن پێیـەوە بـینی. لـە ژێـر دارەکەدا ئاگریان کردبووەوە و بڵێسەی بە باڵای دارەکەدا هەڵچووبوو.

سووتمان لە دارستان! ؟ بڵێی کاری کێ بووبێت؟ کۆزیمۆ لە بیری بـوو کـە ئـەو شـەوە بەردەئەستێی بە کار نەهێنابوو. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەوە کاری خرابکارەکان بوو! ئـەوان ویستبوویان ئاگر لە دارسـتانەکە بەربـدەن و تاوانەکـەی بخەنـە پـاڵ کۆزیمـۆ، یـان خۆشـی بسووتێنن.

کۆزیمۆ تەنانەت بۆ ساتێکیش بیری لەخۆی نـەکردەوە. دارسـتان بـە هـەموو رێـچکە و رێبازەکانییـەوە ــ کـە خـۆی دەیزانـی ــ و بـە هـەموو ئـەو حەشـارگانەوە ــ کـە خـۆی

دۆزیبوونییەوە ـ هەڕەشەی نەمانی لێدەکرا. ئـەو بـیرە تۆقانـدی. ئۆپتیمـوس ماکسیموس لەبەر بڵێسەکان هەڵدەهات و جاروبار بە نائومێدییەوە ئاوڕی دەدایەوە و دەینااڵند. ئاگر بـە ناو دەوەنەکاندا بەرەو پێش دەخوشی. کۆزیمـۆ نەخـەجڵا. بـە پێـی خـووی خـۆی هەنـدێك شتومەکی جۆراوجۆری، وەك بەرمیلێکی بـچووك شـەربەتی بـادام کـە لـە کـاتی توونیەتیـدا دەیخواردەوە، لەسەر دارەبەنەکە، لەلای خۆی دانابوو. خۆی گەیاندە بەرمیلەکە. سمۆرە و کونـدە کوێرەکـان سەراسـیمە بەسـەر لقەکانـدا غاریـان دەدا و هەڵـدەهاتن. باڵنـدەکان لـە هێلانەکانیان هاتبوونە دەر و هەڵدەفڕین. کۆزیمۆ تاوی دایە بەرمیلەکـە و ویـستی دارەکـەی پێ تەڕ بکات، بەڵام بیری کـردەوە تـا ئێـستا ئاگرەکـە بـە نـاو گـژ و گیـا و گـەڵای وشـك و نەمامەکاندا بڵاو بووەتەوەو، زۆر زوو دەگاتە دارەکانی تـریش. وای بـە چـاك زانـی کـە دارە بەنەکە بکاتە قوربانی ئەوانیتر. « با بسووتێت. ئەگەر بتوانم عـەرزی دەوروبـەری ئاگرەکـە تەڕ بکەم بەر بە تەنینەوەی دەگرم. » دەرپیچەی بەرمیلەکەی کردەوەو، بە شەربەتی بادام بڵێسە دوورەکانی کووژاندەوە. بەم شێوە ئاگر کەوتە گەمارۆی جەغزێك سەوزە و گەڵای تەڕ و، توانای تەنینەوەی نەما.

کۆزیمۆ لەسەر ترۆپکی دارەبەنەکەوە بۆ ئالشێك لەو نزیکانە بازیدا. لەو کاتـەدا دارەکـە ئاگری گرت و بوو بە دوو کوت و کەوتە سەر عەرز. سمۆرەکان بە سەر لێشێواوی بەملاو لادا هەڵدەهاتن. ئایا سووتمانەکە بەوەندە کۆتایی دەهات؟ نا. پزیسکەکان بەملاولادا دەپـەڕین، ئەو بەرمیلە بچووکە بەری ئاگرەکەی پێ نەدەگیرا، کۆزیمۆ بە هـەموو هێـزی خـۆی هـاواری کرد: « ئاگر... ئاگر... ئاگر... »

تەبارێك خەڵووز لەو نزیکانە بوو. دەستەیەك خەڵکی برگامۆ کە دۆستی کۆزیمـۆ بـوون، لە کۆلیتێکی لای خەڵووزەکان دەخەوتن.

« ئاگر... ئاگر... »

زۆری پێنەچوو هاوار هاوار لە هەموو کوێستانەکە بەرز بووەوە. ئەو خەڵووزکارانە کە بە ناو دارستانەکەدا بڵاو ببوونەوە بانگی یەکتریان دەکرد. ئـەوان لـە هـەموو لایەکـەوە خۆیـان

گەیاندە ئاگرەکە و کووژاندییانەوە. ئەو سووتمانەو یەکەم هەوڵ بۆ کوشتنی، دەیانتوانی ئەو بیرە بخەنە مێشکی کۆزیمۆوە کە لە دارستان دوور بکەوێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە رێگەیەك بۆ بەرگری لە سووتمان بدۆزێتەوە.

هاوینێکی گەرم و وشك بوو. حەفتەیەك بوو سووتمانێکی قورس دارستانی رۆخی دەریایەکی نزیك پرۆڤانسی گرتبووەوە. شەوان لە سەر کێوەکانەوە رۆشنایی ئەو ئاگرە دەبیندرا، کە لە رەنگدانەوەی خۆری دەمەو ئێوارە دەچوو. لە کەشێکی ئەوەندە گەرم و وشکدا، هەموو گژ و گیا و دارەکان وەك بارووت بوون. لەوە دەچوو با ئەو ئاگر و سووتمانە بەرەو وڵاتی ئێمەش بێنێت. ئاگرێکی بە رێکەوت یان بە ئەنقەست بەس بوو بۆ ئەوەی سەرانسەری رۆخەکە بتەنێتەوە. ئۆمبرۆزا لە ئاست ئەم مەترسییە گەورە، وەك قەڵاتێك کە بانی ماڵەکانی لە کا بن و خەڵکی ئاگر خۆشکەر دەوریان دابێت، هەستی بە ترس و دڵە کوتە دەکرد. دەتگوت تەنانەت ئاسمانیش میچکوتە لە ئاگر. هەموو شەوێك بارانێك لە ئەستێرەی کلکدار بە ئاسماندا تێدەپەڕین و، دەترساین بە سەرماندا برژێن.

لەو رۆژانی ترس و خۆفە گشتگیرەدا، کۆزیمۆ چەند بەرمیلێکی پڕ کرد لە ئاو و لە سەر بەرزترین دارەکان داینان. بیری کردەوە: « کارێکی وایان پێ ناکرێت، بەڵام وەك دیمان تا رادەیەك بەکەڵك دێن. » ئەوسا بۆ لێکۆڵینەوە بەو جۆبارانەدا گەڕا کە بە ناو دارستانەکەدا تێدەپەڕین و، زۆربەیان نیوە وشك بوون. هەروەها سەری لەو کانیاوانەشدا کە باریکە ئاوێکیان پیا دەهات و، پاشان سەردانی شوالییەی پارێزەریشی کرد و مەسەلەکەی تێگەیاند.

ئێنئاس سیلڤیوس کارگا بەرە دەستی بە ناوچاوانی خۆیدا کێشا و بە خۆشی و گەشکەوە گوتی:

« راستە، مەخزەنی ئاو! سەد! دەبێ نەخشە بکێشین و دەست بە کار بین.»

ئەوەی گوت و بە خۆشییەوە دەستی بە هەڵبەز و دابەز کرد. دەیقیژاند و یەك لە دوای یەك ئیدە و پلانی تازەی بە مێشکدا دەهات.

کۆزیمۆ کاروباری حیسابات و پلاندانانی بە ئەو سپارد. پاشان چوو بۆلای زەویدارەکان، کرێنشینەکانی دارستان، خەڵووزکار و داربڕ و، سەرنجی هەموویانی بـۆ مەسـەلەکە راکێشا. هەموویان دەستیان دایە دەستی یەکتر و بە رێبەرایەتی شوالییەی پارێزەر، دەست بـە کـار بوون. ( رەنگە باشتر وابێ بگوترێت جەنابی پـارێزەر بێئـەوەی تەنانـەت دەرفـەتی سـاتێك خەیاڵبافیشی ببێت، ناچار بوو مل بەو رێبەرایەتییە بدات. ) لـە هـەموو شـوێنێکی دارسـتان مەخزەنی ئاو داندرا. بەم شێوە لـە هـەر کـوێ سـووتمانێك رووی بدایـە، دەکـرا بـە تروومپـا بیکوژێننەوە. کۆزیمۆ خۆشی بەسەر دارەکانەوە چاوەدێری کارەکانی دەکرد.

بەڵام ئەمەش بەس نەبوو. دەبوو دەستەیەکی تایبەت بۆ فریاکەوتن رێکبخەن و، چەند تاقمێك دانێن کە لە کاتی سووتماندا دۆڵی ئاو بەشێوەیەکی زنجیرەیی بگەیەننە یەکترو، بەو شێوە بەر بە تەنینەوەی ئاگر بگرن. بۆ ئەم کارە جۆرێك هێزی رێك و پێکیان دامەزرانـد کـە هەمیشە ئامادە بوو کەسانێك بۆ پارێزگاری و پاسی شەوانە دابنێت. کۆزیمۆ ئەم هێزەی لـە جووتیار و پیشەوەرەکان ساز کردبوو. هەروا کە لە هەموو ئەنجومەنێکدا دەبینـدرێت، ئـەم هێزەش زۆر زوو دۆخێکی یەکپارچە و یەکگرتووی وەرگرت و، ئەوەندەش بـەورە بـوون کـە هەستیان دەکرد دەتوانن هەموو کارێکی گەورە بکەن.

خودی کۆزیمۆش هەستی بە هێـز و توانایـەکی تـازەی لـە خۆیـدا دەکـرد. دەیـدی کـە توانای رێکخستن و رێبەرایەتی کردنی خەڵکی هەیـە. ئـەو خۆشـبەختانە بـاش دەیزانـی کـە نابێت بە هەڵە سوود لـەو بارودۆخـە وەربگرێـت. بۆیـە لـە هـەموو ژیانیـدا تـەنیا چـەند جـار سەرکردایەتی خەڵکی لەئەستۆ گرتو ئەو چەند جـارەش لـە دۆخێکـی شـاز و تایبەتـدا بـوو، هەموو جارێکیش سەرکەوتنی گەورەی بە دەست دەهینا.

ئەو دەیزانی هاوپەیمانی و رێکخستن بنیادەم بە هێز دەکات، توانا و بەهرەی کەسەکان دەپشکوێنێ و، شادی و خۆشییەکیان پێ دەبەخشێت کە لە ژیانی تاکڕەوانەدا بە دەگمـەن هەستی پێدەکەن.شادی و خۆشی پەی بەردن بەو راستییە کە خەڵکێکی زۆری چاك و راست و بە توانا هەن کە دەکرێ متمانەیان پێبکردرێت.( ئەو کاتەی کـە مـرۆڤ بـە تـەنیا و تـاکڕەو

دەژی، تەنیا لایەنێك لـە مرۆڤـەکانی تـر دەبینێـت، لایـەنێك کـە وای لێـدەکات هەمیـشە بـە وشیارییەوە دۆخێکی خۆپارێزانە بە خۆی بگرێت.)

ئاخرییەکەی ئەو هاوینی پڕ لە ترسی سووتمانە بە خۆشی تێپەڕی. کێشەیەکی گشتی لە ئارادا بوو کە هەموویان حەزیان لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك دەکرد و، لـە بەرژەوەنـدی تاکە کەسی خۆیان بەگرێنگتریان دەزانی. هەر ئەو خۆشـییە کـە بـە هـۆی یـەکگرتن لەگـەڵ خەڵکی چاك و بەرێز تووشی ببوون، باشـترین مـز و حەقدەسـتی گیـان فیداییەکـەیان بـوو. کۆزیمۆ دواتر بەوەی زانی کە کاتێك کێشەیەکی گشتی لـەئـارادا نـەبێت، کۆبوونـەوەکان بـێ مانان و، لەو کاتانەشدا بەتەنیا بوون لە رابەر بوون چاکترە. بەڵام تا پێش ئەو کاتـە رابـەری کۆبوونەوەکانی دەکرد و، وەك هەمیشە، بە تەنیا لە سەر دارەکان دەمایەوە و دارستانەکەی دەپاراست.

هەموو جارێك کە تووشی ئاکرێك دەبوو، زەنگۆڵەیەکی لێدەدا کە لە سەر بەرزایی دارێك داینابوو، دەنگەکەی تا ئەو دوورانە دەبیسترا. هەر بەم شێوە خـەڵکی ئـۆمبرۆزا سـێ چـوار سوتمانیان کووژاندەوەو، نەیانهێشت دارسـتانەکە گـڕ بگرێـت. سـووتمانەکان بـە ئەنقەسـت بوون، ئاشکرا بوو کە کاری ئۆگۆ زلە و لۆریۆ جوانێیە، بۆیە ئـەو دوو چـەتەیان لـە ناوچـەکە دەرکرد. لە کۆتایی مانگی ئووتدا غورەمە بارانێك دەستی پێکرد. مەترسـی تێپـەڕیبوو. لـەو دەمەدا هەموو کەس لە ئۆمبرۆزا براکەمیان ستایش دەکرد. ئێمـەش قـسە و ستایـشی لـەم جۆرەمان دەبیست: « بەڵام قسەی خۆمان بێت پیاوێکی کارامەیە ! زۆر کاری پێ دەکرێ!» بە شێوەیەك ئەمەیان دەگوت، کە خـەڵك لـە بـارەی کەسـێکەوە کـە لـە سـەر ئـایینێکیتر و لەخێڵێکی نەیارە قەزاوەت دەکەن. بەم شێوە دەیانویست نیشانی بـدەن کـە خـاوەنی بـیر کردنەوەیەکی ئازادن و، لەو بۆچوونانەش دەگەن کە رقیان لێیەتی.

هەڵوێستی ژەنراڵ بۆ ئەم قسە و ستایشانە، هەڵوێستێکی سوپایی بـوو. کاتێـك باسـی هاورێکانی کۆزیمۆ دەکرا کە پارێزەری دارستان بوون، دەیپرسی:

« چەکیان پێیە؟ بۆ کاری سوپایی رادێن؟ »

هێشتا هیچ نەببوو، گەڵاڵەی بۆ دامەزراندنی هێزێکی پێشمەرگە دەرشت کە لە کاتی شەڕدا چالاکی سوپایی بکەن. باوکمان گوێی لێدەگرت و سەری بۆ دەلەقاند و هیچی نەدەگوت. نەماندەزانی ئەو هەواڵانە کە لە بارەی کوڕەکەیەوە دەیبیست برینەکانی دەکولێننەوە، یان بەپێچەوانەوە خۆشحاڵی دەکەن و، لە دڵی خۆیدا دیسان بۆ ناودێری ناونیشانی بنەماڵەکەی هیوادار دەبێت. ئەم مەزننە زیاتر ڕێی تێدەچوو، چونکا چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوانە سوار ئەسپەکەی بوو، سەردانی کوڕەکەی کرد.

لە پارچە زەوییەکدا کە ریزی دارە غانەکان[٤١] حەساریان بۆ کردبوو، یەکتریان بینی. بارۆن دوو سێ جار ئەسپەکەی بە دەوری زەوییەکەدا سووڕاندەوە و، ئەگەرچی کوڕەکەی بینیبوو بەڵام سەیری نەکرد. کۆزیمۆ بازی بەسەر چەند لقدا هەڵدا و لێی نزیك بووەوە. کاتێك ڕووبەڕووی باوکی بووەوە کڵاوە حەسیرەکەی، کە هاوینان لە بری کڵاوی پێست لەسەری دەکرد،

هەڵگرت و گوتی:

« سەلام باوکی بەرێزم. »

« سەلام کوڕم. »

« شوکور چاکن؟ »

« بەم تەمەنە و، ئەم هەموو خەمەوە چاکی چی! »

« خۆشحاڵم کە تەندروست دەتانبینم. »

« منیش لە سەلامەتیت خۆشحاڵم. بیستوومە کاتی خۆت بۆ خزمەتکردن بە خەڵك تەرخان کردووە. »

« حەزم لەم دارستانەیە کە تیای دەژیم و هەوڵ دەدەم بیپارێزم، باوکی بەرێزم. »

« دەزانی بەشێك لەم دارستانە موڵکی ئێمەیە؟ میراتی دایە گەورەی خوالێخۆشبووتە.»

---

[٤١] – غان دارێکە لەتیرەی پیاڵەداران، کە گەڵاکانی درێژ و دابڕدابڕ و نووك تیژن. و/کوردی

« دەزانم بابەگیان. بە شوێنەکشی دەزانم. سێ شابەڕوو، بیست دارئالش، هەشت کاج و دار ئەفرایەك[٤٢]. کۆپی هەموو خەریتەکانی ئەم ناوچەیەم لە لایە. وەك یەکێك لەخاوەنـەکانی دارسـتان هـەوڵم داوە هـەموو ئـەو کەسـانە کـە سـوودی لێـوەردەگرن لـە ئەنجوومەنێکـدا کۆبکەمەوە. »

بارۆن کە پێدەچوو ئەو وەڵامەی بە دڵ بووبێت، گوتی: « وایە. »

پاشان گوتی: « بیستوومە نانەوا و ناڵبەند و باخەوانەکانیش لەو ئەنجوومەنەدان. »

« راستە، باوکی بەرێزم. نوێنەری هـەموو پێـشەکانی تیایـە. ئەڵبـەت بـەو مەرجـە کـە مرۆڤی دروستکار بن. »

«دەزانی کەمن دەتوانم وەك دوکێك فەرماندەی هەموو ئەشراف ئەم ناوچەیەبم؟»

« من تەنیا ئـەوە دەزانم کـە ئەگـەر شـتێك لـە خـەڵك زیـاتر بـزانم، دەبـێ لـە کاتێکـدا پێویسیان پێی بێت پێیان ببەخشم. بەبۆچوونی من فەرماندەیی ئەمەیە. »

بارۆن پێی خۆش بوو پێی بڵێت: « ئیمڕۆ داب وایـە کـە بـۆ فەرمانـدەیی کـردن لەسـەر دارەکان بژین؟ » بەڵام کای کۆن بـە بـا کـردن سـوودی نـەبوو. ئـاخێکی هەڵکێـشا و بـیری کردەوە، پاشان قایشی شمشێرەکەی کردەوە و گوتی:

« تۆ ئێستا هەژدە ساڵت تەمەنە. کاتی ئەوە هـاتووە وەك پیـاوێکی گـەورە لـە گـەڵتا بجوولێمەوە. من تەمەنێکی زۆرم نەماوە. دەزانی کە تۆ بارۆن رۆندویت؟ »

« ناونیشانی خۆم فەرامۆش نەکردووە، باوکی بەرێزم. »

« کارێك دەکەیت کە شایستەی ئەم ناوونیشانە بیت؟ »

« هەرچیم لە دەست بێت دەیکەم تا شایستەی ناو و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بم. »

« ئەم شمشێرە، شمشێرەکەی من، وەربگرە ! »

بارۆن لەسەر ئاوزەنگی ئەسپەکەی راوەستا. کۆزیمۆش لەسەر دارەکە نەویەوە و باوکی شمشێرەکەی بە قەدیدا کرد.

---

[٤٢] – دارێکی گەورەیە و گەڵاکانی پەنجەیین. و / کوردی

« سوپاس بۆ تۆ باوکی بەڕێزم. بەڵێنت دەدەمێ لە ڕێگەی ڕاستدا بەکاری بێنم. »

« ماڵاوا کوڕم. »

باڕۆن سەری ئەسپەکەی وەرسووڕاند و بە ئەهوەندی هەوسارەکەی کێشا و وردە وردە دوور کەوتەوە. کۆزیمۆ بۆ ساتێك بیری کردەوە ڕەنگە دەبوو لە کاتی ماڵاواییدا بـە ڕێـزەوە شمشێرەکەی دەرکێشایە، بەڵام بە خۆی گوت باوکی ئەو شمشێرەی بۆ شەڕ کردن پێـداوە نەك بۆ تەشریفات. بۆیە لە کالان دەرینەکێشا.

## ١٥

لەو قۆناغدا کۆزیمۆ لەمەڕ ئاکاری جەنابی پارێزەر، پەی بە شتێکی سـەیر بـرد. وادیـار بوو گێژی شوالییە کارگا لە بێدەربەستییەوە نییە، بەڵکوو لە وەسوەسەیەکەوەیە کە هەرگیز بەرۆکی بەرنادات. ئەو ماوەیەك بوو زمانی کەوتبووە گۆ و فرەوێژیشی دەکرد. بە پێچەوانەی جاران کە گرژ و گۆشەگیر بوو، هەرگیز نەدەچوو بۆشار، ئێستا دایمە لە بەندەر بوو، لەگـەڵ خەڵکدا هەڵس و کەوتی دەکرد. لە شوێنی بارخستنی بەندەر، لەگەڵ دەریاوان و بازرگانەکان دادەنیشت و لە هاتوچووی گەمییەکان و کاروباری چەتە دەرياييەکان دەدوا.

چـەتە دەرياييـە بەربـەرەکان تـا ئێـستاش لـە رۆخـەکانی ئێمـە نزیـك دەبوونـەوە و بازرگانەکانیان تالآن دەکرد. ئەوان کۆلکە چەتە بـوون. ئـەو سـەردەمە بەسـەر چـووبوو کـە ئەگەر لە دەریا تووشی چەتە ببوویتایە لووت و گوێـچکەیان دەبڕیـت، یـان بـە کۆیلـەتی بـۆ ئەلجەزایریان دەبردی. ئەوان ئێستا تەنیا باری گەمییەکانی ئۆمبرۆزایان دەبـرد کـە بەرمیلـە ماسی خوێکراو یان پەنیری هۆلەندی یان لۆکە بوو. زۆرجـاریش گەمییـەکانی ئێمـە پێـشیان دەکەوتنەوە و دوو سێ گوللەیان بە گەمیەکانیانەوە دەنا و هەڵدەهاتن. بەربـەرەکانیش لـە

وەڵامـدا تفیـان بـۆ ڕۆدەکـردن، جنێویـان پێـدەدان و بـە بێئەدەبییـەوە سـەر و دەسـتیان ڕادەوەشـاند. بـە کـورتی، دزییـەکی سـاف و سـادە بـوو. سـەرکردەکانیان لـە پاسـاوی کردەکەیاندا دەیانگوت، بازرگان و خاوەن گەمییـەکان قـەرزاریانن، لـە مامڵـەکانی پێـشوودا کڵاویان سەرکردوون. دەیانگوت مەبەستیشیان لەو دزییانە ئەوەیە کە وردە وردە قەرەبووی قەرزەکانیان بکەنەوە. ئەوان هەر لەو کاتەشدا مامڵەی ئاساییان لە گەڵ ئێمـە دەکـرد و، بـۆ ئەمەش بەردەوام عەقدیان دەبەست و پەیمانیان دەشکاند. پچڕاندنی ئەو پەیوەندییە پڕ لـە هەوراز و نـشێوە بـە قـازانجی هـیچ لایـەك نـەبوو. ئەگەرچـی گەمیـەوانیی وەك کـارێکی پـڕ مەترسی لێهاتبوو، بەڵام هیچکام لەو پێکهەڵپڕژانە کارەساتی لێنەدەکەوتەوە.

چیرۆکێك کە دەمەوێت بینووسم، بە چەند شێوەی جۆراوجـۆر لـە کۆزیمـۆم بیـستووە. ئەو ڕەوایەتەیان دەنووسمەوە کە پڕ ڕووداوتر و لـە هـەمان کاتیـشدا مـەنتقیترە. بێگومـان براکەم لە کاتی گێڕانەوەی بەسەر هاتەکە پەڕوباڵی لـێ زیـاد کـردووە و پێیـەوەناوە، بـەڵام لەبەر ئەوەی کە سەرچـاوەیەکی تـرم لەبـەر دەسـتدا نییـە، هـەوڵ دەدەم چـیم بیـستووە، بەهەمان شێوە بیگێڕمەوە.

بە هەرحاڵ، ئەو دەمانە کە کۆزیمۆ بۆ پاراستنی دارستان لە سووتمان، جاروبار لە خەو بە ئاگا دەبووەوە، شەوێك چاوی بە ڕۆشناییەکی بچووك کەوت کـە بـە دۆڵەکـەدا دادەگـەڕا. ڕۆشناییەکە لە فانۆسی ئێنئاس سیلڤیوس کارگاوە بوو کە بە گـورجی تێدەپـەڕی. جـەنابی پارێزەر کە ئێواران وەك مریشك و کەڵەشێر دەخزایە کولانەکەی و خەوی لێ دەکـەوت، بـەو شەوە درەنگە لە چی دەگەڕا؟ کۆزیمۆ بێچرپە شوێنی کەوتبوو. هەرچـەند دەیزانـی مامـەی کاتێك ئاوا گورج تێدەپەڕێت هـیچ نابیـستێ و، لـە نـووکی پێـی خـۆی زیـاتر هـیچ شـتێکیتر نابینێت.

شوالییە بە کوێرە ڕێی ناو دارەکاندا پێشاوبڕی دایەوە و، کە گەیشتە ڕۆخە پڕ لە وردە بەردەکە ڕاوەستا، ئەوسا فانۆسەکەی ڕاوەشاند. مانگ بەدەرەوە نەبوو. جگە لە کەفی سپی شەپۆلەکانی نزیك ڕۆخ هیچ شتێك بەسەر دەریاوە نەدەبیندرا. کۆزیمۆ لەسەر کاجێکی دوور

له دەریا راوەستابوو. بەولاوەتر بێشەڵانێکی تەنك بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی بەسەر دارەکانییەوە لقاولق بکات. بەوحاڵەش پیرەمێردە بچووکەکەی دەبینی کە مێزەری بەسەرەوە بوو، له قەراغ دەریاکە وەستابوو، فانۆسەکەی بەرز کردبۆوە و رایدەوەشاند. لە پڕ له ناو تاریکییەکەدا فانۆسێکی تر وەڵامی دایەوە. ئەو فانۆسەش لەو نزیکانە بوو، وادیار بوو هەر لەو کاتەدا هەڵیان کردبوو. بەلەمێکی بچووکی سەوڵێش بەپەله هات. چارۆکەیەکی چوار سووچی رەنگ تێری بوو، کە له ناوچەکەی ئێمەدا باو نییە. بەلەمەکە راوەستا.

له رۆشنایی لەرزۆکی فانۆسەکاندا، کۆزیمۆ چاوی بە چەند پیاو کەوت کە هەموویان مێزەریان بەسەرەوە بوو. هەندێکیان لە ناو بەلەمەکە مابوونەوە و هەوڵیان دەدا بە سەوڵەکان له نزیك رۆخەکە رایبگرن. هەندێکی تریشیان دابەزین. ئەوان پانتۆڵی سووری هەراویان له پێدا بوو، شمشێری چەماوەی درەوشاوەیان بە قەدەوە بوو. کۆزیمۆ چاوی تیژ و گوێی قولاغ کرد. مامەی و بەرپەرەکان بە زمانێك دەدوان کە ئەگەرچی تێیان نەدەگەیشت، بەڵام زایەڵەیەکی ئاشنای بوو. بێگومان هەر ئەو زمانە بوو کە پێیان دەگوت **زمانی سابیر**[٤٣]. کۆزیمۆ جاروبار وشەیەکی ئیتالی دەبیست کە ئێنئاس سیلڤیوس پێی لەسەر دادەگرت و، له گەڵ وشەیەکیتر لێکی دەدا. ئەو وشە ئاشنایانە ناوی گەمییەی گەورە و بچووك بوون، گەمییەی تاجرە ئۆمبرۆزاییەکان کە له مابەینی بەندەری ئێمە و دراوسێکەمان لە هات و چوودا بوون. تێگەیشتن لەوەی کە شوالییە باسی چی دەکرد کارێکی سەخت و دژوار نەبوو. ئەو چەتەکانی له کات و رێگەی رۆشتن و گەڕانەوەی گەمییەکانی ئۆمبرۆزا و چەك و بارەکانیان ئاگادار دەکردەوە. پیرەمێرد هەرچی دەزانی پێیگوتن و ئەوسا گەڕایەوە و بە پەله دوور کەوتەوە. چەتەکانیش سوار بەلەمەکەیان بوونەوە و لە تاریکی دەریاکەدا ون بوون. بە کورتی وتووێژەکەیاندا دیار بوو کە ئەوە پیشەی هەمیشەیانە. هەر خودا دەزانێت مامەمان له کەیەوە لەگەڵ ئەو چەتە دەرياییانە هاوکار بووە!

---

٤٣. شێوەزارێك دروستکراو کە تێکەڵەیەك له زمانی عەرەبی و فەڕانسە و ئیسپانی و ئیتالی بوو. لەرابوردوودا، بە تایبەت لە بەندەرەکانی لێواری رۆژهەڵات و باشووری مەدیتەرانە پێی دەئاخاوتن. و/ فارسی

کۆزیمۆ بەسەر کاجەکەوە وشك بووبوو، نەیدەتوانی لەو ڕۆخە چۆڵە دوور بکەوێتـەوە. بـای دەهـات. دەریـا بـەردەکانی دەلـستەوە و دەیجـوون. بەنـد بـە بەنـدی لقـی دارەکـان دەیانناڵاند. براکەم کەوتبووە دانەلەرە و ئەوەش بـە هـۆی سـەرماوە نـەبوو، بـە هـۆی ئـەو تێگەیشتنە بەئازارەوە بوو کە لە پڕێکدا پەی پـێ بردبوو.

ئەو پیرەمێردە شەرمن و سیحراوییە کە ئێمە لە منداڵییەوە متمانەمان پێی نەبوو، بەڵام کۆزیمۆ وردە وردە بەر دڵی کەوتبوو بەزەیی پێدا دەهات، لەپـڕ ببـوو بـە پیـاوێکی خـائین. پیاوێك بۆ لێخۆش بوون نەدەبوو. ئەو پیاوە ناچیزە و بێئەمەگە دژ بە وڵاتێك کـاری دەکـرد کە لە دوای تەمەنێك دەربەدەری و خراپکاری باوەشی بۆ گرتبووەوە. بۆ وای دەکـرد؟ ئایـا تاسە و حەسرەتی ئەو شوێنە و ئەو خەڵکانە کە لە ژیانیدا بۆ یەکەمجار لە ناو ئەوان هەستی بە خۆشی کردبوو، وای لێدەکرد مل بەو ناپیاوییە بدات؟ ئایا رقێکی نەدرکاوی لەو وڵاتە بوو، کە هەموو پارووەنانێکی بۆ ئەو پڕ لە سووکایەتی بوو؟ براکەم نەیدەزانی دەبێ چـی بکـات. دەیویست زۆر زوو ئەو جاسووسە ئاشکرا بکات و بار و گەمیەی تاجرەخۆڵاتییەکان لە تاڵان کردن رزگار بکات. بەڵام دەترسا بەو کارە، باوکمان، کە بە شێوەیەکی سەیر ئـەو زرپرایـەی خۆش دەویست، تووشی خەم و مەینەتی بکات. پێشبینی دەکرد چی رووی دەدا. دەیهێنایە بەر چاوی کە شوالییە بەدەستی بەستراوەوە، لەگەڵ پاسەوانەکان، بە ناو کۆمەڵە خەڵکێکی ئۆمبرۆزادا تێدەپەڕێ و هەموویان جنێوی پـێ دەدەن. پاشـان بـەرەو مەیدانەکـە دەیبـەن، پەتێك دەنێنـە گـەردنی و لـە سـێدارەی دەدەن. لـەو کاتـەوە کـە شـەو لـە لای تەرمەکـەی جوڤانییە خەلەنگ مابووەوە، وەعدی بە خـۆی دابـوو هـەرگیز سـەیری لـە داردرانـی کـەس نەکات و، ئێستا دەیدی کە خۆشی دەتوانێت خزمێکی نزیکی خۆیان بە کوشت بدات!

ئەو بیرە بە درێژایی ئەو شەوە و تەنانەت بەیانیش ئازاری دا. هەمیشە وابوو، لـە کـاتی نیگەرانی و سەرلێشێواوی لەلقێکەوە بۆ لقێکی تر بازی دەدا، هەڵبەز و دابەزی دەکـرد و بـە دارەکاندا دەخزایە خوار. ئاخرییەکەی ئەو ڕێگە چـارەی دۆزییـەوە کـە مامـەی و چـەتەکان بترسێنێت. بەشێوەیەك بیانترسێنێت کە خۆیان پەیوەندییـەکانیان بقـرتێنن و پێویـست بـە

دەخالەتی پاسەوانەکان نەکات. بڕیاریدا شەوێك بـە سـێ چـوار تفـەنگی پـڕەوە لـەسـەر دار کاجێك خۆی وەشارێت. ( ئەو وردە وردە ببووە خاوەنی چەند چەك کە بۆ راوی جۆراوجـۆر بەکاری دەهێنان ) دەیویست لە کاتی دیداری شوالییە و چەتەکان، یەکە یەکەی تفەنگـەکان بەسەر سەریاندا بتەقێنێت. بەم شێوە مامەی و چەتەکان هەر یەکە بەلایەکدا هەڵـدەهاتن و شوالییە، کە پیاوێکی ترسنۆك بوو، ئیتر وازی لە بینینی چـەتە دەریاییـەکان دەهێنـا. ئـیتر دەیزانی جێ ژووانەکەیان لە ژێر چاوەدێریدایە و دەترسا بناسرێت.

کۆزیمۆ دوو شەو بە چەکەوە لەسـەر دارەکـە چـاوەڕوان بـوو ، بـەڵام نـەهاتن. شـەوی سێهەم پیرەمێرد بە لۆقە لۆق هات و خۆی گەیانـدە رۆخـە پـڕ لـە وردە بـەردەکان. دیـسان فانۆسەکەی راوەشاند و، دیسان بەلەمەکە بە سەرنشینە مێزەر بەسەرەکانییەوە لە وشکایی نزیك بووەوە.

کۆزیمۆ قامکی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی دانا بەڵام نەیتەقاند. چونکا رووداوەکانی ئەو شەوە حاڵەتێکی تریان بـوو. دوو کـەس لـە چـەتەکان پـاش وتوویـژێکی کـورت لەگـەڵ مامەیدا روویان لە بەلەمەکە کرد و دەستیان راوەشاند. ئەوانی تریش دەستیان بـە داگرتنی بەرمیل و سندووق و توورەکە و تەختەی پڕ لە قاڵبە پەنیری ناو بەلەمەکە کرد. ریزی باربەرە مێـزەر بـە سـەرەکان سـەر رێ کـەوتبوون و، زڕمامەکـەی ئێمـەش بـە لۆقـە لـۆق بـەرەو ئەشکەوتێك لە ناو گابەردەکانی ئەو رۆخە بوو، پێشیان کەوتبوو. ئـەوان هـەموو بارەکـەیان لەوێ شاردەوە، کە بێگومان دەسکەوتی تازەترین تاڵانیان بوو.

دواتر دەرکەوت کە بۆچـی کـاری وایـان دەکـرد: کاتێـك گەمییـەکانیان بـۆ کـار و بـاری تــەجارەت و کــڕین و فرۆشــتنی ئاســایی لــە بەنــدەرێکی ئێمــە لەنگــەریان دەخــست، فەرمانبەرەکانی گومرك دەیانپشکنین. لەبەر ئـەوە بـوو کـە دەبـوو بـارە تاڵانییـەکانیان لـە شوێنێك بشارنەوە و لە کاتی گەڕانەوەدا دیسان هەڵیان بگرنەوە. بەم شێوە وایـان دەنوانـد کە دەستیان لەو تاڵانە تازانـەدا نـەبووە و کـڕین و فرۆشـتنی ئاسـایی لـە مابـەینی هـەر دوو وڵاتەکەدا پەرەی دەسەند.

دواتـر وردەکارییـەکانی ئـەم رووداوە ئاشـکرا بـوو. ئـەو شـەوە کۆزیمـۆ نەیویـست بـە بیرکردنەوە لەم شتانە دەرفەتەکە بە فیڕۆ بدات! چەتەکان *خەزێنەکەیان* لـە ئەشـکەوتێکدا شـاردەوە و سـوار گەمییـەکانیان بوونـەوە و رۆشـتن. دەبـوو زۆر زوو ئـەو خەزێنـە لـەوێ هەڵبگیرایە. کۆزیمۆ بو ساتێك بە بیریدا هات کـە بـچێت بـۆ لای تـاجرە ئۆمبرۆزاییـەکان کـە خاوەنی یاسایی بارەکان بوون و لەخەو بەئاگایان بکاتەوە. بەڵام هاوڕێ خەڵووزکارەکانی بیر کەوتەوە کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە دارستان، برسی بوون. ئیتر ماتڵ نەبوو، بە غار بەسـەر دارەکانەوە خۆی گەیاندە کەپری خەڵووزکارەکان.

« زووکەن! هەمووتان وەرن! عەنباری چەتە دەریاییەکانم دۆزیوەتەوە ! »

کۆکە کۆك و یەق و پۆق لە ناو خێوەت و کەپرەکانـدا بیـسترا. چـەند هاوارێـك دەنگـی دایەوە و پاشان زەنازەنا و قرم و قاڵ بەرز بووەوە. چەند کەس پرسیان:

« چی تیایە؟ زێڕ؟ زیو؟ »

کۆزیمۆ گوتی: « چاك نەمدی. بەڵام بە بۆنەکەیدا لەوە دەچێ ماسی و پەنیرێکی زۆری تیا بێت. »

بـە بیـستنی ئـەم قـسانە هـەموو پیـاوانی دارسـتان راپـەڕین. ئەوانـەی تفـەنگیان بـوو هەڵیانگرت و، ئەوانی تریش تەور و شەن و تەشوێکانیان بە دەستەوە گرت. لەوە گـرینگتر، هەر یەکە زەرفێکیان بەدەستەوە بوو تا شتومەکی ناو ئەشکەوتەکەی تێبکـەن. هەنـدێکیان تەنانـەت سـەوەتەی شـکاو و تەلیـسی خەڵووزەکانیـشیان هێنـا. دەسـتەیەی گـەورە سـەر رێکەوتن. تەنانەت ژنەکانیش سەوەتەیان نایـە سـەر سـەریان و منداڵـەکانیش بـە تـەلیس و مەشغەڵەوە سەر رێ کەوتن. کۆزیمۆ لە سەوڵێکەوە بۆ زەیتوونێـك و لەوێـشەوە بـۆ کاجێـك بازی دەدا و پێشیان کەوتبوو.

گەیـشتبوونە لای گابـەردی قـەراغ ئەشـکەوتەکە، کـە لـەپڕ چـاویان بـە تـاپۆی سـپی چەتەیەك کەوت کە لەسەر لقی خوار و خێـچی زەیتوونێـك دانیـشتبوو. چـەتەکە بـە بینـینی ئەوان شیری راکێشا و بە هەراو هاوار هاوڕێکانی ئاگادار کرد. کۆزیمۆ بە چەند قەڵەمباز خۆی

پێ گەیاند و بە تەکانێك شمشێرەکەی وەها لە پشتی ڕۆ کرد کە بەسەر دارەکەوە، بۆ سەر بەردەکان، کەوتەخوار.

سەرکردەی چەتەکان لە ئەشکەوتەکەدا کۆ ببوونەوە. ( لە کاتی هاتوچووی باریەرەکان کۆزیمۆ نەیزانیبوو ئەوان لە ئەشکەوتەکەدا ماونەتەوە. ) بە بیستنی هەرا و هاواری قەرەوڵی بەر دەرکی ئەشکەوت، هەموو چەتەکان هاتنەدەر و، لەگەڵ ئەو هەموو ژن و پیاوە توورەکە بە سەر و بێڵ بە دەستە ڕووبەڕوو بوونەوە. کە بینیان هەموویان ڕوومەتیان ڕەش و خەڵووزاوییە بە هاوار هاوار لێیان چوونە پێش تا دەروویەك بۆ دەرباز بوون بکەنەوە.

ژمارەی خەڵووزکارەکان زۆرتر بوو، بەڵام چەتەکان چەکی باشتریان پێ بوو. ڕەنگە وەهاش نەبووبێت، چونکا هەموو کەس دەزانێت کە لە حاست شمشێر هیچ چەکێك لە بێل باشتر نییە. بە هەر زەربەتی بێڵێك شمشێرە مەراکیشییەکان خوار و کول دەبوون و لە کار دەکەوتن. تفەنگی خەڵووز کارەکان بێجگە لە دووکەڵ و تەقوتۆق هیچیتریان پێنەدەکرا. هەندێك لە چەتەکان ( کە گوایە ئەفسەر بوون ) تفەنگی جوانی بە قیمەتییان پێ بوو، بەڵام لە هەوای ناو ئەشکەوتەکە نمیان کێشابوو، نەدەتەقین. زیرەکترین خەڵووزکارەکان هەوڵیان دەدا بێڵەکانیان بەسەری ئەو ئەفسەرانەدا بکێشن و بیانکوژن و تفەنگەکانیان هەڵبگرن. بەڵام مێزەرەکانی سەریان زەربەتی بێڵەکانی دەگێڕایەوە. کاریتر لە هەمووی، ئەو زەربەتانە بوون کە بە نووکە پێ لە سکی بەرپەرەکانیان دەسرەواند، چونکا سکیان ڕووت بوو. تاکە چەکێك کە بە زۆری دەست دەکەوت خڕکە بەرد بوو، خەڵووزکارەکان دەستیان کرد بە بەردە فڕکە. چەتەکانیش دەستیان بۆ بەرد برد. بەم شێوە شەڕ حاڵەتێکی ڕێك و پێکی وەرگرت. لەبەر ئەوەی کە ماسییە خوێکراوەکان خەڵووزکارەکانی بەرەو ئەشکەوتەکە ڕادەکێشا و، هەموو هەوڵی بەرپەرەکانیش ئەوە بوو لە ئەشکەوتەکەوە بەرەو بەلەمی ناو دەریاکە هەڵێن، هاندەرێکی بە هێز بۆ شەڕ کردن نەبوو.

خەڵووزکارەکان بە هێرشێك ڕێگەی ئەشکەوتەکەیان کردەوە. چەتەکان هـەروا لـە ژێـر بارانی خڕکە بەرد خۆراگرییان دەکرد کە لە ناکاو بینیان ڕێگەی دەریا کراوەتەوە. ئیتر شەڕ سوودی چی بوو؟ چاکتر وابوو سواری بەلەمەکەیان بن و بڕۆن.

سێ کەس لە سەرکردەی چەتەکان خۆیان گەیاندە بەلەمەکە و چارۆکەکەیان کردەوە. کۆزیمۆ بەسەر لقی دار کاجێکی گوێ دەریـاوە، بـە قەلـەمباز خـۆی فڕێدایـە سـەر دەکـەڵی بەلەمەکە. ئەو سێ کەسە بەشمشێر بەرەو پیری چوون. براکەم شمـشێرەکەی بـە ڕاسـت و چەپدا هەڵدەسووڕاند و ئـەوانی لـە خـۆی دوور دەخـستەوە. هێـشتا نیـوەی بەلەمەکـە لـە وشکیدا بوو، جارێك بەرەو دەریا و جارێك بەرەو ڕۆخەکە لار دەبـووەوە. لـە پـڕ تیغـی سـێ چـەتەکە و ئـەو شمـشێرە کـە بـاوکم بـە کۆزیمـۆی دابـوو لەبـەر تریفـەی مانگـە شـەودا درەوشـانەوە. کۆزیمـۆ بـە دەکـەڵی بەلەمەکـەدا داخـزا و شمـشێرەکەی لـەسـنگی یـەکێك لـەچـەتەکان ڕۆ کـرد و لـە بەلەمەکـە خـستییە خـوار. ئـەو وەك مـارمێلکێکی چـابوك بـە دەکەڵەکەدا هەڵدەگەڕا و دادەگەڕا و لە بەرامبەر هێرشی چەتەکان بەرگری لە خۆی دەکرد، تا ئەوەی کە دووهەم چەتەشی کوشت و، لە پـاش شـەڕێکی کـورت لەگـەڵ سێهەمیـشیان، سنگی ئەویشی هەڵدڕی.

لەشی بێ گیانی هەر سێ چەتەکان لە سەر لێواری بەلەمەکە کەوتبوو، نیوەی لەشـیان بەسەر ئاوەکەوە بوو، ڕیشیان تێکەڵ بە قەوزەی دەریاکە ببوو. ئەو چەتانەش کە بە بێـڵ و خڕکە بەرد کوژرابـوون، لـە قـەراغ ئەشـکەوتەکە کـەوتبوون. کۆزیمـۆ لـە کاتێکدا پـاڵی بـە دەکەڵەکەوەدابوو، بە سەرکەوتووییەوە سەیری دەور و بەری خۆی کـرد، لـە پـڕ چـاوی بـە جەنابی شوالییەی پارێزەر کەوت. ئەو وەك پشیلەیەك کە کلکیـان ئـاگر دابێـت بـە پەلـە لـە ئەشکەوتەکە دەرباز بوو، لە کاتێکدا سەری دانەواندبوو بە غار بـەرەو بەلەمەکـەچـوو، پـاڵی پێوە نا و بۆ ناو ئاوەکەی خزاند. ئەوسا سوار بوو، دوو سەوڵی بەدەستەوە گرت و بە هەموو هێزی خۆی لە ڕۆخەکە دووری خستەوە.

کۆزیمۆ کە لەسەر باسکی دەکەڵەکە بوو، هاواری کرد: « ئەوە چـی دەکـەی شـوالییە؟ ئەوە شێت بووی؟ بگەڕێوە بۆ وشکایی. بۆ کوێ دەچی؟ »

ئەرێ، دیار بوو کـە ئێنئـاس سـیلڤیوس کارگـا دەیویـست خـۆی بگەیەنێتـە گەمییـەی چەتەکان و گیانی خۆی دەرباز بکات. ئەو ئێستا ئیتر دەستی روو ببوو، ئەگەر لـە وشـکایی بمایەوە لە دار دەدرا. بۆیە سەوڵەکانی لە ئاوەکە وەردەدا و کۆزیمۆ بە شمـشێری رووتـەوە نەیدەزانی چی لەو پیرەمێردە بێ هێـز و بـێ چـەکە بکـات. ئـەو مامـەی بـوو، نەیدەویـست بیکوژێت. بێجگە لەوەش بۆ ئەوەی دەستی بیگاتێ دەبوو لـە دەکەڵەکـە بێتـەخوار. ئێـستا کێشەکەی ئەوەبوو، کە ئایا ئەگـەر پێـی بخاتـە سـەر بەلەمەکـە بـەو مانایـە نییـە کـە پێـی خستبێتەسەر عەرز؟ تەنانەت ئایا بە بازدانی بۆ سەر دەکەڵی بەلەمەکە کە دارێکی بێ ڕەگ و ریشە بوو، یاسای بنەڕەتی ژیانی خۆی پێشێل نەکردووە؟ ئەم کێشە لەوە ئـاڵۆزتر بـوو کـە لەو کاتەدا چاری بکات. بۆیە لەسەر باسـکی دەکەڵەکـە دانیـشتبوو، نەیـدەزانی دەبـێ چـی بکـات. لەگـەڵ جووڵـەی بەلەمەکـەدا دەجووڵـا، سـروەیەك خـۆی بـە چـارۆکەکەدا دەدا و، پیرەمێرد بەردەوام سەوڵی دەکوتا.

لـەپڕ دەنگــی وەڕەی ســەگێك هــات و کۆزیمـۆ لــە خۆشـیان راچـەنی. ئۆپتیمـوس ماکسیموس کە لە گەرمەی شەڕەکەدا ون ببوو، لەناو بەلەمەکە راکشابوو، بـە بێخەیاڵییـەوە کلکی دەلەقاند. کۆزیمۆ بیری کردەوە، پێویست ناکات زۆر نیگەران بێت. هەرچی بێ لەگەڵ بنەماڵەکەیەتی. لەگەڵ مام و سەگە میهرەبانەکەی لە بەلەمەکەدا دانیشتووە و بەناو دەریادا دەگەڕێت. لە پاش ئەو هەمووساڵە دارنشینییە، ئەمە گۆڕانێك بوو.

دەریا لەبەر تریفەی مانگە شەودا دەدرەوشایەوە. پیرەمێرد کەمە کەمە ماندوو دەبوو، هێزی سەولْ لێدانی نەدەما. بەدەم گریانەوە پەیتاپەیتا دەیگوت:

« ئاخ زەئیر... ئاخ خودایە، خودایە، زەئیر...ئاخ! زەئیر... »

ئەو بە دەم گریـان و فرمێسك رشـتنەوە، بـە تـورکیش قـسەی دەکـرد و، لـە میانـەی قسەکانیدا ناوی ژنێك دەبیسترا. ناوێك کە کۆزیمۆ تا ئەو کاتە نەیبیستبوو.

پرسی: « ئەوەچی دەڵێی شوالییە؟ چیتە؟ ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟ »

پیرەمێرد بەردەوام دەیگوت: « زەئیر... ئاخ زەئیر... ئاخ... »

« ئەم زەئیرە کێیە شوالییە؟ پێتوایە ئەگەر ئاوا بڕۆی دەتوانی بیگەیتێ؟ »

ئێنئاس سیلڤیوس کارگا بە نیشانەی ئەرێ سەری دەلەقاند، فرمێسکی دەڕشت، بە تورکی قسەی دەکرد، رووی لە مانگ دەکرد و هاواری زەئیری دەکرد.

کۆزیمۆ بە بیستنی ئەو قسانە کەوتە گریمانە کردن: رەنگە رازی ئەو پیرەمێردە گۆشەگیر و پڕ راز و رەمزە خەریکە ئاشکرا دەبێت. شوالییە دەیویست خۆی بگەیەنێتە گەمییەی چەتەکان بۆ ئەوەی زەئیر بدۆزێتەوە. کەواتە رەنگە ئەو ژنە خەڵکی وڵاتی عوسمانی بووبێت. رەنگە ئەوەی هەمیشە ئێنئاسی ئازار دەدا حەسرەتی عەشقێکی لە کیس چوو بووبێت. رەنگە بەهەنگداری و ئاوداشتن ویستبێتی یادی ئەو قۆناغە خۆش و لە کیس چووەی ژیانی بژیەنێتەوە. رەنگە ئەو ژنە دڵدار یان هاوسەری بووبێت کە لە باخە خۆشەکانی ئەوپەڕی دەریا لەگەڵی ژیابێت. یان رەنگە کچۆڵەیەك بووبێت، کچۆڵەیەك کە لە تاڤی منداڵییەوە نەیتوانیبێ ببینێت. لەبەر ئەو بوو کە ساڵەهای ساڵ هەوڵی دابوو لەگەڵ گەمییەی تورك و بەربەرەکاندا پەیوەندی بگرێ و، گوایە ئاخریەکەی توانیبووی سۆراغی بکات. رەنگە بیستبێتی کە کچۆڵەکەیان بە کویلەیی بردووە و، ئەویش بۆ کڕینەوەی هاوکاری چەتەکانی کردبێت. یان رەنگە دەبوو شتێك بە چەتەکان بدات تا لەگەڵ خۆیان بۆ وڵاتی زەئیری ببەن.

ئێستا کە دەستی روو کەوتبوو، دەبوو لە ئۆمبرۆزا هەڵێت. چەتەکان ناچار بوون سوار گەمییەکەی بکەن و بەرەو زەئیری بەرن. وتە پچڕ پچڕەکانی جاروبار لەحنێکی پاڕانەوە و هیوادارانەیان دەگرت و جاروباریش دەترسا. نەکا ئەمجارەش نەتوانێت؟ نەکا دیسان گرفتێك بێتە سەر رێگەی و نەتوانێت بە دڵدارەکەی شاد ببێت؟

ئیتر توانای سەوڵ لێدانی نەمابوو. لەو کاتەدا سێبەرێك نزیك بـووەوە. بەلـەمێکیتر بـوو کە دەهات. بێگومان قووله قوولی ئەو شەڕە گەیشتبووە گەمییەکە و چەند کەسیان ناردبوو تا بە هەواڵەکان بزانن.

کۆزیمۆ تا نیوەی دەکەڵەکە داگەڕا و لە پشت چارۆکەکەوە خۆی شاردەوە. پیرەمێـرد بەزمانی سابیر هاواری کرد کە دەیەوێت سوار گەمییەکە بێت. دەستی هـەڵبڕی. دوو پیـاوی مێزەر بەسەر خۆیان پیّ گەیاند، وەك پەڕەپووشـێك بـەرزیان کـردەوە و سـوار بەلەمەکـەی خۆیانیان کرد. بەهۆی جووڵەی ئەوانەوە بەلەمەکەی کۆزیمۆ کشایەوە، با لە چارۆکەکەی درا و، براکەم کە مەرگی بە چاوی خۆی دەبینی، بەر چاوی ئەوان نەکەوت.

با بەلەمەکەی کۆزیمۆی دوور دەخستەوە، بـەو حاڵـەش قـرم و قـاڵی نـاو گەمییەکـەی دەبیست. یەکێك لەو وشانە کە لە ناو قسەی چـەتەکاندا بـەر گـویّ دەکـەوت لـە وشـەی « ناپیاو » دەچوو، پیرەمێرد لە وەڵامی ئەو قسەدا بەردەوام دەیگوت: « ئاخ زەئیر ». بەو قرم و قاڵەدا دیار بوو پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لیّ نەکراوە. بێگومـان چـەتە دەریاییـەکان بـۆ ئاشکرا بوونی حەشارگە و تاڵانی شتومەکە دزیەتییەکەیان و کوژرانی هاوڕێکانیان ئەویان بە بەرپرس دەزانی و تاوانی خەیانەتیان دەدایە پاڵ. هاوارێك و پاشان شڵپەی کەوتنی شتێك بۆ ناو ئاوەکە بیسترا. ئەوسا بێدەنگی زاڵ بوو. کۆزیمۆ پێیوابوو دەنگی بـاوکی دەبیـستیّ کـە بەشـوێن زڕبراکەیـدا بـەملاولادا هەڵـدیّ و هـاوار دەکـات: « ئێنئـاس سـیلڤیوس! ئێنئـاس سیلڤیوس! » روخساری خۆی لە چارۆکەی بەلەمەکەدا شاردەوە. بۆئەوەی بزانیّ بەلەمەکە بەرەو کویّ دەچێت، بە دەکەڵەکەدا هەڵگەڕا. شتێك بەسەر ئاوەکە بوو، شـەپۆلەکان پـێش خۆیان دابوو. شتێکی وەك نیشانە و دلیلی ناو ئاو، بەڵام کلکدار. تریفـەی مانگەشـەو شـتە کلکدارەکەی رۆشن کرد، نیشانە و دەلیلی ناو ئاو نەبوو، سەری مرۆڤێك بـوو کـە مێزەرێکـی گوڵێنگەداری بەسەرەوە بوو. کۆزیمۆ شوالییەی ناسییەوە. سـەری خـوار و نیگـای تۆقـاو و دەمی کرابووەوە. بێجگە لە سەر و ریشی، باقی لەشی لەناو ئاوەکەدا بوو نەدەبیندرا.

کۆزیمۆ هاواری کرد: « شـوالییە ! شـوالییە ! ئـەوە چـی دەکـەی ؟ بـۆ نایەیتـە سـەر؟ دەست بە لێواری بەلەمەکە بگرە، منیش یارمەتیت دەدەم وەرە سەر! شوالییە ! »

بەڵام مامەی هەروا بەسەر ئاوەکـەوە وەڵـامی نەدەدایـەوە. بـە چـاوە تۆقاوەکـانی لـە حەواوەی دەڕوانی و وادیار بوو هیچی نەدەبینی.

کۆزیمۆ هاواری کرد: « زووکە، ئۆپتیموس ماکسیموس ! بڕۆرە ناو ئاوەکە، ملی شوالییە بگرە و رزگاری بکە ! »

سەگ پەڕیە ناو ئاوەکەوە. هەوڵیدا ملی پیرەمێردەکە بگرێـت بـەڵام نـەیتوانی، ریـشی گرت.

کۆزیمۆ دیسان هاواری کردەوە: « گوتم ملی بگرە، ئۆپتیموس ماکسیموس! »

سەگەکە سەری شوالییەی بەرز کردەوە و لەسەر لێواری بەلەمەکە داینا. ئەو کاتە بـوو کە کۆزیمۆ زانی ملی نەماوە. لە لەشی ئێنئاس سـیلڤیوس کارگـا بێجگـە لـە سـەر، هیـچیتر نەمابوو. سەرێك کە بە زەربەتی شمشێر لە لەشی جیا بووبووەوە.

## ١٦

سەرەتا کۆزیمۆ چیرۆکی چۆنییەتی مەرگی شوالییەی بە شێوەیەکیتر دەگێڕایەوە. بەتایبەت ئەو کاتەی کە با بەلەمەکەی بەرەو کەنار هێنا و ئەو لەسەر دەکەڵەکەوە بە گوریسێك خۆی گەیاندە دارێکی ئەو نزیکانە و، ئۆپتیموس ماکسیموسیش لە کاتێکدا سەرە بڕاوەکەی بە دەمەوە بوو، شوێنی کەوتبوو.

براکەم دەستەیەك لە خەڵکی ئۆمبرۆزای لە خۆی کۆ کردەوە و ئەم چیرۆکە سادەی بۆ گێڕانەوە: چەتە دەریاییەکان شوالییەیان دزیبوو، کوشتبوویان. ئەو بێگومان لە بیری باوکماندا بوو کە بە بیستنی هەواڵی مەرگی پیرەمێرد و بینینی سەرەبڕاوەکەی چی بەسەر دەهات. هێشتا دڵی نەدەهات باسی خراپەکاری شوالییە بکات و پەرە بە خەمی باوکمان بدات. تەنانەت لەوە دواش، کاتێك هەواڵی پەرێشانی باوکمانی بیست، هەوڵیدا ئەفسانەیەکی پڕ لە شانازی بۆ زڕبراکەی هەڵبەستێت. ئەو گێڕایەوە کە گوایە ئێنئاس سیلڤیوس خەباتێکی ئازایانە و شاراوەی بۆ سەرکوتکردنی چەتە دەریاییەکان دەست پێکردبوو، ئەوان پێیان

زانیبوو بۆیە ئاوا دلّڕەقانە تۆڵەیان لێ سەندبووەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەفسانەیەکی بێ سەروبەر و پڕ لە دژوازی بوو، چونکا کۆزیمۆ ناچار بوو کە هەندێك شت بە نەدرکاوی بێڵێتەوە. بۆ نموونە عەنبار کردنی شمەکی دزییتی لە ئەشکەوتەکە و هێرشی خەڵوزکارەکان. ئەگەر باسی ئەم شتانەی بکردایە هەموو خەڵکی ئۆمبرۆزا، بۆ سەندنەوەی شتومەکەکان لە خەڵوزکارەکان، دەڕژانە ناو دارستان و تەنانەت ئەوانیشیان بەدز لە قەڵەم دەدا.

پاش ئەوەی چەند حەفتە بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕی و کۆزیمۆ دڵنیا بوو کە دانیشتوانی داررستان غەنیمەتەکەیان خواردووە و هیچیان لێ نەهێشتۆتەوە، ویستی چیرۆکی تاڵان کردنی ئەشکەوتەکە بگێڕێتەوە. ئەوانەی کە بە تەمای وەرگرتنەوەی بەشێك لە کۆلوپەلەکە چوون بۆ دارستان، بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە. خەڵوزکارەکان دەسکەوتی ئەو شەوەیان بە یەکسانی لە ناو خۆیاندا بەشکردبوو، ئەوەش کە مابووەوە لە میوانییەکی بە کۆمەڵدا خواردبوویان. پاروو گلاندنێك کە شەو و ڕۆژێکی خایاندبوو.

باوکمان پیر ببوو. خەمی مەرگی ئێنئاس سیلڤیوس کارێکی سەیری لەسەر خووخدەی دانا. تووشی ئەو وسواسە بوو کە نەهێڵێت کارە نیوە تەواوەکانی زرپراکەی بێ ئەنجام بێت. دەستی بە هەنگداری کرد و ئەگەرچی تا ئەو کاتە تەنانەت کەندوویەکیشی لەنزیکەوە نەدیبوو، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو بوو. ئەو زۆرجار راوبۆچوونی کۆزیمۆی دەپرسی کە هەندێك شتی لەوبارەیەوە دەزانی. بێئەوەی وا نیشان بدات کە دەیەوێت پرسیاری لێ بکات، باسی هەنگداری دەکرد و پاشان زۆر بە وردی گوێی لە قسە و بۆچوونەکانی کۆزیمۆ دەگرت. ئەوسا بە توورەییەوە هەر ئەو قسە و بۆچوونانەی وەك ئەمری خۆی بە جووتیارەکان دەگوتەوە. بەشێوەیەك ئەو قسانەی دەکرد کە گوایە هەموو کەس دەبوایە ئەو شتانە بزانن. ئەوەندە لە پێوەدانی هەنگەکان دەترسا کە هەرگیز لە کەندووەکان نزیك نەدەبووەوە، بەوحاڵەش دەیویست وا نیشان بدات کە دەتوانێت بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێت و، هەر خودا دەزانێت بۆ ئەم کارەش چ ئازارێکی دەکێشا.

هەروەها، بۆ ئەوەی درێژە بە کارەکەی ئێنئاس سیلڤیوسـی کڵۆڵ بـدات، دەسـتی بـە هەڵکەندنی هەندێك ئاوەڕۆ کرد. لەبەر ئەوەی کە شووالییەی کڵۆل هیچ کارێکی نەدەگەیاندە کۆتایی، زۆر خۆش دەبوو ئەگەر یەکێك لەو پرۆژانە بەئەنجام بگەیشتنایە.

بەڵام حەزی درەنگ وەختی بارۆن بۆ کار و کردەی لەم جۆرە زۆری نەخایاند. ڕۆژێك لە ڕۆژان کە بە حاڵەتێکی عەسەبییەوە خەریکی کار بوو، لە لایەکەوە گیرۆدەی هەنگەکان و لە یەکی ترەوە سەرقاڵی ئاوەڕۆکە بوو، بە هەوی جووڵەی لەناکاوی دەستی دوو هـەنگ بـەرەو پیری فرین. ئەو ترسا و بـە بێقەرارییـەوە دەسـتی جووڵانـد و کەندوویـەکی خـست، ئەوسـا کۆمەڵـە هـەنگێك کـەوتن. ئـەویش کـە کوێرکوێرانـە لەبـەریان هەڵـدەهات، کەوتـە نـاو ئـەو ئاوەڕۆیەوە کە تازە ئاوی تێکرابوو. کرێکارەکان دەریانهێنایەوە.

لە ناو جێدا کەوت. هەم بە هۆی هەنگ پێوەدانەکە و هەم بە هۆی مەلە نەخوازراوەکەوە تووشی تایەك بوو کە حەفتەیەك لـە جێدا خـستی و لـە دوای ئـەوەش وای لێهـات کـە ئـیتر توانای هەستانی نەما.

ئـیتر لـە قەرەوێڵەکـەی نەدەهاتـە خـوار، حـەزی لـە ژیـان نـەمابوو، لـە هـیچ کارێکـدا سەرنەکەوتبوو، دەمێکە بوو هیچ هەواڵێك لە نازناوی دوکییەکەی نەبوو، کوڕە گەورەکەی کە ئێستا ئیتر پیاوێك بوو هەروا لەسەر دارەکان دەژیا، زڕبراکەیان کوشتبوو، کـچەکەی مێـردی کردبوو بۆ وڵاتێکی دوور بۆ لای هەندێك کەسی لە خۆی نەویستتر چووبوو، من لەوە بچووك تر بووم کە بتوانم هاودەمی بم و، هاوسەرەکەشـی لـە رادە بـەدەر جیـدی و سـەختگر بـوو. کەوتـە هـەڵیت و پڵێـت گـوتن. دەیگـوت یەسـووعیەکان ماڵەکـەیان داگیر کـردووە و، ئـیتر ناتوانێت لە ژوورەکەی بچێتە دەر. ئەو لە ئەنجامدا چۆن ژیابوو هەر ئاواش مرد، بە دڵێکی پڕ لە رق و حەسرەت و بە زەین و مێشکێکی پڕ لە خەیاڵ و وەسواسەوە.

کۆزیمۆ بەسەر دارەکانـەوە شـوێن تابووتەکـەی کـەوت، بـەڵام نـەیتوانی لـە دەروازەی گۆڕسـتانەکە بـەولاوەتر بـڕوات. لقـەکانی سـەولْ بـە شـێوەیەك نـین کـە بتوانێـت پیایانـدا هەڵبگەڕێت. ئەو لەسەر دیوارەکەوە سەیری بە خاك سپاردنی باوکی کرد و، کاتێك ئێمە هەر

کامە و مشتێك خۆڵمان بەسەر تابووتەکەدا دەڕشت، ئەویش لقێکی پڕ لە گەڵای بەسەردا کرد. من بیرم کردەوە هەمووومان هەمیشە دوور لە باوکمان ژیابووین و مەودا و نێوانما لە گەڵ باوکمان، چ بەسەر دارەکانەوە و چ لەسەر عەرز، وەك یەك بوو.

لەوە دوا نازناوی باڕۆن ڕۆندو بە کۆزیمۆ بڕا. بەوحاڵەش، ژیانی هیچ نەگۆڕا. ڕاستە کە سەرپەرشتی ماڵ و سامانەکەمانی دەکرد، بەڵام بوونی لە لای ئێمە وەك بوونی تاپۆیەك بوو. هەر جارێك کریکار و جووتیارەکان کاریان پێی بوایە نەیاندەزانی لەکوێ لێی بگەڕێن، بەڵام کە نەیانویستایە ببینن لە پڕ لە ناو لقو گەڵاکانەوە دەردەکەوت.

ئەو بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری بنەماڵە لە جاران زیاتر دەچوو بۆ شار. لەسەر دارگوێزی گەورەی ناو مەیدانەکە، یان لەسەر بەڕووەکانی ئەو مەحاڵە دادەنیشت. خەڵك ڕێزیان لێدەگرت و بە جەنابی باڕۆن بانگیان دەکرد. وەك زۆر گەنجیتر جاروبار پێی خۆش بوو حاڵەتێکی پیرەمێردانە بە خۆی بگرێ و بۆ ئەو ئۆمبرۆزاییانە کە لە بن دارەکەی کۆ دەبوونەوە هەندێك چیرۆك لەملاولا بگێڕێتەوە.

ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکی مەرگی زڕمامەکەمان ماندوو نەدەبوو، هەموو جارێك بە شێوەیەکی تازە دەیگێڕایەوە. بۆ ئەوەی خەڵکەکەش زۆر ڕقیان لێی نەبێت چیرۆکی زەئیریشی دەگێڕایەوە. چیرۆکێك کە دەیگوت پیرەمێرد بەر لەمردنەکەی بۆی گێڕاوەتەوە. بەو بۆنەوە هەموو خەڵکەکە بەزەییان بە شواڵییەدا دەهات و چارەنووسی ماتەمباری ئەو پیاوە خەمباری دەکردن.

من پێموایە ئەوەی کە کۆزیمۆ دەیگێڕایەوە سەرەتا چیرۆکێکی خۆ هەڵبەست بوو کە پاش گۆڕانە یەك لە دوای یەکەکان حاڵەتێکی تارادەیەك واقیعی وەرگرت. دوو سێ جار چیرۆکەکەی بەم شێوە گێڕایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئۆمبرۆزاییەکان لە بیستنی ماندوو نەدەبوون و، ژمارەی بیسەرەکانیشی بەردەوام زیاتر دەبوو، هەمووشیان حەزیان لە بیستنی وردە کارییەکانی دەکرد، ئەویش کەمە کەمە لقوپۆی لێ زیاد دەکرد و چیرۆکەکەی درێژ

دەکرد و کەس و ڕووداوی تازەی پێوەدەلکاند. تا وای لێهات کە لە شێوازە سەرەتاییەکەشی خۆ هەڵبەستتر بوو.

بیسەری چیرۆکەکانی کۆزیمۆ وردە وردە پەرەی دەسەند و بە زاری کراوە و داچەقاوەوە گوێیان بۆ وتەکانی شل دەکرد. وردە وردە ئەویش حەزی لە قسەکردن دەبوو. ژیانی دارنشینی و ڕاو و شکارەکانی، ڕووداوەکانی جوڤانی خەلەنگ و ئۆپتیموس ماکسیموس ئەوەندەیان بە بەرەوە بوو کە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی بێ بڕانەوە بکات. ( زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانی کۆزیمۆ لەم کتێبەشدا، بە شێوەیەکە کە خۆی حەزی دەکرد بە لقوپۆی زۆرەوە بۆ بیسەرە عەوامەکانی بگێڕێتەوە. کەواتە من داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر نووسینەکەم لە گەڵ واقیع و ڕەوتی ئاسایی ڕووداوەکان و کار و کردەی مرۆڤەکان یەک ناگرنەوە. )

بۆ نموونە جاریوابوو کەسێك لە ناو خەڵکەکەدا لێی دەپرسی:

« گەورەم، ڕاستە کە ئێوە هەرگیز پێتان لە عەرز نەدراوە؟ »

کۆزیمۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی دوور و درێژ دەکرد!

« با، تەنیا جارێك کەئەڵبەت ئەویش هەڵەیەك بوو. چونکا پێم خستبووە سەر شاخی کەڵە کێوییێك. من پێموابوو پێم خستۆتە سەر لقی ئەفرایەك، تۆ مەڵێ کە ئەوە شاخی کەڵە کێوییێك بوو کە لە زەوییەکانی پاشا هەڵاتبوو، بە بێ جووڵە لە ناو دارەکاندا ڕاوەستابوو. کەڵە کێوییەکە هەر کە هەستی بە قورسایی من لەسەر شاخەکەی کرد، بە ناو دارەکاندا هەڵات. پێویست بە گوتن ناکات و، دەبێ خۆتان باش بزانن کە من لەسەر شاخی ئەو ئاژەڵە چۆن دەجووڵامەوە. هەستم دەکرد ورگ و ڕیخۆڵەم خەریکە کون دەبێت. لە لایەکەوە شاخی تیژی کەڵە کێوییەکە لە لەشم دەچەقی و، لەلایەکی ترەوە لقی دڕکاوی دارەکان سەر و ڕووی دەڕووشاندم. ئاژەڵەکە بەردەوام هەڵدەبەزی و دادەبەزی و دەیویست بمخاتەخوار، بەڵام من شاخەکەیم توند گرتبوو...

ئەوسا بێدەنگ دەبوو. گوێگرەکانی بە بێقەرارییەوە دەیانپرسی:

« دوایی چی روویدا گەورەم؟ چۆناوچۆن خۆتان رزگار کرد؟ »

ئەویش هەر جارە و چیرۆکێکی تازەی هەڵدەبەست:

« ئاژەڵەکە رۆشت و رۆشت تا خۆی گەیاندە رەوەکەی. هەندێك لـە کەڵـە کێوییـەکانی تریش کە منیان بەسەر شاخی ئەوەیانەوە بینی هەڵاتن. هەندێکی تر وەك شێت هێرشیان بۆ هێنام. ئێوە دەزانن کە من هەمیشە تفەنگم پێیە، دەسـتم بـۆ تفەنگەکـەم بـرد. هـەرکامیانم دەدی دەمپێکا. پەنجا دانەیانم کوشت...

یەکێك لەو رووت و رەجاڵانە کە گوێی بـۆ چـیرۆکەکە شـل کردبـوو، لـە کەسـەکەی لای دەستی پرسی:

« تا ئێستا پەنجا کەڵە کێوی لەم ناوچەیە بیندراوە؟

« هـەر ئـەو رۆژە کەڵـە کێوییـەکان وەچـەبڕاو بـوون. بۆچـی؟ چـونکا مـن مێکانیـانم کوشتبوو. ئەو کەڵە کە من سواری ببووم، بـەرەو هـەرکامیان بـچووایە بـە گوللـە دەمپێکـا. ئاژەلەکـە کـاس و وڕ ببـوو، نەیـدەزانی دەبـێ چـی بکـات. ئـەوە بـوو کـە بڕیـاری دا خـۆی بکووژێت. خۆی گەیاندە دەم کەلێك و خۆی هەڵداشت. بەڵام من لەسەر لێـواری هەڵدێرەکـە دەستم بە لقی دارکاجێك گرت و خۆم رزگار کرد. »

یان دەیگێڕاوە کە شەڕێکی قورس لەمابەینی دوو کەڵە کێویدا روویدا و بـەشـاخەکانیان کەوتنە گیان یەکتر. بەڵام ئەو پەیتا پەیتا لە شـاخی کەڵێکـەوە بـۆ شـاخی کـەڵێکیتر بـازی داوە، تا ئەوەی کە یەکێیکان بە نووکە شاخ بەرزی کردۆتـەوە و، ئـەویش لـە سـەر لقـی دار بەڕوویەك نیشتوەتەوە !

بە کورتی تووشی حەز و وەسوەسەی ئەو چیرۆکبێژانە ببوو، کە بەردەوام لـە مابـەینی واقیع و خەیاڵدا نازانن کامەیان هەڵبژێرن و، کامە چـیرۆك لـەوانی دیکـە خۆشـترە: چـیرۆکی روداوە واقیعییـەکان کـە کۆمەڵـە سـات و هەسـتێکی رابـوردوو، وەك خـەمۆکی، دامـاوی، سەربەرزی، نەفرەت لە خۆ کردن بیر دەهێننـەوە، یـان ئـەو چـیرۆکانە کـەمرۆڤ لـە زەیـنی

خۆیاندا هەڵیان دەبەستن. ئەو چیرۆکانە کە هـەموو شـتێك ئاسـان دەنـوێنن بـەڵام هەرچـی بەرەو پێش دەڕۆن بەناچاری لە واقیع نزیك دەبنەوە.

کۆزیمۆ هێشتا لەو تەمەنەدا بوو کە حەزی چیرۆکبێژتن لە لای مرۆڤ، بەشێکە لە حەزی ژیان. قۆناغێك کـە پێمانوایـە هێـشتا ئەوەنـدە نـەژیاوین کـە بتـوانین سـەربوردەی خۆمـان بگێڕینەوە. بۆیە کاتێك دەچوو بۆ ڕاو، چەند حەفتەیەك ون دەبوو، بە کۆمەڵێك خەز و ڕێوی و شغارەوە دەگەڕایەوە بۆ سەرداری مەیدانەکە و دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی دەکرد. چیرۆکەکانی لە کاتی گێڕانەوەدا وردە وردە دەبوون بە چیرۆکی خـەیاڵی و دووبـارە شـکڵی واقیعیانەیان وەردەگرتەوە.

هـەموو گـوڕ و تینێـك، لـە پێویـستییەکی قـووڵی وەدی نـەهاتووەوە سـەرهەڵدەدات و نیشانەی ناتەواوییەکە. نیازی کۆزیمۆش بە چیرۆکبیژی ئاشکرای دەکرد کە ئەو لـە شـتێکی تر دەگەڕێت. ئەو هێشتا عەشقی نەناسیبوو. بە بێ ناسینی عەشق ئەزموونەکانیتر بە کەڵکی چی دێن؟ بە بێناسینی چێژی ژیان، ملدان بە مەترسی قازانجی چییە؟

ئەو کچە گەنجانە کە خەریکی باخەوانی یان ماسی فرۆشی بوون بە مەیدانی ئۆمبرۆزادا تێدەپەڕین. کچانی بنەماڵە ساماندارەکان بە سواری کالیسکەوە دەهاتن و دەڕۆشتن. کۆزیمۆ بەسەر دارەکانەوە ڕاگوزاری سەیری دەکردن ـ بێئەوەی هێشتا بە هۆی ئەو کارەی بزانێت ـ لەهەر کامەیاندا شتێك هەبوو کە ئەو لێی دەگەڕا، بەڵام ئەو شتە لە هیچکامیاندا کامڵ نەبوو. شەوان، کاتێك چرای ماڵەکان هەڵدەکران، جاری وابوو لە سووچی سـەر لقێـك دادەنیـشت و بیری لەعەشق دەکردەوە. بەبینینی ئەو جووتانە کە لە پشت دارەکان یان لە نێو مێوەکاندا ژووانیان هەبوو، دڵی پڕ دەبوو لە ستایش و ئێرەیی پێبردن. نیگای شوێن دەخـستن تـا لـە تاریکیدا ون دەبوون. بەڵام ئەگەر جووتێکی بدیبایە کە لە نزیك دارەکەی ئەو ڕاکشابوون، بە شەرمەزارییەوە هەڵدەهات.

بۆئەوەی بتوانێـت بەسـەر ئـەم حـەیا سروشـتییەیدا زاڵ بێـت، سـەیری جـووت بـوونی گیانلەبەرەکانی دەکرد. لە بەهاردا، لە هەموو بێشەڵانەکە زەماوەنـد بـوو! سمۆرەکـان لێـك

دەئالاّن و جوولّە و قیژەیان حالّەتێکی تا رادەیەك ئینسانیی بوو. بالّندەکان بە بالّەکوتە جووت دەبوون. مارمێلکەکان هەروا کە پێکەوە نووسابوون و کلکیان لێك گریّ درابوو، هەلّدەهاتن. لەشی ژیشکیش بۆ هاوباوەشی نەرم و ئاوریشمین بوو. ئۆپتیموس ماکسیموس کە شەرمی لەوە نەدەکرد تاکە سەگی پیّ کورتی ئۆمبرۆزا بێت، لەگەلّ سەگی گەورەی شوانەکان و گورگییە زەبەلاحە مالّەکییەکاندا دلّداری دەکرد. جارجار بە سەروسەکوتی برینداروە دەگەڕایەوە، بەلاّم دلّدارییەکی سەرکەوتوو قەرەبووی هەموو تێشکانەکانی دەکردەوە.

کۆزیمۆش نموونەی دەگمەنی رەگەزێکی نایاب بوو. کاتێك چاوە کوندییەکانی لە شوێنێك دەبڕی و دەچووە خەیالاّتەوە، لە زەینی خۆیدا لەگەلّ جوانترین کچەکان جووت دەبوو. بەلاّم چۆن دەکرا لەسەر لقی دارەکان عاشقێنی بکات؟ لە خەیالّەکانیدا ئەوەندە دەچووە پێش کە شوێن لە ئارادا نەدەما، نە زەوی و نە سەر لقی بەرزی دارەکان، لە زەینیدا جێگەیەکی وێنا دەکرد کە هیچ کویّ نەبوو. جێیەك کە بۆ ئەوەی بیگەیتیّ، دەبوو نەك بەرەو خوار، بەلّکوو بەرەو ژوور بچیت. واتە، رەنگە دارێکی ئەوەندەبەرز کە ئەگەر پیایدا هەلّگەڕێیت دەگەیتە دنیایەکی تر، دەگەیتەمانگ. ئەو هێشتا دارێکی وای نەدۆزیبووەوە. ئەو چیرۆکانەش کە لە مەیدانی گوند دەیگێڕانەوە و دەیبیستن، رۆژ لە دوای رۆژ کەمتر شادیان دەکرد. لە بەیانی رۆژێکی ناو بازاڕدا پیاوێك کە لە شاری نزیکی باسۆلیڤاوە هاتبوو، کاتێك کۆزیمۆی بینی، گوتی:

« هە ! خۆ ئێوەش لەم ئیسپانیاییانەتان هەیە ! »

لێی پرسی مەبەستت چیە و ئەویش وەلاّمی دایەوە:

« لە باسۆلیڤاش دەستەیەك ئیسپانییایی لێیە کە لە سەر دارەکان دەژین.»

لەوەدوا ئیتر کوزیمۆ ئارام و قەراری لێبڕا.دەیویست هەرچی زووتر لە رێگەی دارستانەوە خۆی بگەیەنێتە ئەویّ.

## ١٧

باسۆلیڤا شارێکی دوور لـە دەریایـە. کۆزیمـۆ دوو ڕۆژ بـەڕێوە بـوو، چـەند جـاریش بـە شوێنی پڕ مەترسیدا ڕەت بوو کە دارەکانی تەنك بوون. ئەو کاتێك لە ئاوایی و ماڵەکان نزیك دەبـووەوە، خـەڵکێك کـە هـەرگیز نـەیانبینیبوو بـە سەرسـوڕمانەوە هاواریـان دەکـرد و هەندێکیشیان بەردیان تێدەگرت.

لەبەر ئەوە بوو هەوڵی دەدا بە شوێنێکدا بـڕوات کـە کـەس نـەیبینێت. بـەڵام لـە نزیـك باسۆلیڤا وەزعەکە گۆڕا. داربڕ و شوان و جووتیارەکای ئەو ناوە کە سـەرقاڵی کۆکردنـەوەی زەیتوون بوون، کاتێك دەیانبینی سەریان سووڕ نەدەما. بەپێچەوانەوە، پیاوەکـان سـڵاویان لێدەکرد و وەها کە دەمێك بێ بیناسن بە ڕێزەوە کڵاوەکانیان لەسەر هەڵدەگرت. پاشان بـە ئیسپانیاییەك کە بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ زاراوەی ناوچەیی لەحنێکی سەیری پەیداکردبوو، بەخێرهاتنیان لێدەکرد.

« سینیۆڕ! ڕۆژ باش سینیۆڕ! »

زسـتان بـوو، هەنـدێك لـە دارەکـان رووت و بـێ گـەڵا بـوون. ئەمبەراوبـەری شـەقامە سەرەکییەکەی باسۆلیڤا دوو ریز چنار و نارەوەن بوو. لە ناو لقوپۆی هەر دارێکدا یـەك دوو کـەس دەبینـدرا. هەنـدێکیان دانیـشتبوون و هەنـدێکی تریـان بـە پێـوە راوەسـتابوون، هەمووشیان کەمێك کز و مات بوون. کۆزیمۆ بە چەند قەڵەمباز لێیـان نزیـك بـووەوە. جلکـی بەعزێك لە پیاوەکان زۆر جوان و ماقووڵانە بوو. کڵاوێکی سێ سووچی پەڕدار بە سـەرەوە و کەوایەکی شۆڕپیشیان لەبەردا بوو. ژنەکانیش جلکی ئەشرافییان لە بـەر کردبـوو، سەرپێـچی تۆڕیـان بەسـەرەوە بـوو. ئـەوان، دوان دوان و سـیان سـیان لـە سـەر لقێـك دانیـشتبوون. هەندێکیان گوڵدۆزییان دەکرد و جاروباریش وەك کەسێك پـاڵی بـە لێـواری پەنجەرەیەکـەوە دابێت، کەمێك دەنەوینەوە و سەیری شەقامەکەیان دەکرد.

پیاوەکان زۆر بە نیگەرانییەوە بەخێر هاتنی کۆزیمۆیان کرد.

«رۆژ باش سینیۆر. »

کۆزیمۆ کڵاوەکەی هەڵگرت و سەری دانەواند.

لە ناو ئەواندا پیاوێك بوو کە پێدەچوو گەورەیان بێت. ئەو لەسەر چـنارێك دانیـشتبوو، لەشی قەڵەوی دەتگوت بۆ هەمیشە جێی خۆی لە ناو لقەکاندا کردۆتەوە. پیاوێکی پـیر بـوو کە ئەگەرچی ریشی تاشیبوو، بەڵام بنکی مووەکان رەشی دەنوانـد. رەنگـی روومـەتی وەك ئـەو کەسـانە تووشـی نەخۆشـی جـەرگ دەبـن، زەرد هەڵگـەڕابوو. ئـەو رووی لـە پیـاوێکی رەشپۆشی ریوەڵی رەنگ پەڕیو کرد کە بە ریشی رەشەوە لە لای دانیشتبوو، سەبارەت بەو پیاوە نەناسیاوە کە بە سەر دارەکانەوە بەرەو روویان دەهات پرسیاری لێکرد.

کۆزیمۆ بو ئەوەی خۆیان پێ بناسێنێت چووە سەر چناری پیـاوە قەڵەوەکـە و سـەری دانەواند. گوتی:

« بارۆن کۆزیمۆ لاڤێرس دو رۆندو.

کابرای قەڵەو بە ئیسپانیایی گوتی: « رۆندو؟ رۆندو؟ خەڵکی ئاراگۆن؟ »

« نا، قوربان. »

« کاتالان؟ »

« نا قوربان، خەڵکی ئەم نزیکانەم. »

کابرای پیر دیسان بە ئیسپانیایی پرسی: « تۆش دوورخراوەیت؟ »

کابرای لەڕ بە ئەرکی خۆی زانی بە بێمەیلییەوە وتەکانی بۆ وەربگێڕێتەوە. گوتی:

« گەورەمان فرێدریکۆ ئالۆنسۆ سانچێز دگواتا مۆرا وای تۆباسکۆ[٤٤] دەپرسێت ئایا جەنابیشت دوور خراویتەوە؟ چونکا دەبینین ئێوەش بەسەر دارەکاندا دەڕۆن. »

« نا قوربان، بەو شێوە کە ئێوە دەفەرمون کەس منی دوور نەخستۆتەوە.»

کابرای قەڵەو شتێکی پرسی و ئەویتر وەریگێڕایەوە:

« گەورەمان فرێدریکۆ ئالۆنسۆ بەرێز و حورمەتەوە پرسیار دەفەرموون کە ئایا ئێوە بۆ رابواردن تەشریفتان هێناوەتە سەر دارەکان؟ »

کۆزیمۆ بۆ ساتێك بیری کردەوە و پاشان گوتی:

« پێموابێت ئەم کارەم پێخۆشە. ئەگەرچی کەس مەجبووری نەکردووم. »

فرێدریکۆ ئالۆنسۆ سانچێز ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

« خۆش بە حاڵی ئێوە! وەی لە من ، وەی! »

کابرای رەشپۆش وتەکەی بەم قسە زلانە وەرگێڕایەوە:

« گەورەمان دەفەرموون کە جەنابتان دەبێ زۆر کەیف خۆش بن کە خاوەنی ئەو ئازادییەن کە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لەگەڵ جەور و ئیجبارەکەی خۆماندا بەراوردی دەکەین. ئەڵبەت ئێمەش لە حاست ئیرادەی خواوەندی گەورەدا ملکەچین و، لە گەڵ ئەم وەزعییەتەماندا دەگونجێین. »

ئەمەی گوت و خاچێکی لەسەر سنگی رەسم کرد.

بە بیستنی وتە کورتەکانی شازادە سانچێز و درێژدادڕی وەرگێڕە رەشپۆشەکە، کۆزیمۆ کەمە کەمە لەگەڵ چارەنووسی ئەو تایەفە دارنشینە ئاشنا بوو. ئەوان مەزنزادەی ئیسپانیایی

---

٤٤ - Frederico Alonso Sanchez De Guatamura Y Tobasco

بوون کە بە هۆی هەندێك کێشەی فیودالی لە شارلی سێهەم، پاشای ئەو وڵاتە، راپەڕیبوون. شا ئەوانی تێشکاندبوو، لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا لە وڵات دەری کردبوون. ئەوان گەیشتبوونە باسۆلیڤا و رێگەیان نەدەدان لەوە زیاتر بڕۆن. چونکا بە پێی پەیمانێکی کۆن کە لەگەڵ شاکانی ئیسپانیادا بەسترابوو، دەرکراوانی ئەو وڵاتە مافی مانەوە و تەنانەت تێپەڕین لە باسۆلیڤاشیان نەبوو. وەزعێکی سەیر و ئاڵۆز بوو، بەرپرسانی باسۆلیڤا کە لە لایەکەوە نەیاندەویست لەگەڵ حوکمەتە بێگانەکاندا پێك هەڵپڕژێن و، لە لایەکی ترەوە هیچ بیانوویەکیان بۆ شەڕ لەگەڵ ئەو میوانە دەسەڵاتدارانە نەبوو، ئاخریەکەی رێگە چارەیەکیان دۆزیەوە. لە پەیماننامەکەدا نووسرابوو « نابێ پێی دەرکراوەکان بگاتە خاکی باسۆلیڤا » کەواتە ئەگەر لەسەر دارەکان بمانایەوە ئیتر هیچ کێشەیەکی لێ نەدەکەوتەوە. بەو بۆنەوە هەموویان لەسەر چنار و نارەوەنەکانی شار جێگر بوون. بۆ ئەو کارەش شارەوانی چەند پەیژەیەکی پێ دان کە دوای هەڵگەڕانیان لێی سەندنەوە. بەمشێوە چەند مانگێك بوو کە ئەوان لەسەر دارەکان دەژیان و، کەش و هەوای ناوچەکەش یاریکاری دەکردن. ئەوان چاوەڕوان بون کە پاشا بە زوویی لێیان خۆش ببێت، یان خودای گەورە فریایان بکەوێت. بەو پارە زۆرە کە بوویان پێداویستییەکانیان لە خەڵکی شار دەکڕی و بەم بۆنەشەوە کڕین و فرۆشتن لەو شارە ڕەمێنی پەیدا کردبوو. بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانیان بە دەست بگات، لەسەر بەعزێك لە دارەکان چەند مەسعەدێك دامەزرابوو. لەسەر دارەکانی تریش قەرەوێڵەی پەردەداریان دانابوو کە لەسەری دەخەوتن. بە کورتی جێیان لێ خۆش کردبوو. یان واچاکە بڵێم خەڵکی باسۆلیڤاش بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەمووکارێکیان بۆ دەکردن و، پێویست نەبوو ئەوان هیچ بکەن.

ئەوە یەکەمجار بوو براکەم خەڵکیتری دەبینی کە وەك خۆی دارنشین بوون. بەو بۆنەوە زۆر پرسیاری کردەیی دەهاتە گۆڕێ.

« کاتێك دەبارێ چی دەکەن؟ »

کابرای قەڵەو شتێکی گوت کە وەرگێڕەکە بەم شێوە وەریگێڕایەوە:

« دەچینە ژێر قەرەوێڵەکانمان و روو لە کەرەمی خودای گەورە دەکەین و، بۆ ئەو کەمە نیعمەتەش شوکرانە بژێر دەبین. »

( وەرگێڕەکە رۆحانییەکی یەسووعی بوو بە ناوی دۆن سولپسیۆ دیٚ گوادالێتە[٤٥] کە لە پاش قاچاغ بوونی رێبازەکەیان، لە ئیسپانیا دەرکرابوو. )

« دەچن بۆ راو؟ »

جاروبار کەسیکمان بۆ رابواردن چەسپ لە لقە دارێك دەسوێت »

کۆزیمۆ بەحەزەوە گوێی دەگرت بۆ ئەوەی بزانێت ئەوان لەگەڵ ئەو دژواریانەدا کە ئەویش بووی، چۆن گونجاون.

« بۆ شتن چی دەکەن؟ »

دۆن فرێدریکۆ شانی هەڵتەکاند و گوتی:

« بۆ شتن؟ جل شۆرمان هەیە ! »

دۆن سولپیسیۆ ئاوای وەرگێڕایەوە:

«جلکەکانمان بۆ شتن دەدەین بە ژنە جلکشۆرەکان. لە راستیدا هەموو دووشەممان سەوەتە جلکی چڵکنمان دەخەینە خوار دارەکان. »

« مەبەستم لەش شتن و roomەت شتن بوو. »

دۆن فرێدریکۆ بۆڵە بۆڵێکی کرد و دیسان شانی هەڵتەکاند، دەتگوت هەرگیز لە گەڵ ئەم جۆرە مەسەلانە رووبەڕوو نەبۆتەوە.

دۆن سولپیسیۆ گوتی:

« بە بۆچوونی گەورەمان ئەم مەسەلە تەواو شەخسییە. »

«ببوورن، داوای لێبوردنتان لێدەکەم، بۆ دەست بە ئاو گەیاندن چی دەکەن؟ »

« گۆزە، سینیۆر. »

دۆن سولپیسیۆ بە هەمان شێوازی پێشوو ئەوەی وەریگێڕایەوە:

---

[٤٥] - Don Sulpicio De Guadalete

« عەرزم بە حزوورتان، بۆ ئەم کارە کەڵك لە گۆزەی گەورە وەردەگرین. »

کۆزیمۆ ماڵـاوایی لـە دۆن فرێـدریکۆ کـرد و لەگـەڵ دۆن سۆلپیـسیۆدا چـوو بـۆ شـوێنی دانیشتنی ــ سەردارەکان ــ تایبەت بە گەورەکانی تری ئیسپانیا، تا بیانبینێت. هەموو پیاوان و ژنانی دەستەکە، بێئەوەی گوێ بە دژوارییە ناچارییەکانی ژیانی دارنشینی بدەن، بە هەمان شێوەی شایستە و نەریتی خۆیان هەڵس و کەوتیان دەکرد. هەنـدێکیان زیـنی ئەسـپیان بـە لقەکانەوە بەستبووەوە و لەسەری دانیـشتبوون. کۆزیمـۆ لـەم هـەموەسـاڵەی ژیـانی سـەر دارەکان هەرگیز بیری لەشتی وا نەکردبۆوەو، ئەم داهێنانە کردەییـەی پـێ خـۆش بـوو. بـە بەکارهێنانی زین و ئاوزەنگی قاچ سڕ و ماندوو نـەدەبوو. هەنـدێکیان دووربـینی تایبـەت بـە دەریاوانـەکانیان پـێ بـوو. ( یـەکیان پلـەی دەریاسـالاری بـوو ) ڕەنگـە تاکـە کـەڵکی ئـەم دووربینانە ئەوە بووبێت کە بە دزییەوە سەیری یەکتریان دەکرد، تا دواتـر بـاس و غەیبـەتی یەکتر بکەن. هەموو ژنان و کچانیش لەسەر باڵشتی گوڵدۆزی کراو دانیشتبوون کە دەسکردی خۆیان بوو. هەر کامەیانت بدیبایە یان پشیلەیەکیان لەسەر ئەژنۆ بوو، یـان دەرزیـەکیان بـە دەستەوە بوو. تەنیا کارێك کـە خۆیـان پـێ سـەرقاڵ دەکرد هـەمان گوڵـدۆزی بـوو. ڕەوە پشیلەیەکی تووکنیشیان بوو. باڵندەشیان بوو کە لـە قەفەسـدا ڕایانـدەگرتن. ( ڕەنگـە ئـەو باڵندانە بوون کە بە چەسپ ڕاویان کردبوون. ) هەندێك کـوتری ئـازادیش بـوون کـەجاروبـار لەسەر دەستی کچان دەنیشتن و، ئاوانیش بە حەسرەتەوە دەیانلاواندنەوە.

لەو هۆڵی لقوپۆیانەدا، بە شێوەیەکی زۆر ڕەسمی میواندارى کۆزیمۆیان دەکرد. مەزنە دوور خراوەکـان قاوەیـان بـۆ دەهێنـا و گورجێـك باسـی کۆشـك و زەوی و زار و عـەنبار و تەویلەکانیان دەکرد کە لە سویل یان گرانادا دەسـتیان لـێ هـەڵگرتبوو، بەجێیانهێـشتبوون. هەروەها داوایان لێ دەکرد کە لە دوای لێخۆشبوون و گەڕانەوەیان سەردانیان بکـات. ئـەوان لەبارەی ئەو پاشایەوە کە دەریکردبوون بە تێکەڵەیەك لە دوژمنایەتی دەمار گرژانە و ڕێزێکی نۆکەرانەوە دەدوان. لە گوتەکانیاندا زۆرجار حسێبی ئەو کەسە کە شەڕیان لەگـەڵ کردبـوو، لەگەڵ ئەو کەسە کە پلەوپایەی پاشایەتییەکەی ڕەسمییەتی بە مەزنی و ئەشـرافی ئـەوانیش

دەبەخشی، جیا دەکردەوە. زۆر جاریتریش بـە پێـچەوانەوە، هـەر دوو کەسـەکەیان تێکـەڵ دەکرد و بەوپەڕی دەمارگرژییەوە هێرشیان بۆ دەبـرد. هـەمووجارێك کـە باسـی پاشـاکەیان دەکرد کۆزیمۆ تیادەما روخساری چی لیٚ بکات.

هەموو گوتە و کردەیەکی ئەو دەرکراوانە دۆخێکی خەمبار وخەمۆکی بـوو. ئـەم دۆخـە ئەگەرچی سروشتی بوو، کەچی دەسکردیشی دەنواند. زۆرجار بیندراوە ئەو کەسانە کـە بـۆ ئامانجێکی نە زۆر دیار و دیـاریکراو خـەبات دەکـەن، بـۆ قـەرەبووی سـستی پاڵنەرەکـەیان ناچارن رواڵەتێکی زۆر جیدی بە خۆیان بگرن.

کچەکانیان بـە شـێوەیەك دەجووڵانـەوە کـە دەتگـوت هەمیـشە دەیانـەوێت خۆشـی و شادییە سروشتییەکەیان لەخەڵکی تر بشارنەوە. دوو کەسیان لەسەر دوو چنار بەدمینتۆنیان دەکرد، کە جاروبار تۆپەکەیان دەکەوتە سەر عەرز، کوڕێکی خەڵکی ناوچەکە هەڵیدەگرتەوە و دوو پوولی رەشی لیٚ وەردەگرتن ئەوسا بۆی فڕیٚ دەدانەوە.

پیرەمێردێك کـە پێیـان دەگـوت **سـەردار** لەسـەر ئـاخر داری ئـەو سـەری شـەقامەکە دادەنیشت. ئەو کڵاوقژی بەسەرەوە نەبوو، سەر و وەزعێکی بێمەبالاتانەی بوو. کاتێـك لێـی نزیك بوونەوە دۆن دۆن سولپیسیۆ دەنگی خۆی نزم کردەوە و کۆزیمۆش هەستی کرد دەبیٚ هێواشتر بدوێت. پیرەمێرد جاروبار لقێکی لادەدا وچاوی لـە لێـژی تەپۆڵکەکـەی بەرامبـەری دەبڕی. ئەوسا سەیری ئەو دەشتەی دەکرد کە بەشێکی سەوز و بەشـێکی وشـك و خۆڵێنـە بوو، تا ئەو دوور دوورانە کشابوو.

دۆن سولپیسیۆ بە چرپە بە کۆزیمۆی گـوت کـە کـوڕێکی ئـەو پیرەمێـردە زیندانییـە و جەللادەکانی پاشا ئەشکەنجەی دەدەن. کۆزیمۆ تێگەیشت کە لەناو ئەو هەموو ئەشـراف و مەزنزادانەدا کە بیٚ هیچ ئەنگیزە و پاڵنەرێکی دیار و ئاشکرا لە وڵاتەکەیان دەرکـراون، تـەنیا ئەو پیرەمێـردە بـە راسـتی ئـازار دەکێـشێت. ئـەو بـە شـێوەیەك لقـی دارەکـەی لادەدا کـە دەتگوت بە هیوا بوو لە پشت ئەو لقەوە دیمەنێکیتر ببینێت و، نیگای بە شێوەیەك هەوراز و

لێژی ئەو دەشتەی دەبڕی کە دەتگوت ئاواتەخوازە هەرگیز هێڵی ئاسۆ نەبینێت و، وڵاتە زۆر زۆر دوورەکانیشی لێ دیار بن.

ئەو حاڵەتی روانینە یەکەم نیشانەی ئازاری راستەقینەی دەربەدەری بوو، کە کۆزیمۆ بە چاوی خۆی دەیبینی. ئەوسا لەوە گەیشت کە بوونی ئەو پیرەمێردە بۆ ئەوانیتریش تا چ رادەیەك پڕ بەهایە. ئەو بوو کە هەموویانی پێکەوە دەبەستەوە و مانای بە تاقم و دەستەکەیان دەبەخشی. **سەردار** رەنگە لە هەموویان هەژارتژ بووبێت و لە وڵاتی خۆشیان پلەو پایەی لە هەمووان کەمتر بووبێت، بەڵام ئەو بوو کە مانای بە ئازار و هیواکانیان دەبەخشی.

کاتی گەڕانەوە لەو دیدارانە، کۆزیمۆ چاوی بە کچێك کەوت کە تا ئەو کاتە نەیدیبوو. بە دوو سێ باز خۆی گەیاندە دار توسکایەك کە ئەو کچە لەسەری دانیشتبوو. کچەکە جووتێك چاوی شینی زۆر جوان و پێستێکی خۆش بەرامەی بوو، دۆڵە ئاوێکی بەدەستەوە بوو.

« ئەوە ئێوە بوون کە من نەمبینین؟ »

کچە بە زەردەخەنەوە گوتی: « چووبووم لەو بیرە ئاو بێنم. »

دۆڵەکە لار بۆوە و کەمێك ئاوی لێ رژا. کۆزیمۆ یارمەتی راگرتنی دۆڵەکەی دا.

« کەواتە لە دارەکان دەچیتە خوار؟ »

« نا، دار گێلاسێك هەیە کە لقەکانی بەسەر بیرەکەدا چەماوەتەوە، دەچینەسەر ئەو لقانە و دۆڵەکانمان پڕ دەکەین. سەیر کەن. »

لە لقێك پەڕینەوە کە لە حەساری ماڵێکەوە ئاودیو ببوو، گەیشتنە دار گێلاسێك. بیرەکە لەبن ئەو دارەدا بوو.

« دەیبینن باڕۆن؟ »

« چۆن دەزانی کە من باڕۆنم؟ »

کچەکە بە بزەیەکەوە گوتی: « هەموو شتێك دەزانم. خوشکەکانم گوتیان کە تۆ هاتبووی. »

« هەر ئەوانە کە بەدمینتۆنیان دەکرد؟ »

« بەڵێ، ئیرنا[٤٦] و رایموندا[٤٧] »

« ئەی خۆتان ناوتان چییە؟ »

« ئورسولا[٤٨]. »

« لە هەمووان چاکتر بەسەر دارەکاندا دەڕۆیت. »

« لەبەر ئەوەی کە بە منداڵی بە دارەکاندا هەڵدەگەڕام. لە گرانادا، لە ماڵی خۆمان داری زۆر بەرزمان هەبوو. »

« دەتوانی ئەو شیلانە لێبکەیتەوە؟ »

( دەوەنە شیلانێك لە دارێك ئاڵابوو، گوڵێکی تا سەر پەلی دارەکە چووبوو. )

« نا، ناتوانم. »

« کەواتە من دەچم بۆت دەچنم. »

کۆزیمۆ رۆشت و بە گوڵەکەوە گەڕایەوە. ئورسولا بەدەم بزەیەکەوە دەستی هێنایە پێش.

« دەمەوێ بۆخۆم بە شوێنێکتدا بگرم. پێم بڵێ کوێت. »

« قژم. زۆر سوپاس. »

( دەستی کوزیمۆی گرت و بەرەو قژی برد. )

« ئێستا بڵێ بزانم دەتەوێ خۆت بگەیەنیتە ئەو بادامە؟ »

کچەکە بە پێکەنینەوە گوتی: « کاری وا چۆن دەکرێ؟ من ناتوانم بفڕم. »

کۆزیمۆ گوتی: « سەبرکە. »

ئەوسا کەمەندی بۆ دارەکە هاویشت.

« ئەگەر حەز بکەیت دەتوانم بەم گوریسەدا هەڵتکێشم. »

---

٤٦ - Irena

٤٧ - Raimunda

٤٨ - Ursula

کچەکە گوتی: « نا، دەترسم. »

کۆزیمۆ گوتی: « ساڵەهایە بەم گوریسە سەفەر دەکەم و پێویستم بە هیچ کەس نەبووە. »

« ئەی خودایە گیان! »

کۆزیمۆ خۆی گەیاندە دار بادامەکە و کچەکەشی لەگەڵ خۆی برد. دارێکی گەنج بوو، لقەکانیشی کورت بوون. ئەوان پاڵ بە پاڵی یەکتر دانیشتبوون. ئورسولا هێشتا پشووی سوار بوو روومەتی سوور هەڵگەڕابوو.

« ترسایت؟ »

« نا. »

بەڵام دڵی بە توندی لێیدەدا.

کۆزیمۆ گوتی: « چاك بوو گوڵەکەت نەکەوت. »

بە دەستی خۆی جێی گوڵەکەی لەسەر قژی چاك کرد.

جێگەکەیان تەنگ بوو جارجار باوەشیان بە یەکتردا دەکرد. لێوەکانیان گەیشتە یەکتر. یەکەمجار کۆزیمۆ ماچی کرد و بەم شێوە خۆشەویستییەکەیان دەستی پێ کرد. کۆزیمۆ وڕ و کاس و دڵخۆش بوو، کچەکەش هەستی بە بەختەوەری دەکرد، بەڵام سەر سووڕمیو نەبوو. ( کچان هیچ کارێکیان بە رێکەوت نییە. ) ئەو عەشقە کە کۆزیمۆ ئەوەندە چاوەڕوانی بوو ئاوا غافڵگیری کرد. ئەو عەشقە زۆر جوانتر لەوە بوو کە چاوەڕوانی دەکرد... لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە دەیدی عەشق شتیکی سادەیە و لەو کاتەدا پێیوابوو هەمیشەش هەروا سادە دەبێت.

## ١٨

دار قۆخ و بادام و گێلاسەکان گوڵیان دا. کۆزیمۆ و ئورسولا لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە ناو لقی پڕ گوڵی دارەکاندا پێکەوە بوون. تەنانەت شوێنی بنەماڵەی گواتـامورا وای توباسـکۆش رەنگی شادومانی بەهاری گرت.

براکـەم زۆر زوو لـە نـاو دەسـتەی دەرکراوەکانـدا جێـی بـووەوە و بـە هـەر شـێوەیەك بیزانیایە یارمەتی دەدان. شێوازە جیاوازەکانی دارەوانی فێر دەکردن و داوای لە مەزنزادەکان دەکرد تا ویقارە هەمیشەییەکەیان وەلانێن و کـەمێك بجـوولێن. تەنانـەت بـە گـوریس چـەند پردێکیشی لە مابەینی دارەکاندا راکێشا، تا پیرەکـان هـاتو چـووی پێـدا بکـەن و سـەردانی یەکتر بکەن. لە ماوەی نزیکەی ساڵێك کە لەگەڵ ئەوان بوو، هەموو ئەو ئامێرە دەسکردانەی خـۆی دابـوونیّ. بـۆ نموونـەمـەخزەنی ئـاو، وەجـاخ و توورەکـە خـەوی پێـستە. ئـەو ئەوەندەدروست کردنی شتی تازەی پێ خۆش بوو کە تەنانەت بۆ ئەو کـار و ئاهەنگانـە کـە نووسەرە خۆشەویستەکانی بە ناپەسندیان زانیبوو، ئامێری پێویستی چێ دەکرد. بۆ نموونە کاتێك دەیدی زۆربەی ئەو دەرکراوانـە ئیمانـدارن و دەیانـەوێت هـەموو حەفتەیـەك ئاهـەنگی

«دان پیانان» بە جێ بێنن، کونێکی لەلەشی دارێك کرد و پەردەیەکی پیا هەڵواسی و شوێنی دان پیانـانی چـێ کـرد. دۆن سولپیـسیۆ لـە پـشت پەردەکـە دادەنیـشت و گـوێی لـە دان پیانانەکەیان دەگرت.

کۆزیمۆ بۆ ئەوەی بتوانێت بێئەوەی گوێ بە داب و ریسای ئەو تاقمە بدات، لە گەڵیانـدا بژی، ئەو یارمەتی و تازەگەرییانە بەس نەبوو، تازەگەری زیاتر پێویـست بـوو. بـەو بۆنـەوە نامەیەکی بۆ ئوربەکی کتێب فرۆش نووسی و داوای لێکرد ئەو کتێبانە کە بـۆی دەچـوو، بـۆ باسولیڤایان بنێرێت. بەمشێوە کتێبەکانی **پاول ڤێرژینیە**[٤٩] و **ئەلۆئیز نۆڤین**[٥٠]ی بە ئورسولادا کە بیانخوێنێتەوە.

دەرکراوەکـان زۆرجـار لەسـەر دار بەڕوویـەکی گـەورە کۆدەبوونـەوە. لـەو دانیـشتنە پارلەمانیانەدا چەند نامەیەکیان بۆ پاشاکەی خۆیان نووسی. سەرەتا دەیانویست نامەکەیان گوزارشت لە هەڕەشە و تووڕە بوونیان بکات و تەنانەت کاتی رزگار بوونیشیان دیاری بکات. بەڵام هەمیشە وا رێدەکەوت کە کەسێك پێشنیاری دەکرد با بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانـە و بە رێزەوە نامە بنووسن و، لە ئەنجامدا نامەیەکی پاڕانەوەیان دەنووسی و داوایان لە «دیوانی موبارەکی ئەعلا حەزرەتەکانیان » دەکرد لێیان خۆش بن.

ئەو کاتە بوو کە **سەردار** دەکەوتە قسە کردن و هەموویان بێدەنگ دەبـوون. پیرەمێـرد سەری هەڵدەبڕی و بە دەنگی نزم و لەرزۆکەوە، چی پێخۆش بوایە لە سەر دەربار دەیگوت. پاش قسەکانی ئەو هەموویان بێدەنگ دەبوون و روویـان گـرژ دەکـرد و، ئـیتر کـەس باسـی داخوازی و پاڕانەوەی نەدەکرد.

کۆزیمۆ وردە وردە ببووە ئەنـدامێکی ئـەو دەسـتەیە و لـە دانیـشتنەکانیاندا بەشـداری دەکرد. ئەو بـە شـەوق و سـاویلکەیی گەنجانـەوە بۆچـوونی فەلـسەفی دەهێنایـە ئـارا و، لـە خراپەکاری پاشاکان و چۆنییەتی فەرمانڕەوایی عەقڵ و دادپەروەری بەسەر جیهاندا دەدوا. بە داخەوە ئەوانەی گ ەگوێیان لێدەگرت سێ چوار کەس زیاتر نـەبوون. یـەکێکیان **سـەردار**

---

٤٩ - Paul Verginie

٥٠ - La Nouzell Helouse

بوو کە بەو پیرییە هەوڵی دەدا لە قسەکانی تێبگات و، ڕەنگدانەوەی ئەو قسانەش لە ڕەفتاریدا دەبیندرا. یەکێکی تریان ئورسولا بوو کە چەند کتێبێکی خوێندبۆوە و، دوو کچی گەنجی تریش کە لە باقیەکەیان وشیارتر بوون. بێجگە لەو چەند کەسە باقییەکەیان هەرەیان لە برە جیا نەدەکردەوە.

ورده ورده **سەردار** وازی لەتەماشای دیمەنەکەی بەرامبەری هێنا و تاوی دایە کتێب خوێندنەوە. زۆر لەنووسینەکانی ژان ژاك ڕۆسۆ نەدەگەیشت، بەڵام مۆنتسکیۆی پێ خۆش بوو کە ئەوەش شتێکی کەم نەبوو. ئەوانیتر هیچیان پێنەدەکرا، ئەگەرچی کاتێك دۆن سولپیسیۆ ئاگای لێنەبوایە دەچوون بۆ لای کۆزیمۆ و داوای کتێبی **پاکیزە**یان لێدەکرد و دەیانویست بەشە رووتەکانی بخوێننەوە. بەڵام **سەردار** بە ناسینی بۆچوونی تازە توونی بوو. لەئەنجامدا، دانیشتنی سەر داربەڕووەکە کۆڕانی بەسەر هات. ئیتر لەوێ باسی ئەوە دەکرا کە بگەڕێنەوە بۆ ئیسپانیا و ـ شۆڕش بکەن!

ماوەیەکی پێچوو تا دۆن سولپیسیۆ لە مەترسییەکە گەیشت. ئەو پیاوێکی زۆر زیرەك نەبوو، لەبەر ئەوەش کە پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی لەخۆی پلە بەرزتری کلێسا نەبوو، ئاگاداری ئەو بۆچوونە تازە و ژەهراوییانە نەبوو کە دەیانتوانی زەین و ئیمانی خەڵك گەندەڵ بکەن. بەڵام کاتێك بیری خۆی لە بێژنگ دا (یان وەها کە هەندێك کەس دەڵێن: کاتێك چەند نامەی لە کەسانی پلەبەرزی کلێساوە پێگەیشت) کەوتە جموجووڵ و گوتی شەیتان هاتۆتە ناو دەستەکەیان و، ڕێی تێدەچێت بەم زووانە ئاگر بباریّ و هەموو دار و دانیشتوەکانیان ببنە خۆڵەمێش.

شەوێك کۆزیمۆ بە دەنگی ناڵینێك لە خەو ڕاپەڕی. فانۆسێکی هەڵگرت و بەرەو دەنگ و ناڵەکە چوو. کە گەیشتە نارەوەنەکەی **سەردار**، دۆن سولپیسۆی بینی کە خەریکە بە گوریسێك ئەو پیرەمێردە بە دارەکەوە دەبەستێتەوە.

« دەست ڕاگرە باوکی ڕۆحانی! ئەوەچی دەکەی؟ »

« ئەمری مەحکەمەی پیرۆزی ئەنگیزاسیۆنە، کورِم! سەرەتا دەبیٚ ئەم پیرەمێردەکلۆڵە دان بەوەدا بنێت کە لە دین لایداوە و، ئەو شەیتانەش بتارێنێت کە چۆتە ناو لەشیەوە. پاشان نۆبەی تۆش دێت! »

کۆزیمۆ شمشێرەکەی راکێشا و گوریسەکەی بریەوە. گوتی:

« ئاگات لە خۆت بیٚ پاپا! کەسانێکیش هەن کە ئەمری عەقڵ و دادپەروەری بەرِێوە دەبەن! »

رۆحانییە یەسووعییەکە دەستی بۆ ژێر عاباکەی برد و شمشێرێکی تیژی راکێشا. گوتی:

«جەنابی بارۆن رۆندو! دەمێکەیە بنەماڵەی ئێوە دەبیٚ وەڵامی داواکانی ئێمە بدەنەوە.»

کۆزیمۆ شمشێرەکەی بە شمشێری کابرادا کوتا و هاواری کرد:

« باوکی رەحمەتیم راستی دەکرد! یەسووعییەکان هیچ شتێك لەبیر ناکەن! »

ئەوان لەسەر دارەکان دەستییان بەشەرِ کرد. قەشە شمشێر بازێکی کارامە بوو، سێ جار براکەمی خستە تەنگانەوە. لە سێهەم دەوری شەرِەکەیاندا بوون کە **سەردار** وەخۆی هاتەوە و هاواری کرد. ئەوانیتر بەئاگا بوونەوە و بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوانە هاتن. دۆن سولپیسیۆ لە چاو ترووکانێکدا شمشێرەکەی شاردەوە و دەستی بە ئارام کردنەوەی ئەوانیتر کرد. دەتگوت هیچ شتێك نەقەوماوە.

رووداوێکی ئاوا ناخۆش لە ناو هەر تاقمێکی تری جگە لەئەوان رووی بدایە، لەبیر نەدەچووەوە. بەڵام لە ناو ئەو دەرکراوانەدا کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو بیر لە هیچ کێشەیەکی جیدی بکاتەوە. دۆن فرێدریکۆ ناوبژی کرد و دۆن سولپیسیۆ و پیرەمێرد بە رواڵەت ئاشت بوونەوە و، وەزعەکە وەك جاران ئاسایی بووەوە.

بێگومان کۆزیمۆ دەبوو لەوە دوا زۆر ئاگای لە خۆی بوایە. کاتێك لەگەڵ ئورسولا بەسەر دارەکانەوە پیاسەی دەکرد نیگەرانی ئەوە بوو نەکا قەشە ئاگای لێبێت. دەیزانی دۆن

سولپیسیۆ تێدەکۆشا دۆن فرێدریکۆی لێ بەد گومان بکات و نەهێڵێت کچەکەی لەگەڵ ئەو بگەڕێت. راستە کە ئەو بنەماڵە ئەشرافانە نەریتێکی سەختگرانەیان بوو، بەڵام ژیانی دەربەدەری و دارنشینی ئیجازەی ئەو هەموو سەختگریەی پێ نەدەدان. بێجگە لەوەش کۆزیمۆ گەنجێکی قۆز بوو، پلە و پایەی ئەشرافی بوو، بێئەوەی کەس داوای لێ کردبێت یارمەتی دەدان و هاوڕێیەتی دەکردن. ئەو و ئورسولا یەکتریان خۆش دەویست، بە رەفتار و هەڵس و کەوتیاندا دیار بوو، کە پێکەوە بە ناو لقی دارەکاندا دەگەڕان و گوڵ و میوەیان دەچنی. بە هەموو ئەمانەشەوە کەس کاری پێیان نەبوو.

لە پاش بەد گۆییەکانی دۆن سولپیسیۆ، دۆن فرێدریکۆ نەیتوانی لەوە زیاتر کێشەکە پشت گوێ بخات. بۆیە بۆ وتووێژ کردن کۆزیمۆی بۆ شوێنەکەی خۆی بانگ کرد. دۆن سولپیسیۆش لە لای دانیشتبوو.

« بارۆن ، بیستوومە بە زۆری لە گەڵ کچەکەی مندا دەگەڕێیت. »

« گەورەم یارمەتیم دەدا زمانی ئێوە فێر ببم. »

« تۆ چەند ساڵت تەمەنە؟ »

« نزیك نۆزدە ساڵ. »

« کەمە ! تەمەنت زۆر کەمە ! کچەکەی من کاتی شوو کردنییەتی، بۆچی هەمیشە لەگەڵی دەگەڕێیت؟ »

« ئورسولا حەفدە ساڵیەتی. »

« هەروا زوو بە تەمای نوێ کردنەوەی دۆشەکەکەتی؟ »

« تێناگەم. »

« کەواتە کچەکەم مامۆستایەکی باشیش نییە. مەبەستم ئەوەیە کە دەتەوێ ژن بێنی و ماڵ و ژیان پێکەوە بنێیت؟ »

کۆزیمۆ و دۆن سولپیسیۆ هەردوکیان بێئیختیار دەستیان هێنایە پێش. وەك کەسێك کە بیەوێت مەترسییەك لە خۆی بتارێنێ. نە قەشـە و نـە براکـەم، هیـچیان ئـەو قـسانەیان پـێ خۆش نەبوو.

کۆزیمۆ دەستی بۆ بەرزترین لقی دارەکان و تەنانەت هەورەکانیش هەڵبڕی و گوتی:

« ماڵ و ژیانی من... ماڵ و ژیانی من لە هەموو کوێیەکە، لە هەر کوێ کە بتوانم بیگەمێ ، هەرچی بەرزتر... »

شازادە سەری لەقاند و گوتی: « نا، بـارۆن! ئەگـەر لـە گـەڵ ئێمـە بێیـت بـۆ گرانـادا، دەبینی کە گەورەترین و ئاوەدانترین موڵك و ماڵی ئەو ناوچەیەمان هەیە. لێرەش چاکترە. »

دۆن سولپیسیۆ نەیتوانی لەوە زیاتر دان بە خۆیدا بگرێت و گوتی:

« بەڵام، گەورەم، ئەم کوڕە گەنجە بیر کردنەوەی ڤۆڵتەری هەیە. نابێ هـات و چـووی کچەکەتان بکات... »

« گەنجە! لاوە! کە ژن بێنێـت ئـەم جـۆرە بیرکردنەوانـەی نامێنێـت. دەبـێ بێـت بـۆ گرانادا، دەبێ بێت. »

کۆزیمـۆ بـە ئیپانـسایی گـوتی: « زۆر سـوپاس. بـیر لـەم پێـشنیارەی جـەنابتان دەکەمەوە.»

ئەوسـا چـەند جـار داموکایـەوە و لـە کاتێکـدا کڵـاوە پێـستە پـشیلەکە لـەدەسـتیدا دەخولایەوە، دوور کەوتەوە.

کاتێك گەڕایەوە بۆ لای ئورسولا نیگەران و کز بوو.

« ئورسولا باوکت قسەی لەگەڵ کردم. شتی وای دەگوت کە... »

کچەکە داچڵەکی. پرسی:

« ئیتر نابێ یەکتر ببینین؟ »

« نا، باسی ئەوەی نەکرد. گوتی دەبێ لە گەڵ ئیوە بێم بۆ گرانادا. »

« ئۆی! چ باش دەبێ! »

« راستییەکەی... تۆ دەزانی کە خۆشم دەوێی، بەڵام مـن هەمیـشە لەسـەر دارەکـان ژیاوم و دەمەوێ درێژە بەم ژیانەش بدەم. »

« ئای کۆزیمۆ ، ئەگەر دەتزانی ئێمە چەندە داری جوانمان هەیە ! »

« بەڵێ، بەڵام بۆ ئەو سەفەرە ناچارم لە دارەکان بێمـە خـوار و، ئەگـەر پـێم لـە عـەرز بدرێت... »

« ئەوەندە نیگەرام مەبە. ئێمە هێشتا لە تاراوگەین و ئەم وەزعەش رەنگـە تـا ئـاخری تەمەنمان درێژەی ببێت. »

کۆزیمۆ ئیتر هیچی نەگوت و ئارام بووەوە. بەڵام پێـشبینییەکەی ئورسـولا هەڵـە بـوو. زۆری نەخایاند کە دۆن فرێدریکۆ نامەیەکی رازاوە بە مۆری پاشای ئیسپانیای پێگەیشت. « ئەعلا حەزرەت » لێیان خۆش ببوو، ئەمری دوور خستنەوەکەیانی بە تاڵ کردبووەوە. ئەوان دەیانتوانی بگەرێنەوە بۆ ماڵی خۆیان و سامانەکەشیان وەربگرنەوە. جموجووڵێك کەوتە ناو چنارەکانەوە.

« دەگەرێینەوە ! دەگەرێینەوە ! مادرید ! سویل ! گرانادا ! »

هەواڵەکە بە هەموو شاردا بڵاو بووەوە. خەڵکی باسـۆلیڤا بـە پەیـژەوە هـاتن. زۆربـەی دەرکراوەکان لە ناو شادی و هەلهەلەی خەڵکەکـەدا لـە دارەکـان هاتنـەخوار. بەشێکیـشیان خەریکی پێچانەوەی باروبنەکەیان بوون.

**سەردار** هاواری کرد:

« ئەمە تازە سەرەتایەتی ! مەجلیس و دەربار دەبێ وەڵامی زۆر شتمان بدەنەوە.

لەو کاتەدا کەس حەزی لە بیستنی قسەکانی ئـەو نـەدەکرد، ژنـەکان لـە بـیری ئـەوەدا بـوون کـە جلـەکانیان کـۆن بـووە و دەبـێ جلـی تـازە بکـڕن، بۆیـە پیرەمێـرد دەسـتی بـە وتاربێژیەکی ئاگرین بۆ خەڵکی باسۆلیڤا کرد.

« ئەرێ ، دەگەرێینەوە بۆ ئیسپانیا، بەڵام دەبینین کە هەندێك حسابات هەیە دەبێ پاك بکرێنەوە ! من و ئەم کوڕە گەنجە ( ئیشارەی بۆ کۆزیمۆ کرد ) چاریان دەکەین ! »

کۆزیمـۆ داچـڵەکیبوو، بـە نیـشانەی ڕەتکردنــەوەی قــسەکانی پیرەمێـرد دەســتی دەجووڵاند.

دۆن فریدریکۆ کە بە یارمەتی خـەڵك بـە دارەکـەدا داگـەڕابوو، ڕووی لـە کۆزیمـۆ کـرد و هاواری کرد:

« وەرە خـوار، گەنجـە سـەیر و سـەمەرەکە ! وەرە پاڵـەوان ! لـە گـەڵمان وەرە بـۆ گرانادا ! »

کۆزیمۆ خۆی بە لقێکەوە نووساندبوو، نەدەهاتە خوار.

شازادە دەیگوت: « بۆ نایەیتەخوار ! وەرە، تۆ دەتوانی ببی بە کوڕی من. »

**سەردار** دەیگوت:

« دوورخرانەوە کۆتایی هات. ئێستا دەتوانین ئەو کارانە بکەین کە ئەو هەمووە بیرمـان لێ کردۆتەوە ! لەسـەر دارەکـان چـیمان پـێ دەکرێـت؟ ئـیتر بـۆ دەبـێ لەسـەر ئـەو دارانـە بمێنینەوە ؟ »

کۆزیمۆ گوتی: « بەڕێزان، من بەر لە ئێوە لەم سەرییە بووم و، لـە دوای ئێـوەش لێـرە دەمێنمەوە. »

**سەردار** هاواری کرد:

« کەواتە وازمان لێ دێنیت؟ »

کۆزیمۆ گوتی:

« نا، من درێژەی پێ دەدەم. »

ئورسولا کە لەو یەکـەم کەسـانە بـوو چـووبووە خـوار و، خـەریك بـوو باروبنـەی سـوار کالیسکەکە دەکرد، بە غار بەرەو دارەکە چوو. هاواری کرد:

« کەواتە منیش لە لای تۆ دەمێنمەوە ! »

ئەوسا بە پەیژەکەدا هەڵگەڕا.

چوار پێنج کەس گرتیان و بردیان و پەیژەکەشیان لە دارەکە کردەوە. کالیسکەیەك کە بە زۆر ئەویان سوار کردبوو، سەر ڕێ کەوت. کۆزیمۆ هاواری کرد:

« ماڵاوا ئورسولا. هیوادارم بەختەوەر بیت! »

دەنگی وەڕینێکی شاد بیسترا. وادیار بوو ئۆپتیموس ماکسیموس کە لە هەموو ئەو ماوەدا رق و بێزاری خۆی نەشاردبۆوە، خۆشییەکەی رابوردووی بۆ گەڕابۆوە. ( رەنگە ئەو بێزارییەی بە هۆی شەڕی بەردەوامی لەگەڵ پشیلە ئیسپانییاییەکان بووبێت.) ئەو بە گەمەکردن شوێن چەند پشیلەیەك کەوت کە لە سەر دارەکان بەجێمابوون و، پشیلەکانیش کە دەیانبینی خۆیان گرمۆڵە دەکرد و دەیانفیفاند.

دەرکراوەکان بە سواری ئەسپ و کالیسکە و گاری ڕۆشتن. جادەکە دیسان چۆڵ بووەوە. براکەم بەسەر دارەکانی باسۆلیڤاوە بە تەنیا مایەوە. هێشتا لە ناو لقی دارەکاندا پارچە تۆڕی هاوریشم، نەوار و پەڕی رەنگی دەبیندرا کە بە دەم باوە دەشەکانەوە. لێرە و لەوێش دەسکێشێك، یان چەترێك یان باوەشێنێك یان چەکمەیەك بەجێمابوو.

## ١٩

لە مانگەشەوێکی هاویندا، شەوێکی پڕ لە قرپینی بۆق و چرپینی کوکوختی، بارۆن گەڕایەوە بۆ ئۆمبرۆزا. ئەو وەك باڵندەیەکی بێ قەرار و سەر لێ شێواو لقاولقی دەکرد و سەری بۆ هەموو لایەك دەکێشا. خۆڵاوی و شپرێو بوو.

زۆر زوو قاو بڵاوبۆوە کچێك بە ناوی فرانکوتا کە لەو بەر دۆڵەکە دەژیا، بووە بە دۆست و ماشووقەی. هەموو کەس دەیزانی کە ئەو کچە لە ماڵێکی دوور و تەریك لەگەڵ پوورێکی کەڕیدا دەژی و لقی دار زەیتوونێك تا لای پەنجەرەی دیوەکەی گەیشتووە. لەمەیدانی گوند هەموو بێکار و بەتاڵپاکان لەم بارەیەوە دەدوان.

« بەم دوو چاوەی خۆم بینیم! کچەکە لەسەر پەنجەرە و بارۆنیش لە سەر لقی دارەکە بوو. بارۆن هەر دوو دەستی وەك باڵی کوند دەجووڵاند و کچەکەش پێدەکەنی. »

« پاشان بارۆن پەڕیە خوار! »

« مەگەر سوێندی نەخواردووە هەتا مابێت پێی نەخاتە سەر عەرز؟ »

« بەڵ! ئەمەی بۆ خۆی کردووە بە ریسا. بەڵام هەموو ریسایەکیش ریزپەڕی هەیە. »

« کە ریزپەڕ دەستی پێکرد ئیتر کار تەواوە... »

« بەڵام بە بۆچوونی من پێویست بە چوونە خوار ناکات. کچەکە لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە خۆی دەگەیەنێتە لقی دار زەیتوونەکە. »

« ئاخر لەسەر دار چۆن دەکرێ؟... کارێکی ئاسوودەنییە. »

« گرێو دەکەم تا ئێستا دەستیان نەگەیشتۆتە یەکتر. رەنگە بارۆن حەز لە کچەکە بکات و ئەویش پێی خۆش بێت، بەڵام لە دارەکە نایەتە خوار. »

بەڵێ، نا، بۆچی، کچە، پەنجەرە، خوارەوە، لقەکە... قسەی ئەم شتانە کۆتایی نەبوو. ئیتر هیچ پیاوێك نەیدەهێشت ژنەکەی یان دەسگیرانەکەی لە لقی دارەکان بڕوانێت. ژنەکانیش کە دەگەیشتنەیەك بە چرپە باسی بارۆنیان دەکرد. بەهەر حال روون و ئاشکرا بوو کە براکەم بێئەوەی پێی بگاتە سەر عەرز لەم جۆرە بەسەرهاتانەی هەیە. جارێك بینیم کە دۆشەکێکی پێچابۆوە و خستبوویە کۆڵی و بەسەر لقەکاندا دەڕۆشت. ئەم کارەی ئەوەندە ئاسایی و سروشتی دبوو، کە دەتگوت نەوەك دۆشەك، بەڵکوو تفەنگ یان تەور یان گوریس و توورەکەی خەوی بە کۆڵەوەیە.

ژنێك بە ناوی دروتیئا لەوەدوا بۆی گێڕامەوە کە رۆژێك بە حەز و خواستی خۆی چۆتە لای بارۆن. دەیگوت ئەو ئەم کارەی نەك بۆ پارە، بەڵکوو بە هۆی کونجکۆڵییەوە کردووە.

لێم پرسی: « دەی چۆن بوو؟ »

« ئەی! خراپ نەبوو! »

لە ژنێك بە ناوی زوبەیدەم بیست کە شەوێك خەونی بە « پیاوی سەردارەکانەوە » بینیوە. بەڵام کاتێك رووداوی خەونەکەی زۆر بە وردی و واقیعیانە بۆ گێڕامەوە، زانیم ئەمە خەون و خەیاڵ نەبووە...

من پێموایە ژنان مەیلێکی تایبەتیان بۆ براکەم بوو. ئەو لەو دەمەوە لەگەڵ ئیسپانیاییەکاندا ژیابوو، زیاتر بەخۆیدا دەگەیشت. ئیتر ئەو جلکە پێستەی لەبەر نەدەکرد کە وەك ورچی لێکردبوو، کەوا و پانتۆڵی لەبەر دەکرد و کڵاوی سیلیندری ئینگلیسی لەسەر

دەکرد. ریشی دەتاشی و کڵاوقژەکەی خاوێن رادەگرت. بە شێوەی جل لەبەر کردنیدا لە کەسێك دەچوو کە دەچێت بۆ ڕاو یان لەگەڵ کەسێك ژوانی هەیە.

لەو دەمەدا ژنێکی مەزنزادەی ناوین ساڵ، خووی بەوە گرتبوو کە بە تەنیا بچێت بۆ گەشت و گەڕان. ( ئەو ژنە ئۆمبرۆزایی بوو. ئەگەرچی لەو کاتەدا هەموو کەس بە رووداوەکەی دەزانی، بەڵام من ناوی نابەم چونکا کچ و کچەزاکانی هێشتا زیندوون و رەنگە پێیان ناخۆش بێت.) ئەو ژنە سوار کالیسکەکەی دەبوو داوای لەمەیتەرەکەی دەکرد کە بە شوێنێکی جادەکەدا بڕوات کە لە دارستانەوە تێدەپەڕێت. لەوێ بە مەیتەرە پیرەکەی دەگوت:

« دارستان پڕە لە قارچك. بچۆ ئەو سەوتەم بۆ پڕ بکە لە قارچك و بگەڕێرەوە. »

پیرەمێردی کلۆڵ کە روماتیسمیشی بوو لە کالیسکەکە دادەبەزی. سەوەتەکەی خانمی بە کوڵەوە دەگرت و بە ناو دار و دەوەنە تەڕ لە ئاونگەکەدا رێدەکەوت. ئەو شوێن قارچکی خۆراکی دەکەوت تا ون دەبوو. لەو کاتەدا خانمیش لە کالیسکەکەی دەردەپەڕی و لە ناو لقوپۆی دارەکاندا ون دەبوو. دیارە لەمە زیاتر هیچ ناگوترێت. تەنیا شتێك کەدەبێت بیڵێم ئەوەیە کە جاروبار ئەوانەی کە لەوێوە رادەبوردن، لەناو دارستانەکە کالیسکەیەکی بێخاوەنیان دەبینی. خانمی مەزنزادە هەر بەو شێوە سەیر و سەمەرەیە کە ون ببوو، پاش ماوەیەك لەسەر کورسی کالیسکەکە دەبیندرایەوە. ئەمجارە نیگای ماندوو بێواز بوو. مەیتەرە پیرەکە، سەر تا پا قوڕاوی، بە سەوەتەیەك قرچکەوە دەگەڕایەوە و دیسان رێدەکەوتنەوە.

زۆربەی ئەم چیرۆکانە لە هەموو کوێ بەسەر زارانەوە بوو. بە تایبەت لەماڵی هەندێك خانمی جنۆڤایی کە میوانداری پیاوانی پلە بەرزیان دەکرد. ( منیش لە تاڤ مێرمنداڵیدا چەند جارێك سەردانی ئەو شوێنانەم کردووە ) پێنج کەس لەم خانمانە هەوەسیان کرد سەردانی بارۆن بکەن. تا ئیمڕۆکەش هێشتا داریك لە ناوچەکەی ئێمە هەیە کە ناوی « بەرووی پێنج ژنە پاکیزەکە »یان لێناوە و تەنیا ئێمەمانان کە تەمەنێکمان لێ ڕۆشتووە بە هۆی ئەو ناوە

دەزانین. کابرایەك بە ناوی یـایس[٥١] کـە کـشمیش فـرۆش بـوو، بەسـەرهاتی ئـەو دارەی بـۆ گێڕاینەوە. ئەو پیاوێکی درۆزن نەبوو، دەیگوت لە رۆژێکی خۆشی هـەتا و هەسـاودا کـە لـە دارستان خەریکی راو بووە، رێی کەوتۆتە بن دار بەڕوویەك و لەویٚ دیمەنێکی بڕواپێنـەکراوی بینیوە. کۆزیمۆ هەر پێنج ژنەکەی بەدارەکەدا هەڵگێڕابوو، لەسەر لقێـك لـەملاولای خۆیـەوە داینیشاندبوون. ژنەکان رووت بوون و تـەنیا چـەترێکیان بـە دەسـتەوە بـووە تـا خـۆرەتـاو ئازاریان نەدا. کۆزیمۆ لە ناو بەینیاندا دانیشتبوو شێعری لاتینی بـۆ دەخوێندنـەوە کـە بـاش نەمزانی شێعری کامە شاعیری کۆن بوو.

ئەوەندەیان لەو جۆرە چیرۆکانە دەگێڕایەوە کە نازانم کامەیان راست و کامیان درۆ بوو. لەو کاتەدا خودی کۆزیمۆ لەبەر حەیای خۆی باسی هیچی نەدەکرد. بەڵام کـە پـیر بـوو، بـە پێچەوانەوە، پەیتا پەیتا باسی ئەم جۆرە رووداوانەی دەکرد و ئەوەندەشی دەگوت کە خۆی گێژ دەبوو. ئەو دەمە هەر کچێك ئاوس بوایە و ئاشکرا نەبوایە کار کاری کێیە، دەیاندایە پاڵ براکەم.

رۆژێك کچێکی گەنج گوتی لە کاتی کۆکردنەوەی زەیتوون، دوو دەستی درێژ وەك قۆلی مەیموون لە عەرز بەرزیان کردۆتەوە و بۆ سەر دارەکانیان بردووە. زۆری پێنەچـوو کـە ئـەو کچە دوو منداڵی بە سکێك بوو. وردە وردە ئۆمبرۆزا پڕ بوو لەو منداڵانە کـە ـــ بەراسـت یـان درۆ ــ بە منداڵی بارۆنیان دەزانـین. ئێمـرۆ کـە ئـەو منداڵانـە گـەورە بـوون دەکـری هەنـدێك لێکچوونیان تیا بەدی بکەیت، ئەگەرچی دووریش نییە ئەو لێکچوونانە بە هۆی هەسـتێکەوە بێـت کـە مـرۆڤ بەسـەر خۆیـدا فـەرزی دەکـات. زۆرجـار کـە کۆزیمـۆ لـەپڕ لەسـەر دارێـك دەردەکـەوت، ژنـانی دووگیـان بـەبینـینی دادەچـڵەکین و، ئـەم داچـڵەکینەش کارتێکـەری لەسەریان بوو.

من بڕوام بەوە نییە کە براکەم پەیوەندی بەم هەموو منداڵانەوە بووبێت. نازانم ئایـا بـە راست ئەو هەموو ژنە لە گەڵی بوون یان نا، بەڵام شتێك بەلامەوە ئاشـکرایە ئـەویش ئەوەیـە

---

[٥١] - Jais

کە ئەوانەی کە بەراست لە گەڵیدا بوویێتن، هەوڵ دەدەن بیشارنەوە و باسی نەکەن. بێجگە لەوەش ئەگەر بە راست براکەم ئەو هەموو دۆست و ماشووقەی بوویێت، ئەی بۆ لە هەندێك شەوی مانگە شەودا وەك پشیلەی نێر لەم دارەوە بۆ ئەو دار دەچوو، بە دەوری ماڵ و باخەکانی قەراغ بورجەکەی ئۆمبرۆزادا دەسووڕایەوە؟ لەو شەوانەدا دەنگی ئاخئاخ و ناڵەناڵ و باوێشك و بۆڵەبۆڵی بە گوێی هەموو کەس دەگەیشت و ئەگەرچی تێدەکۆشا بەسەر ئەو حاڵەتەیدا زاڵ بێت و ئاسایی بنوێنێت، بەڵام بە راست لەوە دەچوو بمیاوێنێ و داوای جووت بکات. ئۆمبرۆزاییەکان کە ئەو دەنگانەیان دەبیست لەخەو رادەپەڕین و بە دەم تلاوتلی ناو جێگەیانەوە دەیانگوت:

« دیسان بارۆن داوای جووت دەکات. خودا بکات زوو کەسێك بدۆزێتەوە و وازمان لێ بێنێت، بخەوین. »

ئەو پیرەمێردانە کە شەوان خەویان لێنەدەکەوت جاروبار دەچوونە لای پەنجەرەی دیوەکەیان و سەیری باخچەکانیان دەکرد و بە بینینی سێبەری بارۆن لەسەر لقی دارەکان دەیانگوت:

« وادیارە ئیمشەو خەوتان لێ ناکەوێت جەناب؟ »

کۆزیمۆ وەڵامی دەدایەوە: « نا، هەر دەتلێمەوە بەڵام خەوم لێناکەوێت. نازانم ئیمشەو بۆ وام لێهاتووە! رەنگە بەهۆی گەرماوە بێت! پێموابێ هەوا خەریکە دەگۆڕێ. تۆش هەستی پێناکەیت؟ »

ئەو قسانەی وەك کەسێك دەکرد کە لە جێ و بانێکی نەرمدا راکشابێت و سەری لە سەرینەکەی توند کردبێ و حەز بکات بخەوێت. ( کەچی ئەو وەك تەنافبازێك خۆی بە دارەکانەوە بەردابووەوە! )

پیرەمێرد دەیگوت: « بەڵێ، بەڵێ، هەستی پێدەکەم. بەڵام من پیر بووم و ئێوە گەنجن جەناب. خوێنتان دەکوڵێ و بێقەرارتان دەکات. »

« راستە بێقەرارم دەکات. »

« کەواتە بڕۆن لە شوێنێکی تر بگەڕێن. لێرە هیچی لێ نییە کە بەکەڵکی ئێوە بێت. ئەم بنەماڵە کلۆڵانە دەبێ بەیانی زوو هەستن، ئێستاش دەیانەوێت تۆزێك بخەون. »

کۆزیمۆ بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە ناو لقوپۆی باخی دراوسێکەدا ون دەبوو. ئەو هەمیشە ئەم چوارچێوەی دەپاراست و ئۆمبرۆزاییەکانیش لە گەڵ ئەو ڕەفتارە سەیرەیدا گونجابوون و هیچیان نەدەگوت. چونکا هەرچی بێت ئەو بارۆن بوو. بارۆنێکی جیاواز لە خەڵکیتر.

هەندێك جاریش ئەو دەنگە دەنگە کێویانەی، بەر گوێی ئەو کەسانەش دەکەوت کە پێیان خۆش بوو پەنجەرەکەیان بکەنەوەو... مۆمێك هەڵدەکرا، نەرمە پێکەنینێك دەبیسترا، دەنگێکی تەوساوی و توانجاوی ژنانە بەرز دەبووەوە و لە تاریك و ڕوونی دیمەنەکەدا دەتوایەوە، ئەوسا هەموو شتێك دەگۆڕا. ئایا لاسایییان دەکردەوە؟ یان بانگیان دەکرد؟ گرنگ نەبوو. هەرچی بوو دیار بوو کەسێك لە بیری ئەودایە و سووکە مەیلێکی بۆ ئەو پیاوە سەیر و سەمەرەیە هەیە کە وەك ئاژەڵێکی جادوویی لە دارێکەوە بۆ دارێکیتر دەچوو.

جاروباریش ژنێکی بێ حەیای شەیتان دەچووە بەر پەنجەرەکەی. کۆزیمۆ دەیبینی کە هێشتا لەشی بە هۆی گەرمانی جێگەوبانەکەیەوە تەڕە، بسکی ئاڵۆز و سنگی ڕووتە، لێوی بە دەم پێکەنینێکی گاڵتە بازانەوە پشکووتووە.

« کێ بوو؟ پشیلە؟ »

کۆزیمۆ وەڵامی دەدایەوە:

« نا، مرۆڤە. مرۆڤێکی وەك هەموو کەسیتر. »

« بۆ ئێستا مرۆڤەکانیش دەمیاوێنن؟ »

« نا، ئاخ هەڵدەکێشن. »

« بۆچی؟ مەگەر چیان دەوێ؟ »

« ئەو شتەی کە تۆ هەتە. »

« چی؟ »

« وەرە تا پێت بڵێم. »

ئەو هەرگیز لەگەڵ پیاوانی ئۆمبرۆزا تووشی شەڕ و کێشە نەبوو. هەرگیز کەس رقی لێ هەڵنەگرت و، من پێموایە هەر ئەمەش ئاشکرای دەکات کە ئەو پیاوێکی ترسناك نەبوو. تەنیا یەکجار، ئەویش بە شێوەیەکی نادیار بریندار بوو. ئەم هەواڵە بەیانییەك بڵاو بووەوە. دەنگی ناڵە ناڵەکەی لەسـەر دارەکانـەوە دەهـات و پزیـشکێکی نەشـتەرکاری ئـۆمبرۆزا بـۆ ئـەوەی بیبینێت بە دارێکدا هەڵگەڕا. قاچەکانی براکەم پڕ ببوو لەو ساچمە بچووکانە کە چۆڵەکەیان پێ دەکوشت. یەکە یەکە ساچمەکانیان لە گۆشتەکەی هێنایەدەر. برینێکـی بـە ئـازار بـوو، بەڵام کۆزیمۆ زوو چاك بووەوە. هەرگیز نەمانزانی ئەو کێشە و رووداوە چی بوو، چۆن قەوما. خۆی دەیگوت لە کاتێکدا ویستوویەتی بە لقێکدا هەڵبگەڕێت، دەستی بە هەڵە لە تفەنگەکەی دراوە و تەقەی لە قاچی خۆی کردووە.

رۆژانی چاکبوونەوەی لەسەر دار گوێزێك تێپەڕی و ئـەو لـەجێـی خـۆی نـەبزوا. دیـسان دەستی بە کتێب خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە کردەوە. هەر لەم قۆناغەشدا بوو کە دەستی بـە نووسنینی « پـێش نووسـی یاسـای بنـەڕەتی وڵـاتی یۆتۆپیـایی سـەردارەکان » کـرد. لـەم نووسینەدا باسی کۆماری خەیاڵی دارستانی دەکرد کە تـەنیا مرۆڤـە چـاك و دروسـتکارەکان لێی دەژیان. دەیویست لەو نووسینەیدا باسی بابەتی پەیوەندیدار بـە یاسـا و دەوڵـەتی ئـەو کۆمارە بکات، بەڵام لە گەرمەی کارەکەیدا مەیلی چیرۆکێکی دوور و درێژ بەسەریدا زاڵ بوو، نووسینەکەی بوو بە تێکەڵەیەك لە رووداو و دوئێل و بەسەرهاتی عاشقانە. ئەڵبەت ئـەو ئـەم چیرۆکە عاشقانەی لە بەشێکی تایبەتی کتێبەکەیدا نووسی، کە ناوی « مافی مـەدەنی زەواج »ی لێنابوو. بە تەمابوو لە دواهەم بەشی کتێبەکەشـدا باسـی ئـەم بابەتـە بکـات: نووسـەر، لەدوای بنیادنانی وڵاتێکی یۆتۆپیایی لەسەر دارەکان و، دڵنیا بوون لەوەی کە هەموو خـەڵك لەسەر دارەکان جێگر بوون و بەختەوەر دەژین، خۆی لەسـەردارەکان دێتـە خـوار و لەسـەر عەرز ــ کە ئیتر کەسی لێ نەماوە ــ دەژی. ئەم نووسینە بە ناتەواوی مایەوە. کورتەیەك لـە کتێبەکەی بە ناوی سادەی « کۆزیمۆ رۆندو، خوێنەری ئەنـسکلۆپیدیا » بـۆ دیـدەرۆ نـارد و دیدەرۆش نامەیەکی سپاسکوزارانەی بۆ نووسی.

## ٢٠

لەبارەی ئەو قۆناغە شتێکی وام بۆ گوتن پێ نییە. من بۆ یەکەمجار سەفەرێکم بۆ ئەملاولای ئەورووپا کرد. بیست و یەك ساڵم تەمەن بوو، سامان و دارایی بنەماڵەش لەبەر دەستمدا بوو. براکەم پارەیەکی کەمی دەویست و دایکمان ـ کە وردە وردە پیر بووبوو ـــ پێویستی بەپارە نەبوو. کۆزیمۆ بەڵگەیەکی ئیمزا کرد و داهاتی موڵك و ماڵەکەی بە من سپارد. لە بەرامبەردا منیش دەبوو مانگانە شتێکی بدەمێ، باج و باڵیاتی لێبدەم و سەر و سامانێکیش بە کاروباری بنەماڵەکەمان ببەخشم. من دەبوو ببوومایە بە سەرپەرشتی ماڵ و، ژن بخوازم. ژیانێکی ئاسوودە و رێك و پێکم لەبەر بوو. لە راستیدا بێمەبالات بەرامبەر بە هەڵچوون و داچوونی ئەو سەردەمە پڕ کارەساتەش، بەو ژیانە خۆشە گەیشتم.

بڕیارمدا بەر لە دەست پێکردنی ئەو ژیانە، گەشت و سەفەرێك بکەم. چووم بۆ پاریسیش. لەو کاتەدا ڤۆڵتەر، کە پاش ساڵەها دوورە پەرێزی شانۆیەکی ئامادە کردبوو، لەوپەڕی ناو و ناوبانگدا بوو. بێگومان لێرەدا نامەوێ ژیاننامەی خۆم بنووسمەوە، بیرەوەرییەکانی من بایەخی نووسینەوەیان نییە. بەڵکوو مەبەستم نووسینی ئەو شتەیە کە

لەو سەفەرەدا، بـە سەرسـووڕمانەوە بینـیم ناوبـانگی «پیـاوی سـەردارەکانی ئـۆمبرۆزا» تـا دوورترین شوێنەکانی ئورووپاش ڕۆشتووە. لە سالنامەیەکدا چاوم بە وێنەیەك کـەوت کـەلـە ژێریدا نووسرابوو: «**پیاوە وەحشییەکەی ئۆمبرۆزا (لە کۆماری جنۆوا) هەرگیز لە دارەکـان نایەتە خوار**». ئەوە وێنەی پیاوێکی سەراپا کولکن بـوو کـە ریـشی زۆر و کلکـی درێـژ بـوو، کوللەی دەخوارد. ئەم وێنە لەو کتێبەدا لە بەشی « دێوەزمە » هاتبوو. لە پـێش و لـەدوای ئەو وێنەش هەندێك بابەت لە بارەی «مرۆڤی دوو جنسی» و «کچی دەریایی کـە لـە پـشتێن بەرەو خوار ماسی» بوو، دەبیندرا.

لـە هـەرکوێ ئـەم جـۆرە بۆچـوونە خەیاڵیانـە لـە بـارەی کۆزیمـۆوە لـە ئـارادا بوایـە، نەمدەگوت ئەوە برامە. بەڵام لە میوانییەك کە بە بۆنەی ڤۆلتەرەوە بوو، بـە سـەربەرزییەوە باسـی کۆزیمـۆم کـرد. فەیلەسـوفی پـیر لەسـەر مۆبلێـك دانیـشتبوو، دەسـتەیەك خـانم بـە دەوروبەرییەوە بوون و ستایشیان دەکرد. ئەویش وەك کەڵەشێر خـۆی گـیڤ کردبـوو، وەك زەردەواڵەش بە ئەم و ئەوییەوە دەدا. کە بیستی من لە ئۆمبرۆزاوە هاتووم، پرسی:

« شوالییەی خۆشەویست، ئـەم فەیلەسـووفە بـە ناوبانگـە کـە وەك مـەیموون لەسـەر دارەکان دەژی خەڵکی شاری ئێوەیە؟ »

خۆمم پێنەگیرا و بەسەر بەرزییەوە گوتم:

« بەڵێ، بارۆن ڕۆندو برای منە. »

ڤۆلتەر سەیری هاتێ. بێگومان بە لایەوە سەیر بـوو کـە بـرای کەسـێکی ئـاوا پیـاوێکی ئاسایی وەك من بێت. ئەو لە بارەی کۆزیمۆوە گەلێك پرسیاری لێکردم. بۆنموونە:

« براکەت بۆ ئەوە هەمیشە لەسەر دارەکانە کە لە ئاسمانەوە نزیکتر بێت؟»

لە وەڵامدا گوتم:

« براکەم پێیوایە بۆ بینینی چاکتری زەوی دەبێ کەمێك لێی دوور بکەویتەوە. »

ئەم قسەی منی زۆر پێخۆش بوو. گوتی:

« بەر لەمە تەنیا سورشت بوو کە دیاردەی زیندووی دادەهێنا، بەڵام ئێستا **عەقڵ** کاری وادەکات. »

ئەمەی گوت و دیسان هێرشی بۆ بیرکردنەوەی خورافیانەی عالمەکان بردە.

پەیامێکی بەپەلە لە ئۆمبرۆزاوە گەیشت کە ناچاری کردم بە نیوەناچڵی کۆتایی بە سەفەرەکەم بێنم و بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە. نەخۆشی پشووسواری دایکم پەرەی سەندبوو، لە ناو جێگەدا خستبووی.

کاتێك دەروازەی باخەکەم دەکردەوە و سەیری دارەکانم دەکرد، دڵنیا بووم کۆزیمۆ دەبێت لەوێ بێت. ئەوم بینی کە لەسەر لقی بەرزی دار تووەکە، لە نزیك پەنجەرەی دیوەکەی دایکم دانیشتبوو.

« کۆزیمۆ. »

هاوارەکەمم خواردەوە. براکەم بە ئیشارەتی دەستی تێی گەیاندم کە دایکم کەمێك چاکتر بووە، بەڵام هێشتا نەخۆشییەکەی سەختە و نابێ دەنگە دەنگ بکەم.

دیوەکە نیوە رۆشن بوو. ژەنراڵ لە ناو جێگەکەیدا پاڵی بە چەند باڵشتەوە دابوو. من پێشتر ئەوم ئەوەندە باڵا بەرز نەبینیبوو. تەنیا چەند کەس لە ژنەکانی ماڵ لە لای بوون. باتیستا هێشتا نەهاتبوو. مێردەکەی دەبوو لەگەڵی بهاتایەو ئەوان چاوەڕوان بوون تریّ چنین کۆتایی پیّ بێت. پەنجەرەکە نیوە کراوە بوو، هێڵێك رۆشنایی بەرەو ژورەوە رادەکێشا. لەوبەر پەنجەرەکە کۆزیمۆ بیّ جووڵە لەسەر لقەکەی دانیشتبوو.

من نەویمەوە و دەستی دایکمم ماچ کرد. دەستبەجیّ منی ناسییەوە و دەستی بە سەرمدا هێنا.

« ئاخ، تۆی بیاجۆ، گەڕایتەوە؟ »

هێواش و دانە دانە قسەی دەکرد. چونکا پشوسوارییەکە زەختی دەخستە سەر سنگی. بەڵام هێشتا هۆشی بوو. تەنیا شتێك کە بە لامەوە زۆر سەیر بوو ئەوە بوو کە رووی

دەمی جگە لە من لە کۆزیمۆش بوو. دەتگوت ئـەویش لـە پەنایـدا دانیـشتووە و، براکەشـم بەسەر دارەکەوە وەڵامی دەدایەوە.

« کوزیمۆ دەمێکەیە دەرمانەکەم خواردووە؟ »

« نا، دایە. چەند خولەکێکە. تۆزێك سەبر بگرە. دەرمانی زۆر خواردنیش باش نییە. »

کەمێك دواتر دایکم گوتی:

« کۆزیمۆ پرتەقاڵێکم بدەرێ. »

داچڵەکیم. کاتێك زیاتر سەرم سوڕما کە کۆزیمۆ دارێکی زۆر درێژ کە قولاپی بەسەرەوە بوو لە پەنجەرەکە هێنایە ژوور و پرتەقاڵێکی پێ هەڵگرت و دای بە دەست دایکم.

زانیم کە دایکم بۆ ئەو کارە بچووکانە حەز دەکات کۆزیمۆ یارمەتی بدات.

« کۆزیمۆ ئەو کۆڵوانەم بدەرێ. »

کۆزیمۆ دارەکەی دەهێنا و بە ناو ئەو جلانەدا کە لەسەر کورسـییەکە بـوون، دەیگێـڕا. کۆڵوانەکەی دەدۆزیەوە و دەیدا بە دایکم.

« فەرموون دایە. »

« سپاس کوڕم. »

ئەو بە شێوەیەك قسەی لەگەڵ دەکرد کە دەتگوت هەمیـشە لـە پەنایـدا بـووە. بـەڵام تێگەیشتم کە هەرگیز داوای شتێکی لێ ناکات کە نەتوانێت بیداتێ. ئەگـەر شـتێکی وەهـای بویستایە رووی لە من یان لە ژنەکان دەکرد.

شەوان دایکم خەوی لێنەدەکەوت. کۆزیمۆ لەسەر ئەو لقە دەمایەوە و بۆ ئەوەی دایکـم بتوانێت بیبینێت، چرایەکی بچووکی لە پەنای خۆیدا دەئایساند.

نەخۆشـی پـشووسواری بـەیانیان لـە هەمیـشە زیـاتر ئـازاری دەدا. تـەنیا کارێـك کـە دەمانتوانی بۆی بکەین ئەوە بوو کە سەری قاڵ بکەین. کۆزیمۆ شمـشاڵی بـۆ دەژەنـد، یـان لاسای دەنگی باڵندەکانی دەکردەوە، یان پەپوولەی بۆ دەگرت و دەیخستە ناو ژوورەکـەی تا لەوێ بفڕن، یان ملوانکەیەکی لە گوڵی گلیسین دەچنی و پێ دەدا.

لە ڕۆژێکی خۆشی تاو وساودا کۆزیمۆ پیالۆکەیەکی بە دەستەوە گرتبوو، لە کەفی سابوونی ناو پیالۆکەکە بلقی ساز دەکرد و بەرەو جێگەکەی دایکمی دەنارد. دایکم سەرقاڵی سەیر کردنی ئەو بلقانە بوو کە ژوورەکەیان پڕ کردبوو لە کۆلکەزێڕینە.

« ئەوە چی دەکەیت؟ »

کە منداڵیش بووین هەر بەم شێوە پرسیاری لێ دەکردین و سەرکۆنەی دەکردین کە بۆ یارییەك دەکەین کە ئەو زۆر بە منداڵانە و بێ سوودی دەزانێت. لەگەڵ ئەوەشدا وادیار بوو بۆ یەکەمجار ئەو یاری کردنەی پێ خوش بێت. بلقی سابوونەکە تا نزیك ڕوومەتی دەچوون، ئەویش فووی لێ دەکردن و دەیتەقاندن و بزەی دەهاتێ. بلقێك لەسەر لێوی نیشت و مایەوە تا تەقی. من و ژنەکان نەوینەوە. پیالۆکەکە لە دەست کۆزیمۆ بەربۆوە. دایکمان مردبوو.

درەنگ یان زوو، دەبوو جەشن و شادی جێی خەم و پرسە بگرێتەوە. ئەمە یاسای ژیانە. ساڵێك لە دوای مەرگی دایکم، کچێك لە مەزنزادەکانی ئەو ناوچەیەم دەسگیران کرد. بە گران توانیم دەسگیرانەکەم پێمل بکەم کە لە ئۆمبرۆزا بژین. ئەو لە براکەم دەترسا. ئەو بیرە کە پیاوێك لە ناو لقوپۆی دارەکاندایە و لە پەنجەرەکانەوە سەرەتاتکە دەکات و هەموو کاتێك ڕێی تێدەچێ ڕووبەڕووی ببێتەوە، دەیتۆقاند. ئەو بێئەوەی کۆزیمۆی بینیبێت بە پیاوێکی وەحشی دەزانی. بۆ ئەوەی کە ئەم بیرەی لێبتارێنم، بۆ خواردنی نیوەڕۆ دەعوەتم کرد بۆ بێشەلانێك و، داوام لە کۆزیمۆش کرد کە بێت. دەورییەکەی ئەومان لەسەر مێزێکی بچووك لەسەر لقی دار ئالشێك دانا و، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو ئەگەرچی خووی بەمجۆرە میوانییە ڕەسمییانە نەگرتبوو، ڕەفتارێکی زۆر شایستەی نواند. دەسگیرانەکەم کاتێك بینی ئەویش مرۆڤێکە وەك هەموو خەڵکیتر و تەنیا جیاوازییەکەی ئەوەیە کە لەسەر دارەکان دەژی، کەمێك ئاسوودە بوو. بەوحاڵەش هەرگیز متمانەی پێی نەبوو، نەیدەتوانی ئەو هەستەش لە خۆی بتارێنێت.

دوای ئەوە کە زەماوەندمان کرد لە ڤیلاکەمان دەژیاین، بەڵام هاوسەرەکەم هەوڵیـدەدا ئەوەندەی کە دەکرێت خۆ لە گفتوگۆ و تەنانەت بینینیشی بپارێزێت. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کۆزیمۆی کلۆڵ بەردەوام دەستووە گوڵ و پێستەی گرانبـەهای بـۆ دەهێنـا. منـداڵمان بـوو، منداڵەکانیشمان وردە وردە گەورە بوون، بەڵام هاوسەرەکەم پێیوابوو نزیکایەتی وەها مامێك بە شێوەیەکی خراپ کار دەکاتە سەر پەروەردەیان. ئەو کاتێك خەیاڵی ئاسوودە بوو کە قەڵا کۆنەکەی ڕۆندومان چاك کردەوە و چووین بۆ ئەوێ. قەڵایەك کە لە دەمێکەوە چۆڵ و کـاول بوو. ئێمە، بۆ ئەوەی منداڵەکانمان لە کۆزیمۆ دوور بن، زۆر بە کەمی لە ئۆمبرۆزا دەماینەوە و بە زۆری لە ڕۆندو بووین.

لە لایەکیترەوە، کۆزیمۆش لە تێپەڕینی زەمان دەگەیشت.

یەکێك لە نیشانەکانی ئەو تێپەڕینە ئۆپتیموس ماکسیموس بوو کە پیر دەبوو، ئیتر بـۆ ڕاوە ڕێوی هاوڕێیەتی سەگەکانی نەدەکرد. بیری لە دڵداری و ڕابواردن لەگەڵ سەگی ڕەسەن و گورگییەکان نەدەکردەوە. هەمیشە وەنەوزی دەدا و لەبەر ئەوەی سـکی بـە حاسـتەم لـە عـەرز جیـا بوویـۆوە بـە پێـوە خـەوی لێدەکـەوت. لـە بـن ئـەو دارە کـە کۆزیمـۆ لەسـەری دانیـشتبوو، ڕادەکـشا و جاروبـار بـە ماندوویـیـەوە سـەیری دەکـرد و کلکـی بـۆ دەلەقانـد. کۆزیمۆش کە دەیبینی کات بە گورجی تێدەپـەڕێت و ژیـانی بـۆش و بـە تاڵـە، ناشـاد بـوو. ئەویش لە سەروخوار کردنی سەر لقەکان ماندوو ببوو، ئیتر هیچ شتێك خۆشحاڵی نـەدەکرد. نە ڕاو، نە عەشق و دڵدارییەکان و نە کتێب خوێندنەوەش. تەنانەت خۆشی نەیـدەزانی چـی دەوێت. جاروبار تووڕە دەبوو، بە پەلە بە نـزمترین و ناسـکترین لقەکانـدا هەڵدەگـەڕا. لـەوە دەچوو بە هیوابێت بەژوور سەرپەلەکانیـشەوە داریـتری لـێ بێـت و ئـەو تـا بێکۆتـا پیایانـدا هەڵگەڕێت.

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئۆپتیموس ماکسیموس شپرزە و بێقەرار بوو. دەتگوت شتێك لە هەوادا بوو کەنائارامی دەکرد. کەپۆی ڕوو لە حەوا دەگرت و بۆنی دەکرد و، دیسان لەسـەر عـەرز ڕادەکشایەوە. دوو سێ جار هەستا، تەکانێکی لەخۆی دا و دیسان ڕاکشایەوە. لە پڕ هەستا

و سەر ڕێ کەوت. نەرمە نەرمە غاری دەدا و جاروبارێش بۆ ئەوەی پـشووی تـازە بکاتـەوە، رادەوەستا. کۆزیمۆ بەسەر لقەکانەوە شوێنی کەوت. ئۆپتیموس ماکسیموس بە رێگەی نـاو دارستانەکەدا دەڕۆشت. وەها کە بەرەو شوێنێکی دیار و تایبەت بچێت، جارجار رادەوسـتا، دەحەسایەوە، دەمیست، سەیری کۆزیمۆی دەکرد و هەمدیسان سـەر ڕێ دەکەوتـەوە. بـەو شوێنانەدا دەڕۆشت کە براکەم زۆر هاتوچووی پیا نەدەکرد و تەنانەت بۆشـی نائاشـنا بـوو. بەو شێوە گەیشتە راوگەی تایبەتی دوك بەتلمیوس. ئەم دوکە پیرەمێردێکی زۆرهان بوو کە بێگومان چەند ساڵ بوو دەسـتی بـۆ تفـەنگ نـەبردبوو. بـەڵام چـەند کەسـی بـۆ پارێزگـاری راوگەکەی راگرتبوو، کەس نەیدەوێرا راوی لێ بکات. کۆزیمۆ کە پێشتر تووشـی بـە تووشـی ئەو قەرەوڵانەوە ببوو، هەوڵیدەدا هەرگیز لەوێ نزیك نەبێتەوە. بەڵام دیار بوو کە ئۆپتیموس ماکسیموس بۆ راو نەدەچوو. لەوەدەچوو هێزێکی ئەفسانەیی بەرەو ئەوێی ببات و بارۆنیش حەزی دەکرد لە مەبەستی ئەو چوونەی تێبگات. بەراست ئەو سەگە بەرەو کوێی دەبرد؟

سەگە رۆشت و رۆشت تا گەیشتە مێـرگ و گیاجـاڕێکی نـاو جەرگـەی دارسـتانەکە. لـە قـەراغ ئـەو مێرگـە دوو شـێرە بەردینـە لـە سـەر پایەیـەك دانـدرابوون. رەنگـە زەوییـەکانی بنەماڵەی بەتلمیوس لەوێوە دەستی پـێ کردبێـت، بـەڵام جگـە لـەو دوو پەیکـەرە بەردینـە هیچیتر نەدەبیندرا و لە ئاسۆی ئەو مێرگە بەربڵاوەدا تەنیا سێبەری رەشی بەرووەکان دیـار بوو. لە پشت ئەو دارانەشـەوە ئاسمـانی پـڕ لـە هـەوری سـووك و نـەرم بـوو. دەنگـی هـیچ باڵندەیەك بەر گوێ نەدەکەوت.

مێرگەکە بە شێوەیەك بوو کە کۆزیمۆی دەترساند. ئەو کە هەمیشە لەناو لقوپۆی پـڕی دارەکانی ئۆمبرۆزادا ژیابوو، دڵی بەوە خۆش بوو لەسەر دارەکانەوە بۆ هەر کوێ حەز بکـات دەچێت، بە بینـینی ئـەو پانتـا رووت و بێبڕانـەوە کـە نەیـدەتوانی لێـی تێپـەڕێت، تووشـی سەرەگێژە دەبوو.

ئۆپتیموس ماکسیموس کە دەتگوت دووبارە گەنج بووەتەوە، بە هەموو هێزی خۆی بە ناو مێرگەکەدا هەڵات. کۆزیمۆ بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە فیکەی کرد.

« بۆکوێ دەچی؟ ئۆپتیموس ماکسیموس بگەڕێرەوە ! »

بەڵام سەگەکە گوێی پێ نەدەدا و تەنانەت ئاوڕیشی لێ نەدەدایەوە. هەر وا هەڵدەهات و هەڵدەهات، تا ئەوەی کە تەنیا فاریزەیەك لە ناو مێرگەکەدا دەبیندرا کە کلکی بوو، پاشان ئەویش ون بوو.

کۆزیمۆ بە سەر لێ شێواوییەوە لەسەر دارەکە راوەستابوو. ئەگەرچی خووی بە هەڵاتنە کوتوپڕییەکانی سەگەکەی گرتبو، بەڵام ئەو جارە وەها بوو کە دەتگوت ئەو مێرگە دوور و درێژە ئۆپتیموس ماکسیموسی هەڵلووشیوە. ون بوونی ئەو سەگە براکەمی نیگەران کرد و تووشی دڵەخورپە بوو. هەموو ساتێك چاوەڕوان بوو کە لەوپەڕی مێرگەکەوە شتێك سەر دەر بێنێت.

لەو حاڵەتی بێقەرارییە، لە بن دارەکە دەنگی کەسێکی بیست. زێوانی راوگەکە بوو کە دەستی خستبووە ناو گیرفانی و بە فیکە لێدانەوە دەڕۆشت. کۆزیمۆ بیری کردەوە، نابێ زێوانی راوگەی ماڵی بەتلمیوس ئەوەندە بێخەم و وێڵ بێت، بەڵام نیشانەکانی سەر کەواکەی هی بنەماڵەی دوك بوو. کۆزیمۆ کە ئەوی بینی لەسەر لقەکە راکشاو خۆی شاردەوە. بەڵام دیسان بیری سەگەکەی کەوتەوە و بە ناچاری زێوانەکەی بانگ کرد:

« هۆی کاکە، لەم مەحاڵە سەگێکی پێ کورتت نەبینیوە؟ »

زێوانەکە سەری هەڵبڕی. گوتی:

« ها ! ئەوە تۆی؟ راوچی باڵندە و سەگی خزۆك؟ نا، من سەگەکەی تۆم نەبینیوە. ئیمڕۆ تووشی نێچیری باش بوویت یان نا؟ »

کۆزیمۆ بە بینینی ئەو زێوانە یەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی خۆی ناسییەوە. گوتی:

« راو ناکەم. سەگەکەم بەلەسە بووە و ناچار شوێنی کەوتووم. تفەنگەکەم پڕ نییە... »

زێوانەکە پێکەنی.

« ئێستا ئیتر هەرچیت پێخۆش بێت دەتوانی راوی بکەیت... بە ئێمە چی...»

« چۆن بە ئێوە چی؟! »

« ئێستا کە دوك مردووە کەس کاری بەوشتانە نییە. »

« دوك مردووە؟ نەمزانیبوو. »

« سێ مانگە مردووە. تازە منداڵەکانی دوو ژنەکی پێشووی لەگەڵ سێهەم ژنەکەی شەڕیانە. کاریان گەیوەتە مەحکەمە. »

« بۆ ژنی سێهەمیشی بوو؟ »

« ساڵی پار لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا دیسان ژنی هێنایەوە. ئەویش کچێك کە هێشتا بیست و یەکساڵی تەواو نەکردووە! شێتییەتییە ئیتر ! ژنەکەی تەنانەت رۆژێکیش لە لای بەند نەبوو. ئێستا جاروبار سەردانی موڵك وماڵەکەی دەکات، ئەڵبەت گوایە ئەو زەوی و زارەشی زۆر پێ خۆش نییە. »

« چۆن پێی خۆش نییە؟ »

« دێت و لە ناو یەکێك لە کۆشکەکان یان قەڵاکاندا دادەنیشێت ــ هەمیشە رەوەیەك خەڵکیشی لە گەڵە ــ ئەوسا پاش دوو سێ رۆژ رقی لە هەموو شتێك هەڵدەستێ و، سەر رێ دەکەوێ و دەڕواتەوە. هەموو جارێك میراتگەرەکانیش دێن و داوای بەشە میراتەکەیان دەکەن. ئەویش پێیان دەڵێ: بە راستتانە؟ فەرموون بەشی خۆتان هەڵبگرن! ئێستاش لێرەیە. لە بینای شوێنی راووشکارەکەیە. بەڵام نازانین تاکەی لێرە دەبێ و چەندە دەمێنێتەوە. گرێو دەکەم یەك دوو رۆژیتر دەڕواتەوە. »

« ئەو بینایە لە کوێیە؟ »

« لەوێ، لەو بەر مێرگەکە، لە پشت ئەو دار بەڕووانەیە. »

« سەگەکەی منیش بەرەو ئەوێ چووە. »

« حەتمەن شوێن ئێسك کەوتووە. ببورە، بەڵام من پێموایە لەگەڵ ئێوە زۆری برسی دەبێت. »

ئەمەی گوت و قاقای کێشا.

کۆزیمۆ هیچی نەگوت. سەیرێکی مێرگە دور و درێژەکەی کرد و چاوەڕوانی سگەکەی ما.

ئەو ڕۆژە ئۆپتیموس ماکسیموس هەواڵی نەبوو. بۆ سبحەینێدا کۆزیمۆ هەمدیس خـۆی گەیاندەوە سەر دارەکەی دوێنێ و چاوی لە مێرگەکە بڕیەوە. لەوە دەچوو ئیتر هـیچ شـتێك نەتوانی لە دەست ئەو دڵەخورپە کە بە بینینی مێرگەکە تووشی دەبوو، ڕزگاری بکات.

شەو بوو کە سەگەکەی گەڕایەوە. سەرەتا لە مێرگەکەدا خاڵێکی بچووك دەرکەوت، کە تەنیا چاوە تیژەکانی کۆزیمۆ دەیبینی. خاڵەکە نزیك و نزیکتر دەبووەوە.

« ئۆپتیموس ماکسیموس! وەرە! ئەوە تۆ لە کوێ بوویت؟ »

سەگەکە ڕاوەستا، کلکی لەقاند و لە خاوەنەکەی ورد بووەوە، لە کۆزیمۆ کە پێی وابوو لێی نزیك دەبێتەوە وەڕی. پاشان سەیری مێرگەکەی کردە کە کۆزیمـۆ نەیـدەتوانی لێیـەوە ڕەد ببێت. بە دوو دڵییەوە چەند شەقاوێك لێی چـووە پـێش و، ئەوسـا گەڕایـەوە و دیـسان دوور کەوتەوە.

«ئۆپتیموس ماکسیموس! ئۆپتیموس ماکسیموس! »

سەگە بە پەلە دوور دەکەوتەوە و، وردە وردە ون دەبـوو. کـەمێك دواتـر دوو قـەرەوڵی شوێنی ڕاو و شکارەکە هاتن.

« هێشتا چاوەڕوانی سەگەکەتی؟ لە بیناکەی ڕاوگە بینیم. جێگەکەی زۆر زۆر خۆشە.»

« چۆن؟ »

« هەر ئەوە کە عەرزم کردی. لەگەڵ دوشێزدا بوو. ئەویش دەیلاواندەوە و دەسـتی بـە سەردا دەکێشا. دەتگوت دەمێکەیە دەیناسێت. خۆ تـۆ دەزانـی دڵـی سـەگ لـە سـکییەوە نزیکە. سەگەکەی تۆش شوینێکی باشی دەستکەوتووە و لەوێش دەمێنێتەوە. »

دوو زێوانەکە بە پێکەنینەوە دوور کەوتنەوە.

ئۆپتیموس ماکسیموس ئیتر نەگەڕایەوە و کۆزیمۆ هەموو ڕۆژێك خـۆی دەگەیانـدە ئـەو سەردارە و چاوی لە مێرگەکە دەبڕی. دەتگوت دەیویست لەو مەترسییە بگات کە ماوەیـەك بـوو هەڕەشـەی لێـدەکرد. مەترسـی دووری، مەترسـی فەزایـەکی دوورە دەسـت، مەترسـی چاوەڕوانی و بەرینایی ژیان و ڕەنگە زۆر شتی تریش.

## ٢١

ڕۆژێك لە ڕۆژان کە کۆزیمۆ لە سەر هەمان دار ڕاوەستابوو، تیشکێکی خۆر کەوتە سەر مێرگەکە و لە سەوزێکی تاریکەوە کردی بە زمرووتی. لە تاریکایی ناو دار بەڕووەکانی ئەوبەر مێرگەکەدا لقەکان جوولانەوە و ئەسپێك دەرکەوت. سوارەکەی ڕەشپۆش بوو، پالتۆیەکی لەبەردابوو. نا، پالتۆ نەبوو، تەنوورە بوو. ژنێکی سوارچاکی قژ سوور بە غار دەهات.

کۆزیمۆ بە دڵەخورپەوە سەیری دەکرد. هیوادار بوو ژنە سوارچاکەکە ئەوەندە نزیك بکەوێتەوە کە بتوانێت ڕوخساریشی ببینێت و ڕوخساریشی جوان بێت. هەستێکی سێهەمیش بەم دوو هیوایە زیاد بوو. هەستێکی ناسراوی تا ڕادەیەك فەرامۆش بوو. یادێك لەو یادانە کە تەنیا خەتێك و ڕەنگێکیان لە دڵماندا ماوە و بە هیواین بە کاملی و، بگرە زیندووتر لە جارانیش دەستمان بکەوێتەوە و، لە چوارچێوەی شتێکی حازر لە زەمەندا خۆی بنوێنێتەوە. ئەم هەستە، لەگەڵ ئەوەی کە کۆزیمۆ لە بەرامبەر خۆی دەیبینی تێکەڵ دەبوو، سات لە دوای سات زیاتر سەرنجی دەڕنییەوە...

بەمشێوە، بەوپەڕی بێقەرارییەوە چاوەڕوان بوو سوارەکە بگاتە ئەو مێرگە و، ئەو شوێنە کە شێرە بەردینەکان وەك دوو بورجی بەرز لێی راوەستابوون. بەڵام چاوەڕوانییەکەی نەهاتە دی. ژنە سوار چاکەکە لە مێرگەکە تێنەپەڕی تا بەرەو ئەو بێت، رێگەیەکی خواری گرتە بەر و رۆیشت تا لە بێشەڵانەکەدا ون بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا لەپڕ رێچکەی گوڕی و بە هێڵێکی تردا رۆیشت کە تۆزێك لە کۆزیمۆوە نزیك بوو. دیسان بەرەو قەراغەکەی تری مێرگەکە ئاژووت.

لەو کاتەدا دیمەنێکیتر ئەوەندەی دیکەش کۆزیمۆی دڵسارد کردەوە. دوو پیاوی سوارە لە بێشەڵانەکە هاتنەدەر. کۆزیمۆ ویستی دڵی خۆی بەوە خۆش بکات کە ئەو دیمەنە و ئەو دوو سوارە کە جارێك بە راست و جارێك بە چەپدا دەئاژوان، پەیوەندییان بەو ژنە سوار چاکەوە نییە. بەو حاڵەش بینینی ئەو دوو پیاوە ئازاری دەدا.

ژنە بەر لەوەی لە مێرگەکە بچێتە دەر، جارێکیتر سووڕا و بە رێگەیەکدا گەڕایەوە کە لە کۆزیمۆوە دوور بوو. بەڵام نا، ئەسپەکەی هەمدیس وەرسووڕا و بە غار بەرەو دارەکەی کۆزیمۆ هات. لەوە دەچوو بیەوێت دوو سوارەکە ون بکات. بە راستیش ئەو دوو سوارە هێشتا بەو رێگەدا دەڕۆشتن کە ئەو پێشتر پیایدا رۆشتبوو.

بەو شێوە هەموو شتەکان بە دڵی کۆزیمۆ بوو: ژنەکە لەبەر خۆرەتاودا غاری دەدا، سات لە دوای سات جوانتر دەبوو، زیاتر یادی جارانی لە دڵی کۆزیمۆدا دەژیاندەوە. تاکە هۆ بۆ نیگەرانی ئەوە بوو کە بەردەوام رێگەکەی خوار دەکردەوە. ئەو چۆناوچۆن بیزانیایە ژنەکە دەیەوێت بچێت بۆ کوێ و چی لە مێشکدایە؟

دوو سوارەکەش نەیاندەزانی بە کامە رێگەدا دەڕوات. ئەوان تێدەکۆشان بەردەوام بە شوێنییەوە بن، بۆیە بەملاولادا دەڕۆشتن و رێگەی خۆیان درێژ دەکردەوە. لە پڕ ژنەکە لە قەرغ مێرگ و لە نزیك کۆزیمۆ دەرکەوت. بە شێوەیەك بە ناوبەینی ئەو دوو شێرە بەردینەدا تێپەڕی، کە دەتگوت ئەوانەیان بۆ پێشوازی کردن لە ئەو داناوە. ئەوسا ئاوڕی لە مێرگەکە و

هەموو شتەکانی ئەوبەر مێرگەکە دایەوە و، بە شێوەیەکی شایستە کە دەکرا وەك ماڵاواییش بێت، دەستی راتەکاند. پاشان بەرەو پێش ئاژووا و لە بن دارەکەی کۆزیمۆوە رەت بوو.

کۆزیمۆ ئەمجارەیان بـە باشـی بـینی. باڵـای قنجـی بەسـەر زینەکـەوە، روخـساری کـە ئەگەرچی کچانە بوو بەڵام ویقاری ژنێکی خۆ ویستی بوو، تـەوێڵ و چـاو و چـەناگەی داڕژا و روومەتی ـ بە لووت و دەم و گۆنا و گەردنیەوە ـ رێك و پێك بوو. بەم شـێوە کۆزیمـۆ یەکـە یەکە نیشانەکانی رومەتی کچێکی دەبینیەوە کـە لـە دوانـزە سـاڵیدا، لـەو رۆژەدا کـە ژیـانی سەردارەکانی دەست پێکردبوو، بینیبووی: ڤیۆڵانتە ریڤالۆندە.

ژیانـەوەی ئـەو هەسـتە و، وەدی هـاتنی ئـەو هیـوا تەمومژاویانـە، کۆزیمـۆی تووشـی هەڵچوون کردبوو. ویستی بانگ و هاواری لێبکات تا بەرەو ئەو بڕوانێت. بەڵام تـەنیا دەنگـی باڵندەیەك لە قورگییەوە هاتەدەر کە ئەو نەیبیست.

ئەسپە سپییەکە بە ناو شابەڕووەکاندا غاری دەدا. پێست و توێخڵی میوە وەریوەکان لە ژێر سمەکانیـدا دەپلیـشان و نـاوکی سـپی و درەوشـاوەیان دەردەکـەوت. ژنـەی سوارچـاك بەملاولادا دەڕۆشت. کۆزیمۆ هەموو جارێك پێی وابوو ونی کردووە، لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر دەخووشی و، دیسان لە ناو بێشەکەدا دەیبینییـەوە. ڕۆشـتنی مـار و دووی ژنەکـە، ئـاگری بیرەوەرییەکانی زیاتر دەگەشاندەوە. ویستی بانگی بکـات و پێـی بڵێـت کـە لەوێیـە، بـەڵام دیسان تەنیا دەنگێکی وەك چرینی کەو لە سنگییەوە دەرباز بوو، ژنەکە گوێی پیێ نەدا.

ئەو دوو سوارە کە بەدوایدا دەهاتن، سەریان لیێ شێوابوو، بە لارێدا دەڕۆشتن و سەریان لـە دەوەن و گۆلاوەکـان دەر دەهێنـا. بـەڵام ژنەکـە بـۆ هـەر لایـەك بیویـستایە وەك تـیر دەردەچوو، دوور دەکەوتەوە. جاروبار بە ئیشارەتی دەستی، یان بە میوەیەك کە لە دارێکی دەچـنی، ئـەمری بـە دوو سـوارەکە دەکـرد یـان رێنمـایی دەکـردن کـە بـەرەو کـویێ بـڕۆن. سوارەکان بەرەو ئەولایە غاریان دەدا کە ژنەکە گوتبووی، بـەڵام بـۆ خـۆی بـەرەو لایـەکیتر دەڕۆشت و ئیتر سەیریشی نەدەکردن.

کۆزیمۆ کە ئاگری هیوا لە دڵیدا دەئایسا و بێ قەراری دەکرد، لەبەر خۆیەوە گوتی: « خۆیەتی! خۆیەتی! » ویستی بە ناو بانگی بکات، بەڵام تەنیا دەنگی خەمباری دارکونکەرەیەك لە قورگییەوە دەرباز بوو.

ئەگەرچی ژنەکە بەردەوام بەراست و چەپدا دەڕۆشت و، هەوڵیدەدا ڕێ لە سوارەکان ون بکات، بەڵام پێدەچوو بە ڕێگەیەکدا بڕوات کە وێڕای پێچاوپلووچییەکەی بەرەو شوێنێکی دیاریکراو بێت. کۆزیمۆ کە ئیتر نەیدەتوانی شوێنی بکەوێت، ریسکێکی کرد: « ئەگەر ئەو بێت تەنیا بۆ شوێنێك دەچێت. کەواتە واچاکە من بەر لەئەو بگەمە ئەو شوێنە. » ئەوسا بە هەڵبەز و دابەزەوە بە ڕێگەیەکی ئاشنادا بەرەو باخە کۆن و پشت گوێخراوەکەی ریڤالۆندەچوو.

ئەو سێبەرانە، ئەو هەوا پڕ لە بۆن و بەرامەیە، ئەو سوچە کە لق و پۆکان جۆر و رەنگێکی تایبەت بە خۆیان بوو، وەها بیری تاڤی منداڵی خستبۆوە کە وادیار بوو ژنە سوارچاکەکەی لە بیر چووبێتەوە. بە خۆی دەگوت رەنگە خەونی بینیبێت و ژنەکە ئەو کەسە نەبێت کە پێیوابووە. بەو حاڵەش هیواکەی ئەوەندە راستەقینە و لە دڵەوە بوو، دەتگوت ژنەکە لە بەرامبەریدا راوەستاوە.

دەنگێکی بیست. دەنگی سمی ئەسپە سپییەکە لەسەر بەردە وردکەی ناو باخەکە هێواش دەهات. دەتگوت سوارە چابوکەکەی دەیەوێت بە وردی سەیری ئەو شوێنانە بکات و بیانناسێتەوە. ئێستا ئیتر ئەو دوو سوارە گەوجە دیار نەبوون. ئەوان لە ناو ڕێدا مابوونەوە.

کۆزیمۆ دیسان ئەوی بینیەوە. لە دەوری ئەستێر و دیو و گوڵدانە بەردینە گەورەکان دەسووڕایەوە. دارەکان زۆر گەورە ببون و رەگ و ریشاڵیان بە حەواوە، بە لقەکانیانەوە بەربووبووەوە. ماگنۆلیاکان ببوونە دارستانێك. ژنە سەیری هەموو جێیەکی دەکرد، بەڵام کۆزیمۆی نەدەبینی. ئەو بەردەوام هەوڵیدەدا بانگی بکات، کەچی بێجگە لە دەنگ و چرپینی پەپووسلێمانە یان مەلەهەنجیرخۆر لە قورگی نەدەهاتە دەر. دەنگێك کە لە ناو چرپینی مەلەکانی باخدا ون دەبوو.

ژنەکە هەوساری ئەسپەکەی بە دەستەوە گرتبوو، بە پێ دەڕۆشت. کە گەیشتە ڤیلاکە وازی لە ئەسپەکە هێنا. پێی خستە ناو دەرکەکەیەوە و هاواری کرد: « ئۆرتێنسیا ![٥٢] گائێتانۆ ![٥٣] تارکۆئینۆ ![٥٤] ئەم دیوارانە دەبێ سپی بکرێنەوە. دەرکەکان رەنگ بکرێن، پەردەکان هەڵواسرێن! مێزەکە لێرە دابنێن و کومێدەکەش لەوێ. کلاویسێنەکە بخەنە ناوەڕاستییانەوە. جێگەی هەموو تابلۆکان بگۆڕن! »

کۆزیمۆ پێی وابوو ماڵەکە وەك هەمیشە چۆڵە و کەسی تێدا نییە. بەڵام دەرکەکان ئاواڵە بوون و خێڵی خزمەتکارەکان دەهاتن و دەچوون و ماڵەکەیان خاوێن دەکردەوە. کەواتە ڤیۆڵتا بە تەما بوو بگەڕێتەوە و لە ئۆمبرۆزا بمێنێتەوە. دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەو خانووە کە بەمنداڵی بەجێیهێشتبوو. دڵی کۆزیمۆ بە شادییەوە لێی دەدا، بەڵام ئەو لێدانە لە دڵەخورپەی ترسانیش دەچوو. ڤیۆڵتا گەڕابووەوە و کۆزیمۆ ئەوی سەرکەش و خۆویستی لە بەرامبەر خۆی دەبینی. ئەمە بەو مانایە بوو کە ئەو ئیتر هەرگیز ئەوی نە لە بیرەوەرییەکانیدا، نە لە بۆنی شاراوەی گەڵاکانی ئەو باخەدا و، نە لە رۆشنایی پەنهانی ناو لقوپۆکاندا نەدەبینییەوە... واتە دەبوو لە دەست ڤیۆڵتا هەڵێت، هەڵێت و پەنا بۆ بیرەوەرییەکانی تاڤی منداڵییان بباتەوە.

ئەو بە دڵی بێئارامەوە ڤیۆڵتای دەبینی کە بە ناو خزمەتکارەکاندا دەگەڕا. جێگەی دیوان و دۆڵاب و کلاویسێنەکانی دەگۆڕی. ئەوسا بە پەلە دەگەڕایەوە بۆ باخەکە و سوار ئەسپەکەی دەبووەوە. خێڵی خزمەتکارەکان شوێنی دەکەوتن و گوێیان لە ئەمرەکانی دەگرت. ئەو رووی دەکردە باخەوانەکان و دەیگوت: دەبوو باخچەکە کە ببووە دارستان سەرلەوێ ساز بکەنەوە، باران رێچکەی ناو باخەکەی شتبۆوە دیسان دەبوو چەو رێژی بکەنەوە. دەبوو کورسیە خەیزەرانییەکان بۆ ناو باخەکە بێننەوە و جۆلانەکان هەڵبەستەوە.

[٥٢] - Ortensia

[٥٣] - Gaetano

[٥٤] - Tarqenino

ئەمری کرد جۆلانەکە بە هەمان لقی جارانییەوە ببەستن، دەیویست لەهەمان شوێن بێت. ئەندازەی تەنافەکانیشی بۆ دیاری کردن. هەروا بە دەم ئەمر کردنەوە سەیری ئەو دار مەگنۆلیایەشی دەکرد کە لە رابوردوودا بۆ یەکەمجار کۆزیمۆی لەسەر بینیبوو. دیسان ئەوی بینیەوە.

داچڵەکی. بەراستی سەری سووڕما. ئەڵبەت گورج هۆش خۆی هاتەوەو، هەروا کە خووی پێگرتبوو سەر خۆی نەهێنا. بەڵام بۆ ساتێك داچڵەکی. لەوە دەچوو هەموو ئەندامەکانی لەشی پێکەنیبێتن. چاوی، دەمی و هەندێك لە دانەکانی کە هەمان دانی منداڵی بوون...

« ئەوە تۆی؟ »

ئەگەرچی وایىنواند کە ئەوەی کە دەیبینێت بە لایەوە ئاساییە، بەڵام کونجکۆڵی و خۆشحاڵییەکەشی پێ نەشاردرایەوە.

« کەواتە هەموو ئەم ماوە لەو سەریە بوویت و قاچت لە عەرز نەدراوە؟ »

دەنگی چۆلەکەیەك لە قوڕگی کۆزیمۆوە دەرباز بوو. وەخۆی هاتەوە و گوتی:

« بەڵێ، منم، ڤیۆلّتا لە بیرتە؟ »

« بەراست هەرگیز پێت نەخستۆتە سەر عەرز؟ »

« هەرگیز. »

دیسان حاڵەتێکی وشك و لووتبەرزانەی بە خۆی گرت و گوتی:

« دیت کە توانیت و کارێکی گرانیش نەبوو! »

« چاوەڕوانی گەڕانەوەت بووم. »

« زۆر چاکە! ئۆهۆی ئەو پەردە بۆ کوێ دەبەن؟ لەوێ داینێن تا خۆم بانگتان دەکەم.»

دیسان لە کۆزیمۆ ورد بۆوە کە ئەو رۆژە جلی راوی لەبەردا بوو، تفەنگێکی بە شانییەوە بەردابووەوە و کڵاوی پێستە پشیلەی بەسەرەوە بوو.

« لە رابینسۆن کرۆزۆئە دەچیت! »

کۆزیمۆ دەستبەجیَ پرسی : « خوێندووتەتەوە؟ »

دەیویست تێیگەیەنێت کە ئەو کتێبەی بینیوە.

بەڵام ڤیۆلتا هەمدیس گەڕایەوە:

« گائێتانۆ! ئامپلیوس! گەڵا وشکەکان! باخەکە پڕە لە گەڵای وشك! »

ئەوسا رووی لە ئەو کردەوە.

« سەعاتێکی تر لەوسەری باخەکە چاوەڕێم بە. »

بە غار دوور کەوتەوە تا ئەمر بە خزمەتکارەکانی بکات.

کۆزیمۆ بۆ ناو لق و گەڵاکان هەڵات. حەزی دەکرد ئەو گەڵایانە هەزار جار لەوە زیاتر و پڕتر بن. هەرەسێك بن لە لق و شووڵ و گەڵا و رەگ و ریشاڵ و قەوزە و، ئەو بیەرێتە ناویان و لە ناویاندا نوقم ببێت، تا تێبگات کە ئەو هەڵچوون و شەیداییەی لە ترسانە یان لەخۆشحاڵی.

لەسەر دارێکی ئەستووری ئەو سەری باخەکە دانیشتبوو، پێی لە لقێك چەقاندبوو، لەو سەعاتە گەورە گیرفانییەی ورد بووبووەوە کە لە باوە گەورە

ژەنراڵ ڤۆن کوتوویتسەوە بە میرات پێی بڕابوو. بە خۆی دەگوت ڤیۆلتا نایەت.

بەڵام هات. بە سواری ئەسپەکەیەوە هات. بێئەوەی سەیری سەرەوە بکات ئەسپەکەی لە بن دارەکەراوەستاند. سەرپێچی بەسەرەوە نەبوو، جلیسقەی ئەسپ سوارییەکەشی لەبەردا نەبوو. تەنوورەی رەش و کراسە سپییە تۆرچنەکەی وەك جلکی کچە پاکیزەکان سادە و ساکار بوو. لەسەر رکێفی ئەسپەکە هەستا و دەستی بەرەو کۆزیمۆ راگرت. بە یارمەتی ئەو لەسەر زینەکە راوەستا و بە لقێکدا هەڵگەڕا. بێئەوەی سەیری کۆزیمۆ بکات لەسەر لقەکە دانیشت و پاڵی بە دارەکەوەدا. کۆزیمۆش لە خوار پێیەوە دانیشت.

« گەڕاویتەوە؟ »

ڤیۆلتا سەیرێکی گاڵتەجاڕانەی کرد. قژی وەك هەمیشە سوور بوو. گوتی:

«چۆنت زانی؟! »

کۆزیمۆ لە گەمەکەی نەگەیشت و گوتی:

« لە مێرگەکەی شوێنە راوی دوك بینیمی... »

« ئەو شوێنە راوە نەحلەتییە هیمنە. بە هەموو شتێك دەزانی؟ مەبەستم... لـە بـارەی منەوە... »

« نا، هەر تازە زانیومە کە بووی بە بێوەژن... »

« ئەڵبەت کە بێوەژنم! »

دەستی بە تەنوورە رەشەکەیدا هێنا و ساف کرد. پاشان بە نەرمی گوتی:

«هیچ نازانی. دایمە لەسەر دارەکـانی و لـە کاروبـاری خـەڵك ورد دەبیـەوە، بـەڵام هـیچ نازانی. بنەماڵەکەم ناچاریان کردم شوو بە بەتلمیوسی پیر بکەم. ناچاریان کردم! دەیانگوت زۆر شەیتانی و دەبێ شوو بکەیت. ئەو یەك ساڵە کە ژنی دوك بووم ناخۆشترین قۆناغی ژیانم بوو، ئەگەرچی زیاتر لە حەفتەیەك لە گەڵی نەبووم. ئیتر نامەوێ پێ بنێمـە نـاو هیـچکام لـە کۆشك و قەڵاکانیانەوە کە هەموویان کـەلاوەن و بـوون بـە کولانـەی مـشکان. بـە تـوون کـە هەموویان کاول دەبن! لەمە دوا هەر لێرە، لە ماڵی تاڤی منداڵیم دەمێنمەوە. ئەڵبەت تا کاتێك کە پێمخۆش بێت، ئەوسا دەڕۆم. ئیتر بێوەژنم و هـەرکارێك کـە پـێم خـۆش بێـت دەیکـەم. ئەڵبەت هەمیشە هەروا بووم. بۆیە شووم بە بەتلمیوسیش کرد، چونکا خۆم پێم خۆش بوو. ئەوە راست نییە کە ناچاریان کردبێتم. ئەوان دەیانویست زوو شوو بکەم و منـیش کەسـێکم هەڵبژارد کە لە هەموویان پیرتر و ریوەڵتر بوو. چـونکا پێمـوابـوو زۆر زوو دەبمـە بێـوەژن و، بووم.

کۆزیمۆ بەسەر سووڕماوی گوێی دەگرت. دەیبینی کە ڤیۆڵتا لە هەمیشە زیاتر لێی دوور کەوتۆتەوە. دوشرێکی بێوەژن و هەوەسباز بوو، پەیوەندی بە دنیایەکەوە بوو کـە دەسـتی ئەوی پێ ڕانەدەگەیشت. هەموو ئەو شتە کە توانی بیلێت ئەوە بوو کە : « لەگەڵ کێ یاریت دەکرد؟ »

« ئێرەیی دەبەیت؟ ئەوە بزانە کە هەرگیز ئیجازەی ئەوە بە تۆ نادەم! »

کۆزیمۆ کە بەراستیش ئێرەیی دەبرد تووڕە بوو. لە هەمان کاتیشدا بیری کردەوە: « بۆچی ئێرەیی؟ کەواتە دەزانێت کە ڕەنگە من بەرامبەر بە ئەوەوە بەخیل بم؟ بۆ دەڵێ هەرگیز ئیجازەی ئەوە بە تۆ نادەم؟ کەواتە پێیوایە ئێمە...»

بۆیە لە پڕێکدا توشی هەڵچوون بوو، ڕوومەتی خوێنی تێ زا. پێی خۆش بوو پێی بڵێت... لێی بپرسێت... ببیستێت... بەڵام بەرلەوەی قسەیەك بکات ڤیۆڵتا بە لەحنێکی وشك پرسی:

« ئێستا بڵێ بزانم تۆ لەم ماوەدا چیت دەکرد؟ »

« زۆر کار. ڕاوم دەکرد، تەنانەت ڕاوە بەرازیش. بەڵام بە زۆری ڕێوی و کەروێشك و خەزم ڕاو دەکرد. هەروەها سوێسکە و ڕەشیشەش. پاشان ڕووداوی چەتە دەریاییەکان هاتە پێش و شەڕێکی قورس ڕویدا و مامەم کوژرا. زۆر کتێبیشم خویشندەوە. هەم بۆخۆم و هەم بۆ یەکێك لە دۆستەکانم کە چەتەبوو، لە داریان دا. دەورەی تەواوی ئەنسکلۆپیدیام هەیە. تەنانەت نامەم بۆ دیدەرۆش نووسی و وەڵامیشی دامەوە. زۆر کارم دەکرد. دارستانم هەڵدەپاچی. دارستانم لە سووتمان ڕزگار دەکرد... »

« ... دەتوانی بۆ هەمیشە شەیدای من بێت و منت لە هەموو شتێك زیاتر خۆش بوێت؟ دەتوانی لەبەر من هەموو کارێك بکەیت؟ »

« کوزیمۆ لەم پرسیارە کوتوپڕیە گێژ بوو. گوتی:

« بەڵێ. »

« ئەو دارنشینییەت تەنیا لەبەر من بووە. لەبەر عەشقی من بووە... »

« بەڵێ. بەڵێ. »

« ماچم بکە. »

کۆزیمۆ بە دارەکەیەوە نووساند و ماچی کرد. پاشان سەیری ڕوومەتی کرد و لەو هەموو جوانییە سەری سووڕما. دەتگوت یەکەمجارە کە دەیبینێت.

« چەندە... تۆ چەندە جوانیت! »

« بۆ تۆیە. »

دوگمەی کراسە سپییەکەی کردەوە. سنگی کچانەی وەك گوڵ بوو. هێشتا دەستی کۆزیمۆی نەگەیشتبوویە کە هەستا و خزایە ناو لقەکانەوە. کۆزیمۆش شوێنی کەوت.

ڤیۆڵتا پرسی: « بۆ کوێم دەبەیت؟ »

بە شێوەیەك ئەوەی پرسی کە دەتگوت ئەو شوێن کۆزیمۆ کەوتووە.

« لێرەوە وەرە. »

بەرەو شوێنێك رۆشت کە ئەو دەیگوت. هەر جارێك لە لقێکەوە بۆ لقێکیتر دەچوون، کۆزیمۆ دەست یان پشتی دەگرت و پێی دەگوت کە قاچی لەسەر کوێ دابنێت.

« لێرەوە. »

بە ژوور زەیتوونەکانەوە، بەسەر تەبارێکی بەرزدا تێدەپەڕین. رەنگدانەوەی خم ڕەنگی دەریا، لە ناو لقوپۆکانەوە دەبیندرا. ئاسۆ دوور و بێکۆتا بوو. سنگی دەریا بێ چین و بێ پەڵە و یەکپارچە بوو. تەنیا سروویەك لێی دەدرا. نەرمە شەپۆلێك کە بە حاستەم دەبیندرا بەردە وردەکەی رۆخەکەی ماچ دەکرد.

کۆزیمۆ و ڤیۆڵتا چاو پڕ لە رۆشنایی بۆ ناو سێبەری سەوزی گەڵاکان گەڕانەوە.

« لێرەوە. »

گەیشتنە لقی ئەستووری دارگوێزێك کە پێشتر بە تەور چاڵ کرابوو. کۆزیمۆ لەسەر چاڵاییەکە پێستە بەرازێکی راخستبوو. ئەوێی کردبووە یەکێك لە حەشارگەکانی. شیشەیەکی گەورەی حەسیر پۆش و پیاڵۆکەیەك و چەند شتی تریشی لێبوو.

ڤیۆڵتا لەسەر پێستەکە راکشا.

« ژنی تریشت هێناوە بۆ ئێرە؟ »

کۆزیمۆ بۆ وەڵامی پرسیارەکەی کەمێك ماتڵ بوو. ڤیۆڵتا گوتی:

« ئەگەر نەتهێنابێت کەواتە بە کەڵك نایەیت. »

« ئەریّ ... چەند کەسێکم... »

زللەیەکی قورس لە ڕوومەتی درا.

« ئاوا چاوەڕوانی من بوویت؟ »

کۆزیمۆ دەستی بە لاڕوومەتی گڕگرتوویدا هێنا. نەیدەزانی دەبێ چی بڵێت. بەڵام لەوە دەچوو ڤیۆڵتا دیسان نەرم بووبێتەوە.

« بڵێ بزانم چۆن بوون؟ »

« وەك تۆ نەبوون ڤیۆڵتا، وەك تۆ نەبوون. »

« بۆ دەزانی من چۆنم؟ ها؟ بە چیدا دەزانی؟ »

نەرمتر بوو. کۆزیمۆ لەوەی کە هەرساتە و جۆرێکی لێدەهات، سەری سووڕمابوو. لێی نزیك بووەوە. ڤیۆڵتا سەرتاپێ نەرمی و میهرەبانی بوو.

« بڵێ... »

« بڵێ... »

یەکتریان ناسی. کۆزیمۆ ئەوی ناسی و خۆشی ناسی، چونکا بەڕاستی بەر لەوە خۆی نەناسیبوو. ڤیۆڵتا ئەوی ناسی و خۆشی ناسی، چونکا ئەگەرچی چاك دەیزانی خۆی چۆن کەسێکە، تا ئەو کاتە بەمشێوە هەستی بە چۆنییەتی خۆی نەکردبوو.

## ٢٢

یەکەم شوێنێك کە زیارەتیان کرد، دارێك بوو کە ئەم رستەی لەسەر هەڵکەندرابوو: « کۆزیمۆ ـ ڤیۆڵتا ـ ئۆپتیموس ماکسیموس ». نووسینەکە ئەوەندە کۆن بوو شکڵی گۆڕابوو کە بە گران دەکرا بە کاری دەستی مرۆڤی بزانیت.

« بەم بەرزییەوە؟ کێ ئەمەی نووسیوە؟ کێ؟ »

« من، ئەو کاتە کە تۆ رۆشتی. »

شادییێك کەوتە دڵی ڤیۆڵتاوە. نووسراوەی ئۆپتیموس ماکسیموسی نیشاندا و گوتی:

« ئەمە یەعنی چی؟ »

« ناوی سەگەکەمە. یان واچاکە بڵێم سەگەکەی خۆت. هەر ئەو سەگە پێ کورتە. »

« تورکارێتۆ°°؟ »

« من ناوم نابوو ئۆپتیموس ماکسیموس. »

°° - Turcareto

« تورکارێتۆ. نازانی کاتێك زانیم لە کالیسکەکەدا نییە چەندە گریام! خەمی ئەوەم نەبوو کە تۆ نابینمەوە. بەڵام خەمی زۆرم لە ونبوونی ئەو خوارد! »

« ئەگەر ئەو نەبوایە چۆن دەمتوانی تۆ بدۆزمەوە؟ هەر کە بۆنی تۆی کرد سەر رێ کەوت و تا تۆی نەدۆزییەوە ئارامی نەگرت. »

« کە بینیم ناسیمەوە. کە گەیشتە بینای راوگەکە کەوتبووە گیانەڵڵا. هەموویان کە بینیان گوتیان ئیتر ئەمە لە کوێوە پەیدا بوو؟ نەویمەوە، سەیری رەنگ و پەڵەکانی پێستیم کرد و ناسیمەوە. گوتم خۆ ئەمە تورکارێتۆیە! هەر ئەو سەگە کە بە منداڵی لە ئۆمبرۆزا دابوویانمێ! »

کۆزیمۆ پێدەکەنی. ڤیۆلّتا لە پڕ رووی گرژ کرد و گوتی:

«ئۆپتیموس ماکسیموس... چ ناوێکی ناحەز! تۆ ئەم ناوانە لە کوێ دەبینیەوە؟ »

کۆزیمۆ تۆرا.

بەڵام ئۆپتیموس ماکسیموس لە خۆشیان حاڵی نەبوو. لەدوای ئەو هەموو ئازارە کە لەو چەند رۆژەدا کێشابووی بۆ ئەوەی ڤیۆلّتا بەرەو ئەو دارە بەنە رابکێشێت کە کۆزیمۆ لە سەری چاوەڕوان بوو، ئێستا هەستی بە شادی و بێخەمی دەکردو، دڵە پیرەکەی بۆ هەر دوو خاوەنەکەی لێی دەدا. لەو چەند رۆژەدا هەوڵی دابوو هەر چۆنێك بووە ڤیۆلّتا بەرەو ئەو دارە ببات: داوێنی راکێشابوو، بەو هیوایە کە ئەو شوێنی بکەوێت هەندێك شتی دزیبوو، هەڵاتبوو. ڤیۆلّتا بەردەوام دەیگوت: « ئەوە چی دەکەیت؟ بۆ کوێم دەبەی؟ دەست هەڵبگرە! ئای کە سەگێکی شەیتانیت! بەو حاڵەش، بینینی سەگەکە توانیبووی یادی تاڤی منداڵی و حەسرەتی ژیانی رابوردوو لە ئۆمبرۆزا، لە دڵی ڤیۆلّتادا بژیەنێتەوە. لەبەر ئەوە بوو کە بڕیاریدا کۆشکی دوك بەجێبێڵێت و بچێت بۆ ڤیلا کۆنەکەی ئۆمبرۆزا، کە داری سەیر و سەمەرەی لێبوو.

ئێستاش، ڤیۆلّتا گەڕابووەوە. کۆزیمۆ هەستی دەکرد جوانترین وەرزی ژیانی دەستی پێکردووە. ڤیۆلّتاش هەمان هەستی بوو. ئەو بە سواری ئەسپە سپییەکەی بەرەو هەموو لایەك دەئاژووت و، هەر کە لە ناو لقوپۆکاندا چاوی بە بارۆن دەکەوت، لە ئەسپەکەی

دادەبەزی و بە دارە چەماوەكەدا هەڵدەگەڕا و خۆی دەگەیاندە ناو لقـەكان. زۆری نەخایانـد كە ئەویش تا رادەیەك وەك كوزیمـۆ چـابوك ببـوو، دەیتـوانی لـەهـەموو كوێیـەك خـۆی پـێ بگەیەنێت.

« ئاخ ڤیۆڵتا، نازانم لە خۆشیان چی بكەم. ئامادەم بە هەرچییەكدا تۆ بڵێیت هەڵگەڕێم و... »

ڤیۆڵتا لەبەر خۆیەوە دەیگوت :

« بە مندا... »

كۆزیمۆ شێت دەبوو.

بۆ ڤیۆڵتا عەشق گەڕانێكی پاڵەوانانە بوو، لەو شەیدایی و لەزەتەدا تێكەڵ بە فیداكاری و لەخۆبوردوویی دەبوو، دەبوایە هەموو كارامەیی خۆی بەكار بێنێت. بەرزترین و پێـچاوپلووچ ترین دارەكان كە دەستی كەسیان پێ نەدەگەیشت ببوونە دنیای ئەو جووتە.

ئەو، لقێكی ئێجگار بەرزی نیشان كۆزیمۆ دەدا و هاواری دەكرد: « ئەوێ! » ئەوسا بـە جووت بەرەو لقەكە دەخوشین و لە كۆتایی ئەو كێبەركێی بەندبازییەدا بە یـەك دەگەیـشتن. جاریوابوو بە ئاوێزانی لە مابەینی زەوی و ئاسماندا یەكتریان دەناسییەوە.

شەیدایی و بێقەراریە عاشقانەكەی ڤیۆڵتا لە شـەیدایی كۆزیمـۆدا رەنگـی دەدایـەوە و، جاروباریش تەنانەت لەگەڵیدا بەشەڕ دەهات. كۆزیمۆ ناز و عیشوە و گەمە عاشقانەكانی پێ خۆش نەبوو، ئەو حەزی لە سروشتی ترین حاڵەتی عەشق دەكرد. ئەو سەردەمە سەردەمێك بوو كە ئاكاری كۆماریخوازانە سەری هەڵدەدا. دەورانێك دەستی پێدەكرد كە خـەڵكی، هـەم بەرەو ئازادەیی و هەم بەرەو جیدی بـوون و بـیر و ئەندێـشەی خـاوین، هـان دەدا. كۆزیمـۆ ئەگەرچی دڵدارێكی تێری نەناس بوو، بەڵام پاك و بێگەرد و ئەخلاقگـەراش بـوو. ئەگەرچـی بەردەوام بە شوێن چێژ و لەزەتی دڵدارییەوە بوو، بەڵام هەوەسـبازی بـە كـارێكی ناپەسـند دەزانی. تەنانەت لـە ماچـكردن و لاواندنـەوە و چـرپەی عاشـقانە و هـەموو ئـەو شـتانە كـە سەرپۆشیان بەسەر خواست و تەمەنا سروشتییەكاندا دەدا، بێزار بوو.

ئەو دوای هاونشینی لەگەڵ ڤیۆڵتا بە تەواوی پەی بەم تایبەتمەندییانەی خۆی بـرد. لـە تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەودا هەرگیز نەدەگەیشتە بێزاری پاش جووت بوون، کـە داروەدەسـتەی کلێسە باسیان دەکرد. لەم بارەوە نامەیەکی بۆ ژان ژاك رۆسۆ نووسی، بەڵام ئەو ــ کە رەنگە لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بابەتێکی ئاوادا داچڵەکیبێت ـــ وەڵامی نەدایەوە.

بەڵام ڤیۆڵتا هەروا کە ژنێکی رێك و پێك و هەوەسباز و ناز پەروەردە بـوو، بیروبـاوەڕی کاتۆلیکی بە ناخیدا رۆ چووبوو. عەشـقی کۆزیمـۆ پێویـستییەکانی لەشـی دادەمرکانـدەوە، بەڵام خەیاڵەکانی ناکام دەکرد. ئـەم ناکامییـەش جـاری وابـوو بێـزاری دەکـرد. بـەڵام ئـەم حاڵەتەی زۆری نەدەخایاند: ئەو دنیا پڕ لە جۆراوجۆرییە کە تیایدا دەژیان هەمیشە دەیتوانی دڵشادی بکات.

ئەوان هەر جارێك دڵتەنگ بونایـە دەچـوون بـۆ یـەکێك لـە حەشـارگەکانی نـاو لقوپـۆی دارەکان. دەچـوونە نـاو جۆلانەیـەك کـە وەك دوو کێلانـی گـەڵا لـە باوەشـی دەگـرتن، یـان دەچوون بۆ ئەو ژوورە کە دیوارە پەردەییەکانی بە دەم باوە دەشەکانەوە، یان دەچوونە ناو ئەو توورەکەخەوە پەڕەوە کە لەسەر لقێـك راخرابـوو. بـچوونایە بـۆ هـەر کـوێ ڤیۆڵتـا وەك شوێنێکی خۆش و شایستە دەیرازاندەوە. هەندێك شتی تازەی بۆ ئەو حەشارگەیانە دەبرد، شتی وا کە ئەگەرچی کەڵك لیۆەرگرتنیان بە رواڵەت دژوار و ئاڵۆز بوو، بەڵام بە شـێوەیەکی سەیر بە کەڵك دەهاتن. ئەو هەرچی بویستایە، بە هەر کلۆجێك بووبێت تەیاری دەکرد.

سەیرەکان لەسەر ئەو چۆڵگە هەواییانە دەنیشتن و دەیانخوێند. پەپوولەکان بە جووت لە درزی پەردەکانەوە دەهاتنە ژوور و شوێن یەکتر دەکەوتن. لە دوانیوەڕۆی هاویندا، کاتێك کـە ئـەو جووتـە دڵـدارە لـە باوەشـی یـەکتردا خـەویان لێدەکـەوت، سمۆرەیێـك بـە شـوێن خواردەمەنیەکدا دەهاتە ژوور، بە کلك رووەمەتی ئەو دوانەی دەلاواندەوە، یان گازی لە قامکی پێیـان دەگـرت. پـەردەکانیان باشـتر بەسـت، بـەڵام بنەماڵـەی مـشکێکی دەشـتەکی بـانی دیوەکەیان جوو، رۆژێك لەو رۆژانە بەسەریاندا کەوتن.

ئەوان لەو قۆناغەدا هەوڵیاندەدا چاکتر یەکتر بناسن، بۆیە باسی ژیانی خۆیانیان دەکرد و پرسیاریان لە یەکتر دەکرد:

« هەستت بە تەنیایی دەکرد؟ »

« دڵم بۆ تۆ تەنگ دەبوو.»

« ئەی بۆ کەسانی تر؟ »

« نا، بۆ دەبێ دڵم بۆ کەسانیتر تەنگ بووبێت، لە کاتێکدا هەمیشە لەگەڵ خەڵك بووم؟ میوەم دەچنی، دارەکانم هەڵدەپاچی، لەگەڵ قەشەدا دەرسی فەلسەفەم دەخوێند، لەگەڵ چەتە دەریاییەکان شەڕم دەکرد. مەگەر خەڵکیتریش هەر بەم شێوە ناژین؟

« تەنیا تۆ بەم شێوە دەژیت، لەبەر ئەوەشە کە خۆشم دەوێیت. »

بارۆن هەرگیز نەیدەزانی دەبێ چ شتێك بە ڤیۆلتا بڵێت و چی پێ نەڵێت. جاری وابوو ئیشارەتێك، یان وشەیەکی بچووك تووڕەی دەکرد. بۆ نموونە کۆزیمۆ دەیگوت:

« لەگەڵ جوڤانیە خەلەنگدا کتێبم دەخوێندەوە، لە گەڵ شوالییەدا باسی ئاودێریم دەکرد... »

« ئەی لەگەڵ من؟ »

« لەگەڵ تۆ عەشقبازی دەکەم. هەروا کە میوە دەچنم و دارەکان هەڵدەپاچم و... »

ڤیۆلتا بێدەنگ دەبوو، لە جێی خۆی نەدەبزوا. چاوەکانی لە پڕ وەك سەهۆڵ ساردیان لێدەهات. کۆزیمۆ دەیزانی تووڕەی کردووە.

« چی بوو ڤیۆلتا؟ مەگەر من چیم گوت؟ »

ئەوەندە دوور دەهاتە بەرچاوی کە دەتگوت نایبینێت و دەنگیشی نابیستێت. هەزار فرسەخ لێی دوور بوو. ڕوومەتی ببوو بە بەرد.

« پێم بڵێ چی بووە ڤیۆلتا؟ ڕاستت بوێت... گوێبگرە... »

ڤیۆلتا لە پڕ هەڵدەستا و بە چابوکی، بێئەوەی داوای یارمەتی لێ بکات، بە دارەکەدا دادەگەڕا.

کۆزیمۆ نەیدەزانی دڵی لە چی ئێشاوە. تێنەدەگەیشت، یان ڕەنگە وای پێباش بوو تێنەگات، بۆ ئەوەی بتوانێت بێتاوانییەکەی نیشان بدات.

« ڤیۆلّتا ، بڕوا بکە بە هەڵە تێگەیشتوویت. گوێ بگرە... »

تا نزمترین لق شوێنی دەکەوت.

« ڤیۆلّتا، ئاوا لە خۆوە مەڕۆ! ڤیۆلّتا ! »

ڤیۆلّتا ئاخریەکەی دەکەوتە قسەکردن، بەڵام بۆ ئەسپەکەی دەدوا کە کردبوویە و سواری ببوو. هەوساری ئەسپەکەی بە دەستەوە دەگرت و ڕێ دەکەوت!

کۆزیمۆ بە سەرلێشێواوییەوە لە دارێکەوە بۆ دارێکیتر دەخوشی.

« ئاخر ڤیۆلّتا، بڵێ بزانم چی بووە. ڤیۆلّتا... »

ڤیۆلّتا بە غار دەڕۆشت و کۆزیمۆش بەسەر دارەکانەوە شوێنی دەکەوت.

« ڤیۆلّتا تکات لێدەکەم! خۆشم دەوێیت! »

ئیتر نەیدەبینیەوە. بازی ترسناکی دەدا، خۆی دەخستە سەر ئەو لقانە کە ئیمکانی شکانیان بوو.

« ڤیۆلّتا ! ڤیۆلّتا ! »

هەستی دەکرد ئیتر ئەوی لە دەست داوە، نەیدەتوانی بەر بە گریانەکەی بگرێت، بەڵام ڤیۆلّتا دەردەکەوتەوە، بە غار دەهات و تەنانەت سەیریشی نەدەکرد.

« سەیرکە ڤیۆلّتا، بڕوانە بزانە من چی دەکەم! »

پەیتا پەیتا سەری خۆی بە دارەکەدا دەکوتا. (بەراستی کە سەری سەخت و قایم بوو).

بەڵام ئەو تەنانەت ئاوڕێکیشی لە کوزیمۆ نەدەدایەوە و، دیسان دوور دەبۆوە. کۆزیمۆ چاوەڕوانی دەما تا هەمدیس بەناو دارەکاندا بگەڕێتەوە.

« ڤیۆلّتا ، خەریکم شێت دەبم! »

لە پشتەوە لەشی بەردەدایەوە و سەر و بن دەبوو، تەنیا قاچەکانی بە لقەکەوە مابوون، بەردەوام مستی لە روومەتی خۆی دەدا. یان ئەوەی کە بە رقێکی شێتانەوە لقەکانی

دەشکاندەوە. نارەوەنێکی پڕ گەڵای لە ساتێکدا وەها رووت دەکردەوە کە دەتگوت تـەرزە لێی داوە.

بەڵام هەرگیز هەڕەشەی خۆ کوشتنی نەکرد. پیاوێك نەبوو کە بە بیانووی سۆزدارانەوە باج وەربگرێت. ئەو کارانەی دەکرد کە جەسارەتی کردنیانی بوو... ئەگەر بیگوتایە فڵانە کار دەکات، ئەوە بەو مانایە بوو کە بەرلەوەی قسەی لێبکات، دەستی بە کارەکە کردبوو.

ڤیۆڵتا هەروا کە لە پرێکدا تووڕە دەبوو، زۆر زووش خاو دەبووەوە. لە ناو ئـەو هـەموو شێتبازییانەی کۆزیمۆدا کە هیچ کارێکیان لەسەر ئەو دانەدەنا، کارێك بوو کە لەناکاو دڵی پڕ دەکرد لە عەشق و دڵسۆزی.

« نا کۆزیمۆ، نا ئازیزم، سەبر بگرە ! »

ئەوسا لـە ئەسـپەکەی دادەبـەزی، بـە پەلـە بـە دارەکـەدا هەڵدەگـەڕا، لـەو سـەرییەوە کۆزیمۆش دەستی دەگرت و یارمەتی دەدا.

دیسان عەشق، وەك رق تۆفانی، دەردەکەوتەوە. لە راستیدا، هەردووکیان ـــ عەشـق و رق ـ یەکێك بوون، بەڵام کۆزیمۆ لەوە نەدەگەیشت.

« بۆ ئازارم دەدەی؟ »

« چونکا خۆشم دەوێیت. »

ئێستا ئیتر ئەو تووڕە دەبوو.

« نا، خوشت ناوێم. ئەگەر کەسێکمان خۆش بوێت دەبێ خۆشـی ئـەومان بوێـت، نـەك ئازاردانی. »

« کە کەسێکمان خۆش بوێت تەنیا شتێکمان دەوێت، عەشقمان دەوێـت، تەنانـەت بـە بەهای ئازاریش. »

« کەواتە تۆ بە ئەنقەست ئازارم دەدەی؟ »

« بەڵێ، بۆ ئەوەی لە خۆشەویستییەکەت دڵنیا ببم. »

لە فەلسەفەی بارۆندا جێیەك بۆ ئەم بۆچوونانە نەبوو.

« ئازار شتێکی نەرێنییە. »

« عەشق هەموو شتێکە. »

« دەبێ هەمیشەلە گەڵ رەنج و ئازاردا بە شەڕ بێین. »

« هیچ شتێك ناتوانێ بەر بە عەشق بگرێت. »

« هەندێك شت هەیە کە من هەرگیز پێم وەرناگیرێت. »

«پێت وەردەگیرێت. مەگەر منت خۆش ناوێ و ئازار نابینی؟ »

شادییەکەی کۆزیمۆش، وەك ئازار کێشانەکەی پڕ دەنگ و هەرا بوو. جاری وابوو تووشی وەها شادییەك دەبوو کە وازی لە دڵدارەکەی دەهێنا، لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر دەخوشی و بە تێکەڵەیەك لە هەموو ئەو زمانانە کە دەیزانی هاواری دەکرد:

« من عاشقی جوانترین ژنی دنیام. »

خەڵکی بێکار و بەتاڵیا و کۆنە دەریاوانەکان، کە لە شوێنی بارخستنی بەندەری ئۆمبرۆزا دەسووڕانەوە، خوویان بەم جۆرە کارانەی گرتبوو. جاروبار دەیاندی کە بەهەڵبەز و دابەز بەسەر بەڕووەکاندا دەڕوات و بەچەند زمان گۆرانییەکی بێسەروبەرە دەخوێنێت:

**لەبەر تۆ، لەبەر تۆ، دڵدارەکەم**

**بۆ هەرلایەك، بەرەو هەموو شوێنێك دەچم**

**شەو تابەیان، هەموو شەوێك**

**بەرەو جامائیکا دەڕۆم.**

یان:

**مێرگێك هەیە لە شوێنێك**

**گیاکانی دەڵێی زێڕن**

**لەگەڵ خۆت بمبە هاوڕێ**

**پێمخۆشە لەوێ بمرم**

ئەوسا دیسان لە ناو لقوپۆکاندا ون دەبووەوە.

زۆر بە چاکی زمانە کۆن و ئیمڕۆییەکانی نەدەزانی، بەڵام ئەوەندەی دەزانی کە بتوانێت بۆ دەربڕینی شادییەکەی بە چەند زمان گۆرانی بچڕێت. هەرچی شادییەکەی زۆرتر بوایە گۆرانییەکانیشی تەمومژاویتر و بێ ماناتر بوون. جارێك لە رۆژی ساڵوەگەڕی پیاوچاکی پشتیوانی ئۆمبرۆزا، خەڵك بە ئاڵا و تاجە گوڵێنەوە لە مەیدانەکە کۆببوونەوە. بەپێی دابی خۆیان دارێکی بەرزیان لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا چەقاندبوو، لەشی دارەکەیان بە سابوون خز کردبوو، خواردنێکی زۆریان بەسەر دارەکەشەوە هەڵواسیبوو. ئەم کارەیان بۆ کێبەرکێ کردبوو. لەوکاتەدا لە پڕ باڕۆن لەسەر چنارێك دەرکەوت، بە جووڵەیەکی بەندبازانە کە تەنیا لە ئەو دەوەشایەوە خۆی گەیاندە دارەکە، پیایدا هەڵگەڕا و لەسەر نووکەکەی راوەستا و بە تێکەڵەیەك لەئیسپانیایی و ئەڵمای گوتی: « بژی ڤینۆسی جوانیی دێرین! » ئەوسا بەپەلە بە دارەکەدا داخزا، وەها کە خەریك بوو بکەوێتە سەر عەرز، بەڵام لە نیوەی رێگەدا وەستا و دیسان بەدارەکەدا هەڵگەڕایەوە و قاڵبێکی گەورە لە پەنیرێکی گوڵڕەنگی هەڵگرت و ون بوو، خەڵکی ئۆمبرۆزای لە کاسی و گێژیدا بەجێهێشت.

ڤیۆڵتا هیچ شتێکی بەقەدەر ئەم شێتبازییە خۆشانەی ئەو بە دڵ نەبوو، لە پاداشی ئەم کارانەشی دا عەشقێکی تۆفانی پێ دەبەخشی کە بە قەدەر کارەکەی ئەو کاس و وڕکەر بوو. بە بینینی ڤیۆڵا کە بە غار دەڕۆشت و یاڵی سپی ئەسپەکەی روومەتی دەشاردەوە، هەموو دەیانزانی کە دەچێت بۆ لای باڕۆن. هەر ئەم غاردانە چابوکانەش شەیدایی و عەشقەکەی دەردەخست. بەڵام کۆزیمۆ نەیدەتوانی هاوڕێیی بکات و ئەگەرچی ستایشی حەز لە سواری کردنەکەی دەکرد، لە ناخیدا بەخیلی پێ دەبرد و لێی دڵگران دەبوو. ئەو دەیبینی کە ڤیۆڵتا بەسەر جیهانێکی بەربڵاوتر لە جیهانەکەی ئەودا فەرمانڕەوایی دەکات و، دەیزانی کە هەرگیز ناتوانی سەرتا پێی ئەو بە هی خۆی بزانێت و لە سنوورەکانی جیهانەکەی خۆیدا رایبگرێت. لە لایەکی تریشەوە رەنگە ڤیۆڵتا ئازاری دەدی کە نەیدەتوانی هەم چابوك سواری بکات و هەمیش دڵداری. جاروبار لە ناخی خۆیدا ئاواتی ئەوەی دەخواست کە خۆزگە عەشقی بە

کۆزیمۆ تێکەڵی سواری دەبوو. ئیتر گەشت و گەڕانی سەردارەکانی پێ بەس نەبوو. حەزی دەکرد لەسەر دارەکان غار بدا و بە سواری ئەسپ بە لقەکاندا هەڵگەڕێت.

بەراستیش ئەسپەکەی لەبەر ئەوەی کە ئەوەندە بە هەوراز و لێژی زەوییەکاندا غاری دابوو وەك گیسکێك دەیتوانی بە بەرزاییە دژوارەکاندا هەڵگەڕێت. جاری وابوو ڤیۆلّتا واداری دەکرد تا بەپەلە بە سەر لەشی چەماوەی هەندێك داری وەك زەیتوونە پیرەکاندا بڕوات. جاری وابوو تا لقی یەکەمی دارەکەش هەڵدەگەڕا. ڤیۆلّتا وردە وردە خووی بەوە دەگرت کە هەوساری ئەسپەکەی بە دارەکانەوە ببەستێتەوە. ئەوسا خۆی لە زینەکەی دادەبەزی و دەیهێشت تا ئەویش لە گەڵا و شووڵی ناسکی دارەکان بلەوەڕێت.

ڕۆژێك یەکێك لە خەڵکی ئەو ناوچە بە باخی زەیتوونێکدا تێدەپەڕی، لەوێ چاوی بە بارۆن و دوشێز کەوت کە یەکتریان لە باوەش گرتبوو، ئەو لە کاتی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا دەیگوت:

« ئەسپە سپییەکەش چووبووە سەر دارەکە ! »

بە شێتیان دەزانی و کەس بڕوای بە قسەکەی نەکرد. بەم شێوە جارێکیتریش ڕازی ئەو جووتە دڵدارە بە شاراوەیی مایەوە.

## ٢٣

ئەگەرچی خەڵکی ئۆمبرۆزا جاران لە بارەی رووداوە عاشقانەکانی براکەم فرەوێژییان دەکرد، بەڵام ئێستا لە ئاست عەشق و شەیدایی ئەو و ڤیۆڵتا لە سەر دارەکانی ژوور سەریان، بێدەنگ بوون و بە رێزەوە سەیریان دەکرد. دەتگوت رازێك لە ئارادایە کە پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە. ئەڵبەت گلەییان لە رەفتاری مارکیز بوو، بەڵام ئەو گلەییانەش هەندێك لایەنی رواڵەتی دەگرتەوە. بۆنموونە ئەوەی کە زۆر شێتانە ئەسپەکەی لێدەخوڕیت و دەترسان بکەوێت و ملی بشکێت. (دەیانگوت: هەر خودا دەزانێ بەم پەلە پەلە دەیەوێ بچێت بۆکوێ؟ ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە چاك دەیانزانی بۆ بینینی کۆزیمۆ دەچێت.) یان ئەوەی کە حەزی دەکرد مۆبل و کەرەسەی جۆراوجۆر بباتە سەر دارەکان. زەمانە وای لێهاتبوو کە هەموویان پێیانوابوو ئەو رەفتارە سەیر و سەمەرە، مۆدەیەکی تازەیە و گەورەکان دایانهێناوە، لەو کارە سەیر و سەمەرانەیە کە ئەوان بەردەوام دەیکەن. (ئێستا ئیتر هەموو دەچنە سەر دارەکان! خۆ کارێکی تر نازانن!) بە کورتی سەردەمێك بەرێوە بوو کە بیرکردنەوەی ئازاد و درۆ و دووڕوویی پەرەی دەسەند. جاری وابوو چەند رۆژ تێدەپەڕی و بارۆن لەسەر دار

بەڕووی ناو مەیدانەکە نەدەبیندرا. هەموو دەیانزانی کە ڤیۆڵتا رۆشتووە. ئەو بۆ سەردانی موڵکەکانی کە لە هەموو لایەکی ئورووپادا بوون، سەفەری دەکرد و بۆ ماوەی چەند مانگ کەس هەواڵی نەدەزانی. هەمیشە کاتێك سەفەری دەکرد کە پەیوەندییەکەیان تێکچووبوو، چونکا نەیدەتوانی لەگەڵ بۆچوونە تایبەتیەکەی کۆزیمۆ بۆ عەشق و خۆشەویستی بگونجێت، لێی تووڕە بوو. بەوحاڵەش هەرگیز بە دڵێشان لە یەکتر جیا نەدەبوونەوە، بەرلەوەی لەیەك جیا ببنەوە، ئاشت دەبوونەوە. بەڵام ئەو گومان و دڕدۆنگییە هەمیشە لە دڵی کۆزیمۆدا دەمایەوە کە رۆشتنی ڤیۆڵتا بە هۆی دڵساردییەوەیە. چونکا ئەو ناتوانی لە لای خۆی رایبگرێت. ئایا ئەمە بەو مانایە نەبوو کە ڤیۆڵتا کەمە کەمە لێی دادەبڕا؟ ئایا ئەو سەفەرانە دەرفەتی ئەوەی پێ نەدەبەخشی کە زیاتر بیر لە پەیوەندییەکەیان بکاتەوە و ئیتر نەگەڕێتەوە؟ ئەم بیرۆکانە کۆزیمۆیان نیگەران دەکرد. هەوڵی دەدا سەرقاڵییەکانی جارانی دەست پێبکاتەوە. بچێت بۆ راو، ماسی بگرێت، هۆ بداتەوە سەر کاری کشت و کاڵ و، کتێب بخوێنێتەوە، بچیتە مەیدانەکە و قسەی خۆش بکات، وەها کە بڵێی هەرگیز جگە لەمانە هیچی تری نەکردووە. (بەم شێوە هەوڵی دەدا ئەو سەرچڵییە گەنجانە لە خۆیدا زیندوو رابگرێت کە هەرگیز قبووڵی ناکەن کەسێك کاریگەری لەسەر دابنێت.) ئەو ئەگەرچی شانازی بەو هێز و متمانەیەوە دەکرد کە عەشق پێی بەخشیبوو، بەڵام دەیدی کە ئێستا ئیتر وەك جاران حەز لە زۆر شت ناکات، تێدەگەیشت کە ژیانی بە بێ ڤیۆڵتا هیچ تام و چێژێکی نییە و، هەر چی دەکات ناتوانێت جگە لە ڤیۆڵتا بیر لە شتێکی تر بکاتەوە. هەرچی زیاتر هەوڵی دەدا کە دڵ بە خۆشییە سادە و ساکارەکانی رابوردووی بسپێرێت و بوونی پڕ لە شەیدایی ڤیۆڵتا لە بیر بباتەوە، زۆرتر هەستی بە جێی خاڵی ئەو دەکرد و ئاگری چاوەڕوانییەکەی زیاتر دەگەشایەوە.

بە کورتی، وێڕای هەموو ئەو شتانە کە دەیگوت، خۆشەویستییەکەی بۆ ڤیۆڵتا بە هەمان شێوە بوو کە ئەو ژنە دەیویست. هەمیشە، تەنانەت لە دووریشەوە، ئەو بوو کە

سەردەکەوت و، کۆزیمۆ بە هەموو هەوڵ و تەقەلا کانییەوە لە ئەنجامدا بەختەوری خۆی لە ئەودا دەبینیەوە.

مارکێز لە ناکاو دەگەڕایەوە و وەرزێکی نوێی عەشق و دڵداریان لەسەر دارەکان، سەرلەنوێ دەستی پێ دەکرد. هەمیشە عەشق و خۆشەویستی، دڵپیسی و ئێرەییش لەگەڵ خۆی دەهێنێت. چووی بۆ کوێ؟ چیت کرد؟ کۆزیمۆ دەیویست بە هەموو شتێك بزانێت، دەیپرسی بەڵام لە بیستنی وەڵامەکانیشی دەترسا. وەڵامەکانی ڤیۆڵتا هەمووی قسەی بە توێخڵ بوون و، پەرەیان بە شك و گومانەکەی کۆزیمۆ دەدا. راستە کە ئەو ئەم کارەی بۆ ئازار دانی کۆزیمۆ دەکرد، بە لام رێی تێدەچوو ئەو قسە بەتوێخڵانەش راست بن و، ئەوەش کۆزیمۆی داماوی گێژ دەکرد. هەندێك جار دڵپیسی و ئێرەییەکەی دەشاردەوە، هەندێك جاریش زۆر بە توندی و قورسییەوە ئاشکرای دەکرد. هەڵوێستەکانی ڤیۆڵتا هەمیشە جوراوجۆر بوون و غافڵگیریان دەکرد. جاروبار وای دەنواند کە لە هەمیشە زیاتر حەزی لێدەکات و جاروباریش کارێکی دەکرد کە کۆزیمۆ لە بینینەوەی شەیداییەکانی جارانی دڵسارد دەبووەوە.

بۆ ئێمەی خەڵکی ئۆمبرۆزا کە لە پایتەختەکانی ئوروپا دوور و، لە قسەو باسەکانی بێ ئاگا بووین، نەماندەزانی مارکیز لەو سەفەرانەیدا بە راست چی دەکات. بەڵام هەر لەو سەردەمەدا من بۆ جاری دووهەم بە هۆی هەندێك کاروبارەوە چووم بۆ پاریس. (کارەکەم پەیوەندی بە کڕین و فرۆشتنی لیمۆوە بوو. لەو دەمەدا زۆر کەس لە مەزنزادەکان تاویان دابووە تەجارەت و من لە یەکەم کەسەکان بووم.)

شەوێك لە یەکێك لە بە ناوبانگترین هۆڵەکانی پاریس ڤیۆڵتام بینی کە بە شێوەیەکی ئیجگار سەرنج راکێش خۆی رازاندبۆوە و، دەستێك جلی ئێجگار جوانی لەبەر کردبوو. بەو حاڵەش دەستبەجێ ناسیمەوە و لە بینینی سەرم سووڕما، چونکا بەراستی نەدەکرا ئەوت لەگەڵ هیچکەسی تر لێ بگۆڕێت.

ئەو بە بێمەبالاتییەوە سڵاوی لێ کردم، بەڵام لە یەکەم دەرفەتدا بۆ سووچێکی بـردم و لێی پرسیم:

« هیچ هەواڵێکتان لە براکەتان هەیە؟ وا زوو دەگەڕێنەوە بۆ ئۆمبرۆزا؟ ئەم یادگارییـەی منی بدەنێ. »

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی من بێت، دەسرەیەکی لە سنگ و بەرۆکی دەرهێنا و خستییە نـاو دەسـتی منـەوە و دیسان بـۆ نـاو خێڵـی ستایشکارەکانی، کـە بـەردەوام بـە شوێنیەوە بوون، گەڕایەوە.

یەکێك لە هاوڕێ پاریسییەکانم لەبەر خۆیەوە لێی پرسیم: « تۆ مارکیز دەناسی؟ »

گوتم: « دووراودوور دەیناسم. »

ڕاستم دەگوت. ڤیۆلَتا ئەو دەمە کە لە ئۆمبرۆزا بوو هاتوچووی گەورەکانی ناوچـەکەی نەدەکرد، دەتگوت هاونشینی لەگەڵ کۆزیمۆ ئەویشی وەحشی کردبوو.

هاوڕێکەم گوتی: « بە کەمی بیندراوە ژنێك ئەوەنـدە جـوان و، ئەوەنـدەش هەوەسـباز بێت. دەڵێن لە گەڵ زۆر پیاودا پەیوەندی هەیە و هەر ڕۆژە لەگەڵ یەکێکیانە، وەها کە هـیچ کامیان ناتوانێ زیاتر لە ئەوانی تر خۆی بە نزیکی بزانێت. پاش ماوەیەك ون دەبـێ و چـەند مـانگ کـەس هـەواڵی نازانێـت. دەڵـێن دەچـێتە سـەومەعەیەك و بـۆ قـەرەبوو کردنـەوەی گوناحەکانی گۆشەگیر دەبێت.»

بە گران توانیم بەر بە پێکەنینەکەم بگرم، چـونکا دەمـدی لـە کاتێکـدا مـارکیز لەسـەر دارەکانی ئۆمبرۆزا ڕادەبوێرێت، پاریسیەکان پێیان وایە ئەو تۆبەی کردووە و گۆشەگیر بووە. بەوحاڵەش ئەو قسانە نیگەرانی کردم، هەستم دەکرد خـەم و مەینەتییـەکی زۆر لـە بۆسـەی براکەمدایە.

بڕیارمدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئـەوەی کـە درەنـگ یـان زوو بـە سـەری دەهـات ئامـادەی بکـەم، بۆیـە کـە گەڕامـەوە بـۆ ئـۆمبرۆزا چـووم بـۆلای. زۆر پرسـیاری لـە بـارەی سەفەرەکەم و ئەو شتە نوێیانە کە لە فەڕانسە دیبـووم لێکـردم، بـەڵام هـیچ شـتێکی نـوێی

سیاسی یان ئـەدەبی نـەبوو کـە ئـەو پێـشتر لـە مـن نـەیزانێت و نەیبیـستبێت. لـە کۆتـایی قسەکانماندا دەسرەکەی مارکیز ڤیۆلتام لە گیرفانم دەرهێنا و گوتم:

« لە هۆلێك لە پاریس، خانمێکم بینی کە تۆی چاك دەناسی. ئەم یادگارییەی پێدام کە بیدەم بە تۆ. »

سـەوەتەیەك کـە بـە تەنافێکـەوە بەسـتبووی لـە دەسـتی کەوتـە خـوار، دەسـرە هاوریشمەکەی بۆ رووومەتی برد و بۆن و بەرامەکەی هەڵمژی.

« کەواتە بینیت؟ چۆن بوو؟ بڵێ بزانم چۆن بوو؟ »

لە وەڵامدا بە هێواشی گوتم: « لـە رادە بـەدەر جـوان و رێـك و پێـك. بـەڵام دەڵـێن زۆر کەسی تریش ئەو بۆن و بەرامەیە هەڵدەمژن. »

دەسرەکەی بە سنگییەوە نووساند، لەوە دەچوو بترسێت لە دەستی بستێنن. پاشـان بە روخسارێکی توورە و هەڵچووەوە رووی لێکردم و گوتی:

« بۆچی شمشێرت پێ نەبوو تا ئەو زمانانە ببڕی کە ئەو قسانە دەکەن؟ »

گوتم بیرم لەوە نەکردبۆوە.

ئەو بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان شانی هەڵتەکاند و گوتی:

« درۆیە. هەر منم و بێجگە لە من کەسی تر نییە. »

ئەوسا بێ خودا حافیزی رۆشت و لە ناو لقەکاندا ون بوو. ئەو هەر بەم شێوە پشتی لـە هەموو ئەو شتانە دەکرد کە دەیانویست لە دنیاکەی خۆی بیهێننە دەر. لەو رۆژەوە هەمیشە بێقەرار و خەمبار بوو. لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر دەچـوو، هـیچ کـارێکی نـەدەکرد. جاروبـار گوێم لە دەنگی دەبوو کە لەگەڵ سەیرەکاندا دەیخوێند. بەڵام خوێندنەکەشی خـەمبار تـر و عەسەبی تر بوو.

مارکیز گەڕایەوە. وەك هەمیشە چێژی لە ئێرەیی بردنەکەی بارۆن دەبینی، تووڕەی دەکرد و پێی رادەبوارد. رۆژانی خۆشی دڵداری دیسان دەستی پێکردەوە، براکەم دیسان شاد و خۆشحاڵ بووەوە. بەڵام مارکیز هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە تا ئەو بۆچوونە بەرچاوتەنگانەی بارۆن لە بارەی عەشق و دڵدارییەوە، بە روویدا بداتەوە.

« مەبەستت چییە؟ دەتەوێ بڵێی من پیاوێکی حەسوودم؟ »

« ماڤ خۆتە حەسوود بیت. کێشەکە ئەوەیە کە دەتەوێ پاساوێکی مەنتقی بۆ ئەو حەسوودی و ئێرەیی بردنەت بهێنیتەوە. »

« ئەڵبەت، بەم کارەم کاریگەرییەکەشی زیاتر دەکەم. »

« لە رادەبەدەر مەنتق بەکار دەهێنی. عەشق حەقی بەسەر مەنتق و بەڵگاندنەوە چییە؟ »

« بۆ ئەوەیە کە زیاتر خۆشم بوێت. دەکرێ لە هەموو کارێکدا هێزی مەنتق بەکار بێنی و وزەیەکی تازەی پێ ببەخشیت. »

« تۆ لەسەر دارەکان دەژی کەچی رۆحیەتی عەرزوحاڵ نووسەکانت هەیە.»

« ئازایانەترین کردەکان دەبێ بە رۆحێکی ساف و سادەوە ئەنجام بدرێن.»

ئەوەندە ئەم جۆرە قسە زلانەی دەکرد کە ڤیۆلێتا لە بەری هەڵدەهات، ئەوسا ئەویش سەرسیمە و شێتانە شوێنی دەکەوت.

لەو رۆژانەدا پاپۆڕێکی سوپایی ئینگلیسی لە بەندەرەکەی ئێمە لەنگەری خست. دەریاسالاری ئەو پاپۆڕە لەسەر شەرەڤ گەورەکانی ئۆمبرۆزا و ئەفسەری ئەو پاپۆڕانە کە لە بەندەر بوون، میوانییەکی گرت. مارکیزیش چوو بۆ ئەو میوانییە و کڵۆڵی تازەی کۆزیمۆ لەوێوە دەستی پێکرد. دوو ئەفسەر عاشقی مارکیز ببوون.

ئەوان بەردەوام لە پاپۆڕەکانیان دەرباز دەبوون و بە دەوروبەری ڤیۆلێتادا دەخولانەوە و هەوڵیاندەدا کە سازی بکەن. هەردووکیان پلەی پاپۆڕەوانیان بوو، یەکیان لە پاپۆڕێکی ئینگلیسیدا و ئەوی تریان لە گەمییەیەکی ناپلدا خزمەتیان دەکرد. دوو ئەسپی سووریان بە

کریّ گرتبوو بەردەوام سەردانی ماڵی مارکیزیان دەکرد. هەموو جارێك کە یەکتریان دەبینی، ئەفسەرە ناپلیییەکە مۆڕەیەکی وای دەکرد کە دەتگوت دەیەوێ ئەوەیتر ونجڕ ونجڕ بکات و، ئەفسەرە ئینگلیسیەکەش نیگایەکی تیژی وەك نوکی شمشێری تێدەبڕی.

ڤیۆلّتا چی دەکرد؟ هەموو پێش نیوەڕوان لە ماڵەوە دەمایەوە و لە لای پەنجەرەکە دادەنیشت، لە ژنێك دەچوو کە تازە مێردی مردبێ و نەیەوێت تازیەی بشکێنێتەوە. کۆزیمۆ خەریك بوو شێت دەبوو، نە ئەوی لەسەر لقی دارەکان لە پاڵ خۆیدا دەبینی و، نە دەنگی ئاژۆتنی ئەسپە سپییەکەی دەبیست. ئاخریەکەی چوو لەسەر لقێك لە بەرامبەر هەیوانی ماڵی ڤیۆلّتا دانیشت و، بەردەوام سەیری ڤیۆلّتا و دوو ئەفسەرەکەی دەکرد.

لە بیری ئەوەدا بوو فێڵێك بکات و، زۆر زوو ئەو دوو رەقیبە بۆ پاپۆڕەکانی خۆیان بگەڕێنێتەوە. بەڵام کە بینی ڤیۆلّتا بە قەدەر یەك رووی خۆش بە هەر دووکیان نیشان دەدا، ئەو هیوایە لە دڵی گەڕا کە رەنگە بیەوێت یاری بەهەردووکیان و تەنانەت بە ئەویش بکات. بەو حاڵەش هەروا بەردەوام چاوەدێری دەکردن تا بە بینینی یەکەم نیشانەکانی مەیلی ڤیۆلّتا بۆ یەکێك لەو دوو ئەفسەرە، دەست بە کار ببێت!

رۆژێك لەو رۆژانە کە ئەفسەرە ئینگلیسییەکە هات، ڤیۆلّتا لە لای پەنجەرەکە بوو. زەردەخەنەیان بۆ یەکتر کرد. مارکیز کاغەزێکی خستەخوار. ئەفسەرەکە لە حەواوە گرتییەوە، خوێندییەوە، سوور هەڵگەڕا و لە کاتێکدا سەری دادەنەواند ئەسپەکەی لێخوڕی و رۆیشت. وەعدی پێ دابوو! کەواتە ئەفسەرە ئینگلیسییەکەی زیاتر خۆش دەویست. کۆزیمۆ بڕیاری بە خۆی دا کە نەهێڵێت ئەو ئەفسەرە رۆژەکەی بە ئاسوودەییەوە بگەیەنێتە شەو.

پاشان ئەفسەرە ناپلییەکە هات. ڤیۆلّتا دیسان کاغەزێکی فڕێدایە خوار. ئەفسەرەکەخوێندییەوە و ماچی کرد. کەواتە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی؟ ئەی ئەوەیتر چی بە سەر دەهات؟ کۆزیمۆ دەبوو لەگەڵ کامیان بەشەڕ بێت؟ بێگومان ڤیۆلّتا تەنیا لەگەڵ یەکێکیاندا ژوانی دەبوو، وەك هەمیشە بە ئەویتریان رایدەبوارد، یان رەنگە دەیویست بە هەر دوکیان رابوێرێت و یاریان پێ بکات.

کۆزیمۆ مەزندەی دەکرد کـە ژوانگەکـەیان خـانووە کۆماجیـە تەریکەکـەی ئـەو سـەری باخەکە بێت. ڤیۆڵتا تازەدروستی کردبۆوە و کەلوپەلی لیٚ دانـابوو. خـودی ئـەو خـانووەش بەلای کۆزیمـۆوە جێـی گومـان لێکـردن بـوو. ئـیتر ئـەو کاتانـە بەسـەر چـووبوو کـە ڤیۆڵتـا سەردارەکانی بە مۆبل و پەردە دەڕازاندەوە. ئێستا بـەو شـوێنانەدا رادەگەیـشت کـە پێـی کۆزیمۆیان نەدەگەیشتیٚ. براکەم لەبەر خۆیەوە گوتی: « چاو لەو شوێنە نـاتروکێنم. ئەگـەر لەگەڵ یەکێکیاندا ژوانی ببێت، ژوانگەکەیان جگە لەویٚ هیچ کوێیتر نییە. » رۆشت و لـە نـاو لقوپۆی پڕی شابەڕوویەکی هیندیدا خۆی شاردەوە.

کەمێك بەر لە ئێوارە دەنگی ئاژۆتنی ئەسـپێکی بیـست. ئەفـسەرە ناپلیەکـە گەیـشت. کۆزیمۆ بڕیاریدا تووڕەی بکات. بە لوولەیەکی درێـژ کـە پێـی بـوو تەرسـی سمۆرەیـەکی بـۆ هاویشت و بە ملیدا درا. ئەفسەرەکە داچڵەکی و لە دەوروبەری خۆی ورد بووەوە. کۆزیمۆ لە پشت لقەکانەوە سـەری دانەوانـد و چـاوی بـە ئەفـسەرە ئینگلیـسییەکە کـەوت کـە لەوبـەر دەوەنەکانەوە لە ئەسپەکەی دابەزی و هەوسارەکەی بە دارێکەوە بەستەوە. « کەواتە لەگەڵ ئەفسەرە ئینگلیسیەکەدا ژوانـی هەیـە ! ئەمـەیان بـە رێکـەوت بێـرەدا تێپـەڕیوە. » ئەوسـا تەرسێکی تری بۆ ئەفسەرە ئینگلیسییەکە خست کە راست بەر لووتی کەوت.

ئەفسەرەکە گوتی: « ئەوە کیٚ بوو؟ »

ویستی بە ناو دەوەنەکاندا تێپەڕێت کـە لـووتی بـوو بـە لـووتی ئەفـسەرەکەی تـرەوە. ئەویش لە ئەسپەکەی دابەزیبوو، دەیگوت: « ئەوە کیٚ بوو؟ »

ئەفسەرە ئینگلیسییەکە گـوتی: « ببـوورە جـەناب، داوات لێدەکـەم هـەر ئێـستا لێـرە بڕۆیت. »

ئەفسەرە ناپلیەکە گوتی: « ئەوەی کە من لێرەم بەو مانایەیە کە مافی ئەوەم هەیە لێرە بم. من دەبیٚ داوا لە جەنابت بکەم ئێرە بە جێبێڵێت. »

« هیچ مافێك بانتر لە مافی من نییە، بـە داخـەوە کـە نـاتوانم ئیجـازەی مانـەوە لێـرەت بدەمیٚ. »

« ئەمە پەیوەندی بە شەرەف و ئابڕووی منەوە هەیە. من، سالڤاتۆره دی سەن کاتالدۆ دی سانتا ماریا کاپو ڤەتێره [٥٦]، ئەفسەری پاپۆڕی شەڕکەری پاشایەتی دو سیسیل.

« من، سێر ئۆزبێرت کەستل فایت [٥٧]، لەبەر شەرەفی بنەماڵەییم ناچارم لێرە دەرت بکەم. »

« تا بەم شمشێرە تۆ لێرە دەرنەکەم، خۆشم ناڕۆم. »

شمشێرەکەی دەرکێشا و گوتی:

« خۆتان بۆ شەڕ ئامادە بکەن، جەناب. »

سێر ئۆزبێرتیش شمشێرەکەی راکێشا و ئامادەی شەڕ بوو. شەڕ دەستی پێکرد.

ئەفسەرە ناپلییەکە گوتی: « دەمێکە بوو چاوەڕوانی رۆژێکی ئاوا بووم، هاوکاری خۆشەویست. »

ئەوسا هێرشی بۆ برد. سێر ئۆزبێرت هێرشەکەی تێشکاند و گوتی:

« دەمێکە بوو چاوەدێریم دەکردی جەناب، لێرەش چاوەڕوانت بووم! »

هێزی هەردوکیان بەقەدەر یەك بوو، بۆیە هێرش و تێشکانەکانیشیان کۆتایی نەدەهات. لەگەرمەی شەڕدا بوون کە دەنگێکیان بیست.

« تکایە دەست رابگرن! »

مارکیز ڤیۆلّتا لە ناو دەرکەی کۆماجەکەوە دەرکەوت.

هەر دوو ئەفسەرەکە لە یەك کاتدا شمشێرەکەیان داخست و هەرکامە ئەویتریان نیشان دەدا و پێکەوە گوتیان:

« مارکیز، ئەمە... »

مارکیز گوتی:

---

٥٦ - Salvatore di San Cataldo di Santa Maria Capua Vetere

٥٧ - Sir Osbert Castelfight

« دۆستانی ئازیزم! تکاتان لێدەکەم واز لـە شمـشێرەکانتان بێـنن. بـۆ دەتانـەوێ مـن بترسێنن. من بۆیە ئەم خانووەم پێ خۆشە کـە شـوێنێکی تـەریك و دوور و بێقرەیـە. بـەڵام هێشتا سەرم نەنابووە سەر سەرین زرینگەی شمشێرەکانتان بە ئاگای کردمەوە! »

ئەفسەرە ئینگلیسییەکە گوتی: « بەڵام خـاتوونی مـن، مەگـەر خۆتـان منتـان بـۆ ئـەم شوێنە دەعوەت نەکردووە؟ »

ئەفسەرە ناپلیەکە گوتی: « خاتوونی من، تۆ بۆ دیدار لە گەڵ من هاتووی بۆ ئێرە. »

نەرمە پێکەنینێکی وەك دەنگی باڵی باڵندەکان لە قورگی ڤیۆڵێتاوە هاتە دەر.

« ئاخ! راستە. ئێوەم دەعوەت کردبوو؟ یـان ئێـوە؟... ئـای کـە مـن چـەندە گێـژم! کەواتە چاوەڕوانی چین؟ فەرموون، تکایە دانیشن. »

ئەفسەرە ئینگلیسییەکە گوتی: « خاتوونی من، من پێموابوو بە تـەنیا منـت دەعـوەت کردووە. دیارە هەڵە بووم، کەواتە بەوپەڕی رێزەوە ئیجازەی رۆشتن دەخوازم. »

« منیش دەمویست ئەوە بڵێم و ئیجازەی رۆشتن بخوازم. »

مارکیز پێدەکەنی.

« دۆستانی من، دۆستانی ئازیزم... وای کە من چەندە فەرامۆشکارم! پێموابوو لەگەڵ سێر ئۆزبێرتدا لە سەعاتێك و لەگەڵ دۆن سالڤاتۆرەش لە سەعاتێکی تر ژوانم هەیە. نـا، نـا، داوای لێبوردن دەکەم. پێموابێ لەگەڵ هەر دووکتان لە سـەعاتێك و لـە دوو شـوێنی جیـاواز ژوانم بووە... بەڵام نا، خۆ ئەوە ناکرێت! چـاکە ، ئێـستا کـە هـەردووکتان هـاتوون، چـۆنە دانیشین و قسەیەکی دۆستانە بکەین؟ »

دوو ئەفسەرەکە سەیری یەکتریان کرد و ئەوسا روویان لە مارکیز کرد.

«ئایا باش تێگەیشتووین کە تەنیا بۆ ئەوە گوێت بە ئێمە داوە تا بتـوانی باشـتر پێمـان راببوێریت؟ »

« بۆ ئاوا بیر دەکەنەوە دۆستانی مـن؟ بـە پێـچەوانەوە. بـە پێـچەوانەوە. نەمـدەتوانی لەبەرامبەر ئەو هەموو پێداگرییەی ئێوەدا بێمەبالات بم... هەر دووکتان بۆ ئەوە دەبن کە من

خۆشـم بـوێن. ئەگـەر شایـستەیی سـێر ئـۆزبێرتم هەڵبژاردایـە، گـەرمی و شـەیدایی دۆن سالڤاتۆرەم لە کیس دەچوو... سێر ئۆزبێرتی ئازیز، ئایا دەبوو قەناعەت بە دۆن سالڤاتۆرە بکەم و واز لە تۆ بێنم؟ بۆچی؟ وا باشتر نییە کە ... »

هەردووکیان پێکەوە پرسیان:

« واباشتر نییە کە چی؟ »

مارکیز سەری دانەواند و گوتی:

« باشتر نییە کە بۆ هەر دووکتان بم؟ »

دەنگی پێکدا درانی لقەکانی شابەڕووە هیندییەکە بیسترا. کۆزیمۆ لەوە زیاتر بەری بـە خۆی پێنەدەگیرا.

بەڵام ئەو دوو ئەفسەرە وەها داچڵەکیبوون کە ئەو دەنگەیان نەبیـست. هـەر دووکیـان هەنگاوێك کشانەوە.

« ئەمە ناکرێ خانم! »

مارکیز سەری بەرز کردەوە و بە زەردەخەنەیەکی زۆر شیرینەوە گوتی:

« چاکە! کەواتە من هی ئەو کەسەم کە بۆ ئەوەی نیشانی بـدات چـەندەی مـن خـۆش دەوێت و دەیەوێ خۆشحاڵم بکات، رایبگەیەنێت کە ئامادەیە لەگەڵ ئەویتردا ببێتە شەریك. »

هەر دوو ئەفسەرەکە کڕنۆشێکی وشکیان کرد و لە دەرکـەوە چـوونە دەر. لـە دەرەوە روویان لەیەك کرد و دەستی یەکتریان گوشی.

« دڵنیابووم کە تۆ نەجیبزادەیت، سینیۆر کاتالدۆ. »

« گومانم لەوە نەبوو کە تۆ ئەفسەرێکی بە شەرەڤی، میستەر ئۆزبێرت. »

ئەوسا بێئەوەی سەیری مارکیز بکەن بەرەو ئەسپەکانیان چوون.

ڤیۆڵتا بە دەنگی بەرز گوتی:

« دۆستانی من... بۆ نارەحەت بوون؟... بێ عەقڵانە... »

بەڵام ئەو دوانە گەیشتبوونە ئەسپەکانیان و خەریك بوون پێیان لە رکێفەکان دەنا.

کۆزیمۆ چاوەڕوانی ئەم ساتە بوو، پێشتر تامی سەرکەوتنەکەی چێشتبوو. ئەو داوێکی بە ئازاری بۆ ئەو دوو ئەفسەرە نابووەوە، بەڵام کاتێك بینی ئەوان بە شەرەفەوە لە ڤیۆلتا جیا بوونەوە، کوتوپڕ رقەکەی رەوییەوە. کار لە کار ترازابوو! ئیتر نەیدەتوانی داوەکەی کۆ بکاتەوە، بۆیە بیری کردەوە ئاگاداریان بکاتەوە. بە سەر دارەکەوە هاواری کرد:

« سەبر بکەن! لەسەر زینەکە دامەنیشن! »

دوو ئەفسەرەکە سەریان بەرز کردەوە.

«ئەوە لەو سەرییە چی دەکەیت؟ »

«چیت دەوێ؟ »

« وەرە خوارەوە! »

پێکەنینی مارکیز ڤیۆلتا لەپشت سەریانەوە دەنگی دایەوە.

دوو ئەفسەرەکە تیامابوون. لەوە دەچوو درێکی سێهەمیش ئەو دیمەنەی تەماشا کردبێت. وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبوو.

بە یەکتریان گوت: « بە هەرحاڵ، ئێمە هاوپەیمانین! »

« وەعدی شەرەف! »

« هیچ کاممان بە قسەی ناکەین و لە دڵداریدا شەریکی کەسی تر ناکەین.»

« هەرگیز! »

« ئەی ئەگەر یەکێکمان بە قسەی کرد... »

« بە هەرحاڵ هەمیشە هاوپەیمان دەبین! ئەگەر بە قسەشمان کرد، هەردووکمان پێکەوە بە قسەی دەکەین! »

« چاکە، کەواتە با بڕۆین. »

کۆزیمۆ کە ئەم وتووێژە تازەی بیست لە دڵسۆزی کردنەکەی ساتێك لەوەبەری پەشیمان بۆوە. گوتی: « هەرچی دەبێ با ببێ. » ئەوسا بۆ ناو لقوپۆکان گەڕایەوە. دوو ئەفسەرەکە لەسەر زینەکان دانیشتن. کۆزیمۆ لەبەر خۆیەوە گوتی: « ئێستا دەقیژێنن! »

حەزی کرد بەدەست گوێچکەی خۆی بگرێت. قریشکەیەك لە دوو ئەفسەرەکە بەرز بووەوە. لە ژێر زین پوشی هەر دوو ئەسپەکە ژیشکێك شاردرابووەوە.

« خەیانەت! »

بەدەم زریکەوە لە ئەسپەکان دابەزین. سەرەتا ویستیان بەرەو مارکیز بچن، بەڵام ئەویش وەك ئەوان لەو رووداوە تووڕە ببوو. رووی لە ترۆپکی دارەکە کرد و هاواری کرد:

« عەنتەری وەحشی ناجنس! »

ئەوسا پەڕیە سەر شابەڕووەکە و ئەوەندە گورج و خێرا لە ناو لقوپۆکانـدا ون بوو کە دەتگوت بووە بە هەڵم و لە حەواوە تواوەتەوە.

ڤیۆلّتا و کۆزیمۆ لەسەر لقی دارەکان پێك گەیشتن. بە چاوی پڕ لە ئاگرەوە لە یەکتر ورد بوونەوە. رق و شەیدایی حاڵەتێکی پاك و فریشتە ئاسای پێ بەخشیبوون. لەوە دەچوو پێکدا هەڵپڕژێن بەڵام ڤیۆلّتا لە پڕ گوتی:

« ئاخ خۆشەویستەکەم، حەز دەکەم هەمیشە ئاوا بیت. حەسوود و بێقەرار. »

ئەوسا باسکی لە گەردنی کۆزیمۆ ئاڵاند و یەکتریان لە باوەش گرت. کۆزیمۆ بۆ ساتێك هەموو شتێکی لە بیر چووەوە، بەڵام ڤیۆلّتا خۆی کێشایەوە و روومەتی لە روومەتی کۆزیمۆ دوور خستەوە. گوتی:

« بەڵام ئەوانیش منیان زۆر خۆش دەوێ. دەزانی؟ ئامادەن لە بەینی خۆیاندا بەشم کەن. »

زۆری نەمابوو کە کۆزیمۆ خۆی پیا بدا، بەڵام هەستا و لەسەر لقەکە راوەستا. چەند گەڵای بە دان گەست، سەری خۆی بە دارەکەدا کێشا و گوتی:

« بایەخی مێشوولەیەکیشیان نییە! »

ڤیۆلّتا دیسان لێی دوور کەوتەوە. رومەتی وەك بەردی لێهات. پشتی تێکرد و بە پەلە لە دارەکە رۆشتەخوار.

دوو دڵدارەکەی شەڕەکەیان لە بیر چووبۆوە و خەریك بوون چڵی ژیشکەکەیان لە لەشی یەکتر دەردەهێنا.

ڤیۆڵتا گوتی: «زووکەن ! سوار کالیسکەکەی من بن! »

چوونە پشت خانووەکە و کالیسکەکە ڕێ کەوت. کۆزیمۆ لەسەر دارەکە رووەمەتی لە دەستەکانیدا شاردەوە.

قۆناغێکی رەنج و ئازار بۆ کۆزیمۆ و بۆ ئەو دوو ئەفسەرەش دەستی پێکرد. بەڵام ئایا بۆ ڤیۆڵتا قۆناغێکی خۆش بوو؟ من پێموایە ئەو تەنیا بۆ ئازاردانی خۆی خەڵکی ئازار دەدا. دوو ئەفسەرەکە لە هەموو کوێ ـ لە بن پەنجەرەکەی ڤیۆڵتا، لەماڵەکەی، لە میوانخانە ــ بەردەوام پێکەوە بوون و لەیەك جیا نەدەبوونەوە. ڤیۆڵتا رووی خۆشی بە هەر دووکیان نیشان دەدا و بەردەوام داوای لێدەکردن کە بە ئەنجامدانی کارێکی تازە، عەشق و خۆشەویستی خۆیانی پێ نیشان بدەن و، ئەو جوتەش هەمیشە ئامادە بوون. تا ئەو رادە چووبوونە پێش کە حازر بوون لە عەشقی ئەودا لە گەڵ یەکتر و تەنانەت لەگەڵ خەڵکی تریش شەریك بن. لەبەر ئەوەی کەوتبوونە سەر لێژی سازش و گونجان، ئیتر هیچ شتێك بەری پێ نەدەگرتن. هەموو هیوا و مەبەستیان ئەوە بوو کە ئاخریەکەی دڵی ئەو بەدەست بێنن، تا بەو وەعدەی کە پێی دابوون وەفا بکات و لە هەمان کاتیشدا، بە هۆی سوێندێکەوە کە بۆ یەکتریان خواردبوو، هەروا هاوپەیمان بوون. لە لایەکەوە لە بەخیلیان خەریك بوو دەمردن و لە لایەکی ترەوە هیوادار بوون کە ئاخرییەکەی سەرکەوتوو دەبن، لەبەر ئەوەش کە نەیاندەزانی کەوتوونەتە چ گێژاوێکەوە ئازارێکی زۆریان دەکێشا. هەر جارێك کە وەعدی کارێکی تازەیان دەدا ڤیۆڵتا سوار ئەسپەکەی دەبوو، دەچوو بۆ کۆزیمۆی دەگێڕایەوە.

کە کۆزیمۆی بە خەمباری لەسەر دارەکان دەیبینی هاواری دەکرد:

« دەزانی، ئەفسەرە ئینگلیسییەکە لەبەر من ئامادەیە فڵانە کار بکات. هەروەها ئەفسەرە ناپلیەکەش ... »

کۆزیمۆ هیچی نەدەگوت.

ڤیۆلتا دەیگوت: « ئەمە یەعنی عەشقی ڕەها ! »

کۆزیمۆ دەیقیژاند: « ئەمە یەعنی کەریەتی ڕەها ! بڕۆن هەمووتان ون بن.» ئەوسا لە ناو لقۆپۆکاندا خۆی دەشاردەوە.

ئێستا ئیتر خۆشەویستییەکەیان بە شێوەی ئەم پەیوەندییە دلڕەقانەی لێهاتبوو.

پاپۆڕە ئینگلیسییەکە لەنگەری کۆ کردەوە. ڤیۆلتا لە سێر ئۆزبێرتی پرسی: « تۆ دەمێنییەوە، وانییە؟ » ئەفسەرە ئینگلیسییەکە لەگەڵ پاپۆڕەکە نەڕۆشتو بە هەڵاتوو لە قەڵەم درا. هاوپەیمانیی و هاوڕێیی دۆن سالڤاتۆرەشی ناچار بە هەڵاتنی کرد.

ڤیۆلتا چوو بۆ لای کۆزیمۆ و بە سەرکەوتووییەوە گوتی:

« هەر دووکیان لەبەر دڵی من وازیان لە کارەکەیان هێنا و هەڵاتن، بەڵام تۆ... »

کۆزیمۆ نەڕاندی: « بەڵام من؟ »

وەها بە رقەوە سەیری ڤیۆلتای کرد کە ئیتر هیچی نەگوت.

سێر ئۆزبێرت و دۆن سالڤاتۆرە، ئەفسەرانی هەڵاتووی پاپۆڕە سوپاییەکانی ئینگلیس و ناپل، هەموو کاتەکەیان لە میوانخانە بوون. نیگەران و ڕەنگ پەڕیو لەگەڵ یەکتر تاوڵەیان دەکرد و هەوڵیاندەدا لە یەکتری ببەنە. لەو کاتەدا ڤیۆلتا لەوپەڕی نارەزایەتیدا بوو، دڵی لە خۆی و لە هەموو شتەکانی دەور و بەری سەرهاتبوو.

ڕۆژێك سوار ئەسپ بوو، چوو بۆ دارستان. کۆزیمۆ لەسەر دار مازوویەك دانیشتبوو. ڤیۆلتا لە سەوزایی بن دارەکەدا ڕاوەستا.

« ئیتر دڵم سەرهاتووە. »

« لەو دوانە؟ »

« لە هەمووتان. »

« ئەها؟! »

« هەر دووکیان نیشانیاندا کە خۆشیان دەوێم... »

کۆزیمۆ تفێکی ڕۆ کرد.

« بەڵام ئەوەم بەلاوە بەس نییە. »

کۆزیمۆ لێی ورد بووەوە.

ئەو گوتی:

« پێتوانییە عەشق دەبێ بە مانای لەخۆبوردنێکی رەها بێت، واتە بنیادەم خۆی لە بیر بچێتەوە؟ »

لە مێرگەکە راوەستا بوو، لە هەمیشە جوانتر بوو. بێ مەیلییەکەی کاری نەکردبووە سەر شیرینی رووومەتی و رێك و پێکیی قەد و باڵای. بۆ وەلانانی ئەو بێ مەیلییە و خۆ فرێدانی بۆ باوەشی کۆزیمۆ شتێکی زۆری نەدەویست. هەر ئەوەندەی دەویست کە کۆزیمۆ بۆ ئاشت کردنەوەی شتێك بڵێت. هەرچی بێ، مەسەلەن بڵێت: « تۆ چیت پێ خۆش بێت من ئەوە دەکەم. » ئەوسا دیسان هەستی بە بەختەوەری دەکردەوە، بەختەوەری و خۆشییەکی بێ ژەنگ و ژار. بەڵام کۆزیمۆ لەبری ئەوە گوتی:

« عەشق تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە بنیادەم خودی خۆی بێت، بە هەموو هێز و گوڕییەوە! »

ڤیۆڵتا لە دڵساردی و داماویدا جوڵەیەکی کرد. بەو حاڵەش هێشتا دەیتوانی لە ئەو بگات و تێی دەگەیشت، تەنانەت لەوە زیاتریش، حەزی دەکرد بڵێت: « من تۆم هەر وا کە هەیت، خۆش دەوێ. » ئەوسا بەرەو پیری بچێت... بەڵام لێوی خۆی گەست و گوتی:

« چاکە، کەواتە خودی خۆت بە و بەتەنیا بە. »

کۆزیمۆ ویستی بڵێتك « بەم شێوە ئیتر خودی خۆ بوون بێ مانایە... » بەڵام لەبری ئەوە گوتی:

« ئەگەر ئەو دوو مێشوولەت بە لاوە پەسندترە... »

ڤیۆڵتا قیژاندی: « ئیجازەت پێنادەم سووکایەتی بە دۆستەکانم بکەیت! »

بەڵام لە دڵی خۆیدا دەیگوت: « من تەنیا تۆم هەیە، هەموو ئەم کارانەش لە بەر تۆ دەکەم. »

« تەنیا من شایستەی سووکایەتی پێکردنم... »

« تۆ نا، بیر و بۆچوونەکەت! »

« من و بیر و بۆچوونەکەم هەردوکمان یەکێکین. »

«کەواتە بۆ هەمیشە ماڵاوا... هەر ئیمشەو دەڕۆم و ئیتر ناتبینمەوە. »

بە پەلە بەرەو ڤیلاکەی چوو، باروبنەی پێچایەوە و بێئـەوەی هـیچ بـەو دوو ئەفـسەرە بڵێت سەر ڕێکەوت. ئەو لەسەر قسەکەی خۆی مایەوە و هـەرگیز بـۆ ئـۆمبرۆزا نەگەڕایـەوە. چوو بۆ فەڕانسە و دوای ماوەیەك کە ئیتر خۆی پێ نەگیرا و ویستی بگەڕێتەوە، ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە نەیانهێشت. سەرەتا شۆڕش و پاشان شەڕ ڕوویدا. مارکیز کە ببـوو بـە یـەکێك لـە نزیکانی لافایت و، ڕووداوەکان وردە وردە سەرنجیان ڕادەکێشا، چوو بۆ بەلژیك و لەوێشەوە بۆ ئینگلستان. ئەو چـەند سـاڵە کـە شـەڕەکانی نـاپلیۆن دەوامـەی بـوو، ئـەو لـە لەنـدەنی مژگرتوودا دەژیا و دڵی لە لای دارەکانی ئۆمبرۆزا بوو. پاشان بوو بە ژنی لۆردێکی ئینگلیسی کە لە گەڵ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات کاری دەکرد و لە کەلکەتە مایەوە. لەوێ لە هەیوانی ماڵەکەیەوە سەیری دارستانی دەکرد. سەیری ئەو دارانە کە لە دارەکانی باخی تاق منداڵیشی سەیرتر بوون و، هەموو ساتێك پێیوابوو کۆزیمۆ دەبینێ کە لە پشت لقەکانەوە بەرەو پـێش دێت. بەڵام ئەوەی کە ئەو دەیبینی پڵینگ یان مەیموون بوو.

سێر ئۆزبێرت کەستێل فایت و سالڤاتۆرە دی سـن کاتالـدۆش بـۆ هەمیـشە هاوپـەیمان مانەوە و ژیانێکی پـڕ لـە ڕوودا و ماجـەرایان هەڵبـژارد. سـەریان لـە قومارخانـەکانی ڤێنیـز، قوتابخانەی زانستە ئایینییەکانی گوتینگن و، دەرباری کاترینی دووهـەم لـە سـەنپێترزبۆرگ دەرهێنا و ئیتر هەواڵێکیان نەبوو.

کۆزیمۆ کاتێکی زۆر بەسەر دارەکانەوە دەگەڕا. جلی شڕی لـە بـەر دەکـرد و بـەردەوام دەگریا و دەمی بۆ هیچ خواردنێك نەدەبرد. وەك منداڵی ساوا دەگریا و، ئەو باڵندانە کە لەوە پێش بە بینینی ئەو ڕاوچیە دەست ڕاستە هەڵدەهاتن، ئێستا لێی نزیك دەبوونەوە و لەسـەر

لقەکەی دەنیشتن، یان بە ژوور سەریەوە هەڵدەفڕین. چولەکەکان، سەیرە و قومری و پەرەسێلکە و کوکوختییەکان دەیانخوێند و سمۆرە و خەز و مشکە دەشتەکییەکانیش لە قووڵایی کولانەکانیان دەهاتنە دەر و لە گەڵیاندا دەچرین. بەم شێوە براکەم بۆ هەر کوێ دەچوو ناڵە ناڵی لەگەڵ بوو.

پاشان تووشی رقێکی وێرانکەر بوو. گەڵای دارەکانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەڕنی و وەك داری زستانی رووتی دەکردنەوە، ئەوسا دەکەوتە گیان شووڵ و لقە باریکەکانیش. پاشان بە چەقۆکەی پێستی دارەکانی دەتاشی و سپیاییەکەیانی دەردەخست. لە دوای هێرشەکەی ئەو، دارەکان وەك ئەو بریندارانە بوون کە پیاو بە بینینیان پشتی دەلەرزی.

ئەو هەمووە توورەییە نیشانەی رق هەلگرتن لە ڤیۆلتای پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو نیشانەی پەشیمان بوونەوەی خۆی بوو لەوەی کە ئەوی لە دەست دابوو، نەیتوانیبوو رایبگرێت، بە غووروری نابەجێ و کەرانەی خۆی ئەوی رەنجاندبوو. ئەو تازە لەوە گەیشتبوو کە ڤیۆلتا هەمیشە پێی وەفادار بووە، ئەو دوو پیاوەی تریشی لەبەر ئەوە بەشوێن خۆیدا رادەکێشا کە نیشانی بدات تەنیا کۆزیمۆ بە دڵداری خۆی دەزانێت. هەموو بێقەراری و هەوەسبازییەکانیشی بۆ ئەوە بوو پەرە بە عەشقەکەیان بدات. عەشقێك کە لە ترۆپکی خۆیدا بوو، بەڵام ڤیۆلتا دانی پیا نەدەنا. کەچی کۆزیمۆ لە هیچکام لەمانە نەگەیشتبوو، ئەوی رەنجاندبوو لە خۆی دووری خستبۆوە.

ڤیۆلتا ئۆپتیموس ماکسیموسیشی لەگەڵ خۆی بردبوو، کۆزیمۆ چەند حەفتەیەك تەنیاتر لە هەمیشە لە دارستان مایەوە. کاتێك گەڕایەوە بۆ ئۆمبرۆزا زۆر گۆڕابوو. ئیتر منیش گومانم لە شێت بوونی براکەم نەدەکرد.

## ٢٤

هەر لەو کاتەوە کە کۆزیمۆ لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا چووە سەر دارەکان و ئیتر نەهاتە خوار، لە ئۆمبرۆزا دەگوترا عەقڵی تەواو نییە. بەڵام هەروا کە زۆر بینـدراوە، پاشـان هـەموو کەس شێتیەتییەکەیان قبووڵ کرد و لە گەڵی گونجان. نەوەك هـەر پێداگرییەکـەی بـۆ ژیـان لەسەر دارەکان، بەڵکوو گەوجییەتییە لـە رادە بەدەرەکەشـی بـۆ خـەڵك، ئاسـایی بـوو. لـە ئەنجامدا وای لێهات بە مرۆڤێکی سەیری بزانن و هیچی تر. لە گەرمەی قۆناغی دڵدارییەکـەی لە گەڵ ڤیۆلّتا، شادومانییەکەی خۆی بە شێوەیەك دەردەبڕی کە خەڵك تێی نەدەگەیـشتن. بەتایبەت، ئەو کارە کە لە رۆژی جەشنی «مرۆڤی پیرۆز»ی شارەکەیان کردی، بوو بە هـۆی سەرسووڕمانی گشتی. زۆر کەس ئەو کردەیان بە بێحورمەتی بە بیروباوەڕی پیرۆزی خۆیـان زانی و قسەکانی ئەویان بـە دروشمێکـی زنـدیقی و کافرانـە لێکدایـەوە کـە گوایـە بـە زمـانی ئیسپانیایی کردبووی. لەو کاتەوە قاو بڵاوبووەوە کـە «بـارۆن شـێت بـووە !» کەسـانێکیش بوون کە گوتیان: «بۆچی دەکـرێ مرۆڤێـك کـە هـەموو تەمـەنی شـێت بـووە دیسان شـێت ببێتەوە؟! »

لە گەرمەی ئەم بۆچوونە دژوازانەدا کۆزیمۆ شـێتی شـێت ببـوو. ئـەو کـە تـا ئـەو کاتـە پێـستەی دەپۆشـی، لـەوەدوا وەك سـوور پێـستەکانی ئـەمریکا بـە پـەڕی ڕەنگـاوڕەنگی باڵندەکان خۆی دەڕازاندەوەو، تەنانەت پەڕەکانیشی لە جلەکانی خۆی ڕۆ دەکرد. جلی وای بۆ خۆی ساز دەکرد کە کلکی بوو بە پەڕ داپۆشرابوو، ڕەفتاریشی وەك باڵندەکانی لێهاتبوو. وەك دارکونکەرە کرمی لە لەشـی دارەکـان دەردەکێـشا و، وەهـا کـە خەزێنەیـەکی دەسـت کەوتبێت شانازی بە خۆی دەکرد.

بۆ ئەو کەسانەش کە لە بن دارەکان کۆ دەبوونەوە تا قسەکانی ببیستن و پێی ڕابوێرن، باسی باڵندەکانی دەکرد. ئەو کە زەمانێك باڵندەکانی ڕاو دەکرد، ئێستا پشتیوانی لێدەکردن و ستایشی دەکردن. وردە وردە خۆی بە باڵندە دەزانی. جاریوابوو دەبوو بە کۆترەباریکە و، هەندێك جاریش دەبوو بە کوند، یان سەیرە. خۆی وەك ئەو باڵندانە لێـدەکرد و شـاڵاوی بـۆ ئەو مرۆڤانە دەبرد کە گوایە نازانن باڵندەکان دۆستی ڕاستەقینەی ئەوانن. لە ئەنجامدا ڕووی قسەکانی لە هەموو کۆمەڵگەی ئینـسانی بـوو، گوتـەکانی دۆخێکـی هێمـاییینی وەردەگـرت. باڵندەکانیش لەو گۆڕانـەی گەیـشتبوون و لێـی نزیـك دەبوونـەوە، تەنانـەت ئـەو کاتانـە کـە خەڵکیتریش لە بن دارەکەی کۆ ببوونەوە و گوێیـان بـۆ قـسەکانی شـل کردبـوو، لێـی نزیـك دەبوونـەوە. بـەم شـێوە براکـەم دەیتـوانی بـە هێنانـەوەی ئـەو نموونـە زیندووانـە کـە لـە دەوروبەری خۆی لە سەر لقەکان هەڵنیشتبوون، قسەکانی خۆی بسەلمێنێت.

ئەم وەزعە بیرێکی بە مێشکی ڕاوچییەکانی ئۆمبرۆزادا هێنا، کە بۆ ڕاکێشانی باڵندەکان و ڕاوکردنیان وەك تەڵەیەك سوودی لێ وەربگرن، بەڵام بە کردەوە کـەس نـەیوێرا تەقـە لـەو باڵندانە بکات کە لـە دەوروبـەری ئـەو کـۆ دەبوونـەوە. خـەڵك، تەنانـەت دوای ئـەوەش کـە شێتییەتییەکەی ئاشکرا ببوو، وەك جاران لێی دەترسان. ئەڵبەت گاڵتەیان پێ دەکـرد و، لـە بن دارەکەیدا هەمیشە تاقمێك منداڵ و بێکارەی لێبوو کە پێی پێدەکەنین، بەڵام وەك جاران ڕێزیان لێدەگرت و بە وردی گوێیان بۆ قسەکانی شل دەکرد.

ئەو دارانە کە ئەو لە سەریان دەبوو، وردە وردە پڕ دەبوون لە گەڵای دەستنووس و پەڕە کاغەزی گەورە کە گوتە و پەندی فەیلەسووفەکانی پێشووی لەسەر نووسیبوون. ئەو هەروەها کۆمەڵە شتێکی زۆریشی بە ریّك و پێکی پێکەوە لکاندبوو، لەسەر لقەکان دانابوون. دەستووە پەڕ، مۆم، داسی بچووك، تاجی جۆراوجۆر، پەیکەرەی نیوئەندامی ژنان، دەمانچە، شایەن و زۆر شتی تریش. خەڵك بە سەعات لەو شتانە ورد دەبوونەوە و هەوڵیان دەدا لەو مەتەڵانە تێبگەن. بە بۆچوونی من، براکەم بە دانانی ئەو شتانە لە پاڵ یەکتر نەیدەویست شتێکی تایبەت بگێڕێتەوە، بەڵکوو دەیویست خەڵك وادار بە بیر کردنەوە بکات. دەیویست تێیان بگەیەنێت کە نائاساییترین بۆچوون و تیۆرییەکانیش دەتوانن زۆر راست بن.

لەو کاتەدا چەند وتارێکی نووسی. بۆنموونە: **دەنگی رەشیشە، دەندووکی دارکونکەرە، وتووێژی کوندەکان**. نووسینەکانی بە ناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. هەر لەم قۆناغی شێتیەتییەیدا بوو کە فێری پیتچنینیش بوو، دەستی بە چاپ کردنی چەند بەیاننامە و هەواڵنامەیەك کرد، کە یەکێکیان ناوی **پەڕی ریشۆڵە** بوو. ئەو دواتر هەموو ئەو هەواڵنامانەی لە بەرگێکدا بۆ ناوی **پەیکی دوو پێکان** کۆ کردەوە. مێزێکی گەورە، گارسەیەکی پیتی قورقوشمی و نەورد و کەلوپەلی تری چاپ و بەرمیلێکی پڕ لە جەوهەریشی لەسەر دارگوێزێك دانابوو، هەر لەوێش نووسینەکانی خۆی دەچنی و چاپی دەکردن.

جاری وابوو دەڵەکێك لەسەر کاغەزە تازە چاپ کراوەکەی دادەنیشت و بە کلك جەوهەرەکەی بڵاو دەکردەوە. جاری وابوو سمۆرە یەکێك لە پیتە قورقوشمییەکانی دەدزی و بە تەمای ئەوەی کە بخورێت بۆ کولانەکەی خۆی دەبرد. یەکێك لە وپیتانە کە بەم شێوە ون بوو، پیتی Q بوو، کە سمۆرەکە بە بینینی شکڵی خڕ و کلکەکەی پێیوابوو میوەیە. لەبەر ئەوە بوو کە کۆزیمۆ ناچار بوو لە بری ئەو پیتە K بە کار بێنێت.

رەنگە ئەمانە چاك بووبێتن، بەڵام من پێموابوو کە براکەم جگە لە شێتی وردە وردە خەریکە گێل و گەوجیش دەبێت، کە ئەمە لە شێتی زۆر خراپتر و بە ئازارتر بوو. شێتییێتی،

چاك یان خراپ، جۆره هێزێكی سروشتییه، بەڵام گەوجی جگه له سستی و داماوای هیـچیتر نییه و به كار نایەت.

به هاتنی زستان براكەم تووشی سستییێكی بـەردەوام بـوو. بـه درێـژایی رۆژەكـان وەك باڵندەیەك كه له هێلانەكەیدا بخەوێت له توورەكەی خەوەكەیدا دەمایەوە و تەنیا سـەری لـه توورەكەكه هاتبووه دەر. ئەو جاروبار له گەرمترین كاتەكاندا لەو دۆخەی دەهاتـه دەر و بـۆ دەست بەئاو گەیاندن بـه چـەند قەڵـەمباز خـۆی دەگەیانـده دار تووسـكاكەی سـەر چـۆمی «گوواو». جاری وابوو لـه نـاو توورەكـەی خەوەكەیـدا كتـێبی دەخوێنـدەوە.( شـەوان چـرا نەوتیەكـەی هەڵـدەكرد) یـان لەگـەڵ خـۆی دەدوا و، جاروبـاریش لەبـەر خۆیـەوە گـۆرانی دەخوێند. بەڵام به زۆری دەخەوت.

هەندێك خواردنی پاشەكەوت كردبوو كه كەس به شوێنەكەی نەدەزانی. جاروبار كەسێك به خێری خۆی پەیژەیەكی دادەنا پیالۆكەیەك شله یان راویولێكی بۆ دەبـرد و ئـەویش لێـی وەردەگرت و دەیخوارد. كەمه كەمه ئەم باوەڕه خورافیه له ناو خەڵكدا پەیدا بـوو كـه نـەزر كردنی خواردن به بارۆن خۆشامەته . ئەمەش دەریدەخست كەخەڵك یان لێی دەترسان یان بەزەییان پێیدا دەهات. له لایەكیترەوە من پـێم قبـووڵ نـەدەكرا كـه میراتگـری پلەوپایـەی بارۆن رۆندو به نەزر و خێری خەڵك بەرێ بچێت. ئەگەر باوكی رەحمەتیمان بـەوەی بزانیایـه چی بەسەر دەهات؟ لەم ناوەدا من هیچ تاوانێكم نـەبوو، چـونكا براكـەم هەمیـشه لـه ژیـانی ئاسوودەی بنەماڵەیی هەڵدەهات و، هەروا كه پێشتریش گـوتم، ئێمـه پـەیمانێكمان پێكـەوه مۆر كردبوو. بەڵام كاتێك بینیم وای لێهاتووه كه خـۆراكی خـۆی پـێ تـەیار ناكرێـت، رۆژێـك ئەمرم به یەكێك له خزمەتكارەكانم كرد كه به جلی رەسمییـەوه بـه دارەكـەدا هەڵگـەڕێت و كوتێك گۆشتی قەل و پەرداخێك شەرابی بۆرگونی لەسەر مەجمەعەیەك بۆ ببات. پێموابوو بـه هـۆی پابەنـد بـوونی بـه فلـان یـان فیـسار ئەسـڵی بـیر و باوەڕەكـەی ئـەو خواردنـەی لـێ وەرناگرێت، كەچی لێی وەرگرت و زۆر بـه ئیـشتیاوه خـواردی. لـەوەدوا هـەر جارێـك بـیری ئەومان بكردایەوه بەشێك له خواردنەكەی خۆمان بۆ دەنارد.

بە کورتی، براکەم تووشـی ڕەزالـەتێکی ماتـەمبار ببـوو، تـا ئـەوەی کـە خۆشـبەختانە شالاوی گورگەکان هاتە گۆڕێ. ئەم ڕووداوە ئەو دەرفەتەی بە کۆزیمۆ بەخشی تا جـارێکیتر بەرجەستەترین تایبەتمەندییەکانی خۆی نیشان بدات. زستانی ئەو ساڵە سەهۆڵبەندان بـوو. بەفر تەنانەت دارستانەکانی ئێمەشی گرتەوە. گورگـە برسـیەکان گەلـە گەلـە لـە کێوەکـانی ئاڵپەوە هاتنە خوار و شالاویان بۆ ڕۆخەکانی ئێمەش هێنا. داربڕەکان ئەو گورگانەیان بینی و هەواڵەکـەیان بڵـاو کـردەوە. خـەڵکی ئـۆمبرۆزا کـە لـە سـەردەمی سـووتمانەکەوە فێـری هاوپەیمانی و یەکگرتوویی ببوون، چەند کەسێکیان لە دەور و بەری شار دانا تا بەر بە هاتنی گورگە برسییەکان بگرن. کەس، بەتایبەت شەوان، لە شار نەدەچووە دەر.

لە ئۆمبرۆزا هەموو دەیانگوت: «حەیف کە بارۆن وەك جاران نەماوە! »

ئەو زستانە سەختە تەندروستی کۆزیمۆی تێك دابـوو، بـە درێـژایی ڕۆژ وەك کرمـی نـاو پیلـە، لـە توورەکـە خەوەکەیـدا دەمایـەوە، ئـاو بـە لووتیـدا دەچـۆڕا، ڕوومـەتی ماسـیبوو، گوێچکەشی کەم و زۆر کەڕ ببوو.

هەموو خەڵك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو گورگانە ڕاپەڕیبوون. کەسانێك کە لە نزیك بارۆنەوە تێدەپەڕین پێیان دەگوت:

« هۆی، بارۆن! جاران تۆ لەسەر دارەکان قەرەوڵیت بۆ ئێمە دەدا، ئێستا ئێمـە بـووین بە قەرەوڵی تۆ!»

کۆزیمۆ هیچی نەدەگوت و چاوی هەڵنەدەهێنا، دەتگـوت هـیچ نابیـستێت، یـان نـازانێ ڕووی قسەکانیان لە ئەوە. بەڵام جارێك لە پڕ سەری هەڵبڕی، بۆنی کرد و بـە دەنگێکـی دوو ڕەگەوە گوتی:

« مەڕ. بۆ تاراندنی گورگەکان دەبێ لەسەر دارەکان مەڕ ببەستنەوە. »

خـەڵك لـە خـوار قاچـییەوە کـۆ ببوونـەوە، چـاوەڕوان بـوون تـا دیـسان قـسەی بـێ سەرەوبەرەیان بۆ بکات و پێی پێبکەنن. بەڵام ئەو قوڕگی ساف کرد و گوتـی:

« شوێنی شیاوتان نیشان دەدەم. »

ئەوسا بە ناو لقەکاندا سەر ڕێ کەوت.

لە نیوەی ڕێی مابەینی دارستان و زەویەکاندا دار گوێز و دار بەڕوویەکی هەڵبژارد و، مەر و بەرخۆلەی لەسەر لقەکانیان دابەست. ئەو ئاژەڵانەی توند بەستبوو تا نەکەون و، ئەوانیش بەردەوام باعە باعیان دەکرد. پاشان لەسەر هەر کام لەو دارانە تفەنگێکی پڕیشی دانا. خۆشی سەر تا پێ، پێستەی پۆشی و وەك مەڕی لێهات. شەویش بە هەمان شێوە لەسەر دارەکان چاوەڕوان ما. هەموو کەس پێی وابوو کە ئەم کارەی ئەوپەڕی شێتیەتییە.

بەڵام هەر ئەو یەکەم شەوە گورگەکان لە کوێستان هاتنەخوار و بە بیستنی بۆنی لەش و دەنگی باعە باعی مەڕەکان، خۆیان گەیاندە ئەو دارانە و بە لووره لوور لە بنیدا کۆبوونەوە. ئەوان بە دەمی داچەقاوەوە پێیان لە دارەکان چەقاندبوو. لەو کاتەدا بوو کە کۆزیمۆ بەرەو پیریان چوو. گورگەکان بە بینینی ئەو ئاژەڵە کە شتێك لە مابەینی مەڕ و مرۆڤ بوو، وەك باڵندەکانیش دەفڕی، سەریان سووڕ مابوو، چاویان تێ بڕیبوو. ئەو هەر کام لەو گورگانەی بە دوو گولله دەکوشت. دوو گولله... چونکا تفەنگێکی پێ بوو کە لە پاش هەر گوللەیەك دیسان پڕی دەکردەوە و تفەنگێکی تریشی لە ناو لقەکاندا شاردبووەوە. بەم شێوە گورگەکان یەك لە دوای یەك دەکوژران و لەسەر عەرزە سەهۆڵ بەستووەکە دەکەوتن. کۆزریمۆ بەم جۆرە ژمارێکی زۆری لێ کوشتن. هەرجارێك کە تەقەی دەکرد، گەلە گورگەکە بە سەراسیمەییەوە هەڵدەهاتن و راوچییەکانی تریش پاشماوەکەیان دەکوشتن.

لەوە دوا کۆزیمۆ ڕەوایەتی جۆراوجۆری لەو ڕووداوە دەگێڕایەوە. نازانم کامیان ڕاستە بەڵام یەکیان ئەمە بوو:

لە گەرمەی شەڕەکەدا خۆم گەیاندە دواهەمین دار. چیم دی؟ سێ گورگ خۆیان گەیاندبووە سەر لقەکان و خەریك بوون مەڕەکەیان دەخوارد. لەبەر ئەوەی سەرمام ببوو، گێژ بووم و چاوم بە زەحمەت دەیبینی. بۆیە بێئەوەی ئاگادار بم ئەوەندە لێیان نزیك بوومەوە کە هەنگاوێکم مابوو بیانگەمێ. گورگەکان کە بینیان مەڕێك لە سەر دوو پێ بە سەر لقەکاندا دەڕوات بەرەو من گەڕانەوە. خوێن لە لمبۆزیان دەتکا... تفەنگەکەم خاڵی بوو،

بارووتم نەمابوو. لەسەر لقێکی ناسکیش راوەستابووم کە زۆر قایم نەبوو. بەڵام لقەکەی بـان سەرم باش بوو. وردە وردە کشامەوە و لە دارەکە دوور کەوتمەوە. یەکێك لـە گورگـەکانیش هێواش هێواش بەرەو من دەهات. بە هەر دوو دەست لقەکەی بان سەرم گرتبوو، وام دەنواند کە خەریکم بەسەر لقە نەرم و ناسکەکەی ژێر پێمدا دەڕۆم، لە کاتێکدا پێم هەر لەسـەر ئـەو لقەش نەبوو. گورگەکە فریوی خوارد و هاتە پێش. لقەکە لە ژێر پێیدا نەویەوە و لە کاتێکـدا ئەو دەکەوتە خوار، منیش بە تەکانێك خۆم بە لقەکەی ژوور سەرم گەیاند. گورگەکـە کەوتـە سەر عەرز و وەك سەگ لووراندی و دەستبەجێ مرد. هەموو ئێسکی شکابوو.

«ئەی دوانەکەی تر چیان بەسەر هات؟ »

« دوانەکەی تریش بێ جووڵە سەیری منیان دەکرد. لە پـڕ کڵـاو و کەواکـەم دەرهێنـا و بەرەو ئەوان فڕێمدا. یەکێك لە گورگەکان بە بینینی ئەو پێستە مەڕە سـپییە بـازی دا تـا لـە حەواوە بیگرێت، بەڵام خۆی پێنەگیرا و ئەویش کەوتە خوار و ملی شکا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەو خۆی بۆ گرتنی مەڕێکی قورس ئامادە کردبوو، بەڵام پێستەکەی من سووك بوو.

« گورگێکی تر مابوو. »

« بەڵێ، یەکێکی تر مابوو. بەڵام چونکا من لە پڕ کەواکەم دەرێنابوو سەرمام بوو وەها پشمام کە زەمین و زەمانی لەراندەوە. گورگەکە بە بیستنی دەنگی پشمینەکەم وا داچڵەکی لە دارەکە کەوتە خوار و ئەویش ملی شکا.

ئەمە بوو چیرۆکی شەڕ کردنی ئەو شەوەی براکەم. بەڵام بەو حاڵە ناسـاغەیەوە، زۆری نەمابوو سەرمای ئەو شەوە لە بەینی ببات. چەند رۆژ کەوتە حاڵی جـاو و لەسـەر مەسـرەفی شارەوانی دەرمانیان کرد، ئەمەش نیشانە پێزانینی خەڵك بۆ کارێـك بـوو کـە کردبـووی. لـە جۆلانەیەکدا رایان کێشابوو، پزیشکەکان بەردەوام بە چەند پەیژەدا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان و دەرمانیان دەکرد. باشترین پزیشکی ئەو ناوچەیان بۆ هێنابوو. یەکێك قاچـی بـۆ دەشـت، یەکێکی تر خوێنی لێدەگرت، سێهەم کەس مەلحەمی لەسەر پشتی دادەنا، چوارەمیان رۆنی

لە لەشی هەڵدەسوو. ئیتر کەس بارۆن رۆندوی بە شێت نەدەزانی. هەموو بە کەسـایەتیەکی هەڵکەوتەی سەردەمەکەیان دەزانی.

تا نەخۆش بوو ئاوا بوو. دوای ساغ بوونەوەی دیسان بیر و رای جیاوازی خەڵك دەستی پێکردەوە. بەڵام ئیتر ئەویش تێدەکۆشا کاری سـەیر و سـەمەرە نـەکات. حەفتـە نامەکـەی چاپ دەکرد، بەڵام ناوەکەی گۆڕی. ناوی **موورەغەداری عاقڵ**ی لێنا.

## ٢٥

نازانم لەو سەردەمەدا ئۆمبرۆزا لۆژی فراماسۆنێری هەبوو یان نا. من خۆم، وەك زۆر بورژوا و مەزنزادەی گوندنشینی تری ناوچەکە، لەوەدوا لەگەڵ ئەم رەوتەدا ئاشنا بووم و ئەمەش لە دوای یەکەم لەشکرکێشییەکانی ناپلیۆن بوو. کەواتە ناتوانم بڵێم یەکەم پەیوەندییەکانی براکەم بەو لۆژەوە چۆن بووە. تەنیا ئەو چیرۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە کە کەم و زۆر پەیوەندی بەم قۆناغەوە هەیە و، هەندێك بەڵگەش راستییەکانی دەسەلمێنن.

رۆژێك لە رۆژان دو موسافیری ئسپانیایی هاتن بۆ ئۆمبرۆزا. ئەوان چوون بۆ لای بارتۆلۆ مێئۆ کاڤانیا کە شیرینی پەز بوو، هەموو کەس دەیزانی فراماسیۆنە. ئەوان گوایە وەك دوو برا لە لۆژی مادریدەوە خۆیان پێ ناساندبوو، چونکا کاڤانیا هەر ئەو شەوە ئەو دوانەی بۆ کۆبوونەوەی فراماسیۆنەکانی ئۆمبرۆزا برد. ئەم کۆبوونەوە، ئەو دەمە لە فەزایەکی ئازاد و کراوەدا و لەبەر رۆشنایی چەند مەشخەڵ و مۆمێك دەگیرا. من دواتر وردە وردە، بە گومان و مەزندە لە چیرۆکی ئەو شەوە گەیشتم. بەڵام بۆ بەیانی ئەو شەوەدا، هەر کە دوو ئیسپانیاییەکە لە میوانخانە هاتنە دەر، کۆزیمۆ شوێنیان کەوت و بێ ئەوەی خۆی نیشان بدا لە سەر دارەکانەوە چاوەدێری ئەو دوانەی دەکرد.

دوو موسافیرەکە خۆیان گەیاندە حەوشەی موسافیرخانەیەکی دەرەوەی شار. کۆزیمۆ لەسەر دار گلیسینێك جێگر بوو. مشتەرییێکی سێهەمیش لەسەر یەکێك لە مێزەکانی میوانخانەکە دانیشتبوو، چاوەڕێی ئەو دوانە دەکرد. کڵاوێکی رەشی لێوار پانی بە سەرەوە بوو روومەتی نەدەبیندرا. هەر سێکیان سەریان بۆ سفرەی سپی مێزەکە نەواندبووەوە. لە پاش کەمێك وتووێژ کابرای ناشناس دەستی بە نووسینی شتێك لە سەر باریکە کاغەزێك کرد. ئەو دوو کەسە دەیانگوت و ئەو دەینووسی. لەوە دەچوو سیایی ناوی چەند کەس بگرن. کۆزیمۆ لەو سەرییەوە گوتی: « بەیانی باش بەرێزان. »

هەر سێکیان سەریان هەڵبڕی و بەچاوی دەرتۆقیوەوە لە پیاوی سەر دار گلیسینەکە رامان. بەڵام یەکێك لە ئەوان، واتە ئەوەی کە کڵاوی لێوار پانی بەسەرەوە بوو، وا گورج سەری خۆی داخست کە لووتی لە مێزەکە درا. براکەم هەر بەو بینینە ئان و ساتییە هەستی کرد پێشتر روومەتی ئەو کابرایەی بینیوە.

دوو پیاوەکەیتر بە ئیسپانیایی گوتیان: « بەیانی باش بەرێز. ئەمە دابی ئێرەیە کە وەك کۆتر سەردانی غەرییەکان بکەن و لەو سەرەوە سڵاویان لێ بکەن؟ هیوادارم لەو سەریە بێیتە خوارو ئەم کێشەمان بۆ یەکلایی بکەیتەوە ! »

بارۆن گوتی: « ئەوانەی کە لە سەرەوەن هەموو کەس دەیانبینن. بەڵام کەسانێك هەن کە خۆیان لە خەڵك دەشارنەوە. »

« کەس ناچاری نەکردووین روومەتمان نیشانی تۆ بدەین، نە روومەتمان و نەشوێنی دانیشتنمان. »

« بەڵام کەسانێك هەن کە کاری پەنهانی بە شانازی دەزانن. »

« بفەرموون کێ؟ »

« بۆ نموونە سیخوڕەکان. »

دوو پیاوەکە داچڵەکین. سێهەمینیان لەجێی خۆی نەبزوا، بەڵام بۆ یەکەمجار دەنگی بیسترا کە بە هێوری دەیگوت:

« ئەگەر نموونەی تریشت بوێت، ئەندامی گرووپە شاراوەکان. »

کۆزیمۆ کەمێك بیری کردەوە، پاشان بە تووڕەییەوە گوتی:

« دەکرێ بە چەند شێوە ئەم قسەی تۆ لێك بدرێتەوە. یان دەتەوێ بڵێیت کە من ئەندامی گرووپێکی شاراوەم، یان خۆتانن یان هەر دوو لامان. یان ئەوەی کە نە من و نە ئێوە هیچمان ئەندامی گرووپێکی شاراوە نین و مەبەستت خەڵکیترە. یان رەنگە دەتەوێت قسەم لێدەربکێشیت. »

ئەو کابرایە کە کڵاوی لێوار پانی بوو، بە سەرسامییەوە پرسی: « چیت گوت؟ چیت گوت؟ »

وەها داچڵەکیبوو کە لە بیری چووبووەوە روومەتی داپۆشێت، سەری بەرز کردەوە و چاوی لە چاوی کۆزیمۆ بڕی. براکەم ناسییەوە. دۆن سۆلپیسیۆی یەسووعی بوو، ئەو پیاوە کە لە باسۆلیڤا دوژمنایەتی کردبوو.

« ئەها! کەواتە بە هەڵە نەچووبووم. خۆت ئاشکرا کرد باوکی رۆحانی! »

قەشە ئیسپانیاییەکە کڵاوەکەی هەڵگرت، سەرە تاشراوەکەی دانەواند و گوتی:

«دۆن سۆلپیسیۆ گوادالتە، فەرماندەیەکی گرووپی فیداییەکانی مەسیح.»

براکەم گوتی: « کۆزیمۆ رۆندو، فراماسۆن. »

دوو پیاوەکەی تریش خۆیان ناساند:

«دۆن کالیکستە. »

« دۆن ڤۆلجێنسیۆ. »

« ئەم بەریزانەش یەسووعین؟ »

« بەڵێ. ئێمە هەمووماں یەسووعین. »

« مەگەر پاپ گرووپەکەی ئێوەی هەڵنەوەشاندۆتەوە؟ »

دۆن سۆلپیسیۆ لە کاتێکدا شمشێرەکەی دەردەکێشا گوتی:

« نە بۆ ئەوەی دەستی کەسانی وەك ئێوە بۆ کفر و خراپەکاری ئاوڵا بێت.»

له پاش هەڵوەشانەوەی گرووپەکە، ئیماندارە یەسووعییەکان دەست بە کار ببوون و، تێدەکۆشان لە هەموو ناوچەکانی ئەو وڵاتە هێزی میلیشیا دامەزرێنن و بەو هێزانە شەڕ لەگەڵ بیرکردنەوەی نوێ و داهێنانی تازەی ئایینی بکەن.

کۆزیمۆش شمشێرەکەی دەرهێنا. خەڵك کەمە کەمە کۆ دەبوونەوە.

ئیماندارە ئسپانیاییەکە گوتی:« ئەگەر دەتەوێ پیاوانە شەڕ بکەیت لە دارەکە وەرەخوار. »

کۆمەڵە دارگوێزێك لە و نزیکانە بوو. وەرزی میوە چنینەوە بوو گوندییەکان چەند سفرەیەکیان بە دارەکەوە بەستبۆوە و گوێزەکانیان تێ دەکردن. کۆزیمۆ خۆی گەیاندە یەکێك لەو دارانە و پەڕیە سەر سفرەیەك و راست راوەستا.

« تۆ دەبێ چەند بست هەڵگەڕێیت دۆن سۆلپیسیۆ. من زۆر لەوە زیاتر کە خووم پێگرتووە هاتوومەتە خوار! »

ئیماندارەکەش پەڕیە ناو سفرەکەوە. بە گران خۆی بەسەر پێوە رادەگرت. سفرەکە دەجووڵا و لەژێر پێیاندا چاڵ دەبوو. بەڵام ئەوان ئەوەندە توورە بوون کە خۆیان بەسەر پێوە راگرتبوو ئاخریەکەی شمشێرەکانیان پێکدا درا.

کاکی ئیماندار بە زمانی لاتین هاواری کرد: « بە ناوی پەروەردگاری مەزن! »

« بە ناوی میعماری گەورەی کائینات! »

ئەوسا دەستیان بە شەڕ کرد.

« بەر لەوەی شمشێرەکەم لە سکتان رۆ بکەم بڵێ بزانم هەواڵی ئورسولا چییە؟ »

« لە سەومەعەیەکدا مرد. »

ئەم هەواڵە کۆزیمۆی شپرزە کرد. ( من پێموایە ئەو هەواڵە درۆ بوو، ئەو ئیماندارە یەسووعییە بە ئەنقەست ئەوەی گوتبوو تا بتوانێت ناپیاوانە سوودی لێ وەربگرێت. ) لەم کاتانەدا ئیماندار بە پڕتاو خۆی گەیاندە گرێیەکی سفرەکە لە پشت سەری کۆزیمۆ و بە زەربەتی شمشێرەکەی دڕاندی. کۆزیمۆ بەرەو دۆن سولپیسیۆ پەڕی و بۆ ئەوەی نەکەوێتە

خوار، لێوارەکەی تری سفرەکەی گرت. هەر لەو کاتی پەڕینـەدا شمـشێرەکەی دەرفـەتی لـە یەسووعیەکە هێناو تا مشتوو لە سکی ڕۆچوو. دۆن سولپیسیۆ خولێکی بە لەشیدا، لـە سـەر سـفرەکەوە خزایـە خـوار و کەوتـە سـەر عـەرز. کۆزیمـۆ بـە دار گوێزەکـەدا هەڵگـەڕا. دوو یەسووعیەکەی‌تر هاو ڕێبازەکەی خۆیان هەڵگرت و ڕۆشتن. ئیتر کەس ئـەوانی نەبیینینـەوە، هەرگیز نەمانزانی کە ئەو پیاوە ئیماندارە مردبوو یان بریندار ببوو.

خەڵك لە دەوری سفرە خوێناوییەکە کۆ ببوونەوە. لەو ڕۆژەوە براکەم بە فراماسـۆنێری ناسێندرا.

من بە هۆی شاراوەکاری گرووپەکەوە لەوە زیاتر هیچم لەو بەسەرهاتە نەزانی. دواتر کە خۆم بووم بە ئەندام، بیستم لـە بـارەی کۆزیمـۆوە بـە شـێوەیەك دەدوێـن کـە دەتگـوت لـە ڕابوردوودا ئەندام بووە و ئێستا جۆری پەیوەندییەکەی زۆر دیار نییە. هەندێك دەیانگوت لـە ئەندامەتی «هەڵواسراوە». هەندێکی تریش وەك لادەرێك باسـیان دەکـرد کـە لـە گرووپەکـە لایداوە و ئایینێکی تری هەڵبژاردووە. هەندێکی تریش تەنیا بە لادەریان دەزانی و هیچی تر. بەڵام هەموویان لەبەر کارەکانی ڕابوردووی ستایشیان دەکرد. بە دووری نازانم کە ئەو هەمان کەس بێـت کـە بـە « دارکونکـەرەی ماسـۆن » ناوبـانگی دەرکردبـوو، بـە بنیادنـەری لـۆژی ئۆمبرۆزایان دەزانی. ڕێوڕەسمە سەرەتاییەکانی ئـەم لـۆژە هەنـدێك تایبەتمەنـدی بـووە کـە شوێنی باڕۆن ڕۆندوی پێـوە دیـارە. بـۆ نموونـە ئەندامـە تـازە وەرگیراوەکانیـان بـە چـاوی بەستراوەوە بە دارێکدا هەڵگێڕاوە و پاشان بە پەتپێچکراوی دایانگێڕاوەتەوە.

دەزانین کە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی ماسۆنەکانی ناوچەی ئێمە لە دارستاندا دەگیرا. کەواتە، بەئاسانی وەردەگیرێت کە کۆزیمۆش لەوانەدا بەشدار بووبێت. دەکرێ پێمانوابێ کە ئـەو پـاش ئاشـنابوون لـە گـەڵ ئەنـدامێکی پەیوەندیـدەری دەرەکـی لـۆژی ئـۆمبرۆزای دامەزراندبێت. یان کەسێکی تر لە فەڕانسە یان ئینگلیس بـڕوای بـەم ڕێبـازە هێنابێـت و لـە ناوچـەی ئێمـەش دایمەزرانـدبێت. ئەگـەر ئەمـەیان گریمانەیـەکی دروسـت بێـت، دەکـرێ پێمانوابێت ماوەیەك فراماسۆنەری لە ناوچەی ئێمەدا بووبێت و کۆزیمۆ لێی بێ ئاگا بووبێت.

دەتوانم دیمەنی ئاشنا بوونەکەی بەم گرووپە ئاوا بێنمە بەر چاوی خۆم: شەوە، کۆزیمۆ لە کاتی گەشت و گەڕان بە دارستاندا دەگاتە فەزایەکی ئـازاد و ئاوەڵـا و چـاوی بـە تاقمێـك دەکەوێت کە هەموویان جلی سەیریان لەبەردایە و ئامێری غەریبیان بە دەستەوەیە و لە بـەر ڕۆشنایی مۆمدا کۆبوونەتەوە. ئەو رادەوەسـتێ و گـوێ دەگرێـت. پاشـان دێتـە زمـان و بـە یەکێك لەو رستانە کە هەمیشە حەزی لە گوتنیان بوو کۆبوونەوەکە دەشێوێنێت، رستەیەکی وەك: « ئەو کەسەی دیوار دەکێشێت جیایی دەنێتەوە » ماسۆنەکان کـە ئاگـاداری زانـستە سەیر و سەمەرەکەی بوون، وەك ئەندامی لۆژ وەریدەگرن و کاری تایبەتیشی پـێ دەسپێرن. ئەویش گەلێك لەو رێوڕەسمانە کە خۆی پێی خۆش بوو بە رێوڕەسمەکانی لۆژ زیاد دەکات.

تا ئەو کاتەی براکەم لەو کارەدا بـوو « ماسـۆنەکانی فـەزای ئـازاد » رێـوڕەسمی زۆر و بەرچاویان بوو کە هەندێك شتی وەك: کوند و تەلەسکۆپ وسێوەلووکەی کاج و ترومپای ئاو و قارچك و لوولەی تاقیگە و تەونی جاڵجاڵۆکە و خشتەی فیساغورسیان تیا بـەکار دەهـات. کاسەڵە سەری زۆری بنیادەم و گا و هەڵۆ و گورگیش لە کاردا بوو. ئەم شتانە و زۆر ئامێری دیکەی وەك پەرگار و گۆنیا کە لە ئامێری نەریتی رێوڕەسمی فراماسۆنەرەکانە بە رێکوپێکی بە هەندێك لە دارەکانیانەوە هەڵدەواسی. زۆربەی خەڵك پێیان وابوو ئەم کارەش بەشـێك لـە گەوجیەتیەکانی بارۆنە.

زۆر بەر لە ئاشنایەتی لە گەڵ فراماسۆنێری، کۆزیمۆ لە گەڵ چەند ئەنجومەن و ناوەندی پیشەییدا پەیوەندی بوو. بۆ نموونە: «ئەنجومەنی پێڵاو دروەکان»،«کۆمەڵەی بەرمیل سازە ئیمانـدارەکان»، «ئەنجومـــەنی زرێ ســـازە راســـت کردارەکـــان»، «ناوەنـدی کڵـاو دروە راستگۆکان» و شتی ئاوا. بەو هۆیەوە کە خۆی هەموو پێداویستییەکانی بەرهەم دەهێنا، لە چەند پیشەدا کارامە بوو و باسی ئەندامیەتی خۆی لە چەند ناوەندی پیشەییدا دەکرد. ئـەو ناوەندانەش گەلێك سەرفەراز بوون لەوەی کە ئەندامێکی مەزنزادەی وەك ئەویان ببێـت، کـە وێڕای هەموو ئەمانە داوای هیچیشیان لێ نەکات.

من هەرگیز نەمزانی کۆزیمۆ چۆن دەیتوانی حەز و مەیلی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، لە گەڵ مەیلی هەمیشەیی بۆ هەڵاتن لـە کۆمەڵگـە تێکـەڵاو بکـات و، ئەمـەش یـەکێك لـە سـەیرترین تایبەتمەندییەکانی بوو. هەرچی زیاتر خووی بە ژیانی دوورەپـەرێزی سـەردارەکان دەگـرت، ئەوەندەش تێدەکۆشا کە پەیوەندی نوێ لە ناو هاو رەگەزەکانیدا بەرپا بکات. بەڵام لەگەڵ ئـەوەی کـە بـە گیـان و دڵ هـەوڵی بـۆ دامەزرانـدنی ئەنجومـەنێکی تـر دەدا و پـەیڕە و پرۆگرامەکەی دادەڕشت و باشترین کەسەکانی بۆ کار کردن هەڵدەبژارد، هەرگیز کەس لـەوە نەدەگەیشت کە تا چەندە پشتی پێ دەبەسترێت. بەر لە هەموو شتێك نەدەزاندرا کە ئەو لە کوێیە و ئەمەش کێشەیەکی کەم نەبوو. لە گەرمەی کارەکەدا لە پڕ وەك باڵنـدە ون دەبـوو، کەس دەستی پێ نەدەگەیشت. لە پاساوی ئەم دوو مەیلە دژ بە یەکەیدا، دەکرێ بڵێیت کـە ئەو لە گەڵ هەموو شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودەمـەدا نـەیار بـوو، بـۆ هـەڵاتن لەبـەر ئەوانەش هەوڵی دەدا شێوازی تازەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاقی بکاتەوە. بەڵام بە داخەوە کە هیچ کام لەمانەشی بە قەدەر پێویست بە تازە نەدەزانی و دڵـی پـێ خـۆش نـەدەکردن. بۆیە هەمیشە رووی لە ژیانی وەحشی دەکرد.

ئەو ئاواتەخوازی کۆمەڵێکی گشتی بوو کە هەموو خەڵکەکە لە خۆی بگرێت. هەر جارێك کە دەیویست بۆ ئامـانجێکی دیـاریکراوی وەك بەرنامـەی بـەرگری لـە سـووتمانی دارسـتان، خەڵکەکە لە ئەنجومەنێك یان ناوەندێکی پیشەیی کۆبکاتەوە، داوای لێ دەکردن بە شەو لە دارسـتان کۆببنـەوە و، خۆشـی لەسـەر دارەکانـەوە خوتبـەی بـۆ دەدان. ئـەو کۆبوونەوانـە خۆبەخۆ حاڵەتێکی شاراوەی گرووپی و کفراویان وەردەگرت. لەو دانیشتنانەدا باسی هەموو شتێکی تایبەت و گشتی دەکـرا و، بابـەتی وتووێـژەکانیش زۆر بـە سـادەیی لـە رێوڕەسمـە پیشەییەکانەوە بۆ کێشە جیهانیەکان و پلانی دامەزراندنی کۆمـاری جیهـانی مرۆڤـی ئـازاد و یەکسان و دروستکار دەگوێزرایەوە.

لە فراماسیۆنەریش، کۆزیمۆ تەنیا پەیڕەوی لـەم شـێوازەی خـۆی دەکـرد. جارێکیـان لۆژی گەورەی لەندەن نوێنەرێکی بۆ وڵاتە ئورووپاییەکانی تر نارد، تا سەردانی لـۆژە «بـرا»

کانیان بکات. ئەم نوێنەرە بە بینینی تاکڕەوی لۆژی ئۆمبرۆزا کە لەگەڵ هیچ کام لە یاساکانی گرووپەکەیان نەدەگونجا، وا داچڵەکی کە بە لۆژێکی لادەری زانی و، بە پەلە هەواڵەکەی بە برادەرانی لەندەن راگەیاند.

پاشان چیرۆکی ئەو دوومسافیرە ئیسپانیاییە هاتە گۆڕێ. ئەو دووانە کە بۆ کۆبوونەوەی لۆژ برابوون، هەموو شتەکانیان زۆر ئاسایی دیبوو، تەنانەت گوتبوویان کە رێوڕەسمەکانی لۆژی ئۆمبرۆزاش وەك لۆژی گەورەی مادریدە. ئەو قسە کۆزیمۆی دڕدۆنگ کردبوو، چونکا زۆر باش دەیزانی کە ئەو رێوڕەسمانە داهێنانی خۆیەتی.

بەهەرحاڵ، من پێموایە ئەو بە پێی نیاز و پێویستییە شەخسییەکانی خۆی رێورەسمەکانی لۆژی دەگۆڕی. چونکا دەکرێ بە باشی لەوە بگەین کەسێکی وەك ئەو کە بە هیچ کلۆجێك ماڵێکی چێ نەدەکرد یان لە ماڵێکدا نەدەژیا، حازر بوو رێز لە هێما و ئامێرەکانی هەموو پیشەیەك جگە لە پیشەی ماسۆنی (واتە بیناسازی) بگرێت.

## ٢٦

ئۆمبرۆزا رەزیشی بوو. تا ئێستا بۆیە هیچم لەم بارەیەوە نەگوتووە، چونکا منیش وەك براکەم تەنیا بە دارەکانـدا رادەگەیـشتم. بەهـەرحاڵ رەزی گـەورە و بـەربڵاومان هـەبوو. لـە ناوەڕاستی هاویندا، لە ناوبەینی لقوپۆی چێوبەستەکان، هێشووی تـریێ رەشـەکان گـەورە و گەورەتر دەبوون. هەر لەو کاتـەوە شـیلەکەیان لـە رەنگـی شـەراب بـوو. هەنـدێك لـە ریـزی مێوەکانیان وەك هەرزاڵ دەبەست. کۆزیمۆ بە تێپەڕینی زەمان ئەوەندە لەڕ و سووك ببـوو، لە دارەوانیشدا ئەوەندە چابوك ببوو، کە دەیتوانی بێئەوەی زیانێك بە هەرزاڵەکان بگەیەنێت بە سەریاندا بڕوات. ئەو لەسـەر نێرگـەکان، لەسـەر لقـی داری نزیـك مێوەکـان، یـان لەسـەر چێوبەستەکان دادەنیشت و هەندێك کاری جۆراوجۆری دەکرد. لە زستاندا مێوە رووتـەکانی هەڵدەپاچـی و، هاوینـانیش لـق و شـووڵە زیادەکـانی دەقرتانـد، یـان جـرِ و جانـەوەری لـێ دەتاراندن. لە کۆتایی هاوینیشدا ترێی لێ دەکردنەوە.

هەموو خەڵکی ئۆمبرۆزا لە رۆژێکدا خەریکی تری چنین دەبوون. ئەو رۆژە، نـاو کـەرتی رەزەکان پڕ دەبوو لە تەنوورەی ژنان و کڵاوی گوڵینگەداری پیاوان. وڵاخدارەکان سەوەتەی گـەورەی پـڕ لـە ترێیـان دەبـرد و لـە کۆڵینـەکانیان دەکـرد. پـشکێنەرەکان لەگـەڵ چـەند

پاسەوانێك دەهاتن و بەشی ئاغاکانی ناوچە و، باجی کۆماری جنۆوا و، زەکاتی کلێسە و هەندێك باجی ساڵانەی تریان وەردەگرت. هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا شەڕ و کێشە ساز دەبوو.

کاتێك لە فەڕانسا شۆڕش روویدا، جووتیارە ناڕازییەکان پەیتا پەیتا ئیمزایان کۆ دەکردەوە و بەم شێوە ناڕەزایەتی خۆیان لە چۆنیەتی دابەشکردنەکە دەردەبڕی. ئۆمبرۆزاییەکانیش دەستیان بە کۆکردنەوەی ئەم جۆرە ئیمزایانە کرد. ئەم کارە جگە لەوە کە تاقیکارییەك بوو، هیچ سوودێکی تری نەبوو. کۆزیمۆ، کە لەو دەمەدا پێویستی بە بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی لۆژ و فرەوێژی لەگەڵ چەند ئەندامە شەرابخۆرەکەی نەبوو، دەستپێشخەری ئەم بزافە بوو. هەموو رۆژەکانی لەسەر دارەکانی مەیدان بوو. هەموو خەڵك، چ بەندەرییەکان و چ گوندییەکان، لە بن پێیدا کۆ دەبوونەوە و گوێیان بۆ شەرح و تەفسیری رووداوەکان لە زمانی ئەوەوە شل دەکرد. رۆژنامەی جۆراوجۆری بە پۆست پێ دەگەیشت، هەروەها ئەو نامانەش کە هاوڕێیانی بۆیان دەنووسی. لەوان نامانە نامەی **بایلی**[٥٨] ئەستێرەناسی فەڕانسەیی کە شارەداری پاریس بوو، هەندێك کەسایەتی تریش کە دەستیان لە سیاسەت دا هەبوو. سات لە دوای سات هەواڵی تازە لە شۆڕشەکەی فەڕانسە دەهات: لە کار دەرکرانی **نێکێر**[٥٩] وەزیری دارایی، پێداگری نوێنەرانی خەڵك لە پارلەمان، پەیمانی **ژود پاوم**[٦٠] بۆ ئەوەی یاسای بنەڕەتی بە لۆیی شانزەهەم بسەلمێنن و، هەروەها سەرکەوتنی باستی، لافایت بە سەر ئەسپە سپییەکەیەوە، شا لە جلی خزمەتکارەکاندا و...

کۆزیمۆ رووداوەکانی شرۆڤە دەکرد، لە لقێکەوە بۆ لقێکیتر دەخوشی و لاسایی کەسایەتییەکانی شۆڕشی دەکردەوە. لەسەر لقێك لاسایی میرابۆی دەکردەوە کە لە پشت مێزی وتاربێژی خوتبەی دەدا. لەسەر لقێکی تر دەبوو بە مارا و لە بەرامبەر ژاکۆبنەکاندا خوتبەی دەدا، لەسەر لقی سێهەمیش لاسایی لۆیی شانزەهەمی دەکردەوە کە کڵاوی

---

٥٨ - Jeansylvain Baily

٥٩ - Jacques Necker

٦٠ - Jeu de Paume

تایبەتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی لەسەر دەکرد و، هەوڵی دەدا ئەو پێڕێژنانە کە بە پێ چووبوون بۆ پایتەخت ئارام بکاتەوە.

ئەو بۆ وەڵامدانەوە بەو کەسانە کە لە مانای هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیان دەپرسی، پێشنیاری کرد خۆیان کارێکی وا بکەن. بە دەزوو دەفترێکی بە دارێکەوە هەڵواسی و، هەر کەس هەر ناڕەزایەتییەکی دەبوو لەو دەفتەرەدا دەینووسی. باسی هەموو گرفتێکیان تیا دەکرد: ماسیگرەکان لە نرخی ماسی ناڕازی بوون و، خاوەن رەزەکان لە نرخی باج، شوانەکان لە سنوورداری لەوەڕگەکان نارازی بوون و داربڕیەکانیش لە خاوەنداری کلێسە. کەسانێکی تریش گلەییان لە زیندانی کرانی کەس و کارەکەیان بوو، یان لەو لێدانەی کە بە هۆی تاوانێکەوە لێیاندرابوو، یان لە رەفتارێك کە مەزنزادەکان لە گەڵ ژنەکانی ئەوان کردبوویان. ناڕەزاییەتییەکان بڕانەوەیان نەبوو.

دەفتەرەکە، نووسراوەیەکی زۆر خەمباری لێ دەرچوو. کۆزیمۆ بیری کردەوە کە داوا لە خەڵك بکات چیان پێ خۆشە ئەوەش بنووسن. دووبارە هەموویان دەستیان بە نوسین کردەوە: یەکێك حەزی لە شیرینی بوو، یەکێکیتر شلەی پێخۆش بوو. گەنجێك حەزی دەکرد ژنێکی قژ سووری ببێت و، کەسێکیتر ژنێکی ئەسمەر. کەسێك نووسیبووی کە پێی خۆشە بە درێژایی رۆژ بخەوێت و، یەکێکیتر ئاواتەخواز بوو کە بە درێژایی ساڵ قارچك بخوات. یەکێك کالیسکەیەکی چوار ئەسپەی دەویست و یەکیتر بەرخۆلەیەکی بەس بوو. کەسێك دەیویست دایکی مردووی ببینێتەوە و، ئەویتر ئاواتی بینینی خواکانی ئۆلەمپی بوو.

بە کورتی، خەڵك هەموو ئەو شتانەیان نووسیبوو کە پێیان خۆش بوو یان دەیانویست، زۆر کەسیش کە نەیاندەزانی بنووسن، شکڵەکانیان کێشابووەوە. کەسانێك تەنانەت لەو نیگار کێشییەدا رەنگیشیان بە کار هێنابوو. کۆزیمۆش داواکەی خۆی نووسیبوو کە تەنیا وشەیەك بوو: ڤیۆڵتا، ناوێك کە لە چەند ساڵ لەوەبەرەوە لەملاولا دەینووسی.

دەفتەر و نووسراوەیەکی خۆشی لێدەرچوو، بەڵام مەجلیسێك نەبوو کە بتوانن بۆی بنێرن. بۆیە هەروا بە هەڵواسراوی بەدارەکەوە مایەوە، باران هات و شتییەوەو، پاشان

پوڵکی. خەڵکی ئۆمبرۆزا دەیانبینی و خـەمبار دەبـوون، لـە رۆژ رەشـی خۆیـان دەفکـرین و بیریان لە راپەڕین دەکردەوە.

بە کورتی، ئێمـەش زۆر هانـدەرمان بـۆ شـۆڕش هـەبوو. بـە داخـەوە کـە لـە فەڕانـسە نەبووین! لەم وەڵاتـەدا هەمیـشەسـەرنج بـە عیللـەت دەدرێـت و هـەرگیز ئـاوڕ لـە مـەعلوول نادرێتەوە.

بە هەر حاڵ، لە ئۆمبرۆزا سەردەمێکی قەیرانی هاتە پێش. سپای کۆماریخوازی فەڕانسە لە پاڵ گوێی ئێمەدا لەگەڵ هێزەکانی نەمسا شەڕی دەکرد. فەرمانـدە فەڕانـسەییەکان لـەو نزیکانە دەئاژۆتن و یەکێك لەوان ناپلیۆن بوو کە لەو کاتەدا « سەرتیپی تۆپخانە » بوو. ئـەو نرکە و هاڕانە کە جاروبار با بە گوێی ئۆمبرۆزاییەکانی دەگەیاند کاری ئەو بوو.

لە مانگی سەپتەمبەر، لە کاتی نزیك بە وەرزی تریێ چنین، هەستمان دەکـرد رووداوێـك خەریکە روو دەدات. خەڵك ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند:

« ترێکان پێ گەیشتوون! »

« بەڵێ پێگەیشتوون. »

« بەڵێ وایە، کاتی ئەوەیە لێ بکرێنەوە! »

« ئێستا ئیتر دەبێ ئاوەکەیان بگیردرێت! »

« هەموومان دەست بە کار دەبین. تۆ ئیمساڵ دەچی بۆ کوێ؟ »

« دەچم بۆ رەزەکەی ئەو بەر پردەکە. ئەی تۆ؟ تۆ بۆ کوێ دەچی؟ »

« من؟ دەچم بۆ رەزی کۆنت پینیا. »

« من، دەچم بۆ رەزی لای ئاشەکە. »

« چاوت لێیە چەندە پاسەوان هاتووە؟ سەیرەکان هاتوون بۆ ترێ خواردن!»

« ئەمجارە ئیتر ناهێڵین بە قوڕگیاندا برواتە خوار! »

« ئەگەر ئەوان سەیرەن ئێمەش راوچین! »

« زۆر کەس خۆیان شاردۆتەوە. زۆر کەسیش هەڵاتوون. »

« لە لای ئێمە دەیانویست ترێ چنینەکە دوا بخەن. بەڵام ترێکان پێگەیشتون! »

« ئەرێ پێگەیشتون. »

بۆ بەیانیدا ترێ چنین بێ هیچ دەنگە دەنگێك دەست پێکرد. رەزەکان پڕ بوون لە خەڵك، بەڵام کەس گۆرانی نەدەخوێند. جاروبار کەسێك یەکێکی تری بانگ دەکرد یان دەستەیەکی تر لە رێوە دەهاتن. جۆرێك لە نائارامی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو کە بە هۆی هەوای کوڵهاتو و ئاسمانی نیوە هەورییەوە بوو. جارجار کەسێك هەوڵیدەدا دەست بە خوێندنی سروودێك بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس لەگەڵی نەدەگوتەوە دەستبەجی بێدەنگ دەبوو. چوارپێدارەکان سەوەتەی پڕ لە ترێیان بەرەو کۆڵێنەکان دەبرد. ساڵانی پێشوو سەرەتا بەشی ئاغاکان، ئۆسقۆف و دەوڵەتیان جیا دەکردەوە، بەڵام ئەو ساڵە لەوەدەچوو کەس لە بیری ئەواندا نەبێت.

بەرپرسە باجگرەکان تووڕە و دەستەوەستان مابوونەوە. کات تێدەپەڕی و هیچ هەواڵێك نەبوو. هەموو هەستیان بە ڕوودانی شتێك دەکرد. پاسەوانەکان دەیانزانی کە دەبێ دەست بە کار بەن، بە لام لە جێی خۆیان نەدەجووڵان. کۆزیمۆ وەك پشیلە بەسەر هەرزاڵەکاندا دەگەڕا. مەقەستێکی باخەوانی بە دەستەوە بوو، جارجار هێشوێکی لێدەکردەوە، دەیدا بە ترێ چنەکان و لەبەر خۆیەوە شتێکی دەگوت.

سەردەستەی پاسەوانەکان ئاخرییەکەی هاتە دەنگ و گوتی:

« ئێوە باجەکەتان دەدەن یان نا؟ »

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە لێی پەشیمان بۆوە. دەنگێك لە دارستاندا پێچرا کە هەم لە نرکە دەچوو هەم لە فیکە. یەکێك لە ترێچنەکان بۆ ئەوەی جووتیارەکانی ئەو دۆڵە ئاگادار بکات، لە گوێچکە ماسییەکی گەورەی تووڕاند. لە وەڵامیشیدا دەنگێکی هاوشێوە لە رەزەکانیترەوە هات. ئەوان گوێچکە ماسییەکانیان وەك شەیپوور روو لە حەواوە دەگرت و تێیان دەتووڕاند. کۆزیمۆش لەسەر هەرزاڵێك هەمان کاری دەکرد.

له ناوبەینی ریزی مێوەکانەوە دەنگی سروودێك بەرز بووەوە کـە سـەرەتا پـچڕ پـچڕ و ناهاوئاهەنگ بوو، کەس تێی نەدەگەیشت. پاشان دەنگەکان هاوئاهەنگ بوون و وەك گرمە و نرکە بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەوە. لەوە دەچوو کە هێزێك هەموو کەس و هـەموو شـتێکی هێنابێتە فڕین. هەم ئەو ژن و پیاوانە کە بێجووڵە لە پشت مێوەکانەوە نیوە شاردراوە بوون و، هەم دارە چەقاوەکان و لقوپۆ و هێشووەکانیش. ترێکان لە خۆوە دەچندران و دەرژانە ناو کۆڵێنەکانەوە و دەپلیشان. ئاسمان و هەور و هەتاو پڕ ببو لە بۆنی شیلەی ترێ. وردە وردە سـروودەکە باشـتر دەبیـسترا، سـەرەتا مۆسـیقاکەی و پاشـان وشـەکانی دیـارتر دەبـوو: « سالیرا! سالیرا! سالیرا![٦١] » کچەکان مەقەستە تیژەکانیان وەك خەنجەر لە مابەینی گەڵاکاندا دەبردە پێش و قونچکی هێشوەکانیان پێ دەبڕی. ـ سـالیرا! ــ مێـشەکان دەسـتە دەسـتە بەسەر تەبارە ترێی لای کۆڵێنەکانەوە دەفڕین. ـ سالیرا! ــ پاسەوانەکان لەوە زیـاتر خۆیـان پێ نەگیرا.

« بەسە ئیتر! بیدەنگ بن! ئەو مەسخەرە بازییـە بەسـە! هـەر کـەس بیلێـت گوللـەی پێوە دەنێین! »

ئەوسا چەند گوللەیەکیان بەرەو حەواوە تەقاند.

لە وەڵامی ئەو گوللانەدا گرمەیەکی بلێندتر لە هەورە تریـشقە دەنگـی دایـەوە. تەقـەی چەند سپایەکیش نەیدەتوانی دەنگی وەهای ببێت. هەموو تفەنگە راوەکانی ئۆمبرۆزا لە یەك سـاتدا دەتـەقان و، کۆزیمـۆ بەسـەر دار هـەنجیرێکی بلێنـدەوە لـە گوێـچکە ماسـیەکەی دەتووورِاند و ئەمری تەقـەی دەردەکرد. خـەڵك لـە هـەموو رەزەکانـدا خرۆشـابوون. ئـەوە ترێچنین بوو یان شەڕ؟ کەس نەیدەزانی. پیاوان و ژنان، هێشووەکان و رەزەکان، لقوپۆکان، دار و تفەنگـەکان، سـەوەتەکان، ئەسـپەکان، تەلـە ئاسـنیەکان، مـستەکان، ئـەژنۆکان، سنگەکان، ئێسترەکان، هەموویان بە دەم سروودی سالیراوە سەمایان دەکرد.

---

[٦١] – Ca ira! دروشمی خەڵك لە شۆڕشەکەی فەڕانسەدا کەچەندد مانای هەیە و رەنگەبکرێ بە مانـای سـەردەکەوین لێك بدرێتەوە– و/ فارسی

« ئەمەش ئەو باجە کە دەتانویست ! »

سـەرەنجام پاسـەوان و باجگرەکانیـان گـرت و سـەریان خـستنە نـاو کۆڵینـەی تـریێ پلیشاوەکانەوە. ئەوسا بە دەستی خاڵی و، لە کاتێکدا هەموو گیانیـان پلّتـە و ئـاوی تـریێ و تەنانەت خلّتەی بەرمیل بوو، ئەوێیان بەجێهێشت.

تریێ چنین بوو بە جەشنێکی گەورە. هەموویان دلّنیا بوون کـە بـەو کارەیـان ئیمتیـازە فیۆدالیەکانیان رەفز کردۆتەوە. لە هەمان حالّدا ئێمەش، ساماندار و گەورەکانی ناوچـە، لـە کۆشکەکانماندا بە چەکەوە سەنگەرمان گرتبـوو، دەمانویـست بـەرخۆدان بکـەین و تەسـلیم نەبین. (راستتان بوێت من بۆیە خۆم دەرنەخستبوو، چونکا دەترسام تاوانی هاودەسـتی لـە گەلێ کۆزیمۆی برامم بدرێتەنە پالێ. چونکا هەموو ئەویان بە ژاکۆبن و خراپکار و کەسـێك کـە راپەڕینەکەی هەلّگیرساندبوو، دەزانی.) بەوحالّەش ئەو رۆژە لە دوای دەرکردنی مووچەخۆرە باجگرەکان و پاسەوانەکان هیچیتر رووی نەدا.

خەلّك دەست بەکار بوون و جەشنێکی گەورەیان بەرپا کرد. وەك فەڕانسەییەکان «داری ئازادی»شیان بەرز کردەوە. بەلّام باش نەیاندەزانی کە داری ئاوا دەبێت چۆن بێـت. بێجگـە لەوەش ئەوەندە داری راستەقینەمان بوو کە پێویست بە بەرز کردنـەوەی دارێکـی مـەجازی نـەبوو. بۆیـە نارەوەنێکیـان رازانـدەوە و هەنـدێك دەسـتووە گـولێ و هێـشوە تـریێ و ئاڵـای رەنگاوڕەنگ و قوماشی بە دروشمی « بژی نەتەوەی گەورە ! »یان پێدا هەلّواسـی. کۆزیمـۆ نوارێکی سێ رەنگی بە دەرزی بە کلّاوە پێستە پشیلەییەکەیەوە لکاندبوو، لـە سـەر نـووکی نارەوەنەکە دانیشتبوو، بە سروودی سالیرا سەمای دەکرد.

شادی خەلّکەکە زۆری نەخایاند. هێزەکان لە دوو لاوە هێرشیان بۆ ئـۆمبرۆزا هێنـا. لـە لایەکەوە جنۆڤاییەکان بۆ باج وەرگرتن و تـەزمینکردنی بێلایـەنی هـاتن و، لـە لایـەکیترەوە هێزەکانی نەمسایی هاتن. چونکا لە هەموو کویێ قاو بلّاو ببووەوە کە ژاکۆبنە ئۆمبرۆزاییەکان دەیانەوێت شارەکەیان بە « نەتەوەی گەورەی جیهانی» یەوە، واتە بە کۆمـاری فەڕانـسەوە بلکێنن. راپەڕیوەکان هەولّیاندا خۆ رابگرن، چەند سەنگەرێکیشیان دامەزراند و دەروازەکانی

شاریشیان بەست. بەڵام بەو سادەییە هیچ کارێکیان پێ نەدەکرا! سپاکە لە کاتێکدا لە چەند لاوە خۆیان بە ناو شاردا کرد، رێگەی دێهاتەکانیان بەست و سەرکردەکانی ئەو راپەڕینـەیان خستە زیندانەوە. لەو دەستەی سەرکردانە تەنیا براکەم ساغ دەرچوو ــ کە دەستی کەسـی پێ رانەدەگەیشت! ــ و، چەند کەسێکی تریش کە لەگەڵ ئەو هەڵاتن.

بە پەلە راپەڕیوەکانیان مەحکەمەکرد، بەڵام هەموویان توانیـان بیـسەلمێنن کـە ئـەوان کارێکی وایان نەکردووە و سەرکردەی راپەڕینەکە ئـەو کەسـانەن کـە هـەڵاتوون. هـەموویان بەردان: بەو هەموو هێزەوە کە لە ئۆمبرۆزادا بوو مەترسی راپەڕینێکیتر لە ئارادا نەمابوو. بـۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ «دوژمن» دەستەیەك سەربازی نەمساییان بـۆ پارێزگـاری لـە ئێمـە دانا. فەرماندەی ئەو دەستەیە کۆنت ئستۆماك مێردی خوشکەکەم بـوو کـە لـە دوای کۆنـت پرۆڤانس فەڕانسەی بە جێهێشتبوو.

لە ئەنجامدا، دیسان تووشمان بە تووشی باتیستای خوشکم بووەوە. خۆتان مەزندەی بکەن کەدەبێ چەندە خۆشحاڵ بوو بێتم! ئـەو هـات و لـە گـەڵ مێردەکـەی و ئەسـپەکانی و نۆکەرەکانیان لە ماڵی ئێمە جێگـر بـوون. بـە درێـژایی شـەو خـەریکی گێڕانـەوەی چـیرۆکی تازەترین ئیعدامەکانی پاریس بوو. تەنانەت نموونەیەکی بچووکی گیۆتینیـشی لەگـەڵ خـۆی هێنابوو، کە تیغەکەی راستەقینە بوو. ئەو بۆ ئەوەی نیشانمان بدات کە دۆسـتان و خزمـانی بنەماڵەی مێردەکەی تووشی چ بەڵایەك بوون، مارمێلك و مار و کرمی دەگرت و لەبەر چـاوی ئێمەدا بە گیوتین ئیعدامی دەکردن. شەوەکانمان بەم شێوە تێدەپەڕی. بەخیلیم بە کوزیمۆ دەبرد کە لە قووڵایی دارستانێك کە لە هەموو کەس چاکتر دەیناسی خۆی شاردبۆوە و، شەو و رۆژ سەرقاڵی کارێك بوو کە خۆی پێی خۆش بوو.

## ٢٧

براكەم لە بارەی ئەو شیرینكارییانەوە كە لە شەڕی دارستان كردبووی، گەلێك چیرۆكی دەگێڕایەوە . ئەو چیرۆكانە كە یەك لە یەك كەمتر جێـی بـاوەڕ بـوون و، نـازانم كامـەیان بـە راستتر بزانم. بۆیە سەری قسە و گێڕانەوەكە بە خۆی دەسپێرم و لە زمـانی خۆیـەوە چـەند چیرۆك لەو چیرۆكانە دەگێڕمەوە.

دەستەی پشكنینی هەر دوو هێزە شەڕكەرەكە بە ناو دارستاندا دەگەڕان. هەموو جارێك كە دەنگی پێكدادرانی لقەكان و دەوەنەكانم دەبیست، گوێ قوڵاغ دەبووم تا بزانم نەمسایین یان فەڕانسەیی.

ئەفسەرێكی كورتە باڵای نەمسایی كە قـژی زۆر سـوور بـوو، فەرمانـدەی دەسـتەیەكی گەڕان و پشكنین بوو، سەربازەكانی جلی شایستە و زۆر جوانی سپاییان لەبەر دا بوو. قژیان بەسـتراو وكڵـاوی سـێ سـووچ و پێڵـاو و حـەمایلی سـپی و، تفـەنگ و سەرەنێزەكانیـشیان دەبریسكایەوە. بە ئەمری ئەفسەرەكە لە دوو ریزدا بەرەو پێش دەچوون و، تەنانەت لە لێژی

کوێرە ڕێکانیشدا هەوڵیان دەدا ڕێك و پێکی ڕیزەکەیان بپارێزن. ئەفسەرەکە هەلومەرجی شەڕی نەدەناسی و، تەنیا دەیویست مو بە مو ئەمرەکان جێبەجێ بکات، بۆیە بە پێی خەریتەیەك کە بە دەستییەوە بوو دەچووە پێش و، پەیتا پەیتا دەگەیشتە بنبەست. چەکمەی ناڵچەداری سەربازەکان لەسەر بەردەکان دەخزین، درکی دارەکان لە سەر و چاویان هەڵدەچەقین، بەڵام ئەو بە پشتگەرمی باندەستی ئامێرەکانی ئیمپراتۆری، بەرەو پێش دەچوو.

سەربازەکان خۆش قەد و باڵا بوون. من لەسەر کاجێك خۆم شاردبووەوە و چاوەڕوانی ئەو ساتە بووم کە بە ژێر پێمدا ڕەت دەبن. سێوەلوکەیەکی نیو کیلۆییم بە دەستەوە بوو، بە سەری سەربازێکمدا کێشا کە لە ریزەکەدا بوو. سەربازەکە دەستی هەڵبڕی و ئەژنۆی نەویەوە و کەوتە ناو دەوەنە خەزێك. کەس پێی نەزانی و دەستەکە درێژەی بە رۆشتندا.

دیسان خۆم پێ گەیاندنەوە و ژیشکێکی گلۆڵە کراوم بە سەر سەرپەلێکدادا. سەرپەلەکە سەری دانەواند و لە هۆش خۆی چوو. ئەفسەرەکە ئەمجارەیان پێی زانی. دوو کەسی لە شوێن نەخۆشکێشێك نارد و دەستەکەی سەر ڕێ خستەوە.

ڕێزەکە پێی دەنایە شوێنێکەوە کە دار و دەوەنێکی پڕ و تێکسمڕاو بوو، لەوێش دیسان تەڵەی تازەی بۆ داندرابوو: کڵاوێکم پڕ کرد بوو لە کرمی بچووکی شین و کوڵکن، کە بەر لەشی بنیادەم بکەوتنایە هەموو لەشی دەبوو بە زیپکە. سەد دانەیەك لەو کرمانەم بە سەر سەربازەکاندا هەڵڕشت. ئەوان بە ناو دارەکاندا تێپەڕین و لە پڕ هەموویان دەستیان بە خوراندنی ئەو زیپکە سوورانە کرد کە لە سەر و روومەتیان دەرهاتبوو. بەو حاڵەش هەر بەرەو پێش دەچوون!

چ سەرباز و چ ئەفسەرێك! دارستان ئەوەندە بۆ ئەو ئەفسەرە نەناسراو بوو کە هیچ شتێکی بە نائاسایی نەدەزانی. بە هەمان سەربەرزی و پێداگریەوە ریزە سەرکوتکراوەکەی خۆی بەرەو پێش دەبرد. ئەو کاتە بوو کە منیش دەستەیەك پشیلەی وەحشیم بە کار هێنا. کلکی یەکە یەکەیانم دەگرت و چەند جار لە حەواوە دەمسووڕاندەوە و بەرەو سەربازەکانم

دەخست. ئەو سووڕانەوە بە شێوەیەکی سەیر پشیلەکانی تووڕە دەکرد. دەنگە دەنگێکی زۆر، بە تایبەت لەلایەن پشیلەکانەوە، بەرپا بوو. پاشان بێدەنگی و ئاگربەس کرا. نەمسایییەکان بریندارەکانی خۆیانیان دەرمان کرد. ئەوسا ریزەکە هەمدیس سەر رێ کەوتەوە. سەر و رووی سەربازەکان بە هۆی قوماشی برینپێچییەوە سپی ببوو.

من بە پەلە شوێنیان کەوتبووم و، بە خۆمم دەگوت: « تەنیا رێی چارە ئەوەیە کە هەموویان ئەسیر بکەم! » هیوادار بووم تووشی دەستەیەکی فەڕانسەیی ببم و، هەواڵی نزیك بوونەوەی دوژمنیان پێ ڕابگەیەنم، بەڵام ماوەیەك بوو فەڕانسەییەکان لەو بەرەدا هیچیان نەدەکرد.

گەیشتمە زەوییەك کە بە قەوزە داپۆشرابوو، لەوێ شتێکم بینی کە دەجووڵایەوە. راوەستام و گوێ قوڵاغ بووم. دەنگێکی وەك چۆرەچۆڕی ئاوی جۆبار دەبیسترا، کە وردە وردە ئاشکراتر بوو وەك چرپەیەکی بەردەوامی لێهات. لەو ناوەدا هەندێك وشەی پچڕ پچڕم دەبیست کە بە زمانی فەڕانسەیی بوو: «ئاخر... نەحلەت لە ... وازم لێ بێنن.... بێدەنگ بە... ئەها!...» کاتی زیاتر لە تاریك و روونییەکە ورد بوومەوە تێگەیشتم ئەوەی کە سەرەتا بە زەویەکی قەوزە گرتووم زانیبوو سەر و لەشی ئەو سەربازانە بوو کە کڵاوی زلی خورییان بەسەرەوە بوو، ریش و سمێڵێکی زۆریان هاتبوو. دەستەیەك لە هێزی سوارەی فەڕانسەیی بوو. ریش و کوڵکیان لە شەڕەکانی زستاندا نمی کێشابوو، بە هاتنی بەهار پڕ ببوو لەقەوزە و، سەوزی دەنواند!

ئەفسەر ئاگریپا پاپیلۆن[٦٢] شاعیرێکی خەڵکی روئان[٦٣] فەرماندەی ئەو دەستە پێش قەراوڵە بوو، کە خۆبەخش لە سوپای کۆماریخوازاندا خزمەتی دەکرد. پاپیلۆن ئەوەندە سروشتی خۆش دەویست، ئیجازەی بە سەربازەکانی نەدەدا خەوش و خۆڵ و گەڵا و میوەو، ئەو گوێچکە ماسییانە کە لە کاتی تێپەڕین بە دارستانەکەدا بە لەشیانەوەلکابوو، لە سەر و

---

[٦٢] - Agrippa Papillon

[٦٣] - Rouen

روویان پاك بکەنەوە. دەستەکەی ئەو ئەوەندە لەگەڵ سروشتی دەوروبەریان تێکەڵ ببوون، کە چاوە تیژەکانی منیش بە گران ئەوانی بینی.

ئەو ئەفسەرە شاعیرە بە قژی لوول و درێژ و روومەتی لەڕیەوە، لە ناو سەربازەکانیدا راوەستابوو، لە ستایشی دارستاندا شێعرێکی بۆ دەخوێندنەوە.

« ئەی دارستان! ئەی شەو! من گوێ لە مستی ئێوەم! ئایا ئەگەر شوولێکی ناسکی گیای پەڕی سیاوەش بە قاچی ئەم شەرکەرە دلێرانەدا لوول بخوات ، چارەنووسی فەڕانسە دەگۆڕێت؟ »

من چوومە پێش و گوتم:

« ببوورە، هاووڵاتی! »

« کێ بوو؟ لە کوێیە؟ »

« منم هاووڵاتی، نیشتمان پەروەرێکی ناو دارستانم! »

« ئەها، لە کوێیت؟ »

« لە ژوور سەرتان. »

« ئەها، بینیمی. بەڵام بڵێ بزانم تۆ چیت!؟ مرۆڤێکی وەك باڵندەیت! یان رەنگە باڵندەیەکی ئەفسانەییت!؟ »

« نا، ناوم رۆندویە. دایکم و باوکم مرۆڤ بوون. دایکم لە جەنگاوەرانی «شەڕی جێنشینی» بوو... »

« تێگەیشتم. ئاخ ئەی زەمانە، ئەی شکۆی سەرکەوتن! من بڕوا بە قسەکانت دەکەم هاووڵاتی. حەزدەکەم ئەو هەواڵانە ببیستم کە بوت هێناوین. »

« یەکەیێکی پشکنینی نەمسایی خەریکە بەرەو ئێوە دێت. »

« چیت گوت؟ کەواتە کاتی خەبات گەیشتووە! ئەی جۆبار، ئەی جۆباری زوڵاڵ و روون، زۆری پێناچێت کە وەك خوێن سوور دەبیت! بەرەو پێش، چەکەکانتان هەڵبگرن! »

بە ئەمری ئەو ئەفسەرەشاعیرە، سەربازەکان کەرەسەی شەڕ و باروبنەیان پێچایەوە. بەڵام ئەوەندە شل و وێڵ بوون و ئەوەندە بە لاسارییەوە دەجووڵان، کە لـە ئامادەییـان بـۆ شەڕ کردن بەگومان بووم. کاتێکی زۆریان بە باوێشك دان و ئاخ هەڵکێشان و تف رۆکـردن و جنێودان و حەسانەوە بەسەر برد.

لە ئەفسەرەکەم پرسی:

« هاووڵاتی، بۆ شەڕ پلانت هەیە؟ »

« پلان؟ بەڵێ، هێرش بۆ دوژمن دەبەین. »

« راستە... بەڵام چۆن؟ »

« چۆن؟... بە کۆمەڵ! »

« باشـە. بـەڵام ئەگـەر مـن لـە بـری تـۆ بوومایـە سـەربازەکانم بڵـاو دەکـردەوە و، نەمدەهێشت بجووڵێن و سەبرم دەکرد تا دوژمن بە پێی خۆی بکەوێتە داویانەوە.»

پاپیلۆن پیاوێکی رام بوو، بێ هیچ قسە و لەسـەر رۆشـتنێك پلانەکـەی مـنی وەرگـرت. سەربازەکان بە دارستاندا بڵاو بوونەوە و، رواڵەتیان بە شێوەیەك بـوو کـە نەدەبینـدران. بـە تایبەت ئاشکرا بوو کە ئەفسەرە نەمـساییەکە نەیـدەبینین. یەکـە نەمـساییەکە بـەو رێگـەدا دەهات کە لە خەریتەکەیدا بوو. جارجار دەنگێکـی دەبیـست و ئـەمری دەکـرد: «بەراسـت، راست!»، «بە چەپ، چەپ!» بەم شێوە بەلای سەربازە فەڕانسەییەکاندا تێپەڕی، بێئەوەی بیانبینێت. فەڕانسەییەکان بێدەنگ جێگۆڕکەیان دەکرد و بەرەو پێش دەچوون. من لەسـەر دارەکانەوە بە دەنگی سوێسکە یان کوند پێم دەگوتن کە دوژمن بە کامە لادا رۆشتووە و لە کوێوە دەبێت پێشاوبڕیان لێ بدرێتەوە. نەمساییەکان غافلگیر بوون و کەوتنە داوەوە.

لە سەر دارەکانەوە دەنگێکیان بیست کە دەیگوت:

« راوەستن! بە ناوی ئازادی، برایەتی و هاوسانی دەتانگرم! »

لەو کاتـەدا، کەسـێك لـە نـاو دەوەنەکانـەوە هاتـە دەر و، لوولـەی درێـژی تفەنگەکـەی تێگرتن.

« هوورا! بژی نەتەوە! »

دەوەنەکانی دەوروبەری نەمساییەکان، کەوتنە بزووتن و هاتنە پێش. دەوەن نـەبوون، سەربازەکانی پاپیلۆن بوون.

نەمـساییەکان لەبـەر خۆیانـەوە بۆڵانـدییان، بـەڵام بـەر لـەوەی بتـوانن کارێـك بکـەن، فەڕانسەییەکان چەکیان کردن. ئەفسەرە نەمساییەکە بـە روومـەتی رەنـگ پـەڕیو و سـەری بەرزەوە شمشێرەکەی خۆی تەسلیم کرد.

من هاوکاری سوپای کۆمارییەکانم کرد. گەلێك کاری بە نرخم بۆ دەکردن، بـەڵام زۆرتـر حەزم دەکرد بە تەنیا بچم بۆ راو و، یارمەتی لە گیانلەبەرەکانی دارستان وەربگرم. وەك ئەو رۆژە کە هێلانە زەردەواڵەیەکم بە سەری رێزێك سەربازی نەمساییدا خست و لە بەینم بردن.

ناوبانگم بە هێزەکانی نەمسادا بڵاو بووەوە و تەنانەت دۆخێکی ئەفسانەییشی وەرگرت: دەیـانگوت دارسـتان پـڕە لـە هێـزی ژاکـۆبن کـە لەسـەر دارەکـان سـەنگەریان گرتـووە. نەمساییەکان لە کاتی تێپەڕین بە دارستاندا گوێ قوڵاغ دەبوون. بە بچووکترین دەنگێك کە لە کەوتنی بەڕوویەکەوە دەهـات، یـان جیکـەجیکێك کـە لـە سمۆرەیەکـەوە بـەرز دەبـووەوە، پێیانوابوو کەوتوونەتە گەمارۆی ژاکۆبنەکانەوە و رێگەی خۆیان لار دەکردەوە. لە ئەنجامدا، من دەمتـوانی بـە لاسـایی دەنگـە جیاوازەکـانی دارسـتان، هێـزە نەمـساییەکان لـە رێگـەی خۆیانەوە بەرەو لاڕێیەك رابکێشم و، بۆ هەر کوێ کە پێمخۆش بێت بیانبەم.

رۆژێك لە رۆژان یەکەیێکی دوژمن بۆ ناو دەوەنە جاڕێکی پڕ لـە دڕك راکێـشا و، کـارێکم کرد کە لەو ناوەدا ون ببن. رەوە بەرازێکی زۆر لەو مەحاڵە دەژیان. دەنگ و نرکەی تۆپەکان بەرازەکانی لە کوێستانەوە بەرەو خـوار هێنـابوو. ئـەوان رەوە رەوە بـە دارسـتان و رۆخـی دەریادا بڵاو ببوونەوە. نەمساییە ون بووەکان لە دەوەنەکاندا سەریان لێشێوابوو، لە لـووتی خۆیان بەولاوەتریان نەدەبینی. ئەوان لە پڕ روبەڕووی رەوە بـەرازێکی کـوڵکن بوونـەوە کـە نەڕەکەیان مووی بە لەشی بنیادەمەوە سیخ دەکرد. بەرازەکان هێرشیان بۆ بردن. لمبۆزیان لە ناو پێی سەربازەکان رۆ دەکرد و بۆ حەواوە فڕێیان دەدان. پاشان سمکوتیان دەکردن و

شاخیان لەسکیان رۆ دەکرد. یەکەکە بەو شێوە تیاچوو. من و هاورێکانیشم لەسەر دارەکانەوە تەقەمان دەکرد. ئەو سەربازانە کە بە سەلامەت دەرچووبوون و گەڕابوونەوە بۆ ئۆردووەکەیان نەیاندەزانی چیان بەسەر هاتووە. تاقمێك باسی بوومە لەرزەیەکیان دەکرد کە لە ناکاو زەوی ژێر پێیانی لەراندۆتەوە و تاقمێکیتر باسی شەڕ لە گەڵ ژاکۆبنەکانیان دەکرد کە لە پڕێکدا لە عەرزەوە سەریان دەرهێناوە. ئەوان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە مابەینی جنۆکە و ژاکۆبنەکاندا نەدەکرد و، بە بوونەوەری نیوە بنیادەم و نیوە ئاژەڵیان دەزانین، کە لەسەر دارەکان یان لە ناو دەوەنەکاندا دەژیان.

گوتم کە زیاتر پێم خۆش بوو بە تەنیا بچم بۆ شەڕ، یان لەگەڵ ئەو هاورێیانە بم کە لە دوای رووداوی ترێچنینەکەوە لەگەڵ من بەرەو دارستان هەڵاتبوون. هەوڵم دەدا زۆر بەکەمی خۆم لە سوپای فەڕانسە هەڵقورتێنم. خۆ دەزانن سوپا چۆنە، هەرکارێك بکات کەلاوەیەك لە دوای خۆی بەجێدێڵێت. وێڕای ئەوەش یەکەکەی پاپیلۆنم زۆر خۆش دەویست و لێیان ئاسوودە نەبووم. دەترسام بێجووڵەیی ئەو بەرەیە بۆ یەکەی ئەفسەرێکی شاعیر بە باری خراپدا بشکێتەوە. لەسەر جلوبەرگی سوپایی سەربازەکان وردە وردە قەوزە و تەنانەت سەوزەش دەڕوا! چۆلەکە لەسەر کڵاوەکانیان هێلانەی چی دەکرد و گیاش گوڵی دەردەکرد. چەکمەکانیان بە عەرزەوە دەلکا و لێی نەدەبووەوە. زۆری نەمابوو کە لە ناو عەرزدا رەگ داکوتن! سروشت پەرستی ئەگرییا پاپیلۆن، وردە وردە سەربازەکانی وەك گیانلەبەری نیوەئاژەڵ و نیوە رووەك لێکردبوو.

دەبوو بیانهێنمە جووڵە و بزووتن، بەڵام چۆن؟ بیرێکم بە مێشکدا هات و چووم بە ئەفسەرەکەی بڵێم. ئەو دیسان خەریکی خوێندنەوەی شێعرێك لە ستایش کردنی مانگدا بوو.

« ئەی مانگ! خڕی روخسارت زارکی تۆپێکمان بیر دەهێنێتەوە و گوللەیەك کە لە دوای فرێدان، کەمە کەمە لە ئاسماندا دەئاژووێت! بڵێ بزانم کاتی تەقینەوەت کەی دێت، ئەی گوللەی ئاسمانی؟ تا هەورێك لە پشکۆ بباریێنی و هەموو تەخت و تاج و سوپای دوژمنەکانت تەفر و توونا بکەیت. تا ئەم دیوارە بەرزەی فەرامۆشی کە هاونیشتمانەکانم بە دەوری مندا

کێشاویانه کون بکەیت و، بەرەو شانازی و شەرەف ڕێنوێنم بیت؟ ئاخ، شارەکەی من، ڕوئان! ئاخ، ئەی مانگ! ئەی چارەنووس! ئەی مەجلیسی گەلی! ئەی بۆقەکان! ئەی کچەکان! ئەی ژیان! »

گوتم: « هاووڵاتی! »

پاپیۆن، نیگەران لەوەی کە پەڕیبوومە ناو قسەکانی، بە لەحنێکی وشکەوە پرسی:

« ها، چی بووە؟ »

« دەمەوێ بڵێم ڕێگەیەکم دۆزیوەتەوە تا سەربازەکانت لەم سستییە ترسناکە ڕزگار بکەم. »

« لە خودام دەوێت، هاووڵاتی. هەروا کە دەیبینی حەزی بزووتن بۆ ساتێك بەرۆکم بەرنادات. بڵێ بزانم پێشنیارت چییە. »

« ئەسپێ، هاووڵاتی. »

« بە داخەوەم هاووڵاتی، لە سوپای کۆماریدا ئەسپێ نییە. بە هۆی گەمارۆ و گرانییەوە هەموویان مردوون. »

« چەندەت بوێت، دەتوانم بۆت بێنم. »

« نازانم گاڵتە دەکەی یان بە ڕاستتە. بە هەرحاڵ، ئەمە بە فەرماندەکانمان ڕادەگەیەنم. ئەوان بڕیار دەدەن. بۆ ئەو خزمەتانەش کە بە ئارمانجی کۆمارییەکان دەیکەیت، سپاست دەکەم. ئەی شانازی! ئەی ڕوئان! ئەی ئەسپێکان! ئەی مانگ! »

ئەمەی گوت و بە وڕێنە کردنەوە دوور کەوتەوە.

زانیم کە دەبێ خۆم دەست بە کار ببم. ئەسپێیەکی زۆرم پەیدا کرد و، بە لوولەیەکی باریك و درێژ بەرەو سەربازەکان فڕێمدان. هەوڵم دەدا بیانگەیەنمە ژێر بەرۆکی کراسەکانیان. پاشان مست مست ئەسپێم بەسەردا ڕشتن. کارێکی پڕ مەترسی بوو، چونکا ئەگەر پێیان بزانیمایە دەیانگرتم و پێشینەی خەباتکاریشم فریام نەدەکەوت. یان زیندانیان دەکردم یان دەیانبردم بۆ فەڕانسە و، وەك کەسێکی دژی شۆڕش بە گیوتینیان دەسپاردم. بەو حاڵەش

ئەو هەوڵەم کاری خۆی کرد. خورویێك کەوتە لەشی سەربازەکانەوە و، ئەو پێویستیە ئینسانی و شارستانیەی هێنایە ئاراوە کە خۆیان بخورێنن و ئسپێکان بدۆزن. ئەوان جلە کۆن و قەوزە گرتووەکان و، توورەکە و توورێنە پڕ لە قارچك و تەونە جاڵجاڵۆکەکانیان فڕێدا و خۆیان شت. ریشیان تاشی و قژیان شانە کرد و، بە کورتی، شناسی مرۆڤانەی خۆیان وەرگرتەوە. دیسان روویان لە شارستانییەتی کردەوە و لە وەحشیگەری دوور کەوتنەوە. لەو کاتەدا، حەزێکی نویێ بۆ جووڵە و خەبات لە دڵیاندا سەری هەڵدا و، رۆحییەتی خەباتکارانە کە لە دەمێکەوە فەرامۆشیان کردبوو، بۆیان گەڕایەوە. کاتی هێرش کردن هات و ئەوان لەو پەڕی ئامادەییدا بوون. سوپای « کۆماری » بەرخۆدانی دوژمنیان تێکشکاند. بەرەو پێش رۆشتن و سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێنا.

## ٢٨

کاتێك هێزە کۆمارییەکان گەیشتن، باتیستای خوشکم و مێردەکەی، بۆ ئەوە بەردەست نەکەون، هەڵاتن. کەیف و خۆشییەکی وەك ڕۆژی تریێ چنینەکە خەڵکی ئۆمبرۆزای گرتەوە.«دارێکی ئازادی»یان چەقاند کە ئەمجارە لە نموونە فەڕانسەییەکەیەوە نزیکتر بوو: وەك ئەو دارە بڵێندانە بوو کە لە جەشنەکاندا دەیچەقێنن و خۆراکی پێدا بەردەدەنەوە. پێویست بە گوتن ناکات کە کۆزیمۆ دەستبەجێ پیایدا هەڵگەڕا، بەڵام زوو ماندوو بوو، وازی هێنا.

خۆپیشاندانی کورت لە دەوروبەری کۆشکی پیاوە گەورەکانی شار ڕێخرا. خەڵك هاواریان دەکرد: «ئاغاکان! ئاغاکان لە سێدارە بدەن! سالیرا! » بەڵام کاریان بە من نەبوو کە برای کۆزیمۆ بووم. جگە لەوەش بنەماڵەی ئێمە هەمیشە ئاغای بچووك بوون. تەنانەت لەوە دواش هەندێك کەس بە نیشتمان پەروەریشیان ناو دەبردم. (لەبەر ئەوەش بوو کە پاش گۆڕانی زرووفەکە، تووشی کێشە بووم.)

ئۆمبرۆزا بوو بە خاوەنی ئەنجومەنی شار و، شارەدارێکیشی بۆ هەڵبژێردرا. براکەم لەو ئەنجوومەنە کاتییەدا بوو بە ئەندام. زۆر کەس لە هەڵبژاردنی ئەو ناڕازی بوون، چونکا بە شێتیان دەزانی. بەڵام ئەوانەی تر پێدەکەنین و دەیانگوت: « قەی ناکات. هەموومان شێتین! »

دانیشتنەکانی ئەنجوومەن لە کۆشکی جارانی قایمقامی دەگیرا. کۆزیمۆ لەسەر لقی خەرنووبێك لە نزیك پەنجەرەکە دادەنیشت و گوێی لە وتووێژەکان دەگرت. کە بۆچوونێکیشی ببوایە بەهاوار بە گوێی ئەوانی‌تری دەگەیاند. دەزانین کە شۆڕشگێڕەکان زیاتر لە پاراستنخوازەکان مەیلیان بۆ **فۆرمالیزم** هەیە. بۆیە هەندێك کەس ئەو دۆخەیان پێ ناخۆش بوو، بە ئابڕوو چوونی ئەنجومەنی شاریان دەزانی. لە ئەنجامدا، لە دوای ئەوەی کە کۆماری لیگوریا[٦٤]، لەبری کۆماری بنەماڵەیی جنۆڤا، دامەزرا، ئیتر کۆزیمۆ بۆ ئەنجومەنی شار هەڵنەبژێردرایەوە.

دەبێ بیڵێم کە لەو کاتەدا کۆزیمۆ پلانێکی نووسیبوو، بڵاوی کردبووەوە کە ئەمە ناوەکەی بوو: «**ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی شار ـ کۆمارێك، لەگەڵ بەیاننامەی مافی پیاوان، ژنان، منداڵان، ئاژەڵی ماڵی و کێوی و، هەروەها باڵندەکان، ماسییەکان، دەعباکان و گیاکان هەر لەدارە بەرزەکانەوە بگرە تا دەوەن و سەوزییەکان!**» بەرهەمێکی زۆر جوان بوو کە دەیتوانی ڕێنوێنی هەموو جۆرە حکوومەتێك بێت، بەڵام کەس بە جیدی وەرنەگرت و بەکاری نەهێنا.

کۆزیمۆ هێشتا زۆربەی کاتەکانی لە دارستان بوو، ئەندازیارە فەڕانسەییەکان خەریك بوون جادەیەکیان بە ناو دارستانەکەدا دەکێشا، تا تۆپخانەی لێوە ڕەت ببێت. ئەم ئەندازیارانە، کە هەموویان ریشیان درێژ بوو، لە سوپاییەکانی تر نەدەچوون. لانیکەم وەك ئەو سوپاییانە نەبوون کە بە هەرلایەکدا ڕەت دەبن کاولی و وێرانی لە دوای خۆیانەوە بە جێدەهێڵن. ئەوان کاری بنەڕەتییان دەکرد و دەیانویست کارەکەیان زۆر بە چاکی بەرێوە

---

[٦٤] - Liguria

ببەن. بێجگە لەوەش، گەلێك چیرۆکیان دەگێڕایەوە! ئەوان زۆر وڵاتیان بینیبوو، گەلێك شەڕیان ئەزموونبوو. هەندێکیان تەنانەت رووداوە مێژووییەکانی پاریس، گرتنی باستی و، گیۆتینیشیان بینیبوو. کۆزیمۆ بە درێژایی شەو گوێی لە چیرۆکەکانیان دەگرت. کە شەو دەهات ئەوان بێل و قوڵینگەکانیان لە لایەك دادەنا، لە دەوری ئاگرێك کۆ دەبوونەوە، پایپیان دەکێشا و بیرەوەرییەکانیان دەگێڕایەوە.

کۆزیمۆ بە رۆژ وەك بەڵەدی دارستانەکە یارمەتی دەدان. ئەو لە هەموو کەس چاکتر تایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنەی دەزانی و رێنوێنییەکانی زۆر بە بایەخ بوون. بەو حاڵەش، زیاتر لەوە کە بیر لە پێویستییەکانی تۆپخانەی فەڕانسەیی بکاتەوە، بیری لە بەرژەوەندییەکانی خەڵك دەکردەوە کە تا ئەو کاتە هیچ جادەیەکیان نەبوو. بەخۆی دەگوت، دەکرێت لانیکەم قازانجێك لەو مریشکدزە بێگانانە وەربگرێت و لەسەر ئەرك و مەسرەفی ئەوان جادەیەك بۆ خەڵك بکێشێت.

هەر ئەو جادەش غەنیمەت بوو، چونکا ئیتر خەڵك تەحەمولی هێزە داگیرکەرەکانیان نەمابوو. بە تایبەت لەو کاتەوە کە ئیتر کۆماریخواز نەمابوون و ببوونە سوپای ئەمپراتۆری فەڕانسە. لە ئۆمبرۆزا زۆر کەس بۆ ئەوەی خەشی دڵی خۆیان برێژن، دەچوون بۆ لای «نیشتمان پەرستەکان» و بە توانجەوە دەیانگوت:

« چاوتان لێیە هاوڕێکانتان چی دەکەن؟ »

ئەوانیش ئاخێکیان هەڵدەکێشا و لە وەڵامدا دەیانگوت:

« چی بکەین! ئەوانیش سەربازێکن وەك هەموو سەربازەکانی تر! هیوادارین ئەم وەزعە زۆر زوو کۆتایی پێ بێت. »

سەربازەکانی ناپلیۆن دەچوونە ئاخوڕی ماڵی خەڵك و، مەڕ و مانگا و تەنانەت بزنەکانیشیان بە زۆر لێ دەسەندن. باج و خەراج زۆر لە جاران زیاتر ببوو. لەوەش خراپتر، خەڵکیشیان بۆ سەربازی دەگرت. لە ناوچەی ئێمەدا کەس ملی بە سەربازی نەدا. گەنجەکان ئامادە بوون لە دارستاندا خۆیان بشارنەوە و نەچن بۆ سەربازی.

کۆزیمۆ هەرچی لە دەست بهاتایە بۆ کەم کردنەوەی ئەم دژوارییانە دەیکرد. ئاگای لەو گاگەل و مێگەلانە دەبوو کە خەڵك لە ترسی سەربازەکان دەیاننناردن بۆ دارستان. لـە کـاتی راگوێزانی پەنهانی گەنم و زەیتوون، کە خەڵك لە ترسی مووچەخۆرەکانی ناپلیۆن جێگۆڕکەی پێدەکردن، پاسەوانی دەکرد. شـوێنی خـۆ شـاردنەوەی نیـشان ئـەو گەنجانـە دەدا کـە لـە سەربازی هەڵدەهاتن. بە کورتی بـە هـەموو شـێوەیەك هـەوڵی دەدا خەڵکەکـە لـە بەرامبـەر ستەمکاریدا بپارێزێت. بەڵام هەرگیز هێرشی بۆ هێزە فەڕانسەییەکان نـەبرد. ئەگەرچـی لـەو کاتەوە هەندێك تاقمی چەکدار لە دارستاندا پەیدا بوون کە جاروبار بە شـەوان هێرشـیان بـۆ فەڕانسەییەکان دەبرد، بەڵام کۆزیمۆ بە قیرسیچمەیی تایبەت بە خۆیەوە، بەردەوام پابەندی هەندێك شت بوو: ئەگەرچی وەزعەکە زۆر گۆڕابوو، هیواکان جێی خۆیان بە نائومێدی دابوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا فەڕانسەییەکانی بـە دۆسـتی خـۆی زانیبـوو، ئامـادە نـەبوو شەڕیان لەگەڵ بکات.

جگە لەوەش، دەبێ بگوترێت کە ئەو وردە وردە پیر دەبـوو، ئـیتر نەیدەویـست خـۆی تووشی کێشە بکات.

ناپلیۆن چوو بۆ میلان و لەوێ تاجی لەسەر خۆی دانا. پاشان دەستی کرد بە سەفەرێك بۆ ئەملاولای ئیتالیا. لە هەموو شارێك لەسەر شەرەفی ئـەو جەشـنی گـەورە دەگـیرا. بینـای مێژوویی و شوێنەواریان نیشان دەدا. لە ئۆمبرۆزاش یەکێك لە کار و بەرنامەکانی ئەوە بوو کە ســەردانی « نیــشتمان پەرســتی ســەر دارەکــان» بکــات. هــەروا کــە زۆر جــار روودەدا، هاوشارییەکانی کۆزیمۆ ئیتر زۆر گوێیان پێ نەدەدا، بـەڵام ناوبـانگی بـەهـەموو لایەکدا، بـە تایبەت لەدەرەوەی وڵات بڵاو بووبۆوە.

ئەو دیدارەش تەشریفاتێکی تایبەتی بوو. کۆمیتەی جەشنەکانی شارەوانی ئۆمبرۆزا، بە شێوەیەك تەدارەکی ئەو دیدارەیان گرتبوو کـە ئـابڕووی شـارەکەیان پـارێزراو بێـت. ئـەوان دارێکی جوانیان هەڵبژاردبوو. زیاتر پێیان خۆش بوو ئەو دارە بەڕوو بێت، بەڵام دارێك کە لـە

هەموو دارەکانیتر زیاتر لە بەرچاو بوو، جێگەکەشی باشتر بوو دار گوێز بوو. بۆیە ئەو دارەیان بە گەڵای دار بەڕوو رازاندەوە و نەوار و ئالقەیەکی زۆریان بە رەنگی ئاڵاکانی فەڕانسە و لومباردی و، هەروەها گولێنگەی رەنگاورەنگیشیان پێدا هەڵواسی. ئەوسا تکایان لە براکەم کرد کە دەستێك جلی رێك و پێك لەبەر بکات و لەسەر ئەو دارەدابنیشێت. ئەڵبەت داواشیان لێکرد کە هەر ئەو کڵاوە بە ناوبانگە پێستە پشیلەی لەسەر بکات و سمۆرەیەکیش لەسەر شانی دابنێت.

بەرنامەی ئەو دیدارە بۆ سەعاتی دە بوو. حەشیمەتێکی زۆر لە بن ئەو دارەکۆببوونەوە. پێویست بە گوتن ناکات کە ناپلیۆن زۆر درەنگتر، سەعات یانزە و نیو هات. ئەمە بە تایبەت بۆ براکەم ناخۆش و بە ئازار بوو کە بە هۆی پیری و سستی میزەڵانییەوە مەجبوور بوو جارجار لە پشت دارەکەوە خۆی بشارێتەوە و خۆی سووك بکات.

ئەمپراتور لەگەڵ خێڵێك لە داروەستەکەی هاتن. نیوەڕۆ بوو کە سەری خۆی بەرەو لقەکان بەرز کردەوە تا کۆزیمۆ ببینێت. بە پێی ئەو تەشریفاتە بە پێویستی زانی چەند رستەیەکی رەسمی بە زاردا بێت. گوتی:

« باش ئاگام لێیە کە ئێوە... »

دەستی بۆ ناوچاوانی برد و ساباتی بۆ چاوی کرد.

« ... ئاگادارم کە ئێوە لەم دارستانە... »

هەنگاوێك کشایەوە تا هەتاو چاوی ئازار نەدا.

« ... لەم دارستانە سەرسەوزەدا... »

کۆزیمۆ بە ناڕەحەتییەکەی ناپلیۆنی زانی و بە ئەدەبەوە پرسی:

« حەزرەتی ئەمپڕاتۆر کارێك هەیە کە من بتوانم بۆ جەنابتانی بکەم؟ »

ناپلیۆن گوتی:

« بەڵێ، بەڵێ، تکایە کەمێك بێیتە پێشەوە تا هەتاو لە چاوم نەدرێت... نزیکتر، ئەها... ئەوێ باشە... زۆر باشە... مەجووڵێ... »

ئەوسا بێدەنگ بوو، کەوتە بیرەوە. پاشان شتێکی بیر کەوتەوە. رووی لە ئۆژن، نایبولسەڵتەنەی ئیتالیا کرد و گوتی:

« پێموایە هەر ئەم دیمەنەم لە شوێنێکیتریش دیبێت... »

کۆزیمۆ گوتی:

« ئێوە نەبوون، خاوەن شکۆ. ئەسکەندەری گەورە بوو. »

ناپلیۆن گوتی:

« راستە! راستە! دیداری ئەسکەندەر لە گەڵ دیوژن. »

نایب ئەلسەڵتەنە گوتی:

« خاوەن شکۆ هەموو نووسراوەکانی پلوتارکی لە بیرە. »

کۆزیمۆ گوتی:

« بەڵام لەو دیدارەدا، ئەسکەندەر بوو کە لە دیوژنی پرسی: دەتوانێت چ کارێکی بۆ بکات. دیوژنیش لە وەڵامدا داوای لێکرد لەبەر هەتاوەکەدا لاچێت... »

ناپلیۆن لە پڕ نووکی قامکەکانی لەیەکتر دا. دەتگوت ئەو رستە کە لە دەمێکەوە لێی دەگەڕا ئاخرییەکەی دۆزیویەتیەوە. بۆ ئەوەی دڵنیا بێت هەموویان گوێیان لێیە، سەیرێکی داروەستەکەی کرد. ئەوسا بە ئیتالیاییەکی پەتی گوتی:

« ئەگەر ئەمپڕاتور ناپلیۆن نەبوومایە، حەزم دەکرد کۆزیمۆ رۆندو بم! »

ئەوەی گوت و گەڕایەوە و رۆیشت. هاوڕێکانیشی بە شوێنیدا رۆشتن و دەنگە دەنگی مەهمیزی چەکمەکانیان بەرز بووەوە.

هەرچی بوو هەر ئەوە بوو. دەکرا چاوەڕوانی ئەوە بن کە تا کۆتایی ئەو حەفتەیە کۆزیمۆ میدالیای لۆژیۆن دونور وەربگرێت، بەڵام هیچ هەواڵێك نەبوو. ئەگەرچی براکەم بۆخۆی گوێی بەم شتانە نەدەدا، بەڵام بنەماڵەکەمانی زۆر خۆشحاڵ دەکرد.

## ٢٩

گەنجییەتی لەسەر عەرز زوو تێدەپەڕێت، نەخوازە لە سەر دارەکان کە هەموو شتێك، چ گەڵاو چ میوە، لەو سەرییەوە دەکەونە خوار... کۆزیمۆ پیر دەبوو. ئەو هەموو ساڵە، ئەو هەموو شەوە دەستەویەخەی با و باران و سەهۆڵبەندان، بە سەرپەنایەکی سست یان بێ هیچ سەرپەنایەك، نە ماڵێك، نە ئاگرێك، نە خواردنێکی گەرم... ببوو بە پیرەمێردێکی کورتە باڵا بە پشتی کۆم و قاچی لار و لەوێر و، دەستی درێژی وەك دەستی مەیموون. باڵاپۆشی بلێند و کڵاوی پێستە وەك ئیماندارێکی لێدەکرد. پرومەتی لەبەر هەتاو سووتاوی وەك شابەرووی برژاوی لێهاتبوو. چاوە خڕ و ڕۆشنەکانی لەناو هەزار چرچی ڕوومەتییدا بە دەرەوە بوون.

سوپای تێکشکاوی ناپلیۆن گەیشتە برزینا. هێزە کانی ئینگلیس لە جنۆڤا دابەزین. هەموو ڕۆژەکانمان چاوەڕوانی هەواڵێکی تازە بووین. کۆزیمۆ لە ئۆمبرۆزا ڕۆشتبوو. لەسەر کاجێکی جەنگەڵی لە قەراغ جادەی تۆپخانە دادەنیشت و چاوی لە ڕۆژهەڵات دەبڕی. بەڵام جادەکە چۆڵ بوو، تەنیا شوان و گاگەل و ئێسترە دارکێشەکان پیایدا تێدەپەڕین. چاوەڕوانی چی بوو؟ ناپلیۆنی بینیبوو. دەیزانی شۆڕش چۆن کۆتایی پێهاتووە. ئیتر هیچ

شتێك ڕووی نەدەدا، مەگەر خراپترینی شتەکان. بەوحاڵەش لەوێ دانیشتبوو چاوی لەڕێگەکە بڕیبوو. دەتگوت هەموو ساتێك چاوەڕوان بوو کە ئەرتەشی ئەمپڕاتوری لەو سەری جادەکەوە دەربکەوێت، بەو سوپایەوە کە هێشتا بەفر و سەهۆڵی وڵاتی ڕووسیایان پێوەیە و، ناپلیۆن بە سواری ئەسپەوە، نەخۆش و ڕەنگ پەڕیو، ڕیش نەتاشرا و شان و مل کز... دێت و لە خوار کاجەکە رادەوەستێت ( لە پشت سەریەوە دەنگی پێی سوپاکەی کز دەبێت. سەربازە ماندووەکان کۆڵ و تفەنگەکانیان دادەنێن، لە گوێی جادەکە دادەنیشن و چەکمەکانیان دادەکەنن و تیتۆڵە قوماشەکان لە قاچی خوێناوییان دەکەنەوە.) ئەوسا بوناپارت دەڵێ: «حەق بە تۆ بوو هاووڵاتی. ئەو یاسایەم بدەرێ کە نووسیبووت. ئەو پلانانە بدە بەمن کە نە دەوڵەتی شۆڕش و نە دەوڵەتی کۆنسوولی و نە دەوڵەتی ئەمپراتۆری لێیان وەرنەگرتی. دەبێ سەر لەنوێ دەست پێبکەینەوە. دەبێ دیسان داری ئازادی بچەقێنینەوە و نیشتمانی جیهانیمان ڕزگار بکەین! » گومانم لەوە نییە کە ئەمە هیوا و ئاواتی کۆزیمۆ بووە.

بەڵام ئەوەی کە ڕۆژێك لەو ڕۆژانە لەوسەری جادەکەوە بینی بەپێچەوانەی ئەمە بوو. لە جادەی تۆپخانەوە سێ پیاو بە پشووسواری دەهاتن. یەکەم پیاویان شەل بوو بە چێوشەق دەڕۆشت. دووهەمینیان بەپەڕۆیەك سەری برینداری خۆی بەستبوو. سێهەمینیان، لەوانی دیکە باشتر، تاکەچاوێکی بە پەڕۆ بەستبوو. ئەوان جلی دڕاو کاڵەوەبوویان لەبەردا بوو. یەراقی سەر سنگیان دڕابوو، کڵاوەکانیان چرچ و لۆچ و شکاو بوو، یەکیان هێشتا پەڕەی بەسەرەوە مابوو. چەکمەکانیان هەڵقڵیشابوو. بە ڕواڵەتیاندا دیار بوو کە لە گاردی ئیمپراتۆری بوون. بەڵام چەکیان پێ نەبوو. یەکێکیان کالانی بەتاڵی شمشێرەکەی بە دەستەوە بوو، ئەویتریان لوولەی تفەنگەکەی وەك گۆچان نابووە سەر شانی و بوخچەیەکی پێدا بەردابووەوە. وەك سەرخۆشەکان بەڕێدا دەڕۆشتن و گۆرانیان دەخوێند: « لە وڵاتەکەم... لە وڵاتەکەم... »

براکەم لێی پرسین: « ئۆهۆی غەریبەکان، ئێوە کێن؟ »

یەکێکیان گوتی: « بڕوانە چ باڵندەیەك! ئەوە لەو سەریە چی دەکەیت؟ میوەی کاج دەخۆیت؟ »

ئەویتر گوتی: « میوەی کاج؟ جگە لەوە هیچیتری لێ نییە ئێمە بیخۆین؟ خەریکە لە برسا دەمرین! »

« ئەی بۆ باسی تونیایەتییەکەمان ناکەیت!؟ نازانی بەفر خواردن چۆن پیاو تووونی دەکات! »

« ئێمە لقی سێهەمی سوارەین! »

« لە هەموو لقەکە هەر ئێمە ماوین! »

« باقیەکەشمان!»

« سێ کەس لە سێسەد کەس. خراپ نییە! ها! »

« بەلای منەوە گرینگ ئەوەیە کە خۆم زیندووم! »

« چووزانی؟ خۆ هێشتا نەگەیشتوویتە ماڵەوە! »

« ئەی خودا بتکوژێت! »

« ئێمە بووین کە لە ئوسترلیتز سەرکەوتین! »

« بەڵام لە ڤیلنا بەڵامان بەسەر هات. وەی وەی! »

« بڵێ بزانم، باڵندەی قسە کەر. لەم لایانەوە مەیخانە هەیە؟ »

« بەرمیلەکانی نیوەی ئورووپامان خاڵی کردۆتەوە و هێشتا هەر توونیمانە! »

« چونکا لەشمان بە گوللە کون کون بووە و شەراب لە سکماندا بەند نابێت. »

« ئەوێشت کون کون بووە! »

« مەیخانەیەکمان دەوێ کە قەرزمان لە گەڵ بکات! »

« جارێکیتر دێینەوە و پارەکەی دەدەینێ! »

« ناپلیۆن پارەکەی دەدات! »

« ئاخخ... »

« نا تزار دەیدات. ئەو لە پشت سەرمانەوە دێت و دەتوانن حیسابەکەی ئێمەشی لەگەڵ بکەن! »

کۆزیمۆ گوتی: « لەم لایە شەراب دەست ناکەوێت. بەڵام ئەگەر توونیتانە چۆمێك لەم نزیکانەیە. »

« چۆم! بە گۆڕی باوکی تۆ و چۆمیشەوە، کوندەی پیس! »

« ئەگەر تفەنگەکەم لەدەست نەدایە، ئێستا گوللەیەکم پێوە دەنایت و وەك قەرقاوڵ دەمکردی بە کەباب. »

« نا. من دەڕۆم و لەو چۆمەدا قاچم دەشۆم. خەریکە دەسووتێت... »

« ئەوێشت بشۆ... »

لە ئەنجامدا هەر سێکیان بەرەو چۆمەکە چوون. چەکمەکانیان دەرهێنا و قاچەکانیان شت، ئاوێکیان بەسەرو رووی خۆیاندا کرد و دەستیان بەشتنی جلەکانیان کرد. کۆزیمۆ تەنانەت سابوونیکیشی پێدان. فێنکی ئاوەکە سەرخۆشییەکەی پەڕاندن و، لەگەڵ ئەوەش شادییەکەشی لێ سەندنەوە. بیری کلۆڵییەکانیان کەوتنەوە و مات و خەمۆك بوون. بەڵام ئاوە زولاڵەکە دیسان شادی کردنەوە و دیسان دەستیان بە گۆرانی خوێندن کردەوە: « لە نیشتمانەکەم... لە نیشتمانەکەم... »

کۆزیمۆ دیسان بۆ شوێنی قەرەوڵییەکەی لە قەراغ جادە گەڕابووەوە. دەنگی ئاژۆتنی ئەسپێکی بەر گوێ کەوت. یەکەیێکی سوارە لە ناو هەورێك تەپ و تۆزەوە دەرکەوت. سەربازەکان جلکی سەربازی نائاشنایان لەبەردابوو. کڵاوەکانیان زۆر قورس بوو، قژیان سوور و ریشیان بوو. رووومەتی گرژ و چاویان سەوز و نیوەکراوە بوو. کۆزیمۆ کڵاوەکەی لەسەر هەڵگرت و هاواری کرد:

« چۆنە رێتان کەوتۆتە ئەم لایانە؟ »

سەربازەکان راوەستان. یەکێکیان بە زمانی رووسی گوتی:

« سەلام! ئەم جادە چەندەیتری ماوە؟ »

کۆزیمۆ کە تۆزێکی لە هەموو زمانێك دەزانی، بە رووسی گوتی:

« سڵاو لە ئێوە. چەندەی بۆ کویَ ماوە؟ دەتانەویَ بڕۆن بۆ کویَ؟ »

« بۆ کۆتایی ئەم جادە. »

« هە! ئەم جادە بۆ زۆر شوێن دەچێت. ئێوە دەتانەویَ بچن بۆ کویَ؟ »

« پاریس... »

« هە! پاریس! بۆ گەیشتن بە پاریس رێگەی لێرەباشتریش بوو. »

« نا، پاریس نا، دەمانەویَ بە شوێن ناپلیۆندا بچین بۆ فەڕانسە. ئەم رێگە دەچیَ بۆکویَ؟ »

« بۆ زۆر شوێن. باسولیڤا، کورتاپیترا، تراپە... »

« چی؟ بوسائالیڤا؟ نا، نا. »

« ئەگەر پێتان خۆش بێت دەچیَ بۆ مارسیش. »

« ئەها، مارسی، مارسی... فەڕانسە... »

« لە فەڕانسە کارتان چییە؟ »

« ناپلیۆن هات و لەگەڵ تزاری ئێمەدا شەڕی کرد. ئێستا تزاری ئێمە خەریکە شوێن ناپلیۆن دەکەوێت. »

« ئەی خۆتان خەڵکی کوێن؟ »

« خارکۆف، کییەف، رۆستۆف. »

« ئەی بابە چەندە رێتان بڕیوە! چەند شوێنی خۆشتان بینیوە! کوێتان زیاتر پێخۆشە، ئێرە یان رووسیە؟ »

«چاك یان خراپ، رووسیەمان پیَ خۆشترە. »

دەنگی پێی ئەسپێك هات. تۆزیکی زۆر بەرز بۆوە. ئەسپەکە راوەستا. سوارەکەی ئەفسەرێك بوو کە بەسە قەزاقەکاندا نەڕاندی:

« بۆ راوەستاون! بەرەو پێش! »

سەربازەکان ماڵاواییان لە کۆزیمۆ کرد و لە ئەسپەکانیان خوڕی.

ئەفسەرە رووسەکە لە بن کاجەکەدا راوەستا. رەقەڵ و باڵابەرز بوو. روومەتی مات و رەفتاری ئەشرافیانە بوو. سەری رووتی روو لە ئاسمانی پڕ لە هەور هەڵبڕیبوو. بە فەڕانسە بە کۆزیمۆی گوت: « سەلام بەرێز. تۆ زمانی ئێمە دەزانی؟ »

براکەم بە رووسی و فەرانسەیی گوتی: « بەڵێ جەناب. بەڵام ئەوەندە باش نا کە تۆ فەڕانسە دەزانی. »

« خەڵکی ئەم ناوەیت؟ لە کاتی فەرمانڕەوایی ناپلیۆندا لێرە بوویت؟ »

« بەڵێ جەناب.»

« وەزعەکە چۆن بوو؟ »

« خۆتان باشتر دەزانن . هێزە سوپاییەکان بە هەر بیرێکی تازەشەوە کە بێن، هیچ شتێك، بێجگە لە کاولی لە دوای خۆیان بەجێناهێڵن. »

« بەڵێ، ئێمەش کاولییەکی زۆر بەجێدێڵین، بەڵام هیچ بیرێکی تازەمان لە گەڵ خۆمان نەهێناوە... »

ئەو ئەگەرچی سەربازی سوپایەکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام خەمۆك و نیگەران دیار بوو. کۆزیمۆ بەزەیی پێدا هات و وەك ئەوە دڵخۆشی بداتەوە گوتی:

« خۆ ئێوە سەرکەوتوون! »

« بەڵێ شەڕی باشمان کرد. زۆر باش. بەڵام رەنگە... »

چەند نەڕەیەك بیسترا. پاشان هەرایەکی بێ مانا و دەنگی چەند شمشێر بەر گوێ کەوت.

ئەفسەرەکە هاواری کرد: « چی بووە؟ »

چەند قەزاق هاتن. چەند تەرمی نیوە رووتیان بە دوای خۆیاندا رادەکێشا. شمشێرێکی خوێناوی بە دەستێکیانەوە و سەری ئاڵۆزاوی سێ سەربازە سەرخۆشە فەرانسەییەکەش بە دەستەکەی تریانەوە بوو.

گوتیان: « فەرانسەیی! ناپلیۆن! هەموویانمان کوشت. »

ئەفسەرە گەنجەکە بە تورەییەوە ئەمرێکی پێکردن و، قەزاقەکان کوژراوەکانیان لەویَ دوور خستەوە. ئەوسا رووی لە کۆزیمۆ کرد و دەستی بە وتووێژەکە کردەوە:

« بەڵێ شەڕ... ساڵەهای ساڵە کەمن خەریکی ئەم کارە ترسناکەم. واتە شەڕ... تا ئەو جێگەش بتوانم هەوڵی خۆم دەدەم... هەموو ئەم هەوڵەم بۆ ئارمانجێکە کە خۆشم ناتوانم پاساوی بۆ بهێنمەوە... »

کۆزیمۆش گوتی: « منیش ساڵانێکە بۆ ئارمانجێك دەژیم کە خۆشم ناتوانم پاساوی بۆ بهێنمەوە. بەڵام ئەو کارەی کە من دەیکەم خراپەی بۆ کەس نییە. من لەسەر دارەکان دەژیم. »

حاڵەتی ئەفسەرەکە وردە وردە لە خەمۆکییەوە بوو بە بێقەراری.

گوتی: « چاکە، دەبێ برۆم. »

ئەوسا سلاوێکی سوپاییانەی کرد و، هەروا بە دەم رۆشتنەوە گوتی:

« ماڵاوا، بەرێز... ئەریَ ناوت چی بوو؟ »

کۆزیمۆ بۆ ئەوەی دەنگی بیگاتێ هاواری کرد:

« بارۆن کۆزیمۆ دو رۆندو. ناوی تۆ چییە جەناب؟ »

ناوی من شازادە ئاندرێیە... »

دەنگی غاردانی ئەسپەکەی نەیهێشت ناوە بنەماڵەییەکەی ببیستێت.

## ٣٠

ئەم سەدەی نۆزدەهەمە چ دیارییەکی بۆ ئێمە پێ دەبێت؟ هێشتا نازانم. سەرەتایەکی خۆشی نەبووە و هەروا خراپیش تێدەپەڕێت. ئوروپا تووشی رابوردووخوازی بووە. تازەگەرەکان، چ بۆناپارتیستەکان و چ ژاکۆبنەکان، هەموویان تێکشکاون. دەورە دەورەی سەڵتەنەت خواز و یەسووعییەکانە. لە ئارمانجەکانی تافی گەنجیمان، لەسەردەمی پەرستنی زانست و وشیاری، لە هیوا گەورەکانی سەدەی هەژدە، بێجگە لە خۆڵەمیش هیچیتر نەماوە.

ئەم بەشە بۆیە دەنووسم کە نازانم لە کوێ بیر و ئەندێشەکانی خۆم دەربڕم. هەمیشە پیاوێکی ئاسوودەی ناو ماڵ و بنەماڵە بووم، بێ هیچ بەرزەفڕی و تین و تایەک. مەزنزادە و ئازادیخواز بووم و هەمیشە رێزم لە یاسا گرتووە. هەرگیز خۆم نەداوەتە دەست توندڕەوییە سیاسییەکان و هیوادارم لەمە دواش هەروا بم. بەڵام دڵم پڕە لە خەم!

جاران وەزعەکە وا نەبوو. تا براکەم بوو بە خۆمم دەگوت: ئەو لە بری هەموومان بیر دەکاتەوە و، من هیچ کارێکم نییە جگە لەوەی کە بژیم. بۆ من، رووداوێک کە نیشانەی

گۆڕینی سەردەمەکە بوو هاتنی هێزە نەمسایی ـ فەرانسەییەکان، یان لکانی وڵاتەکەمان بە پیەمونتە، یان باجی تازە و شتی لەم بابەتە نەبوو. من ڕۆژێك لە گۆڕانی سەردەمەکە گەیشتم کە پەنجەرەکەم کردەوە و براکەمم لەسەر دارەکان نەبینی. ئێستا کە ئەو نەماوە هەست دەکەم دەبێت بیر لە زۆر شت بکەمەوە. لە فەلسەفە و سیاسەت و مێژوو. چەند گۆڤارێکم بۆ دێت، کتێب دەخوێنمەوە و زەحمت دەخەمە سەر مێشکم. بەڵام ئەوەی کە ئەو دەیویست بیڵێت لەم گۆڤار و کتێبانەدا نایبینمەوە. ئەو ڕاستییەی کە ئەو بە شوێنیدا دەگەڕا لە جۆرێکیتر بوو. ڕاستییەکی یەکپارچە بوو کە بە وشەکان ناگێڕدرێتەوە، بەڵکوو دەبێ لەگەڵیدا و لە ناویدا بژیابیتایە، هەروا کە ئەو ژیا. ئەو تا کاتی مردنەکەی بە سەرسەختییەوە بەم ڕاستییە وەفادار بوو، تەنیا بەو شێوە توانی دەرسێکمان فێر بکات.

سەرەتای قۆناغی ناساغییەکەیم لە بیرە. کاتێك پەیم بە نەخۆشییەکەی برد کە بینیم جێوبانەکەی لەسەر لقی دارگوێزە گەورەکەی ناوەڕاستی مەیدانەکە ڕاخستووە. تا ئەو کاتە بە پەیڕەوی کردن لە غەریزەی ئاژەڵی، جێوبانەکەی لە خەڵك دەشاردەوە. بەڵام لەوەدوا وادیار بوو کە پێویستە هەمیشە لەبەر چاوی خەڵکدا بێت. منیش دڵم پڕ بوو لە ئێش و ئازار. هەمیشە بیرم دەکردەوە ئەو حەز ناکات بە تەنیا بمرێت. کەواتە ڕەنگە ئەو کارەی نیشانەی نزیك بوونەوەی مردنی بێت. پەیژەیەکمان دانا و پزیشکێکمان بۆ نارد. پزیشکەکە کاتێك هاتە خوار بە ئیشارەت تێی گەیاندین کە ئیتر هیچ کارێکمان پێ ناکرێت.

خۆم بە پەیژەکەدا هەڵگەڕام.

گوتم: « کۆزیمۆ تۆ ئێستا ئیتر شەست و پێنج ساڵت تەمەنە، تاکەی دەتەوێ لەم سەریە بمێنیتەوە؟ ئەوەی دەتویست بیڵێیت، گوتت و هەمووومان تێیگەیشتین. ورەیەکی بەرزت نواند، سەرکەوتی، ئێستا ئیتر دەتوانی بێیتە خوار. ئەوانەش کە هەموو تەمەنیان لە دەریاکاندا دەژین، ئاخرییەکەی ڕۆژێك پێ دەنینە سەر وشکایی. »

گوێی لەو قسانە نەدەگرت. بە جووڵەی دەستی گوتی: « نا. » ئیتر توانای قسەکردنی نەبوو. جاروبار پەتوێکی لە خۆیەوە دەپێچا و لە سەر لقەکە، بەرامبەر بەخۆرەتاو

دادەنیشت. ئەوە تەنیا جوولّە و بزووتنی بوو. پیرێژنێکی میهرەبان و خێرخواز (کە رەنگە لە رابوردوودا دۆست و ماشووقەی بووبێت) دەچوو جێگەکەی بۆ رێکوپێك دەکرد و خـواردنی گەرمی بۆ دەبرد. پەیژەکەمان هەر لەو شوێنە دانابوو، لامان نەدەبرد. چونکا هەموو ساتێك رێی تێدەچوو کە براکەم پێویستی بە شتێك بێت و، هەروا هیواداریش بووین کە ئاخرییەکەی بێتە خوار. (ئەڵبەت خەڵکیتر هیوادار بوون. من دەمزانی چۆن مرۆڤێکە) هەمیشە کەسـانێك لە دەوری دارەکەی کۆ دەبوونەوە تـا بـە تـەنیا نـەبێت. ئـەوان پێکـەوە قـسەیان دەکـرد و جارجارەش شتێکیان بە ئەویش دەگوت، هەرچەندە دیار بوو براکەم ئیشتیای لە قسە کردن نییە.

وەزعی خراپتر بوو. تەختێکمان بـردە سـەر دارەکـە و جێگەکـەیمان رێـك و پێـك کـرد. خەممان خوارد کە بۆ جاران بیرمان لەوە نەکردبۆوە. راستییەکەی ئەوەیە کە رووی لە هـیچ ئامێر و کەرەسەیەك بۆ ئاسـوودەیی وەرنـەدەگێرا، تـەنیا بـەو مەرجـە کـە بتوانێـت لەسـەر دارەکان بەکاری بێنێت. هەمیشە هەوڵی دابوو لەو سەرییەوە بە ئاسوودەیی بـژی. لـە دوای دانـانی تەختەکـە، هەوڵمانـدا جێگەکـەی باشـتر و خۆشـتر بکـەین. پـەردەمان بـە دەوری تەختەکەیدا کێشا و ئاگر باجێکیشمان بۆ برد. تۆزێك چاکتر بوو. کورسییێکمان بۆ بـرد و بـە دوو لقەوە بەستمانەوە. ئەو بە رۆژا پـەتووێکی لـە خۆیـەوە دەپێـچا و لەسـەر کورسـییەکە دادەنیشت.

بەڵام بەیانییەك نە لە سەر تەختەکە و نـە لەسـەر کورسـییەکە نـەمانبینی. بەترسـەوە سەیری ژوورترمان کرد. خۆی گەیاندبووە ترۆپکی دارەکە و لەسەر لقێك دانیشتبوو. تەنیا کراسێکی لەبەردا بوو.

« بۆ چوویتە ئەو سەرییە؟ »

وەڵامی نەدایەوە. لەوە دەچوو وشك بووبێ و مۆجزەیـەك لـەو سـەرییەوە رایگرتبێـت. سفرەیەکی گەورەی زەیتـوون چـنیمان بـردە بـن دارەکـە. بیـست کەسـێك بـووین کـە ئـەو سفرەمان گرتبوو. دەترساین کۆزیمۆ لەو سەرییەوە بکەوێتە خوار و کاری تەواو ببێت.

لەوحاڵەدا پزیشکەکە بە دارەکەدا هەڵگەڕا. کارێکی سەخت بوو. ناچار بووین دوو پەیژە پێکەوە ببەستێنە. پزیشکەکە هاتە خوار و گوتی:

« کاتی ئەوەیە قەشەیەك بنێرن بۆ لای. »

بڕیارمان دابوو قەشەیەك بە ناوی دۆن پریکلێسی بۆبنێرین کە دۆستی بوو. قەشەیەك کە لە کاتی فەڕانسەییەکاندا، لایەنگری لە یاسا بنەڕەتییەکەی کردبوو، بەر لە قاچاغ بوونی فراماسیۆنەریش ئەندامی لۆژ بوو، لە دوای کێشەیەکی زۆر لەگەڵ کلێسە تازە دەستی بە کارەکەی کردبووەوە. دۆن پریکلێس و کوڕێکیتر لە کاتێکدا کەرەسەی تایبەت بە دواهەمین تۆبەی پێبوو، بە دارەکەدا هەڵگەڕا. چەند چرکەیەك لەو سەرییە مایەوە و، پێموابێت قسەشی لەگەڵ کۆزیمۆ کرد، پاشان هاتەخوار.

لێمان پرسی: « دەی. دواهەم تۆبەی کرد؟ »

« نا. نا. گوتی پێویست نییە. تۆبە پێویست نییە. »

لەوە زیاتر هیچمان لێ حاڵی نەبوو.

ئەوانەی سفرەکەیان راگرتبوو، وردە وردە ماندوو دەبوون. کۆزیمۆ بچووکترین جووڵەشی نەدەکرد. بایەکی توند هەڵیکرد و سەرلقی دارەکان
نەوینەوە. هەمووومان تووشی دڵەخورپە ببووین. لەو کاتەدا بوو کە باڵۆنێکی گەورە لە ئاسماندا دەرکەوت.

دوو ئاسمان پێوی ئینگلیسی خەریك بوون بە سەر ناوچەی رۆخی دەریاکەدا دەفڕین. باڵۆنێکی جوان بوو، شوێنی دانیشتنەکەی لە حەسیر بوو، ئاڵا و نەواری رەنگاوڕەنگی پیادا بەربووبووەوە. دوو ئەفسەری ئینگلیسی، بە پاگوونی زێرچن و کڵاوی دوو سوچی نووك تیژەوە، لە شوێنی خوار باڵۆنەکە راوەستابوون، بە دووربین سەیری دیمەنەکەی ژێر پێیانیان دەکرد. دووربینەکانیان لە مەیدانی شار گرت، بە راست دیمەنێکی سەیر و سەمەرە بوو: پیاوێك لەسەر ترۆپکی دارەکە دانیشتبوو، سفرەیەکی گەورە لە ژێریدا و خەڵکێکی زۆریش لە

دەوری دارەکە کۆ ببوونەوە... کۆزیمۆ سەری بەرز کردبووەوە و کونجکۆڵانە لە باڵۆنەکەی دەڕوانی.

لە پڕ گێژەڵووکەیەك هەڵیکرد و باڵۆنەکەی وەك فرفرە هەڵسووڕاند و بەرەو دەریا راپێچی کرد. ئاسمان پێوەکان بێئەوەی خۆیان بدۆڕێنن دەستیان بە کەم کردنەوەی بای ناو باڵۆنەکە کرد و، لە هەمان کاتیشدا لەنگەرەکەیان خستە خوار، بەڵکوو لە شوێنێك گیر ببێت. لەنگەری زیو رەنگ بە گوریسێکدا بەریووبۆوە و لە حەواوە دەخولایەوە. هەروا کە لارەلار بە شوێن باڵۆنەکەدا رادەکێشرا، لەسەر مەیدانەکە رەت بوو، لە سەرچڵی دار گوێزەکە نزیك بووەوە. ترساین نەکات لە کۆزیمۆ بدرێت. بەڵام ئەوەی کە لە پاش چەند سات روویدا لە خەیاڵی کەسماندا نەدەگونجا.

لەوکاتەدا کە لەنگەرەکە لە برا روو لە مەرگەکەم نزیك دەبووەوە، ئەو بە چابوکی تاڤ لاوی خوشی و، گوریسەکەی گرت و خۆی بە لەنگەرەکەوە نووساند و قاچەکانی لە دەوری ئاڵاند. با، باڵۆنەکەی برد و کۆزیمۆش لە گەڵیدا فڕی و رۆشت و بەسەر دەریاکەوە ون بوو.

باڵۆنەکە بە سەر کەنداوەکەدا تێپەڕی و لەوبەریەوە کەوتە خوار. لەنگەرەکەی هەروا ئاوێزان بوو هیچ شتێکی پێوە نەدەبیندرا. ئاسمان پێوەکان کە هەموو هۆشیان لە لای کارەکەی خۆیان بوو، ئاگایان لە هیچیتر نەبوو. ئێمە پێمانوایە کە براکەم لە گەرمەی فڕینـدا کەوتۆتە ناو کەنداوەکە و ون بووە.

بەم شێوە کۆزیمۆ رۆشت و، تەنانەت ئەو دڵخۆشییەشی بەئێمە نەدا کە لە دوای مەرگی بیهێنینە سەر عەرز. ئێمە لە زیارتگای بنەماڵەییماندا بە یادی ئەوەوە لەوحێکمان دانا کە لەسەری نووسراوە:

**کۆزیمۆ لاڤێرس دو رۆندو**

**لە ناو دارەکاندا ژیا**

**هەمیشە زەویی خۆش دەویست و**

**چوو بۆ ئاسمان.**

هەروا کە خەریکی ئەم دەفتەرەم جارجار دەست لە کار دەکێشمەوەو، دەچم بۆ لای پەنجەرەکە. ئاسمان بۆشە. بۆ ئێمە بە ساڵاچووانی ئۆمبرۆزا کە خوومان بە ژیان لە ژێر تاقی سەوزی دارەکان گرتووە، بینینی ئاسمانێکی وا، بە ئازارە. دەڵێی لە دوای ڕۆشتنی براکەم دارەکانیش دەستیان لە بەرخۆدان هەڵگرتووە، یان خەڵک تووشی تای تەور بوون. جگە لەوە، گیاکانیش گۆڕاون. ئەوەی ئێستا لە وڵاتی ئێمە دەڕوێت نارەوەن و سندیان و بەروو نییە، بەڵکوو ئەفریقا و ئۆسترالیا و ئەمریکا و هیندە، کە رەگ دادەکوتێت و لقوپۆ دەردەکات. دارە کۆنەکان بەرەو بەرزاییەکان پاشەکشەیان کردووە. زەیتوونەکان لە سەر تەپۆڵکەکان و کاج و شابەڕووەکانیش لەسەر کێوەکان دەڕوێن. لە ڕۆخی دەریا ئەوەی کە بەر چاو دەکەوێت سووری ئۆکالیپتووس و هەنجیرە تەنیا و زەبەلاحەکانی ئۆستڕالیاو، دارخورمای بڵیند و بێ لقی دەشتەکییە کە میوانداری نازانن.

ئۆمبرۆزا ئیتر بوونی نییە. کاتێك سەیری ئاسمانی بۆش دەکەم لە خۆم دەپرسم ئایا بە ڕاست هەرگیز بوونی هەبووە؟ ئەو دارانە، ئەو لقانە و کۆی بێکۆتایی گەڵاکان، ئەو ئاسمانە کە تەنیا پەڵە پەڵە بەرچاو دەکەوت، ئەو دنیا کەسك و سەوزە، ڕەنگە تەنیا بۆ براکەم بووبێت کە بە هەنگاوی سووکی وەك سمۆرە بە ناویاندا دەگەڕا. نەقش و نیگارێکی چندراو لەسەر زەمینەی هیچ و پووچ بوو، وەك هێڵی ڕەشی ئەم جەوهەرە کە من لەسەر ئەم کاغەزە دەیکێشمەوە و، یەك لە دوای یەك لاپەڕەکانی پێ پڕ دەکەمەوە. بە هەموو ڕەشکراوییەکان و پێش و پاش ڕۆشتنەکان و، پەڵە جێ خاڵییەکانیەوە. هێڵێك کە جارجار خڕۆکەکان وەك تەسبێح بە تاڵێکەوە دەکات و، جارجار نیشانە بچووکەکان وەك خاڵێك دەکێشێتەوە و، جارجار بە ڕێگەی ڕۆشتوودا دەگەڕێتەوە و، جارجار دەبێتە دوو بەش و، جارجار پارچەکانی ڕستەیەك کۆ دەکاتەوە و لەسەر بەستێنێکی هەوری یان گەڵاییدا دایاندەنێت، پاشان دیسان لە خۆی دەئاڵێت و، هەڵدێت و هەڵدێت و بەرەو پێش دەچێت و، دواهەم هێشووی وشەکان و خەیاڵ و خەونەکان لە خۆی دەگرێت. ئەوسا دەگاتە کۆتایی.

**فێوریەی ١٩٥٧**